لەچەرخی نۆزدە و سەرەتای چەرخی بیستەم، گەڕان و پشکنینی کوردستانی عوسمانی بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی، ناوچەیەکی سەرەکی سەردانی گەڕیدەو گەشتیارانی بەریتانیایی بوو، زۆربەی زۆری ئەوانەش ئەفسەر، شارەزایانی سەربازی، جوگرافیاناس، شوێنەوارناس و پیاوانی کڵێسە بوون. لە سەرەتای چەرخی بیستەمدا، چەندان لەو گەڕیدە ئینگلیزانەی کە سەردانی باشووری کوردستانیان کردبوو، لە دواییدا بوونە بەرپرسیار و کارگێڕ لەئیدارەی بەریتانیا لە ویلایەتەکانی بەسرە، بەغدا و موسڵ. لەناو ئەوانەدا ئەرنۆڵد ویڵسن، مەیجەر سۆن، میس بێڵ و مەیجەر نۆئیل و گەلیکی دیکە هەبوون.
ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدا لەدەور و تەقەلای یەکێک لەو ئەفسەرە ئینگلیزانە کە ڕاستەوخۆ لە دامەزران، لە فراوانکردن و گەشەکردنی حکومەتی کوردستان لە کۆتایی 1918 و سەرەتای 1919 باس بکات کەکاریگەریی هەرە گرنگ و بەرچاوی هەبوو، ئەویش مەیجەر ئێدۆرد ولیەم نۆئێل بوو.
هەڵبەت لە سەرەتادا، باس لە گەیشتنی سوپای بەریتانیا بۆ باشووری کوردستان و درووستبوونی پەیوەندی لەنێوان شێخ مەحمود و بەریتانیادا دەکرێت، ئەوجا چۆن پێش ئەو پەیوەندییەش، نیازی دامەزرانی کارگێڕی بۆ کورد لەو ناوچانەدا کە بەپێی ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ بەر بەریتانیا کەوتبوون، هەبوو. دواتر سێر ئەرنۆڵد ویلسن، نوێنەری مەدەنی بەریتانیا لە بەغدا لەو بارەیەوە دەستپێشکەری کردووە و مەیجەر نۆئێل بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو فەرمانە بایەخدارە لە مێژووی کورددا ڕاسپاردووە، ئەویش بەپێی ڕێنمایی ویڵسن و تێکەڵاو بەشارەزایی، دڵسۆزی و سۆزی خۆی بۆ کورد دەستبەکار دەبێت. بەڵام کۆتاییەکەی بەپێی بەرنامە و بەرچاوڕوونی ئەو ناکەوێتەوە.

درووستبوونی پەیوەندی لەنێوان شێخ مەحمودو بەریتانیادا

لەمارتی 1917دا بەغدا لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە داگیرکرا، هەر لەوکاتانەدا، خەڵکی خانەقین و دەوروبەری لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون کە چی زووترە ئینگلیز بگاتە ناوچەکانیان و لە دەستی ستەمی سوپای ڕووسیا، برسێتی و نەخۆشی ڕزگاریان بکەن. مستەفا پاشای باجەلان لەپێش هەموو خەڵکی ناوچەکەوە بۆ ئەو مەبەستە چووەتە بەغدا، داوای لە کاربەدەستانی ئینگلیز کردووە کە نوێنەری خۆیان بۆ خانەقین بنێرن و بە فریای کورد و ناوچەکانیان بکەون و لەستەمی ڕووس بیانپارێزن. (1) بە دوای ئەوەدا، لە کۆتایی 1917 خانەقین وەک شارێکی گەورە و ستراتیژی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا (2)، لێرەوە یەکەمین پەیوەندی شێخ مەحمود بەئینگلیزەوە ئەنجام درا. هەڵبەت تا ئەوکاتە هێزەکانی عوسمانی لە ناوچەکانی سلێمانی و سەرووتر، بەشیک لەدەسەڵات و فەرمانڕەواییان بە دەستەوە بوو، ترسیان لەسەر چالاکی و نارەزایەتییەکان هەبوو، بۆیە درەنگانێک و لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی 1918دا شێخ مەحمود نامەیەکی بۆ ئەفسەری سیاسیی بەریتانیا لە خانەقین نارد. لەنامەکەدا، شێخ بێ چەندوچوون، ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتکردنی بریتانیا دەربڕیبوو، دڵنیاشی کردبوون کە ئەو لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ئاساییش و کاروبار لە سلێمانی و دەوروبەری بەرقەرار و ڕێکبخا. (3) بەڵام دۆخی سەربازیی ئەوکاتە هیی ئەوە نەبوو، ئینگلیز بتوانێت هێز بۆ سلێمانی بنێرێ و پارێزگاری لێ بکا. گەیشتنی هێزەکانی بەریتانیا لە بەغداوە بۆ قووڵایی کوردستان لە ساڵێک زیاتری خایاند، لە 7ی مایسی 1918دا، سوپا ئینگلیز بۆ یەکەم جار چوونە ناو شاری کەرکووک و داگیریان کرد. (4) دانیشتووانی ناوچەکانی خانەقین، کەلار، کفری، خورماتوو و کەرکووک بەهاتنی ئینگلیز خۆشحاڵ بوون و زۆرینەی خێڵەکان، هاوکاری خۆیانیان بۆ ڕاگەیاندن. ئەو دەنگوباس و ڕووداوانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سوپای تورک لە سلێمانی هەبوو، بەزووترین کات کە بۆیان کرا، شاری سلێمانی و دەوروبەریان چۆڵکرد، لەوەوە هیوای ئازادی و ڕزگاربوون لەژێردەستەیی تورک، کەوتە نێو خەڵک و وڵات، زۆر لەخێڵ و کەسایەتییەکان لە دەڤەرە جیاوازەکاندا، شادمانی خۆیان و بەڵێنی هەموو جۆرە یارمەتییەکیان بۆ ئینگلیز دەربڕی. (5)

دۆخی تازەی ناوچەکانی گەرمیان بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی، هاندەربوون بۆ ئەوەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پەیوەندی دابمەزرێنێتەوە و نامەیەکی دیکەیان بۆ بنووسێ. لەوکاتانەدا نیشانەی وا هەبوون کە شێخ مەحمود لەجۆری بەڕێوەبردن و ڕووداوەکانی جەنگی گەورە، وەک پێویست ئاگادار نەبووبێ، بۆیە دەیەویست لە لایەکەوە پەیوەندی لەگەڵ تورکدا نەپسێنێ، لە لایەکی دیکەوە، مەبەستی بوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بوارێک هەڵبەستێ. هۆکاری سەرەکی ناردنی نامەکەی سەرەوە ئەوە بوو کە شێخ مەحمود پێیوابوو کەرکووک و خانەقین لەژێردەسەڵاتی بەریتانیادا دەمێننەوە، بەڵام لەبەر هۆکاری سەربازی و گۆڕانکارییەکانی قەوقاز و ئێران بەتایبەتیی ڕۆژاوا و سەرووی ڕۆژاوای ئێران و ناردنی بەشێک لەهێزەکانی بەریتانیا بۆ ئەو ناوچانە، هەروەها چالاکی سوپای ئەڵمان لە ناوچەکانی کرماشان و هەمەدان و دەوروبەریان، هەموو ئەو ڕووداوانە، بەرپرسیارییەتی بەریتانیایان بۆ پاراستنی هێڵی سنوورەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی قورستر کردبوو، سەختی ڕێگەوبان و گواستنەوەش باری سەر باران بوو. (6) ئەو دۆخە تازەیە بە جۆرێک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەریتانیا هەبوو کە نەیدەتوانی لەسەر پێشڕەوییەکانی خۆی وەک نەخشە کێشرا بوو، لە مێسۆپۆتامیا بەردەوام بێ. بۆیە بەدەر لەبەرنامەی بریتانیا و ناحەز بەویستی خەڵکی کورد، بەناچاری سوپای ئینگلیز شاری کەرکووک و هەڵەبجەیان چۆڵکرد و هێزی زیادیان نارد بۆ ئێران.

لە یەکەم هەڵەوە بەریتانیا هەستیان بە ناسکی قۆناغەکە و مەترسی کشانەوەیان لە کەرکووک و پەیوەندییان لەگەڵ کورددا کردبوو، دەشیانزانی کە چۆڵکردنی کەرکووک دەبێتە مایەی نیگەرانی لای خەڵکی کورد کە خۆیان بەدۆستی ئینگلیز پیشاندابوو، لە ئەنجامیشدا دەبووە هۆکاری گەڕانەوەی تورک بۆ ئەو ناوچانە. لەبەر ئەوە، بەر لەکشانەوەیان، ئینگلیزەکان کوردیان ئاگادار کردبووەوە کە خۆیان بۆ کارێکی وا ئامادە بکەن. هاوکات پێشیان ڕاگەیاندبوون کە زوو دەگەڕێنەوە و دەشتوانن لە کفری و خورماتووەوە هاوکاری بکرێن. هەر ئەوکاتە ئینگلیزەکان ئامادەبوون کە شێخ مەحمود بکەن بەنوێنەری خۆیان لە کوردستان، بەڵام پێشهاتەکان بوونە کۆسپ. (7)

KURDIPEDIA کوردیپێدیا

گۆڕانکارییەکان و هەواڵی پەیوەندی شێخ و نامەی ئەو بۆ ئینگلیزەکان، بە تورکەکان گەیشتبووەوە، بۆیە هەر بەداگیرکردنەوەی کەرکووک، سلێمانی و هەڵەبجە لە لایەن تورکەوە، لە سلێمانی شێخ مەحمود دەگرن و بەدیلێتی دەینێرن بۆ کەرکووک. (8) لەوێ فەرمانی خنکاندنی بەسەردا دەدەن، بەڵام بۆ هەڵگرتنی ڕۆژانی تەنگانە و بۆ بەکارهێنانی دوارۆژ، فەرمانەکە جێبەجێ ناکرێت. لەگەڵ هەموو ئەو پەیوەندییە ناجۆر و سووکایەتییەی تورک بە شێخ مەحمودیان کردبوو، بەدڵدانەوەیەکی عەلیی ئیحسان پاشا، سەر لەشکری ئۆردوی شەشەمی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ، لێخۆشبوون بۆ شێخ دەردەکا، بۆ ئەوەی ناوچەی سلێمانی لەهێزەکانی ئینگلیز بپارێزرێ، 5000 لیرەی ئاڵتون دەداتە شێخ مەحمود، داواش لە فەرماندەی لەشکری تورک لە سلێمانی دەکا، کە هەرچی لەکەرەستەی چەک و تەقەمەنی هەبووە، شێخ مەحمود پێویستی پێیەتی و داوایدەکا، بیداتێ. ئەوجا لە سەرەتای تشرینی دووەمی 1918، تورکەکان شێخ بە ناونیشانی سەر لەشکری مەدەنی، دەگێڕنەوە بۆ سلێمانی و دەیکەنە فەرمانداری شار یا موتەسەریف (9)، ئیدی شێخ مەحمود خۆی لێهەڵدەکات و بۆ ڕێکخستنی ئەو کارانە کە لە لایەن تورکەوە پێیسپێرا بوو، بە ناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە، فەرمانڕەوایەتی سلێمانی دەگرێتە ئەستۆو خۆی بۆ تەرخاندەکا. (10)

لە مانگی تشرینی یەکەمی 1918، سوپای بەریتانیا بە هاوکاری هێزەکانی عەرەب لە ویلایەتەکانی حەڵەب و موسڵ، پێشڕەوییەکی ستراتیژیانەیان کرد، هەموو ویلایەتی حەڵەب لەژێر دەستی هێزی عوسمانی دەردەهێنن، لە 26ی هەمان مانگدا بۆ جاری دووەم شاری کەرکووک داگیردەکەنەوە. (11) لە پەیوەندی پێشینەی ئینگلیزەکان بە تیرە و خێڵە کوردەکانەوە، وا تێگەیشتبوون کە زوربەی کورد دژی تورکن و دۆستی بەریتانیان. (12) هەر لەو کاتانە و لەو ڕوانگەیەوە، لە 30ی تشرینی یەکەمی 1918دا، پێش ئەوەی جارێکی دیکە نێوانی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز پەیدابێتەوە، یا نامەیەک لەشێخ مەحمودەوە بگاتەوە، سێر ئەرنۆلد ویڵسن، پێشنیازی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی ناوەندی لەسەردارانی کورد لە باشووری کوردستان بۆ حکومەتی لەندەن کردبوو، کە لە سایەی بەریتانیادا دابمەزرێ، لە نامەکەیدا ویڵسن داوای کرد بوو کە ئەگەر شاری موسڵ بەر ئینگلیز بکەوێت ئەوا پێویستە پایتەختی خوارووی کوردستان یا لە موسڵ یا لە هەولێر بێ. بەڵام ئەگەر زێی بچووک ببێتە سنووری باکووری دەسەڵاتی بەریتانیا، ئەوا چاک وایە ئەنجوومەنەکە لە سلێمانی دابمەزرێ و ئەوێ ببێتە پایتەخت. (13)

بە دوای ئەوەدا، لە 7ی تشرینی دووەمدا 1918، سێر ئەرنۆلد ویڵسن چووەتە سەردانی موسڵ. لەوێ، لە کۆبوونەوەیەکی نێوان عەلی ئیحسان پاشا، سەرکردەی هێزەکانی عوسمانی، هەروەها سەرکردەی گشتیی هێزەکانی بەریتانیا و بە ئامادەبوونی ویڵسن خۆی، بڕیاردەدەن کە دەوڵەتی عوسمانی هەموو ویلایەتی موسڵ چۆڵبکا. هاوکات، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، ویڵسن پەیوەندیکردنی شێخ مەحمود بەئینگلیزەوە ڕادەگەیەنێ و ئاشکرایدەکات کە مەیجەر نۆئێل بەرەو سلێمانی کەوتووەتە ڕێ. (14)

لەدرێژەی زنجیرە سەردانەکانیدا، لە 13ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، ئەرنۆلد ویڵسن چووەتە خانەقین و کفری، لەو دوو شارە، خەڵکی بەگشتی لە دۆخی نائارامی و گرانی سلێمانی ئاگادار و نیگەران بوون، دەیانەویست بەریتانیا بەهێزێکی کەمەوە بچێتە ئەوێ و داگیری بکات، بۆ ئەوەی شارەکە و دەوروبەری لەپاشاگەردانی، کە هەرەشەی لە دانیشتووان دەکرد، ڕزگاربکات، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێیان وا بوو، بەبێ سەرپەرشتی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزی وەک بەریتانیا ئەو کارە نەدەکرا. هاوکات نوێنەرانی بنەماڵە کوردییەکانیش لە بەغدا و لەدەوروبەری سەردانی ویڵسن دەکەن و لێی دەخوازن کە بوار بە کوردستان بدرێ پێشبکەوێت و بیخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە. لە لایەن سەرۆکی نوێنەرەکانەوە، پێشنیازی کۆنفیدراڵی کورد کرا و زۆر بە جۆشەوە لە هەموو لایەکەوە پێشوازی لێکرا، گشتییان داوایان دەکرد کە پێویستی قۆناغەکەو پێشکەوتنی کوردان دەیسەپێنێ کەهەموو کورد لە کۆنفیدراڵییەکی یەکگرتوودا هاوبەشی بکەن. (15) ویڵسن سەبارەت بە شێخ مەحمود ئاگاداربوو، هاوکات بەگەورەترین کەسایەتییەکی کاریگەریی باشووری کوردستان ناوی دەبا، بۆیە لەو سەردانەشیدا ویڵسن ڕایگەیاند بوو کە لەدوارۆژێکی نزیکدا، بۆ مەبەستی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان،

مەیجەر نۆئێل دەچێتە سلێمانی. (16)
ئینگلیزەکان ئاگاداری جێگا و ڕێگەی شێخ مەحمود بوون، بۆیە وەک ئەمری واقیع مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، شێخیان بە پیاوێکی بەدەسەڵات و خاوەن هێز دەناسی، بەڵام هەڵوێستی پێشینەی و پەیوەندی ئەویان لەگەڵ تورک، بەگومانەوە تەماشادەکرد، لەبەر ئەوە بە وریاییەوە کاریان لەگەڵدا دەکرد. لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی پێشەوە، شێخ مەحمودیش زۆر چاک دەیزانی کە برسێتی و گرانی و نەخۆشی و لە گرێژەنەچوونی ئاساییش لە سلێمانی و دەوروبەری، هەروەها مردنی بەکۆمەڵی خەڵکەکە، کە لاشەکانیان کۆڵانەکانی شاریان پڕکردبوو، بە شێوەیەک بوو زیندووەکان زراویان چووبوو، ئەو دیمەنانە کزەی لەجەرگ دەهێنا و دڵی هەڵدەقرچاند، دڵسۆزی و داوێن پاکیش لەناو زۆربەی خەڵکدا هەڵگیرا بوو، هەموو ئەوانە خەڵکی شاریان بەتەواوەتی تووشی سەرگەردانی و بارێکی یەکجار سەخت کردبوو. (17) چارەسەرکردنی ئەو دۆخە لەوزەی شێخ مەحموددا نەبوو، بۆیە لەوە تێگەیشتبوو کە بێ هاوکاری بەریتانیا، کاری بۆ ناچێتەسەر. بۆ ئەو مەبەستە، پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بگەنە سلێمانی، شێخ مەحمود لەگەڵ هەندێک گەورە پیاوی سلێمانی پێکدێ و ڕێکدەکەون کە دیسان پەیوەندی بەئینگلیزەوە بکاتەوە. (18)
سەبارەت پەیوەندییەکەی سەرەوەی شێخ مەحمود، لەنووسراوی ئینگلیزەکاندا هاتووە کە لە 1ی تشرینی دووەمی 1918دا، لە ڕێگەی ئەفسەری سیاسی بریتانیاوە لە کفری، نامەیەکی شێخ مەحمود بۆ سێر ئەرنۆڵد ویڵسن، نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا، گەیشتۆتە ئەفسەری سیاسی. لەو بارەیەوە، ویڵسن بەنووسراوێکی تایبەت وەزیری کاروباری هندستان لە لەندەن لەنامەو پەیوەندییەکە ئاگاداردەکات کە (دوو کەسایەتی بە نوێنەرایەتی شێخ مەحمود بەنامەیەکەوە گەیشتوونەتە کفری، لەنامەکەدا بە جددی هاوار بۆ حکومەتی خاوەن شکۆ دەهێنێت کە کوردستان لەلیستی گەلە ئازاد کراوەکان هەڵنەبوێرێ، لەبەر هۆکاری ئەوەی کە لای تورک بەند بووە نەیتوانیوە کارێک بکات، لە ئێستاوە کوردستان ئامادەیە خۆی ڕزگاربکا. ئەو داوای ڕێنمایی دەکات بەتایبەتیی سەبارەت بەبزووتنەوەی دژە تورک.
شێخ مەحمود شێخێکی سەرەکییە لە سلێمانی، بەو دواییانە کە تورک ناوچەکەی چۆڵکردووە، کردویانە بە (فەرماندار موتەسەریف)ی ئەوێ. ئەو قورساییەکی گەورەی هەیە، ڕەنگە بتوانێت نوێنەرایەتی سەرۆک خێڵەکانی باشووری کوردستان بکا.) (19) ئەو بۆچوونەی نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا، ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان و بایەخدان بووە بەرانبەر بە شێخ مەحمود، بە کەسێکی بە دەسەڵات و کاریگەر ناساندوویەتی، هاوکات سەبارەت بە دەوری ئەو گومانی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێویستی زانیووە پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێ.
ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا بۆمان باس دەکات کە شێخ مەحمود لە نامەکەیدا کە بۆ ویڵسنی ناردبوو، داوای لەئینگلیز کردبوو کە بڕیاربدەن بە پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لە ناوچەی سلێمانی لەگەڵ هەندێک قەول و بەخشیش بۆخۆی. ڕازیش بوو بەوەی کە بە ناوی ئینگلیزەوە و لەژێر چاودێری ئەواندا، سەرۆکایەتی ئەو حکومەتە بکا. (20)
ڕەفیق حیلمی زۆر بەووردی، دڵ و نیازی شێخ مەحمود دەخوێنێتەوە و دەنووسێت: (شێخ مەحمود) بیر لەوە دەکاتەوە کە بەرانبەر بە هەندێک بەڵێن و ماڵ و بەرات، سلێمانی تەسلیم بە ئینگلیزەکان بکا. هاوکات، ئینگلیزەکان، کە لەپەیوەندی و نێوانی عەلیی ئیحسان پاشا لەگەڵ شێخ مەحمود ئاگاداربوون، ئەمەیان لێ ڕانەدەپەرموو، بە تەما نەبوون کە تاکاتی خۆی نەبێت، بێنە سلێمانییەوە.) (21) ئەو نامەیەی سەرەوە، دەبێتەوە بە سەکۆیەکی دیکەی پەیوەندی بریتانیا و کورد. ئەگەرچی ساغ نەبوونەوەی هەڵوێستی شێخ مەحمود لەنێوان تورک و ئینگلیزدا، بۆ خۆی کێشەیەکی گەورە بوو، بەڵام ئینگلیزەکان پێیان وابوو، بۆ کەڵکی دەوڵەتی برەیتانیا و بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی کورد، هەر دەبوایە جارێکی دیکە لەگەڵ شێخ مەحمود دا، بکەونەوە تاقیکردنەوەیەکی دیکە.

دامەزرانی حکومەتی کوردستان
لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکانی سەرەوە، دوای سازبوونی زەمینەیەکی گونجاو بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی بەریتانیا و میللەتێکی چەوساوە و پەرت پەرت کراو و نیشتمان داگیرکراوی چەند سەدەیەک، لەو هەلومەرجەدا ئینگلیزەکان بۆ جاری دووەم پێشوازییان لەنامە و داواکانی شێخ مەحمود کرد، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بڕیاریاندا، مەیجەر ئێدوارد ولیەم نۆئێل بنێرن بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی سەرەتای دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێ. هەڵبژاردنی نۆئێل کارێکی سەرپێ نەبوو، ئەو ئەفسەرە ئینگلیزە، شارەزاییەکی چاکی لە زمانی کوردی و فارسی و دابوونەریتی کوردەواری-دا هەبوو، بەخرۆشەوە پشتیوانیشی لەدۆزی کورد دەکرد. لە 30ی تشرینی یەکەمی 1918 واتا دوای 4 ڕۆژ لەداگیرکردنەوەی کەرکووک لە لایەن بەریتانیاوە، سێر ئەرنۆڵد ویڵسن، نوێنەری مەدەنی بەریتانیا لە بەغدا، بە نامەیەکی تایبەت بەرپرسیارییەتی دامەزرانی حکومەتی کوردستان، دەخاتە ئەستۆی مەیجەر نۆئێل، بەم شێوەیەی خوارەوە بەرنامەی ئەو ئەرکەی بۆ دیاری دەکات و دەنووسێت:
(لەبەرەبەیانیی 1ی تشرینی دووەمەوە، ئێوە بەئەفسەری سیاسیی ناوچەی کەرکووک دامەزراون. ناوچەی کەرکووک لەزێی پچووکەوە تا دیالە درێژدەبێتەوە، لەوێشەوە بۆ سەرووی ڕۆژهەڵاتی سنووری عوسمانی ئێرانی. ئەو ناوچەیە بەشێکە لە ویلایەتی موسڵ کە ئەوپەڕی گرنگی بۆ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا هەیە. لە ئێستادا دەبێت بزانرێت کە ئەویٚ ناوچەی داگیرکراوی سەربازیی و کارگێڕییە و لەژێر دەسەڵاتی سوپادایە، پێویستە لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ سەر خێڵی ناوچەکەدا بکەن، لەبیرتان بێ کە کاری نەکردەیەو هەرگیز ناشێ دەسەڵاتی سەربازی بۆ هەمیشە بنێرێتە سلێمانی یا هەر شوێنێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئەو هێڵە سەربازییەی کە ئەمڕۆ هەیە. ئامانجی ئێوە ئەوەیە، کە لەگەڵ سەردارانی ناوچەکە، باری ڕێکخستن و کارگێڕیی ڕێکبخەن، لەو شوێنانەشدا، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هێزەکانماندان، پارێزگاری لەئاساییش بکەن، هاوکات پێویستە بۆ قەدەغەکردنی چالاکی سیخوڕانی دوژمن و بەربەستکردنیان لە کاردابن، دەبێت بۆ ئازوقە و کەلوپەل ناردن بۆ سەربازانمان، ئیشی پێویست بکەن. ئێوە دەسەڵاتتان پێ دراوە کە بە گوێرەی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی پێشووی تورک کردویانە، خەرج و باجی پێویست کۆبکەنەوە، مەرجە بەڕوونی لەسەردارانی ناوچەکە بگەیەنن کە هەر کاروبارێکی ئێوە ڕێکیدەخەن کاتییە و دەکرێت لە هەر کاتێک-دا گۆڕانکارییان تێدا بکرێ. ئێوە دەسەڵاتتان پێ دراوە کە شێخ مەحمود بکەن بە نوێنەری خۆمان لە سلێمانی، دەشتوانن بەپێی ویست و تێگەیشتنی خۆتان و بە هەمان شێوە نوێنەر لە هەڵەبجە و چەمچەماڵیش دابنێن.
مەرجە ئێوە بۆ ئەو سەرۆک خێڵانەی کە لەگەڵیاندا دۆستایەتی دەبەستن، ئەوە ڕوون بکەنەوە، کە بەریتانیا نیازی نییە حکومەتێکی بێگانە، بە پێچەوانەی ئارەزوویان ئەوان، بەسەریاندا بسەپێنرێ. دەبێت سەرۆک خێڵەکان هانبدرێن کە بۆ کاروباری ڕۆژانەی خۆیان، لەژێر چاوەدێری ئەفسەرانی سیاسیی بەریتانیایی-دا کۆنفیدراڵییەک پێکبهێنن. پێویستە ئەوان بەپێی قانوون، بۆ مەبەستی پێویست و پارێزگاریکردنی قانوون و بۆ گەشەکردنی وڵاتەکەیان، لەپێشکەشکردنی باج بەو جۆرەی کە لەوە پێش داویانە بەدەسەڵاتدارانی تورک، بەردەوام بن.) (22)
ئەو نامەیەی سەرەوە بە هەموو پێوەرێکی دەستووری، قانوونی و نێودەوڵەتی، بەڵگەنامەیەکی یەکجار بایەخداربووە بۆ سەلماندنی سەرەتایەکی گونجاوی مافەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد، کە لە لایەن بەهێزترین و کاریگەرترین دەوڵەتێکی خاوەن بڕیار، بە خەڵکی کوردستان درابوو. لە هەموو مێژووی کورددا نەبووە، مافەکانی نەتەوەیی کورد، بەو شێوەیە سەلمێنرابێ. بەو پەیامەوە، بەو ئەرکە گرنگە وە، بەو نیازەوە کە کورد ببێتە خاوەنی حکومەت و کارگێڕیی سەربەخۆ، لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 1918دا، نۆئێل لەگەڵ نوێنەرەکانی شێخ مەحموددا دەگەنە شاری سلێمانی، بۆ ئەوەی یەکەم چینی دیواری دەوڵەت حکومەتی کوردستان بەرز بکرێتەوە. (23)
هۆکارێکی گرنگتر لە سیاسەتی دەرەوەی ئینگلیز ئەوە بوو کە هەمیشە نەخشەی سیاسی و دواڕۆژی خۆی بەستبووەوە بە نەخشەی جوگرافیاوە، هەڵبەت کاری مەیدانی، شارەزایی مرۆیی و سامانی سەرزەمین و

ژێرزەمینی ناوچەکان و لایەنی ستراتیژی سەربازی، بەلای ئەوانەوە بەسەرنج وەرگیرا بوو، ڕێگەی تەقەڵا و ئیش کردنیشیان بۆ ڕۆژانی داهاتوو لەبەرچاو گرتبوو. بە مانایەکی دیکەو بە تێڕوانینی ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری بەلای ئینگلیزەوە لەسەر ئەوە هەڵنرا بوو، کە لە ویلایەتی بەسرە و ویلایەتی بەغدا پێکەوە قەوارەیەک بۆ عەرەب پێکبێنێ، ویلایەتی موسڵیش کە زۆرینەی کورد و کوردستان بوو، لەهەلی یەکەمدا حکومەتێک بۆ کورد دابمەزرێنێت، بواریش بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و سنوورەکانیشی لە ویلایەتەکە تێپەڕێنێ، لەمەیاندا هەبوو.
ڕۆژی گەیشتنەکەی نۆئێل بۆسلێمانی، 16ی مانگی تشرینی دووەمی 1918 بوو. (24) ئەو ڕۆژە داهێنان و پێشکەوتنێکی گەورە بوو لەسیاسەتی بەریتانیادا بەرانبەر بە کورد و مایەی هەواڵی خۆشی پێوە دیاربوو. هاوکات بوژاندنەوە بوو لەبرسێتی و ڕزگاربوون بوو لەپەشێوێ و بەرەڵایی و نەبوونی خزمەتگوزاری لە سلێمانی و دوورتر. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە بە مەیجەر نۆئێل درابوو، ڕۆژێک دواتر واتا لە 17ی تشرینی دووەمی 1918دا، بە ناوی حکومەتی بەریتانیاوە حکومەتی کوردستانی دامەزراند، شێخ مەحمود بە ناونیشانی حوکمدار کرا بەنوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی. مەیجەر نۆئێل، لە ڕۆژی گەیشتنەکەی بۆ سلێمانی و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڤەرەکە، ئەرنۆڵد ویڵسن، نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا ئاگادار دەکا، کە لە سلێمانی پێشوازییەکی شاهانەیان لێکردووە، نوێنەرانی دێهاتەکان لە شەقامەکان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لە پێشوازیی-دا ئامادەبوون. شێخ مەحمودیش لەگەڵ چەند سەد کەسێک دا، قۆناغێک دوور لە دەرەوەی شار لەچاوەڕوانی-دا بوون. لە هەمان ڕۆژدا لەشکری تورک کە خۆیان بەدەستەوە دابوو، بەرەو کەرکووک بەڕێکران و لە ناوچەکە دوور خرانەوە. (25)
تورکەکان بێ ئەندازە سلێمانییان کاول و هەژار و برسی کردبوو، بە جۆرێک برسێتی سەری کردبووە سەر خەڵک، هەموو سکیان بەپشتیانەوە نووسابوو. لەسەدا هەشتای خەڵکی شار لە بەین برابوون، بەشی هەرە زۆری شارەکە خاپوورکرابوو، بەرهەمی گشتی ناوچەکە بە تەواوەتی لەکەمییدابوو، لەو بارودۆخەدا ئەوەی زۆر پێویستبوو پارێزگاریکردنی خەڵکەکە بوو لەبرسێتی و لە نەخۆشی، هەر ئەوەش وای لە نۆئێل کردبوو کە بەر لە هەموو کارێک، هەوڵ بۆ بووژانەوەی خەڵک بدا. لەو بارەیەوە، نۆئێل بەخێرایی بیری لە پەیداکردنی خۆراک کردووەتەوە، ئەگەر بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی سوپا بریتانیا نەبوایە، خەڵک لە نەبوونی و برسێتی و نەخۆشیدا بێ ئەندازە ماندوو دەبوون و هەڕەشەی فەوتانیان لەسەربوو. (26) هەر لە تێلیگرامەکەی سەرەوەدا، نۆئێل زۆرتر و بەبەرچاو ڕوونییەوە بۆ دوارۆژی کورد دەڕوانێ و دەنووسێت:
(لە درووستکردنی دەوڵەتی کوردی-دا، بەپارێزگاری و لەژێر چاودێری بەریتانیا و بە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ئەفسەرانی سیاسیی شارەزا لە کاروباری گشتی دا، من بە هیچ شێوەیەک کێشەیەک نابینم، هەر ئێستا دەبێت بەگورجی و بەچالاکی ئەو کارە بکەین. لە سلێمانی لە هەموو ئاستەکان-دا بزووتنەوەیەکی بەهێز هەیە، بۆیە من بەخێرایی و بەوپەڕی توانامەوە ئامۆژگاری دەکەم کە بەیەکسەر ئەفسەرانی کارامە و لێهاتوو بۆ سلێمانی بنێرن تا دەست بەرێکخستنی بناغەکانی حکومەتداریەتی و خزمەتگوزاری بکەین.) (27) هەر لە هەمان نامەدا داوا دەکات (ئەو شێوە کارەی کە لە سلێمانی ئەنجام دەدرێ، پێویستە لە مەڵبەندەکانی دیکەی کوردەواری-دا لە سەروو موسڵیشەوە پەیڕەو بکرێ.) (28) واتا لە یەکەم ڕۆژەوە، فراوانکردنی دەسەڵاتی سڵێمانی و شێخ مەحمود بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئازاد و بەرنامەڕێژ بوو، نۆئێل بۆ ئەو مەبەستە کاری دەکرد، ئەوەندەی توانیشی تەقەڵای سیاسیانەی دا و زەمینەسازی بۆ پێشکەوتنی قەوارە سیاسییەکە کرد. لە بەرانبەر تێلیگرام و داخوازییەکانی سەرەوەی نۆئێل-دا، ویڵسن بەڵێن دەدا کە بەزووترین کات بیری لێبکاتەوە و پێشنیازەکان جێبەجێ بکا. هەروەها ئەوەش ئاشکرادەکات کە (لە کۆتایی تشرینی دووەمی 1918دا، کۆنفرانسێکی 50 60 کەسی لە سلێمانی سازدەکرێت و خۆشی ئامادەیی دەردەبڕێت کە هاوبەشی تیدا بکا.) (29)
بۆ زیاتر تێکەڵاوی بەریتانیا لەگەڵ خەڵکی کورد و دامەزراندنی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی لایەنەکانی کارگێڕی و نەهێشتنی ئاژاوە، هاوکات، قەڵاچۆکردنی برسێتی و نەخۆشی، نۆئێل لە چەمچەماڵ و هەڵەبجەش نوێنەری

دانا، هەروەها هەوڵیدەدا سەر خێڵە کوردەکان ڕازیبکا کە لەناو خۆیاندا کۆکبن و پێکەوە بۆ پێکهێنان و فراوانکردنی حکومەتێکی کوردی تێکۆشن و کار بکەن. نۆئێل بە شێخ و بەکەسایەتی و خەڵکەکەی ڕاگەیاندبوو، کە ئینگلیز نیازی ئەوەی نییە حکومەتێکی بێگانەی بەدەر لەداب و ئارەزوی کوردەکان بەسەریاندا بسەپێنرێ، بەڵام دەیانەوێت کە بەڕێنمایی و چاودێری بەریتانیا، هانیان بدەن دەسەڵاتێکی نیشتمانییان بۆ دابمەزرێنن. (30)
لای خۆشییەوە، شێخ مەحمود داوای لەبەریتانیا کرد، کە ئەفسەرانی بەریتانیا بۆ سەرپەرشتی هەموو بەشەکانی حوکمدارێتییەکەی دابمەزرێنن، داوای ئەوەشی کرد کە سوپای لیڤی بۆ کوردستان پێکبهێنن کە هەمووی کورد بن و عەرەبی تێدا نەبێ. (31) هەر بەزوویی، هەرچی فەرمانبەری تورک و عەرەب لە سلێمانی و دەوروبەری هەبوون، گوێزرانەوە و کورد جێگایان گرتنەوە. لە سەرەتادا ئەو سیستەمەی ڕێکخرا، لەسەر پێشنیازی شێخ مەحمود شێوەیەکی دەرەبەگی بوو، هەر سەر خێڵێک بەرپرسی پاراستنی بەرقەراری و ئاسایشی ناوچەکە و خێڵەکەی خۆی بوو، دەبوایە سەرۆک خێڵ، شێخ مەحمود بە حوکمدار بناسێ و ددانی پێدابنێ. مەیجەر نۆئێل کارگێڕییەکی وای ڕێکخست کە لەگەڵ بۆچوونی نیشتمانی کورددا بگونجێ و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندێتی کوردستان بێ. ئینگلیز نەیدەویست حکومەتێکی دیکتاتۆر دروستبێ و شێخ مەحمود ببێتە حوکمدارێکی زۆردار و تاکڕەوو لە دوایی-دا کەس نەخوێنێتەوە. بەڕێوەبردنی سیستەمەکە بە جۆرێک بوو، کەڕاستەوخۆ لە لایەن بەرپرسیاران و ڕاوێژکارانی ئینگلیزەوە بەڕێوەدەبرا، بەو مەبەستەی کۆمەڵگەیەکی تەباو ئارامی وا دروستبێ کە خێڵەکان پێکەوە، هاوکاری و تێکەڵاوی شارستانی بکەن و بەرەو دیموکراتییەت هەنگاو بنێن. (32) واتا بەرنامەکە، بەو شێوەیە بوو کە لەدوارۆژێکی نزیک-دا، بتوانرێ وردەوردە و لەسەرخۆ، کورد لەسیستەمی خێڵەکی ڕزگاربێت و پێبنێتە قۆناغی پێشکەوتن و شارستانی و حوکمداری و دەوڵەتداری سەربەخۆوە.
جگە لە چارەسەری بارودۆخی ئابووری و بژێویی، تەدارەک و کەرەستەی پێویست بۆ بوژاندنەوەی بازرگانیش ڕێکخرا، ئاوڕ لە لایەنی ئایینییش درایەوە و چەندان مزگەوت لەسەر خەزێنەی بەریتانیا نۆژەن و ئاوەدانکرانەوە، خوێندنیش لە مزگەوتەکاندا بەرەوپێشەوە چوو. (33) لە ڕێکخستنی کاروباری حکومەتیدا، پەیوەندی ڕۆژانە و جیبەجێکردنی فەرمانە کارگێڕییەکان، لایەنی سەرەکی و پێویستن، لە هەمان کاتدا بوونی ڕێگە جیاوازەکانی هاوکاری و هەرەوەزیش یەکێکە لە زەمینەسازی بۆ زیاتر گەشەکردن و فراوان و پێشکەوتن، هەر بۆیە لەگەڵ بایەخدان بە لایەنەکانی سەرەوە، لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنییەوە بۆ سلێمانی، لە پێناوی تازەکردنەوەی پەیوەندی لەنێوان سلێمانی و کەرکووک و شارانی دیکەی کوردستان، نۆئێل داوای کرد کەیاریدەدەری ئەفسەرانی سیاسی لە کفری و کەرکووک، لە ئاڵتون کۆپری و هەولێر فەرمانگەی پۆست دابمەزرێننەوە و نامە و نووسراوی حکومەتی و خەڵکی لەنێوان ئەو شارانەدا بێن و بچن، داواشی کرد کە نابێت فەرمانبەرانی ئەو دەزگەیانە تورک بن. (34) دیارە لەوکاتەوە مەیجەر نۆئێل هەستی بە گرنگی کەرکووک بۆ حکومەتی کوردستان کردبوو، بۆیە هەمیشە لەخەمی ئەوەدا بووە کە کەرکووک بەشێک بێ لە کوردستان.
سلێمانی وەک ناوەندی حوکمداری، لە لایەن بەریتانیاوە بایەخێکی تایبەتی پێدرا، نۆئێل-یش چاک لەڕۆڵی خۆی تێگەیشتبوو، تاقیکردنەوەی پێشینی لە کارگێڕی، دیپلۆماسییەت، دابوونەریتی ناوچەکە و کورد، سەرباری ئەوانەش شارەزایی لەکاروباری سەربازیدا، ئەوجا هەست و لایەنگری بۆ کورد، کە دەشێ ویستبێتی لە ڕێگەی دامەزران و مانەوەی دەوڵەتی کوردستانەوە بۆ هەتاهەتایە ناوی بچوایەتە مێژووی سیاسی ناوچەکە و بەریتانیاوە، هەموو ئەوانە وایان لە لێ کردبوو کە بەوپەڕی توانا و لێهاتووییەوە، بێ ماندوبوون، بۆ ڕۆژگاری سەربەخۆیی و دامەزرانی حکومەت و دەوڵەتی کوردستان، لەتەقەڵا و هەوڵداندا بێ.
کاری مەیجەر نۆئێل و ئەفسەرانی دیکەی ئینگلیز بەپێی نەخشە و ڕێکخستن لە پێشکەوتندا بوو، بەڵام لایەنی شێخ مەحمود وەک چاوەڕوان دەکرا، ئاواتبەخش نەبوو. ڕەفیق حیلمی هەواڵی سلێمانی سەردەمی حوکمدارێتی یەکەمی شێخ مەحمود بەم شێوەیە وێنا کردووە: (ئەوانەی ئەیان توانی لەحوکمدار نزیک بنەوە لەم بابەتانە بوون: دەس و پەیوەندی نەفام و نەخوێندەوار، دەوروپشتی چاوبرسی و دوای تاڵان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر

لە پشت و عەشایری تفەنگ لەشان...هەندێک لە زابتە کوردەکان هاتبوونەوە سلێمانی و لەو سەردەمەدا هەندێک خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و ئەیانویست کە دەس لەناو دەس تێبکۆشن و یارمەتیی حوکمدار بدەن، بەڵام ڕێککەوتنی تاقمی دەوروپشتی حوکمدار و ئەمانەی تر نە ئەگونجا، تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا، لە خەنجەر و دەمانچە دیوارێکی دروستکردبوو. ئەگەر حوکمدار خۆی بیویستایە ئەو دیوارەی ئەڕووخاندو لەزابتەکان و مونەوەرەکان نزیک دەکەوتەوە بەڵام... نەترسان لەدوارۆژ و کەمتەرخەمی خۆی لە لایەکەوە، (گرێیەکی نەفسی) کە بەرانبەر بە زابت و مونەوەر پەیای کردبوو لە لایەکی ترەوە، بەرهەڵستی ئەوە بوون کە شەقێک لەدیواری خەنجەر و دەمانچەکە هەڵدا و بیروخێنێ و خۆی بگەیەنێتە خوێندەوارە باشەکان.) (35) بەڵام شێخ لە توانایدا نەبوو بەربەستەکان نەهێڵێ، دیارە ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی بنەمای فیکری، نەبوونی ئازایەتی و پێشەوایەتی، هەروەها شارەزانەبوونی کارگێڕی و نەبوونی سیاسەتی ناوخۆیی لای شێخ مەحمود، بە مانایەکی دی، ئەستەم بوو حوکمدار لە چوارچێوەی سەردەمی کۆن و بێ کەڵک بچێتە دەرەوە و هەست بەبایەخی قۆناغی تازە و فەرمانڕەوایەتی خۆی و نەتەوەی کورد بکا.

هەلومەرجی دامەزرانی حوکمدارێتی یەکەمی کوردستان

لە ئەنجامی شارەزایی و تاقیکردنەوەی مەیدانییەوە، نۆئێل زۆر بەوردی چۆنێتی قەوارەی حکومەتی کوردستان و هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی هەڵدەسەنگێنێ، تا ئەوەی لەبارەی دامەزرانی فەرمانڕەوایەتی کوردستان بگاتە ئاکامێک و بڵێ: (ئێمە هەمیشە هێما بۆ ئەوە دەکەین کەپەیوەندی باشووری کوردستان بەبەغداوە، مەسەلەی جوگرافیا سەپاندوویەتی، لەوەش زیاتر هاتوچۆی ڕۆژانە ئەوەندی دیکە مەسەلەکەی پێکەوە گرێداوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەغدا پێویست ناکات دەستوەرداتە کاروباری پێشکەوتن و لایەنەکانی نیشتمانیی خەڵکی کورد و کوردستان، فەرمانبەرانیش هەتا بکرێت دەبێت کورد بن. لەشکری کوردی پێکدێ و لە لایەن ئەفسەرانی کوردەوە بەڕێوەدەبرێن و مەشقیان پێدەکرێ.) (36) لە سەرژمێری کەمتر لەپێنج هەزار دانیشتووانی سلێمانی، ئەو سوپایەی ئینگلیز بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان وەک سەرەتایەک لە سلێمانی پێکیهێنا، ژمارەیان گەیشتبووە 1266 کەس، لەوانە تەنیا دوو ئەفسەر و سێ پلەداری دیکە بەریتانیایی بوون، دەنا هەر هەموویان کورد بوون. جلی ئەفسەران و سەربازان و بنووسەکانیش (کاتب)، شێوەی جلی لیڤی، تایبەت و جیاواز بوون، مێژەری نەتەوەیی کوردیان بەسەرەوە بوو کە ئەوەش بۆ کورد بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو. (37) ئەگەرچی سوپاکە بە ناوی (لیڤی)یەوە بوو کە مانای سەرباز یا جەنگاوەر دەگەیەنێ، بەڵام بۆ ئەوە بوو ببێتە کرۆکی سوپایەکی بەهێزی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان.

ئەحمەد خواجە لەبارەی پێکهاتنی ئەو لەشکرەی کوردستانەوە دەنووسێت: (بە فەرماندەیی ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە تورکیاوە گەڕابوونەوە، لە سلێمانی سوپایەکی گەورە و بەهێز دروستبوو، پێیان دەوت سوپای کوردستان و ناونرا (لیڤی). بۆ ئەوەی ئەفسەرەکان دڵ پاک و گیان بەختکەربن، دەنێران بۆ دیوانی حوکمدار بۆ سوێندخواردن بەرانبەر بەحوکمدار و حکومەتی کورد و کوردستان.) (38) لە ناوچەکانی دیکەش، لە کۆیە و لەڕواندز بە هەمان شێوە، لە خەڵکی لێهاتووی ناوچەکان، سوپای لیڤی کوردی دروستکرا، تا دەهات بەژمارە و بە کەرەستە بەهێزتر دەبوو، لە شەڕی نێوان شێخ مەحموود و بەریتانیادا، زیاتر بێ لایەنییان هەڵبژارد.

لە بواری دیکەشدا کار بۆ گەشەکردن و داهێنان دەکرا، وردەوردە هەلومەرج بۆ حکومەتی کوردی دەڕەخسێنرا تا بتوانێت زیاتر گەشە بکات و لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، لەو بارەیەوە نۆئێل تێگەیشتنی خۆی و حکومەتەکەی ئاشکرا دەکات و دەنووسێت: (زمانی کوردی دەبێتە زمانی ڕەسمی حکومەت، بۆ قانوون دانان کەڵک لە داب و نەریت و مامەڵەی ڕۆژانەی کۆمەڵگە دەبینرێ، سیستەمی کۆکردنەوەی داهات و باج دەبێت لەگەڵ پێویستییەکانی خەڵک-دا یەک بێتەوە. دەربارەی خێڵ، ڕێز لەو عادەت و قانوونانە کە ئەمڕۆ هەن دەگیرێ، حورمەتی سەرۆک خێڵەکان دەپارێزرێ و ڕێگە دەدرێن کە بەردەوام بن لەبەڕێوەبردنی کاروباری

خێڵەکانیان وەک تا ئێستا هەن.) (39)
بۆ گەشەکردن و تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی دەوڵەتداری، مەیجەر نۆئێل درێژە بە بەرنامەی سازدانی دەوڵەت حکومەتی کوردستان دەدا و لە پێناوی دامەزرانی سیسەتەمی دارایی و ئابووری-دا بەرنامە دارشتبوو، سەربەخۆیەتی داراییشی بە مەرج دەزانی و پێداگری دەکرد و بەپێویستی دەزانی سامان هیی خەڵک بێ نەک هیی حوکمدار و دەستەی فەرمانڕەوا، هاوکات گرنگی بە لایەنی کشتوکاڵیش دەدا. لەو بارەیەشەوە نۆئێل دەنووسێت: (ئەوەی پەیوەندی بەداراییەوە هەیە، وڵاتەکە خاوەنی بودجەی ناوچەیی خۆی دەبێت. ئەو باجەی کۆدەکرێتەوە، بۆ کارگێڕی و پێشکەوتنی وڵاتەکە بەکاردێتەوە، بەڵام هاوکاری مەسروفاتی کارگێڕیی سەرەکی لە بەغداوە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ مێسۆپۆتامیادا، دەبێتە مایەی دڵنیایی و پشتگیریی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکان و گرنگییەکی لێهاتوویی و توانایی. پەروەردە، کاری کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ و پەیوەندییەکان هەموویان لە بەغداوە بایەخیان پێدەدرێ.) (40) واتا لە کاربەدەستانی بەریتانیاوە لە بەغدا، ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکران، چونکە ئەو کاتە ئێراق جارێ وەک دەوڵەت دانەمەزرابوو.
بەم جۆرە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە بەڵێنی پلەیەکی بەرزی ئۆتۆنۆمی بە شێخ مەحمود و بە کورد درابوو، (سەبارەت ئەو ئۆتۆنۆمییە، کوردەکان دڵنیاکرابوون کە لە داهاتوودا فەرمانڕەوایەتییەکەیان شایانی گەشەکردنە، بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی خۆیان، پێ بەپێ خەڵکەکە پەروەردە دەکران و مەشق دادەدران، خەڵکی شارەزای کوردیش بۆ حکومەتدارێتی ئامادە دەکران. لە ئەنجامی هاوکاریی ئەمان لەگەڵ بەشەکانی دیکە، شێوەی ئۆتۆنۆمییەکە، دەبووە مایەی هەڵکشانی بەرژەوەندی ئەخلاقی و ماددی بۆ کوردەکان.) (41)
لەو دەقەی سەرەوەدا، تارادەیەکی زۆر چاک و فراوان، شێوەی حوکمدارێتی دیاری کرابوو. لە لایەکەوە باس لەپەیوەندی جوگرافیایی خوارووی کوردستان کرابوو، بەو مانایەی سنووری باشووری کوردستان چ بە شێوەیەکی سەربەخۆ و چ لەژێر سایەی بەریتانیادا بوایە یاوەک ئۆتۆنۆمی بمایەتەوە، مەرج بوو نەخشەی ئەو چوارچێوەیە دیاربکرابایە و سنووری کوردستان بەپێی دەستوور و قانوون بکێشرایە. لە لایەکی دیکەشەوە مژدەی ئەوە ڕاگەیاندرابوو کە ئەو ماف و جۆرە حکومەتدارێتییە، بەپێی ئامادەکردنی کادیر و فەرمانبەرانی شارەزا و دڵسۆز لەبەڕێوەبردن-دا، ڕۆژبەڕۆژ کارگێڕێتی کوردستان زیاتر گەشەی دەکرد و زۆرتر پێشدەکەوت، هاوکات لە لایەن بەریتانیاوە زامنی پاراستنیشی پێدرابوو، کە ئەگەر کاتێک دەوڵەتێکی عەرەبی لە ویلایەتی بەسرەو بەغدا دروستبوو، ئەوا فەرمانڕەوایەتی کوردی بەڵێن پێدرابوو کە پارێزگاری لێبکرێت و بەردەوام بێ لە پێشکەوتن-دا. حکومەتی کوردی، خاوەنی کەسایەتی دەستووری و قانوونی خۆی بوو، بەپێی ویست و دابوونەریت و بەپێی گونجانی لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و ئایینی و بەرژەوەندی خەڵکی کورد، قانوون دادەڕێژرا. دەوڵەمەندی و داهاتی کوردستان لەبەرووبووم و بەرهەمی هەمەجۆر، بە شێوەیەکی لێزانانە لەبەرچاوگیرابوو، هاوکات ئابووری و سامانیش، بۆ خزمەتی ڕۆژانەی خەڵک و پێشکەوتنی فەرمانگا و لایەنەکانی حکومەتی کوردستان تەرخان دەکرا، بەمانایەکی دیکە داهات و باجی کوردستان، موڵکی کورد بوو نەک هیی حوکمدار و دەسەڵاتداران، دەبوایە هەر لە پێناوی گەشەکردنی دانیشتووان دا خەرج بکرێ. دیارە پیشاندانی وێنەیەکی وا گەش، پەیوەندی بە بەڕێوەچوونی دۆستایەتی نێوان کورد و بەریتانیا و بەردەوامی حکومەتی ئەو کاتەوە هەبوو، بەڵام لەواقیعی حاڵ و گۆڕانکارییەکان-دا، دۆخەکە بە جۆرێکی پێچەوانەوە هاتەوە.
ئەو بنەما سەرەکییانەی سەرەوە، هەموویان لەوانە بوون کە بۆ فەرمانڕەوایەتی نەتەوەیەکی چەندان سەدە ژێردەستە و دابەشکراو پێویست بوون. لە دوای جەنگی یەکەم، یەکەمین کارگێڕی و حکومەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-دا بۆ کورد دامەزرا. بۆیە ئەگەر کورد بۆ ئازادی و پێشکەوتن و گەشەکردن و یەکێتیی نەتەوەیی، پێشەوایەکی دڵسۆز، لێوەشاوە، شارەزا و دەوڵەتمەداری هەبوایە، لە هەمان کاتدا، کورد خۆی بیتوانیایە ببێتە پارسەنگێکی بەتوانا لەگەڵ ڕووداوەکان و هێزە کاریگەرییەکانی بەستێنی سیاسەت، ئەوا وردەوردە دەکرا کوردیش بەسەرفرازی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بگەیشتایە.
نۆئێل و لە ڕێگەی ئەوەوە بەریتانیا دەیانویست سیستەمی حوکمدارێتی شێوەیەکی سرووشتی وەربگرێت. ئینجا

وردەوردە، جێ بەسیستەمی خێڵەکی چۆڵبکات، لە دوایی-دا ڕێگە بۆ سیستەمی دیموکراسی و تەبایی و پیشەسازی بکاتەوە. هەڵبەت جۆری سیستەمی سرووشتی و پێشکەوتووی بەریتانیایی، لەگەڵ بۆچوونی فەرمانڕەوایەتی گشتگیری و ڕەهای شێخ مەحمود-دا نەدەگونجان. هیچ گومانێکی تێدا نەبوو کەجیاوازی ئەو دوو تێگەیشتنە لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی-دا، هێندەی دووریی ئاسمان و ڕێسمان بوو، بۆیە شێخ مەحمود، نۆئێل هاندەدا کە واز لەبیرۆکە و پلانی سیستەمی حوکمدارێتی سرووشتی و خاوەن داوودەزگە بهێنێ و بگەڕێتەوە بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خێڵەکی، کە ئارەزووی شێخ مەحمود بوو. (42) ئا لێرەوە دوو تێگەیشتنی سەرەکی دژ بەیەک لەنێوان شێخ و بەریتانیادا، هەر لە سەرەتاوە دەرکەوتبوو. مەیجەر نۆئێل بۆ ئەوەی بەرنامەکەی خۆی و بەریتانیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان تێکنەچێ، بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست لەگەڵ شێخ مەحموددا نێوانی ناخۆش بێ، تا بۆی کرا لە پشتیوانی حوکمدار بەردەوام بوو. ڕەفیق حیلمیش ئەو شاهیدییە بۆ دڵسۆزی مەیجەر نۆئێل دەدا کە مەبەستی بووە حکومەتی کوردستان و دەسەڵاتی شێخ مەحمود بەرقەراربن. (43)
دیسان سەبارەت بە جۆری پەیوەندییەکانی حوکمداری کوردستان بە بەریتانیاوە، لە 1919دا لەڕاپۆرتێکی تایبەتیی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا، کە بۆ باسی حوکمەتدارێتی لە سلێمانی تەرخان کراوە، هەڵوێستی حکومەتی لەندەن بەڕوونی دیاری دەکات و ڕایدەگەیەنێ کە ئەوان مەبەستیان بووە لەو شوێنانەی کە بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بەشی ئەوان بووە، حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنن و پەیوەندییان بەبەغداوە نەبێ، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری بەریتانیادا بێ و لە لایەن ئەفسەرانی سیاسییەوە ئامۆژگاری بکرێت و کار و پیشەی حکومەت بەڕێوەبردنیان فێربکەن. لەڕاپۆرتی ناوبراودا زانیاری بەو چەشنە دەخوێنینەوە: (ئێمە بەو مەرجە حوکمدارێتی ئۆتۆنۆمیمان بۆ خوارووی کوردستان پێشنیازکرد، کە بە سەرپەرشتی بەریتانیا بێ و بە هاوکاری فەرمانبەرانی بەریتانیا ڕێکبخرێ، شێخ مەحمود کەسایەتییەکی بەدەسەڵاتی ناوچەکە بوو، لە یەکەم هەلدا وا تێگەیشتین کە دەکرێت بە هاوکاری ئێمە دەوڵەتێک بەڕێوەبەرێ کە دووربێ لەوەی لە بەغداوە فەرمانڕەوایەتی بکرێت، هەروەها پێویست بوو کە دەوڵەتەکە ببێتە ئامرازی ڕزگاری و کەرەستەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی وڵاتێکی کاولکراو، بەڵام شێخ مەحمود ئەوانەی بەلاوە مەبەست نەبوو.) (44)
هەمان ڕاپۆرت هەلومەرجی دیکەی دانانی شێخ مەحمود بەحوکمدار دەستنیشان دەکات و دەنووسێت: (دانانی شێخ مەحمود بە حوکمدار بەندبوو بە کۆمەڵێک مەرجی دیکەوە، خەزێنەی بەریتانیا ئاوەدان بێ کە پارەیەکی بۆ تەرخانکرد و ڕێگەی گەشەکردنی بۆ کردەوە، مانگانە و پارەی ڕۆژانە کە لەو کاتەدا بەزەحمەت پەیدادەبوو، بۆی بڕییەوە. هاوکات، سیستەمەکەش بە شێوەیەک بوو کە سەرۆک خێڵ خۆی تەخمینی پێویستییەکانی خۆی و خێڵەکەی دەکرد، بێ ئەوەی چاوی کاربەدەستانی حکومەتیان لەسەر بێ، بڕە پارەکەی سەرف دەکرد.) (45)
سەبارەت بە بیروڕای ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ نوێنەری مەدەنی، ئەرنۆڵد ویڵسن لە سلێمانی بینیبوونی و بۆ دوارۆژی ئازادی و دەوڵەتداری قسەی لەگەڵ کردبوون، بۆی دەرکەوتبوو کە بە هیچ شێوەیەک هەماهەنگی و یەکڕیزی لەناویاندا نەبووە. لە یەکەم چاوپێکەوتنی گەورەترین بەرپرسی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا کە بەپێی خۆی چووبووە سلێمانی، لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی درێژ، ئەرنۆڵد ویڵسن هەست بەبوونی گەلێک کۆمەڵە و دەستەی دژ بەیەک و بۆچوونی جیاواز لەناو خەڵکی شار ودەوروبەردا کاردبوو، کۆمەڵێک خەڵک دڵنیایتدەکەن کە خەڵکی دێهاتەکان بەهێزی چەک بەربەرەکانی گەڕانەوەی تورک دەکەن، ئینگلیزیش ئەو باوەڕەیان هەبوو. بەشێکی دیکەیان داوای پارێزگاری و دەسەڵاتی بەریتانیایان بەسەر کوردستان-دا دەکرد، بەشێکیش دژ بوون، بەشی چوارەم دەیانەویست ڕاستوخۆ کوردستان لە لایەن لەندن-ەوە بەڕێوەببرێ، دەستەی دیکەش هەبوو بە نهێنی بەنوێنەری مەدەنی بریتانیایان ڕاگەیاندبوو کە هەرگیز شێخ مەحمود بەپێشەوای خۆیان قەبوڵناکەن و ناچنە ژێر دەسەڵاتییەوە. (46)
بەو شێوەیە، هەر لەو سەرەتا بایەخدار و قۆناغی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستانەوە، بنەمای شەڕە گەڕەک و شەڕە دەستە و کۆمەڵ لەئارادا بوو، وەدینەهاتنی ئازادی و سەرنەگرتنی دەوڵەت لەئاسۆیەکی تاریک دا خۆی دەنواند، چاوەڕوانی، دوارۆژی گرشەدار و دەوڵەتی کوردستان جگە لە بوومەلێڵ چیدیکە نەبوو. ئەگەرچی نیاز

و پلانی وا هەبوو کە کوردستانیش لەناو دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان-دا ڕێز و جێگای خۆی بگرێت. بەڵام لە ناوخۆدا لێنەگەڕان کۆمەڵانی دڵسۆز و لێهاتوو بکەونە کار و لە پێناوی دەوڵەتی کوردستان دا چییان پێبکرابایە ئەنجامیبدەن. خراپکردنی دۆخی ناوخۆی حکومەتەکە و کردنی بە کارگێڕێتی بنەماڵەی شێخان و دوورخستنەوەی زووربەی هەرە زۆری تواناکانی خەڵکی کوردی نا شێخان، ئەوجا ململانێی نابەرانبەری شێخ مەحمودی حوکمدار لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا، لووتکەی کێوانی تاریککرد و کوردی لەبەردەوامی دەوڵەت و حکومەت و دواڕۆژێکی سەرفرازی و ئازادی و ئاسوودەیی بێبەشکرد.
دوای دامەزراندنی حکومەتەکەی خوارووی کوردستان لە سلێمانی، بیر لەوە دەکرایەوە کە بە گفتوگۆی سیاسیانە و بەڕەزامەندی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانی عوسمانی، بە حوکمدارێتی شێخ مەحمود ڕازیبن. لە کۆتایی کانوونی یەکەمی 1918 نۆئێل سلێمانی بەجێدێڵێ، ڕوو دەکاتە شار و دەڤەرە گرنگەکان، لە کۆیە، ڕانییە، قەڵادزێ و لە ڕواندز، یاریدەری ئەفسەرانی سیاسی دادەمەزرێنێ. هێدیهێدی بارودۆخەکە هێوردەبێتەوە، برسێتی ڕوو لە کزیدەکا، ئاساییش بەرقەرار دەبێت و خێڵەکان دەچنە ژێربار و فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحمودەوە. نۆئێل لە چەمچەماڵ و لە هەڵەبجە و شوێنانی دیکەش، کاروباری ناوچەکان ڕێکدەخا. لەوەش زیاتر، سەرپشککرابوو کە لە دوورتریش، لەو جێگایانەی کوردستان کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا نەبوون، بە هەمان شێوە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە کەسایەتییەکانی ناوچەکان پێکبێنێ. (47)
پاش ماوەیەک، مەیجەر نۆئێل دەچێتە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەی تا یەکێتییەکی هۆزە کوردییەکان بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود درووستبکات، بەتاقیکردنەوەش بزانن کە ئایا کوردەکان بەڕاست دەیانەوێت کوردستانێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن یا نا؟ (48) لەوکاتەدا، هەڵسووڕان و جووڵانەوەکانی مەیجەر نۆئێل لە مەیدانی کارکردن-دا لە کوردستان، تەواو هاوتەریب بوون لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا لە بەغدا و لە لەندەن بەرانبەر بە کورد. لە یەکەم هەل-دا شێخ مەحمودیش ئاگادارکرابوو، کە هەر کۆمەڵێک، یا هۆزێک لە ناوچەکانی سلێمانی، کەرکووک و هەولێر، کە پێیان خۆشبێ بچنە ژێر دەسەڵاتی حوکمدارێتی کوردستان و فەرمانڕەوایەتی شێخەوە، ئەوا بەتەواوی ئازادییەوە هەموولایەکیان دەتوانن ئەو کارە ئەنجامبدەن. (49)

بەهێزکردنی حکومەتی کوردستان
دوای گەیشتنی بە هەفتەیەک بۆ سلێمانی، نۆئێل باسی کەشی سیاسی سلێمانی دەکات و پێیوابووە کە ئامانجی سەربەخۆیەتی کوردستان لە سلێمانییەوە گەیشتۆتە کەنارەکانی گۆلی وان، بۆ کەڵک وەرگرتن لە قۆناغەکە و زیاتر فراوانکردنی سنووری حکومەتی کوردستان، دوای ماوەیەک، بە پەلەو بەتایبەتی، نۆئێل دوو داوای گرنگ لە نوێنەرایەتی باڵای بەریتانیا لە بەغدا دەکا، لەو بارەوە دەنووسێت: (50)
ئا: یارمەتیی شێخ مەحمود بدرێ کە بەسەرکردایەتی هەزار کەس بەرەو ڕواندز بجوڵێ.
بێ: من (نۆئێل) لەگەڵ نوێنەری شێخ مەحمود بنێرن بۆ ڕواندز و نەهری، بۆ ئەوەی هانی هۆزەکان بدەین بۆ جیابوونەوە و دەستهێنانی سەربەخۆیەتی کوردستان لەژێر چاودێری بەریتانیادا.
بۆ وەڵامی ئەو داخوازیانەی سەرەوە نوێنەرایەتی باڵا لە بەغدا، زۆر بەگورجی دوای سێ ڕۆژ بە پیر سلێمانی یەوە دەچێ، ئەرنۆلد ویڵسن بەڵێنی جێبەجێکردنی نەخشەکەی نۆئێل دەدا، ئەوەش بە گرنگ دەزانێت کە بۆ پارێزگاری لە قانوون و ئاساییش، بە چاکی دەبینێ کە پێ لەسەر گرنگی ڕۆڵی بەریتانیا لەو بارەوە دابگرێت. (51)
دیسان بە ئاڕاستەی دامەزران و فراوانکردنی دەوڵەتی کوردستان، کۆلۆنێل لیچمەن، ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە موسڵ (52) بە پێویستی دەزانێت کە بە زووترین کات ڕواندز، ڕانیە و کۆیسنجاق بگرن و بخرێنە سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی کوردستان لە سلێمانی. (53) سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا لە مێسۆپۆتامیا، هاوشێوەی دەسەڵاتدارانی دیکەی بەریتانیا، لە هەموو شوێنێکی باشووری کوردستان چاودێری دۆخەکە دەکەن، لە نزیکەوە ئاگاداربوون کە لە کەرکووک بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان زۆر بەربڵاوبووە و لە هەموو لایەکەوە دەنگدانەوەی ئەوە هەبووە کە شێخ مەحمود دەکرێتە فەرمانڕەوای کوردستانی سەربەخۆ و

کەرکووکیش دەبێتە بەشێکی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە، لەو بارەیەوە خەڵکی سلێمانیش دڵنیایی دەبەخشن و چاوەڕوانی ڕۆژێکی وا بوون. (54)
دوای ئەو کۆمەڵە هەنگاوە بایەخدارانەی سەرەوە، هەروەها ئامادەکاریی قانوونی و کارگێڕی بۆ گەورەکردنی سنووری دەوڵەتی کوردستان و فراوانکردنی دەسەڵاتی شێخ مەحمودی حوکمدار، لە 1 و 2ی کانوونی یەکەمی 1918دا، سێر ئەرنۆڵد ویڵسن، دەچێتە سەردانی کفری، سلێمانی، کەرکووک و موسڵ. کە چووەتە سلێمانی، لەوێ 60 کەس لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی خوارووی کوردستان و نوێنەرانی کوردەکانی بانە و سەقز لەدیوی ئێران لەچاوەڕێیدا بوون. ویڵسن بە ئامادەبوونی مێجەر نۆئێل، لەگەڵ شێخ مەحمود و نوێنەرەکان دا کۆدەبنەوە، بە دووروردرێژی باسی بارودۆخی سیاسیی خوارووی کوردستان و نەخشەی سەربەخۆیی کوردیان بۆ دەکا. لە ئەنجامی گفتوگۆی ویڵسن و سەردارانی کورد دا، دەگەنە ئاکامێک کە ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:
(حکومەتی خاوەن شکۆی مەلیکی بەریتانیا، بڵاوی دەکاتەوە کە نیازی لە جەنگی گەورە ئەوەیە میللەتانی ڕۆژهەڵات لە ستەمی تورک ڕزگاربکا و یارمەتییانبدا سەربەخۆیەتی خۆیان دابمەزرێنن، ئێمەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، داوا لە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا دەکەین کە کوردیش لەژێر سایەی چاودێری و پاراستنی خۆیدا وەربگرێت.و نەمان بەستنەوە بەئێراقەوە. لەبەر ئەوەی وا دەزانین کە ئێمەش لەو هاوکارییە بێ بەش ناکرێت.ن، بۆیە بەم بەڵگەنامەیە داوا لە نوێنەری مەدەنی میسۆپۆتامیا دەکەین، کە نوێنەری خۆی بە یارمەتیی پێویستەوە بۆ ئامادەکاری خەڵکی کوردستان بنێرێ، تا لەژێر پارێزگاری بریتانیادا بەئاشتییانە لە لایەنەکانی شارستانییەت دا پێشبکەوین. ئەگەر حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا، هاوکاری ئێمە بێ و پارێزگاریمان لێبکات، ئێمەش بڕیار دەدەین کە فەرمان و ئامۆژگارییەکانی ئەو جێبەجێبکەین.) (55) لەهەلی یەکەم-دا هەڵوێستی خەڵکەکە هەڵوێستێکی سیاسیانەی بەپەرۆش بوو، نیشانەی ئەوە بوو کە گشت لایەک لە فەرمانڕەوایەتی ناعادیلانەی تورک ناڕازیبوون، هاوکات دەشیانزانی کە بێ هاوکاری بەریتانیا نەدەکرا حکومەتی کوردی دابمەزرێ و کاری فرە لایەنەی کارگێڕی و حکومەتداری ڕێکبخرێ.
هەر سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی سەرەوە، ویڵسن زیاتر لەسەر بابەتەکە دەڕوات و دەڵێت: (لە بەرانبەر ئەوەدا، منیش بەڵگەنامەیەکم ئیمزاکرد کە داوادەکا، هەر خێڵێکی کورد لەزێی گەورەوە تا ڕوباری سیروان (جگە لە کوردەکانی ئێران)، دەتوانن بەئازادی، سەرکردایەتی شێخ مەحمود قەبوڵ بکەن و ڕێگە دەدرێن ئەو کارە ئەنجام بدەن، شێخ مەحمودیش بە ناوی حکومەتی بەریتانیاوە، فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی سەرەوە دەکا، مەرجیشە شێخ ئیتاعەتی فەرمانەکانی بەریتانیا بکات، تا ئەو ئامادەی دۆستایەتی بێ، ئێمەش هاوکاری و پشتیوانی دەکەین، خێڵەکان و خەڵکی شارەکانی کفری و کەرکووک نایانەوێ بچنە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمودەوە، ئەویش ڕازییە کە بەزۆر نەیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هاوکات شێخ مەحمود داویکرد کە ئەفسەرانی ئینگلیزی بۆ هەموو بەشەکانی حکومەتەکەی و ئەفسەرانیش بۆ پێکهێنانی لیڤی کوردی بنێرین، بەڵام لەخوار ئەوانەوە، کارمەندان تا بکرێت دەبێت کوردبن نەک عەرەب، منیش هەوڵدەدەم ئەو کاروبارانە ڕێکبخەم. لەوەش زیاتر، پێویستە ئەوە بڵێم، کە شێخ مەحمود و هاوکارانی، بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابن بچنە ژێر دەسەڵاتی فەرەنساوە. لەبەر ئەوەی پارێزگاری فەرەنساییەکان بۆ چەند لایەنێکی دیانەکان، کوردەکانی لەپەیوەندی فەرەنسا سارد کردووەتەوە، بۆیە پێیان وایە کە بەرژەوەندی خۆیان، لە هاوکاریکردنی بەریتانیادایە نەک فەرەنساییەکان.) (56)
بە دوای دانانی شێخ مەحمود بە حوکمدار و بە نوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی، مەیجەر نۆئێل ڕاپۆرت بۆ دەسەڵاتدارێتی بەریتانیا لە بەغدا دەنووسێت و ئاگاداریان دەکات کە خەڵکی سلێمانی پێشوازی لە حکومەتی تازە دەکەن، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتەکەیان، کوردەکان دەیانەوێت کارگێڕییەکی سەربازییان بۆ درووستبکرێ. (57) ڕەنگە لە کوردستان بەتایبەتیی لە شاری سلێمانی، تارماییەکی بیری کوردایەتی هەبێت، بەڵام ئەوە تا ئەو کاتە، نەگەیشتبووە خەملاندنی بیری نەتەوەیی و ویستی تەواوی سەربەخۆیەتی، لەو بارەوە

ئامادەکاری فراوان و گشتگیر نەڕەخسابوو، واتا پاشماوەی حوکمدارێتی میرنشینە کوردییەکان، بەهی بابانیشەوە کە ماوەی نزیکەی حەفتا ساڵێک سلێمانی پایتەختیان بوو، نەبووبوو بەکولتوری فەرمانڕەوایەتی، لای شێخ مەحمودیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی دروستنەکردبوو، جەنگی یەکەم و پاشماوەکانیشی، کارێکی وایان بە سلێمانی و کوردستان کردبوو، نە لەو شارە و نە لە هیچ شوێنێکی دیکە، هۆکارەکانی: هێزی خەڵک، ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، بازرگانی گرنگ، ئابووری پتەو، زانست و زانیاری و تاقیکردنەوەی سیاسەت لەناو دانیشتووواندا پەیدا نەبووبوون. (58)
هەر لە هەمان بەڵگەنامەی سەرەوەدا، کارهەڵسووڕێنەری نوێنەری مەدەنی لە بەغدا، باسی ئەوە دەکات کە مەیجەر نۆئێل لەگەڵ نوێنەرێکی شێخ مەحمود دا، بۆ ئەوەی کارگێڕی سەربازی درووستبکاو بەرپرسیارییەتی بەڕێوەبردنی ناوچەکە لەئەستۆ بگرێت. دەچێتە ڕواندز. دوای نۆئێل، کاپتن گرینهاوس (59) تا ئەوکاتەی نۆئێل دەگەڕێتەوە جێگای ئەو دەگرێتەوە.
سەبارەت بەدامەزرانی پەیوەندی شێخ مەحمود و بەریتانیا، مەیجەر نۆئێل زۆر لە لایەنەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەوکە بۆ خۆی هاوکار و ئاگاداری لەبەرنامە و مەسەلەکان بووە، نووسینەکانی ڕەنگدانەوەی زانیاری و پیشەدۆستییەتی لەکاروبارو پەیوەندی بە کورد و شێخ مەحمودەوە. لە 8ی کانوونی یەکەمی 1918دا، لەنامەیەکی دوورودرێژدا، لەهاوبەشی کردن لە نەخشەکاندا، پەیوەندییەکان و چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لەو نامەیەدا کە نۆئێل بۆ بەرپرسیارانی سەربازی ئینگلیز لە سلێمانی، کەرکووک، کفری و ئاڵتوون کۆپری ناردووە، دەنووسێت: (تا ئێستا خەڵک لەبیریاندا ماوە کە پایزی ڕابوردوو خۆمان بۆ دانانی شێخ مەحمود وەک نوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی ئامادەدەکرد... ئێمە وا تێگەیشتبووین کە شێخ مەحمود دەسەڵاتی تەواوی هەیە بتوانێت ئەو فەرمانەی بەریتانیا کە خستبوویە ئەستۆی، ئەنجامی بدا. لە کاتی هاتنمەوە بۆ سلێمانی، ئەوەندەی بۆم کراوە هەوڵمداوە مێشکم کراوە بێ، دوای گەیشتنم بڕیارم دا بە دوای ئەو پێشنیازەدا بڕۆم کە پایزی ڕابووردوو پێشکەش کراوە و بە شێخ مەحمود گەیشتووە. دەسەڵات و هێزی شێخ مەحمود لەم ناوچەیەدا، زۆر چاک زانراوە. هیچ بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی لەپێش شەڕدا هێندەی دەڤەری سلێمانی لەئاژاوە و بەرەڵاییدا نەبووە. هۆی هەرە سەرەکیش لەم پەشێوییەدا لایەنگران و یاریدەران و خزم و دواکەوتووانی شێخ مەحمود بوون، کە بە دێهاتەکاندا بڵاو بووبوونەوە.
لەڕوانگەی سیاسییەوە، زۆر گرنگە کە بتوانرێ ئاشتی لەم دەڤەرەدا، بێ یارمەتیی سەربازیی بەریتانیا بپارێزرێ. بەپێی بڵاوکراوەی دوو قۆڵی ئینگلیزی و فەرەنسایی، ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر چاودێری بەریتانیادا پێکبهێنین، بەڵام لەبەر پاشخان و دواکەوتنی خەڵک و وڵاتەکە، هەروەها نەبوونی پەیوەندییەکان و ناکۆکی خێڵەکان، ناچار بووین لە چەند لایەکەوە کاربکەین و هەوڵ بدەین قانوون و تەبایی بەرقەرار بکەین و بگەینە ئاکامێکی هاوکاری و پێکەوە هەڵکردن... لەبەر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەدا، ئێمە ناچار بووین لە هەندێک کەس بێ هیوا بین و نەماندەتوانی سەردارانی خەڵکەکە قەناعەت پێبکەین کە ڕازیین بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر چاودێری و تاقیکردنەوەدا بن. ئێمە لەوە تێگەیشتبووین کە پێویستبوو پشتیوانی لە کەسایەتییەک بکەین تا ئەو شوێنەی هاوکاریی ئێمە دەکا، بەڵام شێوەی کارکردنی ئەو (شێخ مەحمود...ص. غ) لەگەڵ بیروباوەڕی دادپەروەرانە و ڕەوایی بەریتانیا یەکنایەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ یارمەتیی ئەوکەسە و بۆ بەڕێوەبردنی کار و ڕێکخستی کارگێڕی، ئەگەر لە ناوچەکەدا، هەر هەرا و یاخیبوونێک یا ناڕازیبوونێک سەرهەڵبدا، دەبێت ئێمە بە هەموو جۆرێک، ڕێگەی لێبگرین.) (60)
لەو دەقەی سەرەوەدا، نۆئێل بەڕوونی هەڵوێستی بەریتانیا و تێگەیشتنی خۆی بەرانبەر بە حوکمدار و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕوون دەکاتەوە. بەر لە هەموو شتێک دۆزی کورد بەدۆزێکی سیاسیی نەتەوەیەک ناودەبا، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ویستویانە چارەسەرێکی سیاسیانە و قانوونی بۆ بدۆزنەوە. ئەگەرچی دۆخی کوردستان، بە تایبەتیی لە سلێمانی و دەوروبەری، زۆر ناڕەحەت و دواکەوتوو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی بەریتانیا لەوکات و شوێنەدا پێکهێنانی حکومەتێکی

قانوونی و تەبایی و بەرقەرار بووە، بۆ ئەوەش ویستویانە هەموو هاوکارییەکی شێخ مەحمود بکەن، لەو بارەیەوە بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی شێخ مەحمودو حکومەتی کوردستان، ئامادەبوون ڕێگری لە هەموو هەرانانەوە و ئاژاوەیەک بگرن، بەڵام هەر زوو دڵ و نیازی شێخ مەحمودیان خوێندۆتەوە کە ئەو لەتوانایدا نەبووە حوکمدارێتی بەڕێوەبەرێ، هاوکات، لەگەڵ ویستی قانوون و دەوڵەتسازی بەریتانیایی هاوتەریب نەبووە. بۆیە ئەو هۆکارانە بوونەتە دوو جۆری بیرکردنەوەی جیاواز بۆ فەرمانڕەوایەتی لەنێوان شێخ مەحمود و بەریتانیادا، بەر یەکدی کەوتوون و تا سەر، هێڵی ئارەزووی شێخ مەحمود و هاوکاری ئەو لەگەڵ ئینگلیز بڕی نەکردووە و بەردەوام نەبووە.

نۆئێل بۆچوون و تەقەڵای سیاسی خۆی لەو کاتەدا دەردەبڕێت و دەنووسێت: (دەبێت کورد و حوکمدار زۆر چاک لەوە تێبگەن کە پێویستە حوکمدارێتی پابەندی کۆمەڵێک دەستوور و قانوون بێ کە ناتوانرێ سنوورەکانیان ببەزێنرێ، بۆیە بێ خۆبەستنەوە بەڕێکخستن و کارگێڕییەوە، هەرگیز فەرمانڕەوایەتی دانامەزرێ، ئەمەش بێ پیادەکردنی قانوون و دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی هاونیشتمانان لە کارگێڕی و ئیش و کاردا، مەحاڵە بەڕێوەبچێ.) (61) بە مانایەکی دیکە پێشوەخت کورد و حوکمدار ئاگادارکرابوونەوە کە لەحوکمدارییدا، ئارەزوو، گەڕەلاوژە، ئاژاوە، تەمبەڵی، بێ قانوونی، بێ کارگێڕی و بێ دەستووریی، جێیان نابێتەوە،

هەنگاو بەهەنگاو فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان و شێخ مەحمود

بە دوای ئەو ڕووداوانەی سەرەوە و دانانی چینی یەکەمی حکومەتدارێتی کورد لە سلێمانی، هەموو لایەک کۆکبوون لەسەر پەیوەندییەکانی بەریتانیا و کورد، ئینگلیزەکان لای خۆیانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی حکومەتی کوردستان و حوکمدارێتی شێخ مەحمود، هەنگاوی بایەخداری سیاسی و کارگێڕی دیکەیان دەهاویشت. ئەو کاروبارانە بە هەڕەمەکی نەدەکران، بەڵکوو ئینگلیز مەبەستی بوو کە بە سیستەم و بە شێوەی دەستووری و قانوونی برەو بەشەرعییەتی حکومەتی کوردستان و حوکمدارێتی شێخ مەحمود بدا، لەو ڕوانگەیەوە، لە 22ی کانوونی یەکەمی 1918دا، نوێنەرایەتی بەریتانیا لە بەغدا بۆ ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە موسڵ دەنووسێت:

(بۆ مەبەستی سیاسی بە پێویست دەزانرێ کۆیە و ڕواندز بخرێنە سەر حکومەتی کوردستان کە ئێستا لەژێر چاودێریی گشتی (نۆئێل) دایە و تایبەتمەندێتی کارگێڕیی جیاوازی هەیە لەوەی موسڵ. ئایا لەو بارەیەوە ئێوە هیچ سەرنج و بەرهەڵستێکتان هەیە؟) (62)

هەر بەپەلە و دوای یەک ڕۆژ، ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە موسڵ ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ، بێ کێشە و ڕێگری، بێ دوودڵی و ڕامان، بە دوو وشەی پرشنگدار و گرنگ و چارەنووسساز لە وەڵامدا دەنووسێت:

(من ڕازیم.) (63)

هەمان ڕۆژ واتا 23ی کانوونی یەکەمی 1918 نوێنەرایەتی مەدەنی بەریتانیا لە بەغدا لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەریتانیا سەبارەت بە هەنگاوە سیاسی و قانوونییەکان ئاگادارەدەکات و نەخشەی سیاسی و جوگرافیای تازەی حکومەتی کوردستان بڵاودەکاتەوە و کۆیە و ڕواندز بەڕەسمی دەخرێنە سەر حکومەتی کوردستان، بەوە هەنگاوێکی ستراتیژیی مێژوویی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بە حوکمدارێتی شێخ مەحمود دەچێتە پێشەوە. (64) هەڵبەت ئەوە یەکەمین جار بووە کە دەرفەتێک سازبکرێت و ڕواندز بەڕەسمی بخرێتە سەر دەڤەری فەرمانڕەوایەتی حکومەتێکی کوردستان کە پایەختەکەی سلێمانی بووبێ. ئەوەی شایەنی باسە فراوانکردنی قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی شێخ مەحمود ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتی سێر ئەرنۆڵد ویڵسن بوو، بۆیە هەڵکردن و هاوکاری شێخ مەحمود لەگەڵ ئەودا پێویستییەکی سەرەکی سیاسەتی ڕۆژگارەکە بوو.

لە ماوەی دوو مانگێک-دا، بە کارکردنێکی بێوچان و بە نەخشەیەکی ورد و شارەزایانە و بە کارامەیی مەیجەر نۆئێل، توانرا گەلێک ناوچەی گرنگی وەک چەمچەماڵ، کەلار، هەڵەبجە، ڕانییە، قەڵادزە، کۆیە و ڕواندز، هاوکات خێڵەکانی گەرمیان لەجاف، تاڵەبانی، زەنگەنە، دەلۆ، وەیسی و داودە، لە کوێستانەکانیش مەنگوڕ،

مامەش، ئاکۆ، میراودەلی و خۆشناو بخرێنەسەر حوکمدارێتی کوردستان. (65) سەبارەت بە پشتیوانی خێڵی گەورەی خۆشناو و ناوچە فراوانەکەیان بۆ بەدەنگەوەچوونی نۆئێل، هەڵوێستی کوردانە و سیاسیانەیان بەرانبەر بە حکومەتی کوردستان دەربڕیوە. بۆ ئەو مەبەستە، لە 10ی کانوونی دووەمی 1919دا، نۆئێل بۆ نوێنەرایەتی مەدەنی بەغدا دەنووسێت:
(کەسایەتی و پیاوە گەورەکانی خۆشناو نامەیان بۆ نووسیووم و داوادەکەن کە ئەوانیش بخرێنە سەر کوردستان، هاوکات ڕەزامەندی خۆیان بۆ حوکمدارێتی شێخ مەحمود دەردەبڕن. لەو بارەوە من پێشنیازدەکەم کە ئەوان لە لایەن ئیدارەی کۆیەوە بەڕێوەببرێن.) (66)
دوای چەند ڕۆژێک، لە17ی کانوونی دووەمی 1919 ئەرنۆڵد ویلسن، نوێنەری مەدەنی لە بەغدا، پێزانین و پشتگیری خۆی بۆ نووسراوەکەی نۆئێل ڕادەگەیەنێ و هەموو ناوچەکانی خۆشناوەتی دەبنە بەشێک لە حکومەتی کوردستان. وەڵامەکەی ئەرنۆڵد ویلسن بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:
(ئامادەی هاوکاریم و ڕازیم.) (67)
هەر لە هەمان ڕۆژدا، ئەرنۆڵد ویلسن، سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا لە بەغدا، بۆ ئەو هەنگاوەی سەرەوە ئاگادار دەکا. ئەوانیش پشتگیری دەکەن و ڕازیبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن. (68)
دوای ئەوەی سەرەوە بە دوو هەفتە، دیسان نۆئێل، نوێنەری مەدەنی ئاگادار دەکات کە خێڵی شیرموور و بارزان داوادەکەن بخرینەسەر ڕەواندووز، وەک چۆن دوو ساڵێک لەوە پێش سەر بەو شارە بوون، هاوکات لەو ڕێگەیەوە داوادەکرێت بخرێنەسەر دەوڵەتی کوردستان کە پێتەختەکەی سلێمانییە و سەرۆکەکەشی شێخ مەحمودە. (69) بە هەمان شێوەی سەرەوە، لە 4ی کانوونی دووەمی 1919، نوێنەری مەدەنی ڕەزامەندی لەسەر دەدا. (70)
لە شوباتی 1919دا، بەهەوڵی ئەرنۆڵد ویڵسن و ئەفسەرانی سیاسی لە سەروو هەموویانەوە مەیجەر نۆئێل، سنووری حکومەتی کوردستان فراوانترین قەڵەمڕەوی گرتبووەوە، لەو کاتەدا، لای خوارەوەی سنوور گەیشتبووە کفری و کەرکووک، لە سەرووشەوە لەڕواندز تێپەڕیبوو. (71) ئەمە بەئاشکرا دیاربوو کە ئینگلیز ویستوویەتی بەڵێنێک کە بە کوردی دابوو، بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێ، جێبەجێبکا. بەڵام ناخۆشبەختانە، پەیوەندی ئاسایی ڕۆڵی بەریتانیا، بۆ ئامادەکردنی کاربەدەستان و فەرمانبەران، لەو ڕێگەیەشەوە بۆ بنیادنان و گەشەکرنی لایەنەکانی دەوڵەتسازی، دەلاقە و بۆشایی تێکەوت.
هەوڵەکانی نۆئێل ڕەنگدانەوەی شێوەیەکی بەرجەستەی قانوونی و نەخشەی سیاسی بەریتانیا بوو بەرانبەر بەچارەنووسی کوردستان، ئەو ویستوویەتی خەڵکی کورد لە قەناعەتەوە دڵی بەحکومەتی کوردستان و حوکمدارێتی شێخ مەحمود ڕازیبێ. ئەگەرچی خەڵکە سادە و ساکارەکەی کورد بەسرووشتی و بەخۆڕسک لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی کورددا بوون، بەڵام شێخ مەحمود و ئەوانی دیکەش لە سەردارانی کورد لەو ئاستەدا نەبوون هەستی ساکار و بۆچوونی سرووشتی خەڵک، پێبگەینن و بە ئاڕاستەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردستان بەڕێوەیان بەرن.

سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان شێخ مەحمود و بەریتانیادا
دوای ڕێککەوتنەکەی نێوان نوێنەری مەدەنی بەریتانیا و شێخ مەحمود، هەروەها کارکردنی بەردەوام بۆ ئامادەکاری خێڵ و خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی خوارووی کوردستان، تا بچنە ژێر دەسەڵاتی کوردستان و حوکمدارێتی شێخ مەحمود، کەمتر لە مانگێکی خایاند، لە سلێمانی و لە بەغداش گومان لەنێوان هەردوو لادا، واتا شێخ و کاربەدەستانی بەریتانیا پەیدابوو. لە هەمووی چاوەڕوان نەکراوتر ئەوەبوو، مەیجەر نۆئێل کە بە (لۆرانسی کورد) (72) بەناوبانگ بوو، لە کردەوەکانی شێخ مەحمود ناڕازی بوو، زوو بۆی دەرکەوتبوو کە شێخ مەحمود وەک بەرپرسیار هەڵسوکەوت ناکا. شێخ واقیعی دانانی خۆی وەک حوکمدار، کە لە لایەن بەریتانیاوە ئەو پلەیەی درابوویە و خۆشی داوای کردبوو، لەبیری-دا نەهێشتبووەوە، ئەوەی لە خەیاڵ-دا نەبوو کە بە

شۆڕش و قوربانیدان و سیاسەت، هەروەها بە هەڵبژاردنی خەڵک نەبووبوو بە حوکمدار. بە هەرحاڵ، پەیڕەکردن لەڕێکخراوەیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و سیستەمی حکومەتیی دامەزراوەیی، ئاسان نەبوون شێخ مەحمود کاریان پێبکات، بۆیە گشت هەلومەرجەکانی بەلاوەنا، وا دەجوڵایەوە کە نەفس و ئارەزوو دەیەوێ، نەک واقیعێکی سیاسیی تازە و درووستکردنی دەوڵەت بۆ نەتەوەیەکی ستەمدیدەو دابەشکراو.
دوای دیاری کردنی بەردی بناغەی حکومەتی کوردستان لە سلێمانی بەتێکەڵاوی و مامەڵەکردن لەگەڵ شێخ مەحمود و لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و هەڵسەنگاندنی کەسایەتی حوکمدار، مەیجەر نۆئێل دەربڕینی تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بە شێخ مەحمود و بۆمان باس دەکات و دەنووسێت: (لێرەدا پێویستە هەڵوێستی خۆمان بەرانبەر بە شێخ مەحمود دیاریبکەین.... ئێمە کە بەڕەسمی ددانمان بە شێخ مەحموددا ناوە، هەتا ئەو شوێنەیە کە خێڵەکان و خەڵک پاڵپشتی لێدەکەن. ئەو بۆ ئەم مەبەست و واقیعە، هەڵگری نامەیەکی ئیمزاکراوی نوێنەری مەدەنییە. هیچ نیازێک نییە کە دەسەڵاتی شێخ، بەزۆر بەسەر ناحەزانیدا بسەپێنین.... شێخ مەحمود زۆر بە مەترسییەوە مامەڵە لەگەڵ نیگەرانییەکان و کێشەکانی نووسینگەکەی-دا دەکات و لە ئێستاوە سڵیان لێدەکاتەوە.) (73)
نۆئێل زیاتر ورد دەبێتەوە و قووڵتر بەلایەنە دەروونی و دەسەڵاتخوازیی و خۆپەسەندییەکانی حوکمداردا چووەتە خوارەوە، چۆنێتی هەڵسوکەوتی ڕاوێژکار و دەوروبەرەکەی تەماشا کردووە، دەروونی پارەپەرستی و فیز و خۆنواندنیان لێکداوەتەوە، لە ڕووی کارامەیی و لێوەشاوییانەوە بۆ حوکمدارێتی و کارگێڕێتی تێیان ڕاماوە، ئەوجا بۆی دەرکەوتووە کە (شێخ مەحمود بەتەبیعەت پیاوێکی دەسەڵاتخوازو فراوانخواز و زۆر میزاجییە، هەمیشە کاریگەریی ئەو کەسەی لەسەربووە کە دواجار قسەی لەگەڵدا کردووە. جێگای داخە، کە بە کۆمەڵێک خەڵکی فزوڵی دەورەدرا بوو، سەریان پڕکردبوو لە ملهوڕی و باوەڕی هیچ و پووچ. ئەمە وای لێ کردبوو کە وابزانێت حوکمداری هەموو کوردستانە، بەو بودجەیەی هەیبوو، خەڵکی هەرچی و پەرچی بە مانگانەی چەند ڕوپییەیەک ڕاگرتبوو، بەشێکی دیکەی خەزێنەکەشی، لە کۆمەڵێک یاوەر و فەرمانبەرانی دیکەی نزیک بە خۆی بەکار دەهێنا... (74) هەڵبەت هیچ گومانێک نییە، کە هەرچی بودجە، فەرمانگە، ڕێکخستنێک و هێزێکی چەکداری لە سلێمانی دامەزرابوون، لە لایەن بەریتانیا و بە سەرپەرشتی مەیجەر نۆئێل بەرهەم هاتبوون، لە بارێکی وادا نەدەکرا حوکمدار، پەیڕەوی دەستووراتی نۆئێل و بەریتانیا نەکا، کاروبارێکی نۆئێل لە سلێمانی و لە کوردستان دەیکرد، هەمووی بۆ بەرژەوەندی و پێگەیاندنی شێخ مەحمود و سەرفرازی کورد بوو، بەڵام ئەو نەیتوانی، ڕووداوەکان، پێشهاتەکان و هەوڵەکانی نۆئێل، نەتارێنێ و نەتۆرێنێ.
زۆر زوو لە ئاکامی نامەگۆڕینەوە و سەرنجی ئەفسەرانی بەرپرسیاری بەریتانیایی لە کاروباری خوارووی کوردستان، دەردەکەوت کە شێخ مەحمود لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانیادا لە ناکۆکیدا بووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سەرجەم پلە و کارێکی فەرمانبەرانی حوکمدارێتی کوردستان هەبوون، بێ ئەوەی گوێبداتە کەسایەتی و لێهاتوویان، شێخ مەحمود بە خزمەکانی خۆی پڕیکردبوونەوە، هەرچی کەسێکیش کە شێخ پێیوابوو دۆستی نییە، کارێکیان پێڕەوا نەدەبینی. بە مانایەکی دیکە، شێخ مەحمود دەوڵەتەکەی بەهی خۆی دەزانی، ئەوەش لەگەڵ تێگەیشتن و سیاسەتی کارگێڕی بەریتانیادا یەک نەدەهاتەوە، بۆیە شێخ مەحمود نەبووە حوکمداری نەتەوە و فەرمانڕەوایەتی کوردیشی لەدەستدا. هاوکات، بێ چاوەڕوانی و بێ سازکردنی هەلومەرج و تەدارەکی هەمە لایەنەی کارگێڕیی و لە سەرپێ ڕاوەستان، یەکسەر دەیویست لە هەموو خاکی نێوان خانەقین و سلێمانی و لەجەبەل حەمرینەوە تا سنوورەکانی ئێران، دەسەڵاتی تایبەت و هێزی خۆی فراوانبکا و بسەپێنێ، بەلای بەریتانیاشەوە ئەو شێوە کارکردن و حوکمداریەتی و خۆ زاڵکردنە، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە زووتر، خۆی بکاتە کەلەگاو ستەمکاری خەڵکی هەموو ناوچەکان. (75) بۆیە وەک دەرفەتێکی گونجاو نەبوو، هێز و پێزیشی نەبوو بۆی بچێتەسەر، لە ئاکام دا هێندەی پێنەچوو کەوتە زۆرانبازییەکی بێ سەروبەر لەگەڵ بریتانیادا.
سەرەتای تێکچوونی پەیوەندی شێخ مەحمود لە ناوخۆی سنووری دەسەڵاتەکەیدا لەگەڵ سەرۆک خێڵەکان-دا دەرکەوت، ڕژێمی ئیداری خێڵەکی کە شێخی حوکمدار پێشنیازی کردبوو، لە هەوەڵەوە خۆی سوور بوو

لەسەر پەیڕەوکردنی لەسەر بنەمای ڕێز و تەبایی کۆمەڵایەتیی نێوان خێڵەکان، کەچی هەر خۆی نەیتوانی بەڕێوەیبەرێ، حورمەتی جگە لە بنەماڵەی شێخان و خەڵکی هەلپەرست و خۆبەرەپێشەوە، هیدیکە لە کردەوەی ڕۆژانەی حوکمدار دا ئاساری نەبوو. ترازانی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەریان هەڵدا، لەو ڕوانگەیەوە، هەر لە شوباتی 1919ەوە واتا لە دوای سێ مانگ تێپەڕبوون بەسەر دامەزرانی حکومەتی کوردستان-دا، لە ئەنجامی ئەو زانیارییانەی لە لایەن ئەفسەرانی سیاسیی بەریتانیا بە بەغدا دەگەیشتن، ئەو باوەڕە لای نوێنەری مەدەنی بەریتانیا دروستبوو، کە دەسەڵاتی شێخ مەحمود، سنووری مەعقولی تێپەڕاندووە، بۆیە لە مارتی هەمان ساڵ دا، لە کاردانەوەی هەڵەی شێخ مەحمود دا، ئەرنۆڵد ویڵسن پەیوەندی دوو ناوچەی زۆر ستراتیژی و مێژوویی کە کەرکووک و کفری بوون لە حکومەتی کوردستان و لە سلێمانیی جیاکردەوە. (76) دواتر خێڵەکانی جاف، پشدەر، مەنگوڕ، مامەش و هی دیکە، چیتر پشتیوانییان لە شێخ مەحمود نەکرد و داوایان دەکرد کەڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری ئەفسەرانی سیاسیی بەریتانیا دا بەڕێوەببرێن نەک شێخ.

ئەگەرچی بەریتانیا بەڕەسمی ئیدارەی کۆیە و ڕواندزی خستبووە سەر سنووری حکومەتی کوردستان و لەژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمووددا بوون، بەڵام ئەو وا خۆی دەردەخست کە بە زۆر خۆی بەسەر کۆیە و ڕواندزدا زاڵکردووە، لە ئاکام-دا نەیتوانی چی دیکە فەرمانڕەوایەتی حکومەتی کوردستان لەو ناوچانەش بەرقەراربکا. دواتر، بەو حیسابەی بەهایەک بۆ حکومەتی بەریتانیا نەهێڵێتەوە، کە تا ئەوکاتە، مانگانە 10 هەزار ڕوپێیان وەک مووچەی مانگانە دەدایە و هەموو کاروباری حکومەتەکەشی هەر بەپارەی بەریتانیا بەڕێوەدەچوون، ئا لەو کاتەدا شێخ مەحمود لە هەموو بوارەکانی حکومەت دا، کەوتە چەسپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆی، بەو شێوەیە حکومەتێکی خراپ، جێگای بەحکومەتێکی چاک چۆڵ کرد، ئەوەش بووە مایەی نەمانی دڵسۆزی و پشتیوانی لەناو خەڵکی گشتی-دا، زۆر کەسانی ناودار و دڵسۆزیش، ویستیان قەناعەت بە شێخ مەحمود بکەن کاری نەکردە نەکاو لەگەڵ بەریتانیادا تێکینەدا، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر نەخشەو ئارەزووی خۆی. (77) دیسان دەبێت ئەوە بە بیربهێنرێتەوە، کە ڕێککەوتنی بەریتانیا و شێخ مەحمود بۆ بەردەوامبوون و مانەوەی، پشتیوانی لێکردن و هاوکاریکردنی، تا ئەو شوێنە بووە کە خەڵکی کورد لەگەڵ شێخ-دا بن و پشتیوانی لێبکەن. (78) بە مانایەکی دیکە، شەرعییەتی شێخ مەحمود و حکومەتی کوردستان، لە پشتیوانی خێڵە کوردییەکان و ناوچە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی هەڵدەگرت. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر شێخ مەحمود بیتوانیایە وەک پێشەوا و گەورەی نەتەوەیەکی چەوساوە مامەڵە لەگەڵ هاونەتەوە و هاونیشتمانەکانی-دا بکات، ئەوا پشتیوانی بەریتانیای هەبوو، پێچەوانەی ئەوەش، ڕێککەوتنەکەی بەتاڵ و بێبایەخ دەکردەوە.

ترازان و کۆتایی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و مەیجەر نۆئێل

شێخ مەحمود، بێ ئامۆژگاری و بێ پرسپێکردنی بەریتانیا، دەستی بە فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی کرد. ڕاپۆرتێکی وەزارەتی جەنگی بریتانیا، ئەوە دەسەلمێنێ کە لەگەڵ ئەو کارانەی شێخ مەحمودیشدا، ئینگلیزەکان نەیانویستووە لەگەڵیدا نێوان تێکبدەن. بەڵام شێخ مەحمود سواری ئەسپی دەسەڵات و نیازی پەتی بووبوو، لێکدانەوەی بۆ سیاسەت و بەرژەوەندی خەڵک نەدەکرد، دەورەدرابوو بە کۆمەڵێک تورکخواز، سەریان پڕکردبوو لە دەمار توندی و بیرۆکەی سادە کە گوایە دەتوانێت ببێتە فەرمانڕەوای هەموو کوردستان، لە ئەنجام-دا وایان لێکرد، زۆر لە سنووری خۆی تێپەڕاند. (79)

سەبارەت ئەو باس و خواسانەی سەرەوە، ڕەفیق حیلمی سەرنجی حوکمدار و دەوروبەرەکەی دەدا و وێنەی ئەو ڕۆژگارانە دەکێشێ، کە پێیوا بوو کاربەدەستانی حوکمدارێتی کوردستان، لەئاستی قۆناغەکە و شکۆی بەڕێوەبردنی دەوڵەت-دا نەبوون، بۆیە بەم جۆرەی لای خوارەوە لەسەریان دەنووسێت: (لە خۆشی و ناز و نیعمەتدا بەرگەیان نەگرت، دەستە و دائیرەی نەفام، بەمە بەرەو یاخیبوون دەڕۆیشتن و لە وزە چوونە دەرەوە. (حوکمداری کوردستان)یش بە پێی هەوا بەڕێوەدەچوو. بە ڕۆژ لەگەڵ تاقمێک نۆکەر و دەستە و دایەرە، ڕووی

دەکردە دەشتی (کانێسکان) و بە سەیر و گاڵتە و گەپەوە ڕای ئەبوارد. بە هیوای ئەوە بوو، کە (کات) تا سەر بەم چەشنە بچێت بەڕێوە. خوا بە قودرەتی خۆی کوردستانی گەورەی بۆ درووستبکا و ئەویش (تاجی) ی حوکمداری بنێتەسەر (سەر)!) (80)
لەگەڵ هەموو پەیوەندییەکی ناجۆری شێخ مەحمود بەرانبەر بە بەریتانیا، لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا چەند خەڵکێک هەبوون بەپەرۆش و ئاگادارییەوە، بەمەسەلەی کوردەوە خەریک بوون. لە 20ی شوباتی 1919دا، لەو بارەوە بە شێوەی ڕێنمایی و نەخشەڕێگە، ئەرنۆڵد تۆینبی یادداشتێک دەنووسێ. خاڵە سەرەکییەکانی بەو شێوەی خوارەوە بوون:

1. (بۆ مەبەستی زیاتر دەسکەوتی دارایی و کارگێڕی، دەشێ باشووری کوردستان، لەگەڵ میسۆپۆتامیا لەپەیوەندی-دا بن.
2.هەستی نەتەوەیی خەڵک هێند گەشەی کردووە، ناتوانرێ باشووری کوردستان ببەسترێنەوە بە دەوڵەتێکی عەرەبی-یەوە.
3.دەکرێت حکومەتی باشووری کوردستان، بە شێوەیەک ڕێکبخرێ، کە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، لەگەڵ میسۆپۆتامیا ڕێکبخرێن.
4.پێویستە وڵاتەکە کارابێ و بە هۆی خەڵکی ناوچەکەوە بەڕێوەببرێ، نەک خەڵکی لابەلای بۆ بهێنرێ و دەسەڵاتیان بەسەردا بسەپێنن.) (81)
ئەو یادداشتەی سەرەوە، ددانپێدانی تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی، زمانی و کەسایەتی مەعنەوی خەڵکی کورد بوو، تەواو دامەزرانی دەوڵەتی کورستان بوو لەگەڵ مێسۆپۆتامیا.

تێگەیشتن و هەوڵی تۆینبی بەشێک بوو لە نەخشە و سیاسەتی بەریتانیا و ئەفسەرانی سیاسی لە ناوچەکەدا. دیارە سیاسەت و نەخشەش چەندە باشبن، لە نەبوونی کارێگەری هۆکاری سەرکردایەتی کورد-دا، دەپوکێنەوە، ڕووداوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دەهێنن و بەرەو ئاڕاستەیەکی جیاواز ڕێدەکەن.
یەکێک لەو کێشانەی کورد، خۆی بۆ خۆی درووستکردبوو، وەک لەسەرەوە باس کرا، ئەوە بوو شێخ مەحمود نەیتوانی هیچ دەرفەتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ڕووناکبیری، ئابووری و سەربازی بۆ خۆی و حکومەتەکەی خۆش بکا. لە ماوەیەکی کەم-دا، بە شێوەیەک لە هەڵپەدابوو، بواری بیرکردنەوەی ئاسایی و نەفەسی کورتی فەرمانڕەوایەتی هێند سوار و سنووردار‌بوو، کارەکانی بە درووستی بەڕێوەنەدەبردن. کاتێک کە ئینگلیزەکان لە سرووشت و کاری ڕۆژانە و دەروونی شێخ مەحمود شارەزا بوون، بۆیان دەرکەوت کە بەتەنگ دوارۆژەوە نییە و هەر بۆ ئەو ڕۆژە دەژی کە تێیدابوو...لە کارگێڕی و بەڕێوەبردن-دا کەموکورتییەکانی دەرکەوت، دەنگی ناڕەزایی لە هەموولایەکەوە بەرزبووەوە. (82)
لە 21ی شوباتی 1919دا، هەمووی سێ مانگ و پێنج ڕۆژ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی کوردستان-دا تێپەڕیبوو، مەیجەر نۆئێل دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی کە چووبوو بۆ ناوچەکانی قەڵادزێ و شوێنانی دیکە، کاتێک گەیشتۆتەوە سلێمانی، بینی بووی ئەوەی لەوەپێش بۆ بناغەدانانی دەوڵەتی کوردستان، خۆی پێکی هێنابوو و دڵی پێخۆشبوو، هەر سیاسەتێکی ئەو نەخشەی کێشابوو، هەر سیستەمێک کە ئەو دایمەزراندبوو، شێخ مەحمود سەرلەبەر ژێر و زەبەری کردبوون. دوای ئەوە، زۆر چاک تێگەیشت، کە ئەوەی لە پێناویدا کاری بۆکردووە و خۆی بۆ تەرخان کردبوو، ئەوەی بەکوڵ و دڵ لە هەوڵدا بوو لە کوردستان ئەنجامی بدا، ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێ. (83)
لە مانگی مارتی 1919، بە تێڕوانین و سەرنج لەباروودۆخەکە، لێکدانەوەی مەیجەر نۆئێل ئەو بیرۆکەی کە (کورد تایبەتمەندێتی و کەسایەتی نیشتمانی و جۆرە بیرکردنەوەیەکی خۆیان هەیە کە بە هێزەوە دەتوانن بەزوویی پێشبکەون و هەستی هاوکاری و یەکڕیزییان لە ناودا پەیدابێ، ئەوان دژی داگیرکەرن، چاک وایە گرنگی بەو

هەست و بیرە بدرێ و بەرێبازی خۆیدا بڕوا، یا ئەوەتا وێڵ بکرێن و بەجێبهێڵرێن، یا کوردستان بکرێتە بەشێک لە دەوڵەتی ئێراق و لە لایەن ئەوانەوە ئیدارە بدرێ. لە وەڵامی ئەو سێ ئەگەرانەی سەرەوەدا، نۆئێل دەنووسێت و دەڵێت: (لە ڕوانگەی ئەوەی کە من لە کوردستان دەیبینم، بێ دوودڵی من لەگەڵ ئەوەی یەکەمیاندام (واتا هەوڵبدرێ زیاتر هەستی نیشتمانی و یەکڕیزی لەناو کورددا گەشەبکا و پێشبکەوێت تا بتوانن ئەو حکومەتەی هەیانە زیاتر سەرفراز و سەرکەوتووبێ و دوژمن بەسەریان-دا زاڵنەکرێ.)، هەروەها دڵنیام کە هەموو ئەفسەرە ئینگلیزەکان کە تاقیکردنەوەی کارگێڕییان لە کوردستان هەیە، لەگەڵ ئەم باری سەرنجەی من ڕێک دەکەون. لەم بارەیەوە، دەبێت سەرنج لەوە بدەین...کە ئەوە باوەڕێکی ڕاستە کە دەوترێت کورد حوکمدارێتی ئەفسەرە سیاسییەکانی (بەریتانیایی)یان بەلایەوە باشترە وەک لە حوکمدارێتی شێخ مەحمود، لە هەمان کاتدا بەقەدەر ئەوەش ڕاستە کە کورد پێی خۆشترە لەژێر دەسەڵاتی ئەفسەرێکی سیاسیی دۆستداری کورددا بێ وەک لەوەی کە لەژێر دەسەڵات و بیروڕای عەرەبیدا بێ.) (84)

نۆئێل زیاتر سەرنجی خۆی ڕووندەکاتەوە و سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان دەنووسێت: (ئەوەی سەرنجی من بۆ بابەتێکی سەرەکی ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە پێویستە کوردستان هەوڵ بدا بۆ کارامەیی لەکارگێڕی، خوێندن، پێشکەوتنی ماددی و گەشەکردن، لە ناوەندێک یا چەند ناوەندێک کاربکات، بۆیە سنووری ئێستای حوکمدارێتی، دەبێت گۆڕانکاری بەسەردابێ تا هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێت.ەوە کە زۆرینەی دانیشتووانیان کوردن. تا ئێستا من مۆڵەتم نەبووە کە لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەم، ئەوە نەبێت کە پەیوەندی بە باشوور و ناوەندی کوردستانەوە هەیە، ئەوەندەی پەیوەندی بەو ناوچانەی لە ئێستادا هەن ئەوەیە کە دەبێت سلێمانی ببێتە پایتەختی ویلایەتێک کە نەهری، ڕواندز، هەروەها دەکرێت ئاکرێ، هەولێر، کەرکووک، کفری و خانەقینیشی بچێتەسەر.) (85)

کاکڵەی تێگەیشتنی نۆئێل، سەبارەت دامەزراندنی حکومەتی کوردستان دێتە سەر ئەوەی کە بڵێ: (دانانی شێخ مەحمود وەک نوێنەری بەریتانیا لە باشووری کوردستان، هەڵە بوو.) لەگەڵ نۆئێل-دا، گەلێک لە کاربەدەستان و ئەفسەرانی سیاسی باوەڕیان وا بوو کە پێویست بوو باشووری کوردستان سەربەخۆ بێ و لەگەڵ دوو ویلایەتی بەسرە و بەغدا لێکنەدرێن. لە چارەکی یەکەمی ساڵی 1919، میس بێل-یش باوەڕی وابووە کە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ کە تێکەڵاوە لەکورد و عەرەب بلکێنرێ بە دەوڵەتێکی عەرەبی و لە لایەن میرێکی عەرەبەوە فەرمانڕەوایەتی بکرێت، چارەسەرێکی باوەڕپێکراو و چاک نییە. (86) هەڵوێستی لیتوان کۆلۆنێل لیچمەن، ئەفسەری سیاسی لە موسڵ، زۆر لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان و فراوان کردنیدا بوو. (87) تەنانەت ئەو ئەفسەرانەی بەریتانیا کە لە دەرەوەی کوردستانیش بوون، هەر بۆ نموونە کاپتن ئاڕ. مارس، کە ئەفسەری سیاسی بوو لە شاری عەممارە، باوەڕیان وابوو کە دەبێت کوردستان جیا لە عەرەب سەربەخۆیەتی خۆی هەبێت، چونکە (بەلای عەرەبەوە، کورد نامۆن.) (88)

بەهەر حاڵ، لەگەڵ ئەو هەموو پەرۆشی و کارکردنی بەردەوامەی نۆئێل بۆ ئەوەی کوردستان گەشەبکا و پێشبکەوێ، لەگەڵ ئەو هەموو دەنگە بەرز و بەپەرۆشی ئەفسەرانی سیاسی و کاربەدەستانی بەریتانیا لەسەر زەمینی کارکردن و تاقیکردنەوە، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی تاریک و هەستنەکردنی سەردارانی کورد لە پێش هەموویانەوە شێخ مەحمود بە گرنگی قۆناغەکە، هەموو ئەوانە بوونەتە بێ ئومێدی و دڵشکان و وەڕزبوونی مەیجەر نۆئێل لە شێخ مەحمود، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەیست دەوڵەتێک کە خۆی بۆ دامەزرانی تەرخان کردبوو، مایەی هەموو خۆزگە و هەوڵ و نەخشەی بوو، کارێک لەگەڵ شێخ مەحموددا بکات کە ببێتە مایەی تێکچوونی دەوڵەتی کوردستان و پەیوەندی کورد و بەریتانیا. نۆئێل تێدەگا کە لەوە زیاتر ناتوانێت لەگەڵ شێخ مەحموددا درێژەی پێبدا و هەڵبکات، بۆیە بەنیگەرانی و ناچارییەوە سلێمانی بەرەو بەغدا بەجێدێڵێ.

نیگەرانی و ڕۆیشتنی نۆئێل بۆ بەغدا، خاڵێکی وەرچەرخان و زەنگێکی ترسناک بوو بۆ دوارۆژی ئازادی کورد و حکومەتی تازە دروستکراوی کوردستان. لێرەدا بەریتانیا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە مامەڵەکردن لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان، بە سەخت و دژوار بناسێنێ، هاوکات زۆر چاک زانیویانە کە لەناو خەڵکی سلێمانی-دا

گیانی نەتەوەپەروەری بەهێزە، ویستووشیانە کە تێیان بگەیەنن کە دەوڵەتی بەریتانیا بەو مەرجە بەرپرسیارییەتی بەڕێوەبردنی کوردستانی هەڵگرتووە کە خەڵک و سەردارانی کورد بە چاکی بجوڵێنەوە و لە باری فەرمانڕەوایەتی و کارگێڕییەوە ئامۆژگاری بەریتانیا قەبوڵ بکەن. (89) هەڵبەت ئارەزووی خەڵکەکە لە لایەن سەردارانی کوردەوە لەبەرچاو نەگیرا، خۆشیان هێندە لە خۆبایی بوون، وایان دەزانی پێویستیان بە فێرکردن و ئامۆژگاری بەریتانیا نییە. لەو دۆخە دژوارەدا، سێر ئەرنۆڵد ویڵسن، نوێنەری مەدەنی بەریتانیا لە بەغدا، دەگاتە ئەو قەناعەت و هەڵوێستەی کە بڵێ: (شێخ مەحمود گەورەترین کێشەی ئێمە بوو.) (90)
هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە میسۆپۆتامیا لە دۆخەکەیان دەڕوانی، دەیانزانی ئاسان نییە لەگەڵ شێخ مەحموددا مامەڵەی هاوسەنگ بکەن، ئەوەش ئاشکرا بوو کە نۆئێل نەیدەویست بەتوندی لەگەڵ حوکمدار تێهەڵچێ، بۆیە بە نابەدڵی و نیگەرانییەوە نۆئێل بەرهەمی تێکۆشانی عەقڵی سیاسی و توانای سەربازی و شارەزایی کۆمەڵایەتی خۆی بەرانبەر بە کورد و حکومەتەکەی، جگە لە وازهێنان چیدیکەی لە دەستنەهات. لەو ڕوانگەی سەرەوە، بەرپرسیارانی بەریتانیا لە بەغدا، بیریان لەوە کردەوە کە جێگرەوەیەک بۆ نۆئێل بدۆزنەوە. دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ بۆ دۆزینەوەی ئەفسەرێکی سیاسی بۆ ناردنی بۆ سلێمانی، لە کۆبوونەوەیەکەدا کە مەیجەر نۆئێل، لیتوان کۆلۆنێل لیچمەن، مەیجەر سۆن، گۆردن وۆکەر (Gordon Walker)، لەگەڵ چەندان کەسی دیکە، کە هەر هەموویان شارەزای کاروباری کورد و دۆخی ناوچەکە بوون، لەوێدا بە ڕەزامەندی و پشتیوانییەکی تەواوی نۆئێل، بڕیاردرا مەیجەر سۆن کە شارەزاییەکی زۆر چاکی لە گشت بوار و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان-دا هەبوو، لە سلێمانی جێگای مەیجەر نۆئێل بگرێت.ەوە. (91) ئەوە وازهێنانی مەیجەر نۆئێل نەبوو لەبەرپرسیارییەت، ئەوە دوا خاڵی خۆڕاگری و بێ ئاواتی ئەو بوو بەرانبەر بە شێخ مەحمود، کە ئامادە نەبوو حوکمدارێتی نەتەوە و خەڵک بە ئەستۆ بگرێت.

ئەنجام
لەناو ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیزدا کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە کوردستان، کاردار و بەرپرسیار بوون، مەیجەر ئیدوۆرد نۆئێل، یەکێک بووە لەوانەی کە زۆر بە جۆش، بە تێگەیشتن، بەدڵسۆزی و لێزانینەوە لە پێناوی سەرفرازی کورد و کوردستان-دا کاری ئەنجام داوە، ئەو زەمینەساز و بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی دامەزرانی حکومەتی کوردستانی لە ئەستۆ بوو، بەتەواوی کارامەیی و هەستکردن بە جیبەجێکردنی ئەمانەتێک کارەکانی ڕاپەڕاندووە. بە پشتبەستن بە شارەزایی سیاسی، سەربازی و کارگێری خۆی و بێ لەدەستدانی کات، حکومەتی کوردستانی دامەزران و شێخ مەحمودی کرد بە حوکمدار و فەرمانڕەوا. نۆئێل بەردەوام ڕێزی تایبەتیی لە شێخ مەحمود دەگرت و وەک سەروەر و بەرپرسیاری یەکەمی حکومەتی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، خۆشی بەڕاوێژکار و هاوکاری ئەو دەردەبڕی، ئەو کاتەی کە بەش و دەزگەکانی فەرمانڕەوایەتی لە سلێمانی بنیاد دەنا، هەموویانی بەستبووەوە بە گەورەیی و کەسایەتی یەکەمی حکومەتی کوردستانەوە کە شێخ مەحمود بوو.
لە پێناوی گەشەکردن و فراوانکردنی حکومەتی کوردستاندا، چی پێکرا لە سلێمانی و لە دەڤەرەکانی کەرکووک، کفری، کەلار، هەڵەبجە، کۆیە و ڕواندز و شوێنانی دیکە کردی، خێڵ و گەورە پیاوانی ئەو ناوچانەی هێنایە ڕازیکردن بە حوکمدارێتی شێخ مەحمود، کار گەیشتە ئەوەی لە هەموو لایەکەوە پێشکەوتن لە برەودا بوو، گشت خەڵکی بە بەرچاوڕوونییەوە بۆ دواڕۆژ دەیانڕوانی، بە دوای ماندووبوونێکی زۆری مەیجەر نۆئێل لە ناوچەکانی گەرمیان و کوێستان، کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، بینیوێتی ئەوەی ئەو بۆ دەمەزرانی حکومەتی کوردستان کردوویەتی، ئەو دەزگە و ڕێکخستنانەی دامەزرابوون، شێخ مەحمود سەر لەبەری هەڵوەشاندونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووی گرژی پیشانی حوکمدار نادا، ویستویەتی بیهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، بەڵام بێ هودە بوو، لە ئاکامدا چی دیکە نەیتوانیوە لەگەڵ کەسایەتی دەهریی حوکمداردا هەڵبکات، زانیوێتی شێخ مەحمود، حکومەت و کورد بەرەو هەڵدێر دەبا، بۆیە بەحەسرەتەوە لە سلێمانی دوورکەوتۆتەوە و نەیویستووە بەرهەمی گۆشکراوی خۆی، لە بەردەمیدا زیندە بە چاڵ بکرێ. لەو قۆناغەدا ناسکەدا، بەو شێوە

ترا‌ژیدیایە، ڕۆڵی کاریگەریی مەیجەر نۆئێل وەک ڕاوێژکارێکی کارامە و دڵسۆز و نەرمی حوکمدار کۆتایی هاتووە.

The Role of Major W. E. Noel in establishing and developing the Kurdish Government at the End of 1918 and Beginning of 1919

History is one of those controversial social sciences that does not necessarily have a consensus among scholars. When research is conducted into a particular subject new information can emerge which sheds light on events and this may bring more historians to come to an agreement.

Major Noel had a direct role in the creation and development of the Kurdish Government at the end of 1918 and beginning of 1919. My paper looks back to that time period in light of previously unexplored British documents, which are analysed for first time in English and Kurdish scholarly studies.

پەراوێزەکان:

1-

2- I. O. R. L/PS/11/165. Report of Administration for 1918 of Divisions and Districts of the Occupied Territories in Mesopotamia, Khaniqin Division 1918, p. 32.

3- F. O. 371/3397. Fortnight Report, No. 14, May 15th -June 1st, 1918, (section C, paragraph 1). Fortnight Report No. 17. July 1st -15th, 1918, (point 5).

دکتۆر فوئادی حەمە خورشید پێی وایە کە یەکەمین پەیوەندی شێخ مەحمود بە بریتانییەکانەوە لە پاییزی 1918دا بووە. الدكتور فوأد حەمە خورشيد (2001). القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ص. 15. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو پەیوەندییە لە کۆتایی بەهاری 1918دا بووە، دیارە ئەوەش بە پێی بەڵگەنامەیەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ساغکراوەتەوە.

4- Wilson, Sir Arnold T., (1931). Mesopotamia: Clash of Loyalties: A Personal and Historical Record, 19171920, Oxford University Press, London, p.p.8687.

5- I. O. R. L/PS/10/781. Precis of Southern Kurdistan during the Great War, Office of Civil Commissioner, MES. EX. FORCE, Printed at Government Press, Baghdad. Baghdad, 1919, p. 5.

6- I. O. R. L/PS/10/781. Pricis of Southern Kurdistan during the Great War, Office of Civil Commissioner, MES. EX. FORCE, Printed at Government Press, Baghdad, 1919, p. 6.

7- Ibid.

8- C. O. 696/1. Reports of Administration for1918 of Divisions and Districts of the Occupied Territories in Mesopotamia, Khanaqin Division, p. 33. I. O. R. L/PS/10/781. Preicis of Southern Kurdistan during the Great War, Ibid, p. 6.

9- حیلمی، ڕەفیق (1956). بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، یادداشت، بەشی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، ل. 53.

I. O. R. L//PS/ 20/C226. Personalities: Mosul, Arbil, Kirkuk, Sulaimani and Frontiers, p. 57.

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

10-حیلمی، ڕەفیق (1956). هەمان سەرچاوە، ل ل.53 54.
خواجە، ئەحمەد، (1968). چیم دی، ، ل. 19. دکتۆر فوئادی حەمە خورشید ئەوکارەی شێخی بە ناوی تاکە دەسەڵاتی نەتەوەیی تۆمارکردووە. ئەو بۆچوونەی ناوبرلو جگە لە خوێندنەوەیەکی ساکار و بیرۆکەیەکی پەتی نەتەوەیی، هیچ بناغەیەکی زانستی نییە. ئەوکاتە شێخ جگە لە کاربەدەستێکی دەوڵەتی عوسمانی، چیدیکە نەبووە. بۆ ساغکردنەوەی ئەو حەقیقەتە، یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە چاکترین بەڵگەن. بڕوانە، الدکتور فوأد حمە خورشید (2001). نفس المصدر، حاشیە رقم 20، ص. 21.
11-. C. O. 696/1. Administration Report, Kirkuk District, period October 26th - December 31st, 1918.
12- I. O. R., L/PS/10/781. Telegram from P. D. in Mesopotamia to S. of S. of I. and repeated to F. O. and Tehran, Baghdad, 1st November, 1918, p. 520.
13- AIR. 20/512. From Political Baghdad to Secretary of State for India, Baghdad, 30th October, 1918. See also I. O. R. L/PS/10/781. P. D of the C. C. in Mesopotamia to F. O., and I. O., Baghdad, 30th October 1918.
14- I. O. R. L/PS/10/781. Telegram from Political to Secretary of the State of India repeated to Foreign and Tehran, Baghdad, 9th November, 1919. P 4964/1918. See also Townshend, Charles (2010). When God Made Hell: The British Invasion of Faber, London, p. 495 & Mesopotamia and the Creation of Iraq 19141921, Faber.
15- I. O. R. L/PS/10/781. From Political to Secretary of State repeated to F. O. and Tehran, Baghdad, 16th November, 1918.
16- I. O. R. L/PS/10/871. From Political, Baghdad, to Secretary of State of India and repeated to Foreign and Tehran, Baghdad, 1st November, 1918.
17-حیلمی، ڕەفیق (1956). بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل ل. 32 33.
18-سەرچاوەی پێشوو، ل. 59.
19- AIR 20/512. From Political, Baghdad, to Secretary of State for India, London, Foreign and Tehran, No. 9351, 1st November, 1918. See also F. O. 371/3407. From Political Bagh-dad, to Secretary of State for India, London, Foreign and Tehran.
20-حیلمی، ڕەفیق (1956). هەمان سەرچاوە، ل. 51.
21-سەرچاوەی پێشوو، ل. 57
22- AIR 20/512. Political Baghdad to S. of S for India, London, repeated Foreign Simla and prodrome Teh-ran, No. 9267, 30th October, 1918. See also Wilson, Sir Arnold T. (1931). Op. cit, p 128.
23- I. O. R. L/PS/10/781. P. D. of the C. C. in Mesopotamia to F. O. and I. O., Baghdad, 30th October 1918, File 36/1919, Pts. 12, Kurdistan: policy and future 191820, p. 523.
24- I. O. R. L/MIL/5/278. Driver, Captain G. R. (1919). Kurdistan and Kurds, published by the Anthropologi-cal Institute, London, p. 79.
25- AIR. 20/512. From Political Sulaimaniyah to Political Baghdad, No. 27, 16th November, 1918.
26-Ibid.

.Ibid-27
.Ibid-28
AIR 20/512. From Political Sulaimaniyh to Poplitical Baghdad, No. 15. I. O. R. -29 L/PS/10/781. From Civil Commissioner to Secretary of State repeated to Foreign .Office and Tehran, Baghdad, 16th November 1918
30-حیلمی، ڕەفیق (1956). بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل ل 57 61. ڕەفیق حیلمی ڕۆژی ڕاگەیاندنی حوکمدار بە 1ی تشرینی دووەمی 1918 دەزانێ، ل. 60. دیارە ئەوە هەڵەیە.
.Driver, Captain G. R. (1919). Op. cit, p. 80-31
F. O. 371/5069. Administration Report of Sulaimaniyah Division for the Year -32 .1919, printed at the Gov-ernment Press, Baghdad, 1920, p. 2
.Driver, Captain G. R. (1919). Op. cit, p. 80-33
AIR. 20/512. From Political Sulaimaniya to Political Baghdad, No. 27, 16th -34 .November, 1918
35-حیلمی، ڕەفیق (1956). یادداشت، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل ل. 6768
36-ڕەفیق حیلمی لەو بارەوە دەنووسێت ئینگلیزەکان لەژێر چاودێری و فەرمانی (مەیجەر دانێلس) خەریکی ڕێکخستنی هێزێکی سوارە و پیادە بوون. لە بەر ئەمە پێویستان بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە کوردەکان بوو....ئەوانیش کە بە هۆی هاندانی دەوروپشتی خۆخۆر و دەس و پەیوەندی شێخەوە لە دڵدا لە حوکمدار زویر بوون یا لێی دوورکەوتبوونەوە، ئەمەیان بەهەل زانی و بەشی زۆریان چوونە (تەشکیلات)ەکەوە. حیلمی، ڕەفیق (1956). یادداشت، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل. 86.
.F. O. 608/95. Circular Memo. No. 43, Op. cit
F. O. 371/5069. Administration Report of Sulaimaniyah Division for the Year -37 .1919, p. 8
38-خواجە، ئەحمەد (1968). بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل. 26.
.Ibid. Administration Report of Sulaimaniyah Division for the Year 1919, p. 8-39
.Ibid-40
.Ibid, p. 8. See also Longrigg, Stephen Hemsley (1956). Op. cit, p. 104-41
F. O. 371/5069. Administration Report of Sulaimaniyah Division for the year -42 1919, Note on the Tribal System of Administration, p. 2
43-حیلمی، ڕەفیق (1956). یادداشت، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل. 69.
F. O. 371/5069. Administration Report of Sulaimaniyah Division for the Year -44 .1919, Printed at the Gov-ernment Press, Baghdad, 1920, p. 1
.Ibid-45
.Wilson, Sir Arnold T., (1931). Op. cit, pp. 129-46
Driver, G. R. (1919). Op. cit, p. 79. See also I. O. R. L/PS/10/78. from Political -47 .Baghdad to Secretary of State repeated Delhi and Tehran, Baghdad, 27/11/1919
F. O. 608/95, 365-1-2. Noel memorandum 8/12/1918. FO.608/95/365-1--48 3/11144, G.O.CO. Mesopotamia to War Office 25/5/19; 11239, Wilson to India .Office, 25/5/19; 11863, G. O. C. Mesopotamia to War Office 5/7/19
.Edmonds, C. J. (1957). Op. cit, p. 57-49

AIR 20/ 512. From Political Sulaimaniya to Political Baghdad, No. Telegram X. -50
.PRIORITY. No. of Groups 101, 23rd November, 1918
Ibid, From Political Baghdad to Political Sulaimaniah, TelegramX.Ordnary, No. -51
.10360, 26th November, 1918
52-کۆلۆنێل لیچمەن (Colonel Gerard Evelyn Leachman): یەکێک لە ئەفسەرە بەتواناکانی بەریتانیا بووە کە لە میسۆپۆتامیا کاری کردووە. لە 27ی تەمموزی 1880 لە دایک بووە، لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە هندستان خزمەتی عەسکەری کردووە، دواتر بە بەرگی عەرەبییەوە بە عەرەبستاندا گەڕاوە و عەرەبی فێربووە و شارەزاییەکی تەواوی لەناو عەرەبدا پەیدا کردووە، لە تشرینی دووەمی 1918 بووەتە ئەفسەری سیاسی لە موسڵ، یەکێک لەو کارانەی لەوێ کردویەتی، لە ڕێگەی دەرەوە چەکهەڵگرتنی قەدەغە کردبوو، تا تشرینی دووەمی 1919 لەوێ ماوەتەوە. لە 12ی ئابی 1920 دا لە قرەقرِ لەسەر دزێتی لەگەڵ شێخ چاری، لە لایەن کوڕێکی شێخی ناوبراوەوە کوژراوە. بڕوانە:
.Journal of the Royal Central Asian Society, Vol. 8, No. 1, 1921, pp. 7075
Hay, William Rupert (1921). Tow Years in Kurdistan: Experiences of a Political Officer
.Jackson, London, p. 367 & 19181920, Sedgwick
Ibid, From Political Baghdad to Political Mosul, repeated Sulaimaniyah, Erbil and -53
.altun Kupri, No. 10359, 26th November, 1918
Ibid, General Head Quarters, Mesopotamia Expeditionary Force, Dated 11th -54
November, 1918. Exstruct from memofrom S.S.O., Kirkuk to G. H. Q. dated 28th
.November 1918
From Political to Foreign Office, Baghdad, 4th December .781/10/S&I. O. R. L/P-55
1918. See also F. O. 371/3385. From Political, Baghdad, 4th December, 1918.
.(Repeated To Tehran and India). (Received 5th, 2 p. m.)
.Ibid. See also Longrigg, Stephen Hemsley (1956). Op. cit, p. 103-56
I. O. R. L/PS/10/781. From Political to Secretary of State repeated Delhi and -57
.Tehran, Baghadad, 27th November, 1919
Edmonds, C.J., (1957). The Kurds of Iraq, The Middle East Journal, Volume. XI, p. -58
.57
59-کاپتن گرینهاوس (Captain Frank Stewart Greenhouse): فرانک ستێوارت گرینهاوس ئەفسەر، سیاسی و کارگێڕ، لە 24ی کانوونی یەکەمی 1885دا، لە دایک بووە، لە 18ی کانوونی دووەمی 1905دا، بووەتە ئەفسەر و لە 19ی مارتی 1906دا، پەیوەندی بە سوپای هندستانەوە India Army، کردووە، لە 1918دا بووەتە جێگری ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە سلێمانی، بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:
Indian Army List, January 1923, Army Department, Government of India,
Suerintendent Government Printing, Calcutta, India, 1923, p. 182
F. O. 608/95. Circular Memo.No. 43, dated December 8th 1918, from N. W. C. -60
.Noel, C. I. E. P. O. Sulaimaniyah to A. P. O. s Kifri, Kirkuk and Altun Kupri
.Ibid-61
AIR. 20/512. From Political Baghdad to Political Mosul, No. 11452, dated, 22nd -62
.December. 1918
Ibid, From Political Mosul to Political Baghdad, No. 984, dated and received 23rd -63

.December, 1918
Ibid, Office of the Civil Commissioner, Baghdad, FOR INFORMATION, 23rd -64 .December, 1918
,I. W. M. Box. No. 92/48/1. A Prison in Kurdistan, written by Colonel A. M. Daniels-65 .p. 6
AIR 20/512. From Noel, Rewanduz to Political, Baghdad, No. 40, 10th January, -66 .1919
Ibid, From Political, Baghdad, to Noel Sulaimaniyah, repeated Keui Sanjaq, -67 Political Erbil, Political Sulaimaniyah and Rewanduz (for Noel). No. 636, 17th January, 1919. Repeated to C.G.S. G. M. Q. Civil Commissioner, 17th January, 1919. Copy for .information
.Ibid-68
AIR 20/512. From Noel, Rewanduz to Political, Baghdad, Telegram x,, 31st -69 .December, 1918
.Ibid-70
F. O. 371/5069. Administration Report Sulaimaniyah Division for the Year 1919 -71 .(1920). Printed at the Government Press, Baghdad, p. 4
Buch, Briton Cooper (1976). Mudros to Lausanne: Britain s Frontier in West Asia, -72 1918-1923, State University of New York Press, New York, p. 191. See also F. O. .371/4292. British High Commission, Constantinople to Tilley, 21ST July, 1919
وێکچوونی (نۆئێل)ە بە لۆرانسی عەرەب Lawrence of Arabia (18881935) لە بەرانبەر کارکردن و دڵسۆزی و تێگەیشتنی دەربارەی مەسەلەی کورد بووە، هەر وەک چۆن لۆرانسی عەرەب خێرێکی زۆری بۆ عەرەب هەبوو. لۆرانس: زانا، نووسەر و سەرباز بوو، دوای ئەوەی ماوەی پێنج ساڵێک لە 1909 تا 1914، لەنێوان عەرەبەکانی سووریا و فەلەستیندا ژیا، هەستی دۆستایەتی بۆ عەرەبەکان کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، پەیداکرد و لە پێناوی دۆزی عەرەبدا، لە 1916دا، هاوبەشییەکی کاریگەرانەی لە بزووتنەوە و شۆڕشی عەرەبەکاندا کرد، کە لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپابوو، دوای ئەوەش، لۆرانس هەر بە هاوکار و دۆستی عەرەبەکان مایەوە. سەرچاوەکانی سەرەوە.
.F. O. 608/95. Circular Memo. No. 43, dated December 8th 1918, Op. cit-73
.F. O. 608/95. Ibid-74
F. O. 371/5069. Administration Report Sulaimaniyah Division for the Year 1919 -75 .(1920). Printed at the Government Press, Baghdad, p. 1
.Ibid, p. 4-76
.Ibid, p. 2-77
I. O. R. L/PS/10/781. Precis of Affairs in Southern Kurdistan during the Great -78 .War, Printed at Govern-ment Press, Baghdad, 1919, p 13
Driver, G. R. (1919). Op. cit, p. 81. F. O. 371/5069. Administration Report of -79 .Sulaimaniyah Division for the Year 1919 (1920). Op. cit, p. 1
80-حیلمی، ڕەفیق (1956). بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل. 65.
F. O. 608/95. Influence of Shaikh Mahmud at Sulaimaniyah, Paper 2395 File -81

.365/1/2, written by Arnold Toynbee, 20th February, 1919
82-حیلمی، ڕەفیق (1956).، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوە، ل. 84.
.I. W. M. Box No: 92/48/1. Documents. 2105. Op. cit, p.10-83
AIR 20/512. Enclosure No. 8, Note by Political Officer, Sulaimaniyah, in regarding -84 .to the political stat-ues of Kurdistan
.Ibid-85
.Lukitz, Liora (2006). Op. cit, p. 127-86
AIR 20/512. From Political Baghdad to Political Mosul, repeated Sulaimaniyah, -87 Erbil and altun Kupri, No. 10359, 26th November, 1918. Also AIR 20/512. Telegram, .From Political Mosul to Political Baghdad, No. 984, 23ed December, 1918
AIR 20/512. Enclosure No. 14, Note by R. Marrs, Captain, Political Officer, -88 .Amarah, March, 1919
.Wilson, Sir Arnold T. (1931). Op. cit, pp. 133-4-89
.Ibid, p. 134-90
.Ibid-91
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فۆڵدەرەکان: ڕێکەوتننامەی لۆزان | وڵات: باشووری کوردستان | تورکیا | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

ڕۆژی دەرچوون: 2022-02-02

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-02-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

ئەحمەد خواجە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
فوئاد حەمە خورشید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پیشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | hawlati.co

کاتی تۆمارکردن: 2022-06-02
ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: وێنە و پێناس

بابەت: 17

بۆردوومانی شاری سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموود لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیا وە ساڵی 1924

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211212190343398411

بۆردوومانی شاری سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموود لە لایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیاوە ساڵی 1924.[1]
وێنەی فڕۆکەکە لەسەر زنجیرە چیای پیرەمەگروون گیراوە، وێنەکانی تر ناوشاری سلێمانین ساتی بۆردوومانەکە، کەسێک کەوتووە نازانرێ بریندارە یا شەهید بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

شێخ مەحموودی حەفید کورتەباس کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کورد زانست
کاتی تۆمارکردن: 12-12-2021
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 18
بیرەوەری قارەمانی کورد شێخ مەحموود
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250131082420620594

بیرەوەری قارەمانی کورد "شێخ مەحموود"

نووسینی: حەسەنی قزڵجی
ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

ناونیشان: بیرەوەری قارەمانی کورد شێخ مەحموود
نووسینی: حەسەن قزڵجی
ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد
ساڵ: 2025 [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی بیرەوەری قارەمانی کورد شێخ مەحموود

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: سوید |
ڕۆژی دەرچوون: 2025-01-05

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-01-05	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (ئامادەکار)ەوە لە ڕۆژی 2025-01-30 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2025-01-31

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: کورتەباس
بابەت: 19
بەریتانیا بەفەرمی داوای لێبوردن لەکورد و بنەماڵەی شێخ مەحمود دەکات
2022082323203442993&https://www.kurdipedia.org/?lng=1=q8

دوای زیاتر لە سەدەیەک لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی حەفید یەکەم مەلیکی کوردستان، بەریتانیا بەفەرمی داوای لێبوردن لە کورد و بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید دەکات، نەوەیەکی شێخ مەحمودیش لە ڕێگەی شارپرێسەوە زانیاریی زیاتر ئاشکرادەکات.
شێخ مستەفا حەفید لەلێدوانێکی تایبەتدا بەشارپرێسی وت: زۆرشت هەن کە لە مێژوودا ڕوویان داوە شاراوەن و دیووە ڕاستییەکەیان دیار نییە، یان بەئەنقەست شاردراونەتەوە، یان مێژوونووسان غەدریان کردووە، بۆ نموونە مێژونووسێک نەهاتووە بەڕاستی دژایەتی بەریتانیا باسبکات دژی کورد و شۆڕشەکەی یەکەم مەلیکی کوردستان.
ئاشکراشیکرد، بۆ سەلماندنی ئە و ڕاستییە کە بەریتانیا دژایەتی کوردی کردووە و هیچ بەرنامەیەکیان بۆ کورد پێ نەبووە جگە لە دژایەتیکردن، ماوەیەک لەمەوبەر باڵیۆزی بەریتانیا لە ئێراق لە سەردانێکیدا بۆ دیوەخانی شێخ لەشاری سلێمانی، باسی لەو ڕۆژگارانە کرد کە کورد خەباتی دەکردوو ئەوانیش نەک هیچیان بۆ کورد نەکرد، بەڵکوو دژایەتیشیان کرد.
نەوەکەی شێخ مەحمود باسی لەسەردانەی باڵیۆزی بەریتانیا کرد بۆ دیوەخانەکەی شێخ و وتی: باڵیۆز بەئاشکرا ڕایگەیاند، ئێمە ئەوکات و لەو سەردەمەدا هچیمان بۆ کورد پێنەبووە و هیچمان بۆ کورد نەکرد جگە لەدژایەتیکردن، بۆیە بەفەرمی وەکوو شانشینی بەریتانیا داوای لێبوردن لەگەڵی کورد و بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید یەکەم مەلیکی کوردستان دەکەین.
وەکوو شێخ مستەفا باسیکرد، هەر لە ماوەی ڕابردووش وەکوو باڵیۆزخانەی بەریتانیا داوای چەند وێنەیەکی مێژوویی و دەگمەنی شێخ مەحمودیان کردوو ئێستا ئە و وێنانە لەباڵیۆزخانە و کونسوڵخانەی بەریتانیا لە عێرا ق و هەرێم هەڵواسراون.
شێخ مستەفای حەفید باسی لە فێستیڤاڵێک کرد بۆ یادی یەکەم مەلیکی کوردستان و وتی: لە ئێستادا کار بۆ ئەوە دەکرێت، بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگای سلێمانی و بنەماڵەی شێخ مەحمود، مانگی 10ی ئەمساڵ لە دەربەندی بازیان، گەورەترین فێستیڤاڵ بۆ یادی شێخ مەحمود دەکرێت بەئامادەبوونی سەرجەم باڵیۆزانی وڵاتانی دونیا کە لە ئێراقن لەگەڵ کونسوڵخانەکانیان لە هەرێمی کوردستان.
ئەوەشی وت، بۆ ئە و مەراسیمە سەرجەم بەرپرسانی حکومەتی ئێراق و هەرێمیش بانگهێشتکراون، چاوەڕوان دەکرێت ئە و فێستیڤاڵە بە بەشداریی نزیکەی 100 هەزار لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوەبچێت.
لەنێوان ساڵانی 1919و 1922 شێخ مەحمودی حەفید حکومەتێکی کوردیی پێکهێنا و دوو شۆڕشی دژی حوکمی بەریتانیا بەرپاکرد، دوو ساڵی پێچوو تا دەسەڵاتی بەریتانی توانیی ڕاپەرینەکان سەرکوتبکا
وەکوو شێخ مستەفا ئاماژەی پێدا، ڕەتکردنەوەی بەریتانییەکان بۆ حوکمی سەربەخۆی کورد لەوەوە سەرچاوەیگرت، کە ئەگەربێت و حوکمی سەربەخۆی کورد لە ناوچەکەدا سەربگرێت، وا دەکات عەرەبەکانی تر لە هەردوو ناوچەی بەغداو بەسرە داوای سەربەخۆیی بکەن و بەمەش کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەریتانییەکان بەسەر میسۆپۆتامیادا لەناودەچێت.
لە ساڵی 1922 دوای دورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هیندستان، جارێکی تر بەریتانیا شێخ مەحمودیان گێڕایەوە سەر دەسەڵات، بەو هیوایەی شێخ مەحمود کوردەکان ڕێکبخاتەوەو دژایەتی تورکەکان بکات کە داوای موسڵ و کەرکووکیان دەکرد، ئەوە بوو شێخ مەحمود حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند و خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند، دواتر ڕەزامەندی دەربڕی بەئۆتۆنۆمییەکی سنوردار لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقی

تازەپێکهێنراودا.
لە ساڵی 1930 و دوای ڕاگەیاندنی وەرگێڕانی ئێراق لە (عوسبەتول ئوممەم)، شێخ مەحمود سێیەم ڕاپەڕینی دەستپێکرد کە بەهێزە زەمینی و ئاسمانییە بەریتانییەکان سەرکوتکرا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2022-08-23
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-08-23	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | sharpress.net
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-23
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 20
پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنووبی
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240524053012571984



ناونیشانی پەرتووک: پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنووبی
ناوی نووسەر: جەی. ئی. ئارِ
ناوی وەرگێڕ: مەهاباد ساڵح ئەحمەد
وەرگێڕان لە زمانی: ئینگلیزی
شوێنی چاپ: سلێمانی
چاپخانە: ژین
دەزگای پەخش: بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
ساڵی چاپ: 2011
ژمارەی چاپ: یەکەم

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان (چاپکردن): سلێمانی | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات (چاپکردن): باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: ئینگلیزی |

ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2011

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2011-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
کتێبی یادەوەرییەکان؛ شەڕی مەزنی نیشتمانی (جەنگی دووەمی جیهانی) بەشداریی کورد لە سەرکەوتنی هاوبەش بەسەر نازییەکاندا 1941-1945	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەرتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەرتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | https://zheen.org/ 2024-05-24

کاتی تۆمارکردن: 2024-05-24

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: وێنە و پێناس

بابەت: 21

پوولی حکومەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی (مەلیک مەحمودی حەفید)

20220827160542430690=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شوێن: سلێمانی
پوولی حکومەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی (مەلیک مەحمودی حەفید)
حکومەتی باشووری کوردستان (کوردستانی جنوبی) بە ڕابەرایەتی مەلیک مەحمودی حەفید، بۆ ڕاپی کردن و بەرێکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان، لەناو فەرمانگە حکومییەکانی ئەو سەردەمەدا، چەندین جۆر پوول دروستکراوە، مامۆستا ئەحمەد خواجە دەور و نەخشی لە داهێنانی پوولدا هەبووە، هەروەها شێخ لەتیفی دانسازیش نەخشی هەبووە لە بڕینی قەراغی پوولەکاندا. بەپێی جۆری مامەڵەی هاووڵاتییان پوولەکان نرخیان جیاواز بووە، سێ جۆریان نرخیان (یەک، پێنچ، هەشت) ئانەیی بووە، دوو جۆریان نرخیان گرانتربووە (یەک، سێ) ڕوپیەیی بووە، هەروەها ڕەنگی پوولەکان (سەوز، زەرد، مۆر و پەمەیی) بووە، ناوەڕاستی پوولەکان دوو خەنجەری تێکپەڕیویان تێدابووەم ئاماژەبووەم بووە بە جیابوونەوەی کورد.
سەرچاوە: فەرمانگەی تاپۆی سلێمانی، گەیاندن، گۆڤار، ژمارە یەکی 2006. بە کەمێک دەستکارییەوە وەرگیراوە

لە پەیجی (مەلیک مەحمودی حەفید) . [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 10یەکان (10-19) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئەحمەد خواجە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی فەیسبووک، پەیجی مەلیک مەحمودی حەفید

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 22
تۆ قەڵەمت بە دەستەوەیە، قەڵەم لە شیر بە بڕشتترە!
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250912160849655801
ساڵی 1956 ڕۆژی 10ی 8ی ئەو ساڵە بوو. من لە مزگەوتە شڕەکەم بووم لە بەغدا. دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو. دەورەی مزگەوتەکە پڕ بوو لە خەڵک، ئەوەندەم زانی شێخ مەحمودی حەفید بە پێ پیلکەکانا سەرکەوت و سەری کرد بە ژوورەکەی منا، ئەو شێخ مەحموودە کە وەختی خۆی ئەتوت شێرە، لاواز و باریک ببوو. هەر ئەو نەخۆشییەی بوو کە لەو ساڵەدا بە هۆیەوە کۆچی دوایی کرد. هەر من و ئەو بووین لە ژوورەکەدا، حەوشە و دەوری مزگەوت پڕ ببوو لە خەڵک، چونکە شێخ مەحموود هاتۆتە ئەوێ و ئەیانەوێ چاویان پێ بکەوێ.
ورده ورده دەستی کرد بە قسە کردن و بە دەردەدڵ کردن، فرمێسک بەسەر گۆناکانیا هاتە خوارەوە، وتی: زابتەکان و زۆرتر لەوانەی کە لەگەڵما بوون هەموو خیانەتیان لەگەڵ کردم. فرمێسکێکیش بەسەر گۆنایا هەر دێتە خوارەوە. لە گەرمەی ئەو قسەکردنەیا ئەوەندەم زانی (لەگەڵ ئەو بێهێزیەیا) هەستا و ناوچەوانی ماچ کردم و وتی: ڕۆڵە هۆمێدم بە کەس نەماوە بە تۆ نەبێ! وتم یا شێخ ئەوە چی ئەفەرمووی؟ من چیم، چ کەسم، چ پشت و عەشرەتێکم هەیە؟! وتی: ڕۆڵە تۆ قەڵەمت بە دەستەوەیە، قەڵەم لە شیر بە بڕشتترە!
ئەمەی وت و هەستا. وتم یا شێخ وەختی نوێژ هاتووە، نوێژ ناکەی لێرە؟ وتی: بەرێوەڵڵا. ئیتر چووینە خوارەوە نوێژمان کرد و ئەو ڕۆیشت. بەڵام لەبەر زۆری خەڵک، کە بۆ چاو پێکەوتنی شێخ مەحموود هاتبوون زۆر بە زەحمەت دەرباز بوو. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ئایا ئەم بەسەرهاتە لە ڕاستیدا ڕوویداوە؟ : بەڵێ | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | وڵات: ئێراق |
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 2؛ نووسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 956
کاتی تۆمارکردن: 2025-09-12
ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 23
چیم دی؛ شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن - بەرگی 01 تا 04
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20120610165149698O8



ناونیشانی پەرتووک: چیم دی؛ شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن - بەرگی 1-4
ئەحمەد خواجە
ئامادەکردنی: سدیق سالح
ساڵی: 2016 [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2016

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2016-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەحمەد خواجە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
سدیق ساڵح	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 - توێژینەوەیەکی مێژووییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
کتێبخانەی گشتیی پێنجوێن؛ ناونیشانی پەرتووکەکانی بەشی یاداشت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادداشتەکان دەروازەیەکی تر بۆ خۆرۆشنبیرکردن	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەرتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەرتووکەکە ببینیت.

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR
:Code

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 10-06-2012
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: کورتەباس
بابەت: 24
چەند بیرەوەرێکی مێژوویی
20240824202456592725=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی

چەند بیرەوەرێکی مێژوویی

- أحمد خواجە -

پێش بانگی جەنگی یەکەم (١٩١٤) ئینگلیز خۆی ئامادەکردبوو، وە باشیش لە رەوشتی گوزراش ئاگاداربوو، بە ناوی زانایانی نەوتەوە، دەستە دەستە پیاوانی سیاسی و عەسکەری یان دەنارد بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست.

ئینگلیزە سیاسیەکان لەگەڵ شێخەکان بەو هێندێك و دەسەڵاتدارانی عەرەبی پشتی دۆستایەتی و برایەتیان بەست. بە بۆنەی شارەزاییان لە کاروباری نەوتدا، کاربەدەستانی ئینگلیز خۆیان گەیاندە لای شێخەکانی کەنداو (خەلیج).

لەو کاتەدا لێپرسراوانی بەریتانی وەکو میستەر موررو لە کوێت کار بەرێوەبەری ئینگلیزو بەجێهێنەری پێویستی کارسازی سیاسی و ئابووری یان بوو، وە لە پیاوە دانا راهیەکانی ئیمپراتۆریەکەی عوسمانیش وەکو سولەیمان نەزیف و زۆری تر، کە لە بەسرە متصرف بوون، جێی باوەر نیە ئاگادار نەبووبن.

لە ساڵی ١٩١٤ی چەرخی بیستەم دا، بەو بەرنامەو ئاواتەیانەوە، کە زیندە خەویان پێوە دەبینی شادبوون، بانگی جەنگ بە جیهاندا بڵاوکرایەوە. بەبێ وێستان و قوڵت و کۆسپ لە پرو ناکاو بەو سوپاو چەکە ئامادەکراوەیانەوە پەلاماری (فاوە - بەسرە)یان دا.

٨١

چەند بیرەوەرێکی مێژوویی
یاداشتی: ئەحمەد خواجە
گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ؛ گۆڤارێکی وەرزی لێکۆڵینەوەیە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەریدەکرد.
ژمارە 111؛ لاپەڕە 81-86. [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی چەند بیرەوەرێکی مێژوویی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: سکێنکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئێراق |
ڕۆژی دەرچوون: 01-09-1986

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1986-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | iqra.ahlamontada.com
کاتی تۆمارکردن: 24-08-2024
ناوی تۆمارکار: کاکۆ پیران

KURDIPEDIA کوردیپێدیا

پۆل: کورتەباس

بابەت: 25

چەند ڕاستی یەک دەربارەی مۆرکردنی ڕێک کەوتننامەی ساڵی 1927 لە نێوان شێخ مەحموود و کاربەدەستاندا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240827203841593368

چەند ڕاستی یەک دەربارەی مۆرکردنی ڕێک کەوتننامەی ساڵی ١٩٢٧ لە نێوان شێخ مەحموود و کاربەدەستاندا

کمال نوري معروف

سەرەتایەت :

٤٨

چەند ڕاستییەک دەربارەی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ساڵی 1927 لەنێوان شێخ مەحمود و کاربەدەستاندا
لێکۆڵەر: کەمال نوری مەعروف
گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ؛ گۆڤارێکی وەرزی لێکۆڵینەوەیە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەریدەکرد.
ژمارە 124؛ لاپەڕە 48-57. [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی چەند ڕاستی یەک دەربارەی مۆرکردنی ڕێک کەوتننامەی ساڵی 1927 لەنێوان شێخ مەحموود و کاربەدەستاندا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: سکێنکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئێراق |
ڕۆژی دەرچوون: 01-11-1989

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1989-11-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | iqra.ahlamontada.com
کاتی تۆمارکردن: 27-08-2024
ناوی تۆمارکار: کاکۆ پیران

پۆل: کورتەباس
بابەت: 26
حسێن نازم بەگ 1870-1932 و کۆنگرەی ئاشتی ساڵی 1919 لە پاریس
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240405145027564020
حسێن نازم بەگ 1870-1932 و کۆنگرەی ئاشتی ساڵی 1919 لە پاریس
نووسینی و ئامادەکردنی: عومەر مەعروف بەرزنجی
گەورە پیاو و رووناکبیر و رۆژنامەنووسێکی کارامەی وەک خوالێخۆشبوو (حسین نازم بەگ 1870-05-05-1932)ی راوێژکار و دڵسۆزی مەلیکی کوردستان، دۆستی ئازیز و بە ئەمەکی مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و رەفیق حیلمی و پیرەمێرد) و چەندین کەسایەتی تر، خاوەن و نووسەری مێژووی (بابان) و (ماوەت) و دەیان نووسینی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی، سەرنووسەری رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) و (ژیان) و تۆمارێکی کۆک و پۆشتەی تێکۆشان و دەربەدەری و دڵسۆزی لەپێناوی نەتەوەکەیدا، ئەمانە و زۆری تریش کەرەستەی لەبارو زیندوون بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوی سەنگین و تەرخانکردنی پەرتووکێکی تایبەتی. دیارە لێرەدا ئەو مەودایە نەرەخساوە کە بتوانرێ تیشکێکی سەرتاپاگیر بهاوێژرێتە دووتوێی مەبەستەکان، بەڵام ئەو رێیەش نەبەستراوە کە رووداوێکی گرنگی مێژوویی پیادا گوزەر بکەین سەبارەت بە دەوری شایستەی (حسێن نازم بەگ)، ساڵی 1919 لە ئامادەکردن و نووسینی نامە و رێکخستنی مەزبەتەی ناوچە کوردییەکان بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس.
خوالێخۆشبوو (شێخ رەئوف) کورە گەورەی شێخ مەحمودی مەلیک لە یاداشتە دەستنووسەکەیدا دەڵێت: (ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان پەیوەندی بە شێخ مەحمودەوە هەبوو، داوای لە شێخی نەمر کردبوو کە ماف و دەسەڵاتی بدرێتێ کە بەناوی کوردەوە لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دا گفتوگۆ بکات، باوکم بۆ ئەو مەبەستە جگە لە مەزبەتەکانی خوارووی کوردستان عیزەت مەدفەعی و عەبدوڵڵا ئاغای حاجی حەمە سەعیدیشی ناردبوو بۆ ئێران، تا ئەو مەزبەتەیە بە کوردەکانی ئەوێش مۆر بکرێن و هەموو مەزبەتەکان بە کۆمەڵ بنێردرێن بۆ شەریف پاشا لە پاریس، لەکاتی خۆیدا حسێن نازم جۆری مەزبەتەکانی بۆ باسکردم کە بە دەستهێڵی خۆی بە تورکی یان فارسی ئامادەی کردبوو، کە مەزبەتەکان مۆرکران و کۆکرانەوە هەمووی درایە دەست رەشید کابان و سەید ئەحمەدی بەرزنجی، بەڵام ئینگلیزەکان بەمەیان زانی و فەرەنسییەکانیان راسپارد کە رێگە نەدەن بە رەشید کابان و سەید ئەحمەد کە لە رێگەی بەیروتەوە بگەنە پاریس، لە حەلەب لەلایەن فەرەنسییەکانەوە گیران و بە خۆیان و مەزبەتەکانیانەوە نێرران بۆ بەغدا و درانە دەست ئینگلیزەکان، ئەوانیش رەشید کابانیان بەرداو سەید ئەحمەدیان ئاوارە کرد بۆ دوورگەی هەنجام لە خلیج).
سەرنج:
1 -شێخ رەئوف لە یادی نەماوە کە مەزبەتەکان بە فارسی نووسراون یان بە تورکی.
2 -شێخ لەتیف (1917-12-05-1972) لە یاداشتە چاپکراوەکەیدا باسی ئەم مەزبەتانە دەکات.
3 -پەرتووکی: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان؛ بەرگی 02ی محەمەد رەسوڵ هاوار، چاپی لەندەن، 1991. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | یاداشت | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: کوردستان | فرەنسا |

ڕۆژی دەرچوون: 2021-04-02

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-04-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | https://kurdcollect.com/ 2024-04-05

کاتی تۆمارکردن: 2024-04-05

ناوی تۆمارکار: ڕاپەر عوسمان عوزێری

پۆل: کورتەباس
بابەت: 27
حسێن نازمی ئومێدی ئیستقلال
20260907221950702765=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناونیشانی بابەت: حسێن نازمی ئومێدی ئیستقلال
ناوی نووسەر: مەجید ساڵح

حسێن نازم بەگ (1870 لەدایکبوون–1932 کۆچی دوایی)، یەکێکە لە دیارترین ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستان. لە 20ی ئەیلوولی1923دا، دوای ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی لە ژمارە 15وە تا ژمارە 25 ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئومێدی ئیستقلال»ی پێسپێدراوە کە ئۆرگانی حکومەتی سێیەمی شێخ مەحمودی حەفید بووە.
حسێن نازم لە دەوڵەتی عوسمانی و لە کابینەکانی شێخ مەحمود دا چەندین پۆستی ئیداری هەبووە، ئەم ئەزموونە ئیدارییە ڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی لەسەر بیرکردنەوە و گوتاری سیاسیی ئەو بەجێهێشتووە. لە کۆتایی 1929دا، ئەو بووە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیان و تا کۆچیی دوایی، لە 6ی ئایاری 1932، بەردەوام بوو لەو ڕۆڵەی و لە چالاکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی.
کاتێک سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال بووە، چەندین سەروتاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی نووسیوە. ئەو وتارانە دەکرێت وەک دۆکیۆمێنتی مێژوویی بۆ دۆزی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی مونەوەرەکانی کورد لەو سەردەمەدا بخوێندرێنەوە.
یەکێک لە گرنگترین ئەو وتارانەی کە ئەو لە ژمارە 16ی «ئومێدی ئیستقلال» دا، لە 31ی کانوونی دووەمی ساڵی 1923 نووسیویەتی، وتارێکە بە ناوی «زەمانی غەفڵەت ڕۆیی، وەقتی ئینتباه و تەبصیرە» ئەم دەقە یەکێکە لە گرنگترین ئەو دەقانەی کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە بیری کوردی لەو قۆناغەدا پێ بخوێندرێتەوە. ئەم دەقە لە سەردەمێکدا نووسراوە کە کابینەی سێیەمی حکومەتی مەلیک مەحمود یەکەم هەوڵی دەدا، شۆڕشی کوردی لە قۆناغی ململانێی سەربازی بگوازێتەوە بۆ قۆناغی دامەزراندنی دەسەڵات و سیستەمی ئیداری–نەتەوەیی. بەم پێیە، وتارەکە تەنها دەقێکی ئەخلاقی و سادەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە گوتاری سیاسیی–ڕۆشنبیریی ئەو قۆناغە. وتارەکە دەکرێت وەک دەقێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە گوتاری ڕۆشنبیریی–سیاسیی قۆناغی دەوڵەتسازیی شێخ مەحمود بخوێندرێتەوە، کە تێیدا بانگەواز بۆ هۆشیاری، کار، بەرپرسیارێتی مێژوویی، بە ناوی سەربەخۆیی نەتەوەییەوە دەکرێت، وەک لە خوارە شرۆڤە دەکرێت.
«غەفڵەت» وەک دۆخی مێژوویی– ڕۆحیی کۆمەڵگە
حسێن نازم وتارەکە بە پێناسەکردنی قۆناغێکی مێژوویی دەست پێ دەکات کە ناوی دەنێت «زەمانی غەفڵەت». مەبەستی ئەو لەم غەفڵەتە تەنها بێئاگایی تاک نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ دۆخی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی کە بەردەوامی درێژخایەنی هەیە. نووسەر لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە بە ئیعتیبار قەومییەت قابلیەتێکی ئەساسییمان هەیە، فەقەت ئەم قابلییەتەمان بە حەرەکات و مەعامەلاتی ناهەموار سوئی ئیستفادەمان کردوە، چونکە چاومان هەر لە ئیسراحەتەوەیە.» لێرەدا «غەفڵەت» بە شێوەیەکی ڕۆشن پەیوەست کراوە بە ڕاحەت تەڵەبی، تەمەنی ئیسراحەت و دووربوون لە کاری ڕاستەقینە. ئەم شێوازی پێناسەکردنە، غەفڵەت وەک هەڵەیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی پیشان دەدات، نە وەک چارەنووسێکی مێژوویی. بەم شێوەیە، نووسەر دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە دۆخی لاوازی کۆمەڵگەی کوردی لەو قۆناغەدا، درێژکراوەی قۆناغەکانی پێشووە و بەهۆی هێزی دوژمنەوە دروست نەبووە، بەڵکوو لەبەر دۆخی ناوخۆیی خۆمانە.
ڕەتکردنەوەی گوتاری قەومیەتی بێکار و ڕۆمانتیکی

یەکێک لە خاڵە بنچینەییەکانی دەقەکە، ڕەتکردنەوەی ئەو گوتارەیە کە قەومییەت بە تەنها دەتوانێت سەربڵندی و عیزەت دروست بکات. حسێن نازم بە ڕوونی ئەم بیرۆکەیە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەڵێت: «نەک بە ئیعتباری قەومیەت، هیچ فەردێکی ئینسانی نییە تاکوو بە تەواوی زەحمەت کێشی تەشەبوسات نەبێ، هیچ نەوعە ڕەفاه و مەعیشەت و سەربڵندی و عیزەتی بۆ حاسڵ بووبێ.» لێرەدا، قەومییەتی بەبێ «زەحمەکێشی» و «تەشەبوس» وەک چەمکێکی پووچ پیشان دەدرێت. ئەم شێوازی گوتارە گرنگی تایبەتی هەیە لە قۆناغی کابینەی سێیەمی شێخ مەحمود، چونکە شۆڕش لە قۆناغی هەست و چەکداری، دەبێت بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی کار و دامەزراندن. بەم شێوەیە، حسێن نازم قەومییەت دەکاتە ئەرکێکی کارایی، نە تەنها میراتێکی مێژوویی.

محاسەدە و نەبوونی ئینتزام وەک هۆکاری شکاندنی بنیاتە ناوخۆییەکان

نووسەر دوو نەخۆشیی سەرەکیی ڕۆحی-کۆمەڵایەتی دیاری دەکات کە بە باوەڕی ئەو، ژیانی مەعیشەتی و ئیداری کۆمەڵگەیان لاواز کردووە: «موحەقەقە کە ئەمڕۆ دوو ئەحواڵی ڕۆحییە دەستوری مەعاشەرەتی ئێمەی زەحمەتدار کردووە، ئەمەش یەکێکیان محاسەدەی بەینی خۆمان (مەبەستی حەسادەتە) و دووەمیان ئینتزام نەبوونە لە تەشەبوساتی ئیدارە و مەعیشەتمان.» لێرەدا «محاسەدە» وەک هۆکارێکی ڕۆحیی ناوخۆیی پیشان دەدرێت کە یەکگرتوویی و هاوکاریی وێران دەکات، «ئینتزام نەبوون» وەک هۆکاری تێکشکاندنی سیستمی ئیدارە و ژیانی ڕۆژانە. هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو دووانەش بەڕای نووسەر ئەوەیە کە ئێمە «بەکولی چاومان لە سەنعەت و مەعریفەت نییە. بەبێ تەعقیبی مەعاریف و سەنعەتێک و وەسعی مەعیشەتمان ئەوێ...» ئەم دوو چەمکە، پێکەوە بنەمای گوتاری ڕەخنەیی نووسەر دروست دەکەن و ڕاستەوخۆ بە کێشەی دەوڵەتسازی پەیوەستن.

کار، مەشغوڵییەتی وەک چارەسەری ڕۆشنبیریی و ئەخلاقیی

لە بەرانبەر غەفڵەت، محاسەدە و بێئینتزامی، حسێن نازم چارەسەرێکی ڕوون پێشنیاز دەکات: کارکردن و مەشغوڵییەتی ڕاستەقینە. ئەو دەڵێت: «مەشغوڵییەتی حەقیقییە هەموو نەوعە ئیعتیادات و خەیاڵاتێک فەرامۆش ئەکا، حیسی ئیحتراس کوێر ئەکا، فیکر و مولاحەزەی هەر دێتە سەر پێشکەوتنی محەبەت و ئەسبابی مەعیشەت.» ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات کە کار لە دیدی نووسەر تەنها ئامرازێکی ئابووری نییە، بەڵکوو ئامرازێکی پەروەردەیی، ئەخلاقی و ڕۆحییە. بەم شێوەیە، گوتاری کار بە بنەمای گوتاری ڕۆشنبیری حکومەتێکی نەتەوەیی دەگۆڕدرێت.

گوتاری شەرم، بەرپرسیارێتی و ترسی مێژوویی

لە کۆتایی دەقەکەدا، حسێن نازم بە شێوەیەکی گوتاریی (دیسکۆرس)، پرسیاری گوشاری ئەخلاقی دروست دەکات: «لە شەرەف و حەیسیەت حەیاتی تاریخیەی بۆ ئێمە عەیب نییە کە بەم نەوعە پاشکەوتووی هەموو قەومێک بین؟!» ئەم پرسیارە گوتارەکە لە ئاستی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بۆ ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویی بەرز دەکاتەوە. لێرەدا، نووسەر هاووڵاتی ئێستا بە مێژووی داهاتوو پەیوەست دەکات و وەک ئاگادارییەک ڕادەگەیەنێت: ئەگەر «ئینتباه و تەبصیرە» نەبنە کردار، مێژووی داهاتوو بە قازانجی نەتەوە نانووسرێت.
وتاری «زەمانی غەفڵەت ڕۆیی، وەقتی ئینتباه و تەبصیرە» سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە حسێن نازم لێرەدا تەنها ڕۆژنامەنووسێک نییە، بەڵکوو وەک بیرمەندێکی ڕۆشنگەر لە قۆناغێکی گرنگی گواستنەوەی مێژووییدا قسەی

خۆی کردووە؛ قۆناغێک کە شۆڕش دەبێت بگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتداری و هەست بۆ کردار. ئەم دەقە لەناو پرۆژەی فکری کابینەی سێیەمی حکومەتی شێخ مەحمود حەفید دا، وەک بەڵگەیەکی ڕیفۆرمیستی– نەتەوەیی دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکیی دروستکردنی هاووڵاتی کارا و کۆمەڵگەی بەرپرسە.
حسێن نازم لە وتارەکەدا نەتەوایەتی لە ئاستی هەست و سۆزدا دەهێنێتە دەرەوە و دەیهێنێتە ئاستی ئەرک و بەرپرسیارێتی. بانگەوازەکەی بۆ کار، مەشغوڵییەتی، ڕەتکردنەوەی بێکاری و محاسەدە (حەسوودیی)، هۆشدارییەکەی لە شەرم و بەرپرسیارێتی مێژوویی، هەموویان پێکهاتەی گوتارێکە کە دەیانەوێت بنەمای فکری حکومەتێکی نەتەوەیی دابنێن، نەک تەنها هەوڵێکی سیاسیی کاتی.
لە هەلومەرجێکدا کە هێزە داگیرکەرەکان لە دەرەوە فشاریان دەهێنایە سەر شێخ مەحمود و بنیادی کۆمەڵایەتی لەناووەوە لاواز بوو، حسێن نازم ڕێگەی ڕزگاری لە چەکدا نابینێت، بەڵکوو لە (ئینتباه، تەبصیرە و گواستنەوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە)دا دەبینێت. ئەم تێڕوانینە، وتارەکە دەخاتە ناو گوتاری ڕۆشنبیری کوردی کە دەوڵەتسازی بەبێ گۆڕانی ڕۆح و هەست و ژیانی ڕۆژانە، کارێکی ئەستەمە.
لە کۆتاییدا، دەکرێت وتارەکەی حسێن نازم وەک هۆشدارییەکی مێژوویی بخوێندرێتەوە کە زەمەنی خۆی تێپەڕاندووە؛ چونکە ئەو نەتەوەیەی کە لە (غەفڵەتەوە) نەگوازێتەوە بۆ (ئینتباه)، لە مێژوودا تەنها وەک یادەوەرییەکی چەقبەستوو دەمێنێتەوە، نەک وەک کردارێکی زیندوو.
بە واتایەکی دیکە، ئەم دەقە تەنها ژانرێکی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی نییە، بەڵکوو بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ نەتەوەسازی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە تێیدا ڕابوونی سیاسیی گرێدراوە بە گۆڕانی ئاستی هۆشیاریی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتیی مێژوویی هاوبەش. [1]

⚠تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2025-12-27

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2025-12-27	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی 2025-12-27 -(sekokurd.org)

کاتی تۆمارکردن: 2026-09-07

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: ژیاننامە
بابەت: 28
حەسەن فەلاح
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20101126205450108922

(1910 سلێمانی-1976 بەغدا)
وێنەکێشێکی خۆرسک و خۆشنوسێکی بەهرەمەند بوو.بەیەکەمین نیگارکێش دادەنرێت کە هونەری نیگارکێشانی هاوچەرخی لە شاری سلێمانی دامەزراند و بڵاوی کردەوە.یەکێکیشە لە هونەرمەندە پێشەنگەمانی بواری شێوەکاری لەهەموو کوردستانی باشور دا.ئەم هونەرمەندە لە ڕاستی دا ناوی (شەمسەدین عەبدولقادرە) لە بنەماڵەی شێخ سەلامی شاعیرە.سەرەتای سەدەی بیستەم لە سلێمانی لە دایک بوو ە لة گەرەکی کانێسکان،کۆڵانی بەامبەری شەخێەکەی شێخ جافر لە شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ.باوکی یەکێک بووە لە شێخەکانی بەرزنجە کە کاتی خۆی لە ئەستەمبوڵ خوێندویەتی و ماوەیەکی زۆر قازی بووە لە شارەکانی بەغداو کەربەلا و دیوانیە.
حەسەن فەلاح ژیانێکی پڕ ـ چەرمەسەری بەسەر بردووەو لە زۆر شیوێن و لە زۆر بواردا ژیاوەو کاری کردوە لە هەولێرو کەرکوک و بەغدا سەرباری ئیش و کاری ڕۆژانە خەریکی ڕەسم کردن و هاندانی بڵاوکردنەوەی ئەو هونەرەی داوە.بەشداری کردوە لە شۆڕشی شێخ مەحمود دا و لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ئومێدی

ئیستیقلال دا لە ساڵی 1923 لە حکومەتەکەی شێخی نەمردا بە (ناظر الخدمة) ناوی هاتووە.هەر لەو ماوەیەشدا و بەتایبەت لە ساڵانی 1930 دا هاورێیەتی لەگەڵ عەزیز سەلیمی هونەرمەند دا دروست کردوە.ساڵی 1941 لە کاتی شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی دا لە بەغدا هاوکاری گۆڤاری (حەبەزبوز) دا کردووە کە گۆڤارێکی کاریکاتێری بووە.حەسەن فەلاح لەو گۆڤارەدا بە کاریکاتێر وێنەی نوری سەعید و عەبدولئیلای کێشاوە.دوای شکست هێنانی بزوتنەوەکەی ڕەشید عالی لە هەمان ساڵی 1941 دا حەسەن فەلاح لە ترسی ئینگلیزەکان ڕای کرد بۆ سوریا لەوێشەوە بۆ کوەیت تا ساڵی 1955 تیایدا مایەوە لەوێ و لەوقۆناغەدا گەلێ تابلۆ و پۆرترێتی کێشا پاشان هاتەوە کوردستان و لەوێشەوە چوو بۆ ئێران.حەسەن فەلاح کە لەم قۆناغەدا فێری زمانی ڕوسیش بوو لە هەموو سەردەمێک زیاتر وێنەی کێشا لەم بەرهەمە هونەریانەدا بەبێ پارە وەرگرتن و بەبێ ئەوەی کۆمۆنیستیش بێ هانی سوپای ڕوسی ئەدا بۆ سەرکەوتن.پاش جونگی دووهەم حەسەن فەلاح ساڵێک لە تاران مایەوە لەوێ لە ژووری ئوتێلێک بە تەنیا دەژیا و خەریکی وێنە کێشان و خەت خۆشی بوو.پاشان کە بەیەکجاری گەرایەوە کوردستان و سلێمانی سەرتاپای چایخانەکەی ڕەشۆلی گۆرانبێژی ڕۆژی بە دوودینار کرد بە نەخش و نیگار و ڕەسم.هەروەها وردە وردە کەوتە ڕەسم کردنی دیواری ماڵی هەندێک لە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی.ئەم هونەرمەندە ساڵی 1960 چووە بەغداو لەوێ بوو بە شۆفێر هەر لوێش ساڵی 1976 کۆچی دوایی کرد. ئەم هونەرمەندە لە بواری شانۆش دا کاری کردووە و هەر بەهۆی شانۆشەوە ناونراوە حەسەن فەلاح.لە دوو شانۆگەری ڕەفیق چالاک دا(1-لەرێی نیشتیمان دا،2_گوڵی خوێناوی) بەشداری کردووە.

بەرهەم و تابلۆکانی

1-کۆنترین تابلۆ تابلۆی(شەڕەکەی دەربەندی بازیان)ە کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی 1919 و باسی

شەڕە بەناوبانگەکەی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان دەکات لە دەربەندی بازیان.

2-لە ساڵانی 1933 تا 1934 لەگەڵ عەزیز سەلیم دا لە سلێمانی لەسەر دیواری قاوەخانەکانی ئەسحاپ ئەسپی گەلێک تابلۆ و پۆرترێتیان دروستکردووە.

3-لەسەر دیواری ماڵ و چایخانەو دیواری ناو بازاڕەکان لە سلێمانی لە بەغدا گەلێک ڕەسمی کردووە.

4-تابۆکانی لە سلێمانی و بەغدا و ئێران و سوریا و سۆڤیەت نیشان دراون.لەسەر چادر و سەیارەو لەسەر دیواری چایخانەو چێشتخانەکان دا بە بابەتی جۆراوجۆر چەندین تابلۆی بەرهەمهێناوە.

5-لە دانانی نەخشەی هەردوو بەنداوەکەی دووکان و دەربەندیخان دا بەشدار بوە.

6-هاوکای گۆڤاری(الكشكول) ی کردووە بە کێشانی وێنەی کاریکاتێری.

تابلۆ هەرە ناسراوەکانی حەسەن فەلاح بریتین لە. شەڕەکەی دەربەندی بازیان.مەمو زین،شیرین و فەرهاد،ئەلاحەدینی ئەییوبی،هۆڕەکانی باشوری عێراق،کۆچی خێڵی جافان.

ئەمرۆ تابلۆکانی حەسەن فەلاح زۆر بە دەگمەن دەست دەکەون. هەندێکیان لە ماڵە کۆنەکانی سلێمانی دا و هەندێکی تریشیان لە(فندق الهلال الكبير).

حەسەن فەلاح هونەرمەندێکی ڕیالیستی خۆرسک بوو تابلۆکانی هێمن و ڕونن،لە ڕەسمەکانی دا گەشبین بوو،داهاتوی گەشاوەی کوردستانی ڕەسم دەکرد [1].

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان (لەدایکبوون): سلێمانی | لەژیاندا ماوە؟: نەخێر | نەتەوە: کورد | وڵات (لەدایکبوون): باشووری کوردستان | ڕەگەزی کەس: نێر |

رۆژی لەدایکبوون: 1910-~~00-00~~
رۆژی کۆچی دوایی: 1976-~~00-00~~
فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1910-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1976-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی دەربەندی بازیان	کارە هونەرییەکان	کوردیی ناوەڕاست	
کاریکاتێر	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەری ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | فەرهاد پیرباڵ(2006): مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر

کاتی تۆمارکردن: 2010-11-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: هۆنراوە
بابەت: 29
داستانی بەردەقارەمان
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260825165608700879
داستانی بەردەقارەمان
بۆ مامۆستاو هاوڕێی خۆشەویست، زانای مێژوونووس «د. کەمال مەزهەر» پێشکەشە.

دیوانی: ڕوبار: چیرۆکە شیعر
بەرهەمی: شێرکۆ بێکەس (1940-2013)

ئیستە شەوە لەسەر شانی لوتکەی «سێکەوان»
وەک شاژنێ ڕۆنیشتووە
«مانگ»ی حوزەیران.
سەر و قژی بە چارشێوی هەورێکی تەنگ،
داپۆشیوە و بریسکەی دێ،
ڕووی زیوینی وەک ئاونگ
شێوەی سوخمەی پوولەکەچن و ورشە و پرشەدار
بە هەیاسە و قوبەی ڕوونی ئاسمانەوە،
ئەستێران هەزار.
لە ئاوێنەی تریفەدا دەشتی بازیان
پێ ئەکەنێ و دەرئەکەوێ دانی سپی،
جۆگەکەی «کانی شەیتان»
پیرەمەگروون پیرەمێردی قژبەفرینی،
دەروون تەمگرتوو
چاوی لوتکەی بڕیوەتە پاشەڕۆژی،
هێشتانەهاتوو.
دارستانی سنەوبەری بەفیز و لووتبەرز،
لە ژوور شانی لاپاڵەوە،
ئەڕوانێتە ئەرز.
دارهەناری سوراوکردووی،
دەم پڕ لە شیلە
قۆڵ و باسکی سپی و سۆڵی،
هەرمێ کێویلە..
لەم شەوەدا بە دەم کزەی بای باشوور و،
بەفرەوەهاتوو،
دێن و ئەچن لە جۆلانەی،
شەماڵدا ئارامگرتوو.
بۆنی شەوی هاوینانی نزیکی باخچە

مۆردی پەرژین، گوڵەزەرد و ڕەشەڕێحانە
بۆ نووستنی درەنگانێ خەونی پڕ گوڵاو
ئەپرژێنن لە وەنەوزی،
کەروێشکەی ناوچاو.
ئاگری شوانی سەر دوورەشاخ،
سووربا‌و کە هەڵدێ
دەمی گەش گەش
دەمێکی تر
کزکز ئەسووتێ.
زیکەزیکی سیسرکی ناو،
کێڵگە و وەرد و شیو
باڕەباڕ و،
حیلەی ئەسپ و لوورەلووری
سەگی لمۆز بەرانبەر مانگ هەڵبڕیو
ئەو دەنگانەن لەگەڵ غەڵبە و
هۆبەهۆی ناو لەشکردا
لە دوورەوە ئەگەنە گوێ و،
وەک ژاوەژاو
تێکەڵ ئەبن لەناو یەکتردا
* * *
ڕواڵەتە ئەم جوانییە،
دوورکوژەی سرووشت.
دێوجامەیە..
بزەی مانگ و سەمای بەفر و
سیحری هەڵەمووت!
تا سەر نەکەیت بە ماڵانی،
بن میچ نەویی
گوندی برسیدا
تێکەڵ نەبی لەگەڵ ناڵەی ڕەز و باخ و
ژانی زەویدا.
تا گوێ نەگری لە دڵی شاخ
لە زامی داران
بە دەستی خۆت دەس نەخەیتە
سەر تەوێڵی «تا»لێ هاتووی
کەژ و کۆساران
قەت ناگەیتە قووڵایی ناخ
نایخوێنیتەوە
لە تەنگاوا قەت مرواری دڵی مێژوو
نادۆزێتەوە.

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

* * *
شەو درەنگە وا خەریکە
ڕەشەبایەک هەڵبکا
«با» دەمتیژە و وژەی باڵی
لە شمشێری
وەشێنراوی ڕووت ئەکا.
شەو درەنگە لەبەردەم و
لە لاشانی ڕاست و چەپی
«دەربەندە وشکا»
پانزە ڕۆژە
هۆبەهۆبە، لەشکری شێخ
بنە و بارگەی خستووە.
پانزە ڕۆژە
لە تەختایی، بەردەڵانا
تا ژوور ئەژنۆ
سەنگەریان هەڵکەندووە.
ملەی شاخ و قوتکەی سەرە ڕێ
بە چوار دەورا گیراوە
هیچ دەرناچێ لە باڵندە بەولاوە!
* * *
پانزە ڕۆژە کوڕانی هۆز یەکەیەکەی،
بەخۆ و کەڵەگەت
چاپوک سوار و کەڵڵەڕەق و سمێڵبابڕ
مووڕەش و موزەرد
دەستیان لەسەر مشتووی خەنجەر
چاویش وەکوو چاوی بازی
نێچیرڕاوکردوو،
پانزە ڕۆژ کوڕانی هۆز ئێشک گری
دەربەندن و
سەر و ڕیش هاتوو.
وەک پڵنگی دڕک لە قاچ هەڵ چەقیوی
ناو بێشە و لانە
بێئارامن، دێن و دەچن، چیا ئەبڕن
ئەم دیو، ئەودیوی
بۆ دێ بە دێ بانگ ئەدەن و
هان ئەدەن و
وان لە پارێزدا.
هەر هەموویان
بەدوای شێخی،

سوارەی ماوزەڕ لە شانکردوودا
بەدوای شێخی شیرهەڵکێشاو
لە ڕووی ئینگلیزدا
هەر هەموویان سوێند خۆرن و
دائەنەون، لەم خاک و خۆڵە،
پڕ بە مشتێ هەڵ ئەگرن و ماچی ئەکەن
بۆ ڕۆژی تۆڵە.
2
ئەم دەربەندی بازیانە
کە بە وێنەی ژمارە «7»
هەر دوو دەستی بەرەو ئاسمان،
هەڵبڕیوە
لە دنیای کۆن و تازەدا
چاوانی ئەو چی نەدیوە؟!
ئەم دەربەندی بازیانە
تەنها دەروازەی بەردینی
ئەم مەڵبەندەی کوردستانە
ئەوەی زووتر
چنگی گیر بوو لەم گەرووە
ئەوەی زووتر
ئەم دەروازەیەی پێوەدا
ئیتر شاخ و ئەم دیوی شاخ
بۆ خۆی بووە.
* * *
بۆ کرۆزی جەرگ و خاکی،
دوای سەر هێشتا،
بۆنی لە لووتا هەر مابوو،
ئەو وەختەی لاکی عوسمانی
لەنێوانی گورگەکاندا لەتلەت کرا
کوردستان و
ئەم مەڵبەندەی سلێمانی
بە گورگە چاوشینی دوورگەی،
ئینگلیز بڕا
گورگی چاوشین نەوت بۆنکەر
بە زەردەخەنەی ژەهراوی
جێی خۆخۆشکەر،
گورگی چاوشین نیوەی ڕێویی
ماندووی هەورازەکەی شەڕ بوو
تا هیلاکی لەش دەرئەچێ

با حوکمدار لە مەڵبەندا
کەڵەکێوی هەر کێو خۆی بێ!
* * *
گورگی دوورگەی لمۆزدرێژ،
تا هیندستان
وای ئەگەیان:
ئیدی گوایا شوانی مەڕ و
شوانی ماف بوو
هەر کە تاریکیش دائەهات
ئیدی گورگی لمۆزدرێژ
تا هیندستان
کلکی خۆی ئەکرد بە گۆچان
بە گۆچانیش مەڕ و ماف و
کلوور و نەختینەی دنیای
بۆ خۆی ئەفڕان.
* * *
حوکمڕانی کەڵ بانگی دا:
گورگ هەر گورگە
شوانی هەقە و
حەقیش پارووی دوورگەی دوورە!
چاوشینە یاخود چاوزەرد
گورگ هەر گورگە
لەندەنییە و ئەستەمووڵی
گوێچکەی خوارە یاخود قوتە
گورگ هەر گورگە
ئەم مەڵبەندە
بۆ ڕاست، ڕاستە
بۆ مەند، مەندە
بۆ کێرد، کێردە
حوکمداری کەڵ بانگی دا:
- گوێزی پووچە،
بەڵێنی شای دوورگەی درۆ.
میوەجاتێکی گلارن
گفتەکانی مستەر «ویلسن»
پێکەنینەکەی «مێجەرسۆن»،
شمشێرێکە و دەم بە خەندە،
ژەهرە و شیرین.
ئاگادار بن
ئەو وەختەی دەستتان ئەگوشن

هەر لە پەنجەکانتان پواز،
دائەتاشن.
هەتا ئێستە
ئارامی ئێمە گۆیژە بوو
گۆیژەش «ئەیووب»
ئەوا ئەیوب کراسەکەی،
خۆی دائەدڕێ.
هەتا ئێستە:
دڵمان جامێکی گەورە بوو
گەورە بە قەد
گوومەزەکەی سەر «کاک ئەحمەد»
ئەوا جامیش لێی ئەڕژێ.
قولاپ، قولاپ
ئەو ئەزانێ ماسی لە چ،
گۆمێکدایە
خەنجەر، خەنجەر
ئەو ئەزانێ حەقی خوراو
لە گیرفانی کام کەسدایە!
* * *
شەو درەنگە
ڕەشەبا نووست.
ئەم مەڵبەندە
لە ناوەڕاستی شاخاندا
ئاسکی دەشتێکە گیرخواردوو
هەر بارەی دێ
بۆ بژوێنی هەژارانی
ئەم مەڵبەندە
چاو ئەگێڕێ.
هەژارانی ئەم مەڵبەندە
وەک زەعفەران
ڕەنگیان زەردە
قاچ و قۆڵیان باریک باریک
وەکوو قامیش
دەست و پلیان وەک زەوی دێم
قڵیش، قڵیش
لە سنگی داچەقاوەوە
مەمکی ژنان
وەکوو کۆترە شینەکەی مردوو
تەکەیان دێ

منداڵانی ئەم مەڵبەندە
زۆر کەمیان لێ گەورە ئەبێ.
ئەم مەڵبەندە
کە بارانی پەڵەی تێر ئاو ئەخواتەوە
کە دەغڵ و دان و مەرەزە باڵا ئەکەن
کەروێشکەی «با» لەناویاندا
قوونەقوون ئەکەن، ڕا نەکەن
دنیایەکی بەبرشتە
بەڵام، بەرهەم
بۆ کەم، زۆرە
بۆ زۆر، کەمە
تەنها یەک ژەم
بۆ چەندان دەم
بۆ یەک دەمیش
دە دوانزە ژەم!.
3
شەو درەنگە
ڕەشەبا نووست.
وەک بترسێ هەور هەڵات.
ئیتر مانگیش
زێڕە تریفەی خاوی خۆی
لەسەر بەفری گەردنی شاخ
بە مشت هەڵڕشت.
شەو درەنگە
لە هۆبەیەکی لەشکرا
لەسەر پەڕا
لەژێر دەوارێکی سپی
کەنار گرا
وەک شێری تووڕە «شێخ مەحموود»
دێت و ئەچێ
دەستی ڕاست لەبەر پشتێنا
پەنجەی نەسرەوتی دەستی چەپ،
دەنگی تەزبیحێکی ئەبلەق،
دێنێ و دەبا.
ناو بەناویش
لەبەر ستوونی دەوارا ڕائەوەستێ
لە کڵاوی پیرەمەگروون
تریفە چن
ڕائەمێنێ

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

لە دڵیا خۆی بە خۆی ئەڵێ:
«کە سەربەست و حوڕ نەژیام
جەننەتیش بێ وێرانەیە
سەروەت و ماڵ، دەشت و چیام
موڵکی سرفی بێگانەیە.»
وەک شێری تووڕە «شێخ مەحموود»
بەسەر لبادێکی سپی و ڕەشدا
دێت و ئەچێ
باڵای وەک قەدی دارگوێزی،
تۆکمە و پتەو.
جۆشی پیاوەتی وەک جۆش و گوڕەی بەهار.
سەروپێچ، مشکی و جامانەی
تێکەڵکراو
قۆڵ و فەقیانەی،
تێوەپێچراو.
باڵە پەڕەسێلکەی سمێڵ
تۆزێ ئەستوور
ڕەش قەترانی.
دوو برۆی مانگرتوو لەسەر
جووتێ چاوی بریسکەدار
وەکوو پشکۆ.
بەرگی بەری مراخانی.
پشتێنیش هەر مشکییەکی
ڕەش، خەتسپی.
خەنجەری قەد دەبانێکی
مشتۆ مەیلەو زەردێکی کاڵ
لە شاخی بەران داتاشراو.
فیشەکدانی
ڕاست و چەپی
سەر سنگی پان
خانەی پڕ لە فیشەک کراو.
کڵاشی پێ هەورامانی
* * *
شەوە درەنگە بەڵام بازی ئەم مەڵبەندە
بە شەو چاوی ناچێتە خەو
ئەو دێ و ئەچێ
لەم لاشەوە
«تایەری فەرخە» و «سەی حەسەن»
ڕاوەستاون

دوو ستوونن جووڵە ناکەن.
دوو سەرسامن
هەر وەک لە «بەمۆ»ڕامابن.
سەی حەسەنی کورتە بنە
مامی شێخ خۆی.
ڕیش تۆپزی
دەم و چاوی شەڕەنگێزیی
ئازای کون لە جەرگا نەبوو
هەر دەڕوانێ و چاوەڕوانە.
تایەری فەرخەی moوزەردی
چەناگە چاڵ
لووتبەرانی و برۆئەستوور
کوڕی قۆشمەی سلێمانی
هەر دەڕوانێ و چاوەڕوانە.
لەدوای ئیستێ
شێخ وەرچەرخا و
ڕووی تێ کردن:
- لەپاش هەڵمەتی «تاسڵووجەو»
شەڕەکانی بەسەر پێرێی
لای «شیوەسوور»
کە هەیبەتی «میجەرسۆن»مان
وەک جەڕەی کۆن
تێدا شکان
لووتی بەرزیمان دا لە عەرد
فیزی زلیمان دا لە بەرد
هەواڵ وایە لە موسڵەوە
هێزی هەژدەمی «فرایزەر»
کەڵەشێری لە خۆبایی
«جەنەراڵ»ی
چقە دەرکردووی سەرسپی
بەرەو مەڵبەند کەوتۆتە ڕێ
دەربەند بگرێ
هەر بۆ ئەوە بانگم کردن
ئەم هەواڵە بە لەشکر و
دێهاتەکان ڕاگەیەنن.
سەی حەسەن وەک:
لەسەر ئاگر ڕاوەستابێ
بێئارام بوو
هەڵیدایە:

- قوربان! گەرووی ئەم دەربەندە
بە دیواری لەشی خۆمان هەڵ ئەچنین
قوربان! کوڕەی لەشکر
دەستەی شەستتیر تەقینەکان
سوارەی «دزڵی»
ئامادە بۆ:
شەڕی دەستەو یەخەی مەیدان!
تایەری فەرخەش لەسەرخۆ
بەدەنگێکی نزم وتی:
- قوربان! ئەگەرچی «فرایزەر»
سەری لەناو کەرکووکدا بێ
کلکی لە پردێ تۆز ئەکا
پیادەی «سیک و گورگە»ی ڕەشمار
لە شارە مێرووولە ئەچن
لە چاو لەشکری ئێمەدا
سەد بەهەزار.
بەڵام دەربەند گەروویەکی هێندە قووڵە
زۆر فرایزەری قووت داوە
گەلێ چقەی پیرەڵۆکەی وەکوو ئەوی
تیا خنکاوە!
4
بە قەڵای «چەمچەماڵ»ەوە
قشڵەی بەردینی
چوار قوللەی
ئێسک گران
وەک بەرازی لمۆزبۆری
شفرەسپی
ددانی جیڕ ئەکاتەوە و
ئەڕوانێتە ڕێی بازیان.
سەر قەڵا و دامێنی قەڵا
جمەیان دێ.
لەشکری هەژدەی فرایزەر وەک بارگیری،
لەناو خۆڵەمێشدا گەوزاو
لە موسڵەوە بەرێ کەوتووی
لە تەپوتۆزدا نوقم بووی
چاو دیار نەماو
لەدوای چەند شەو و چەند ڕۆژێ
گەیشتە جێ.
* * *

لە قشڵەدا
لە هۆدەیەکی گەورەدا:
تەختی خشت ڕێژی مەیلەو سوور
کەوانی تاقی پەنجەرە
برۆپەیوەست
سەر یەکانگیر.
دیوار سپی وەک چوڕەی شیر
قەنەفەی قەبەی بەرگ قەیفەی
ئەمبەر و ئەوبەر ڕیزبەستوو:
مێزی لە دارگوێزکراوی،
سەروگرتوو.
شووشەی گرنج،
خانەخانەی مەرەکەبدان.
لەسەر ڕەفەش،
دوو سێ گوڵدان.
لەسەر کورسی ئەو دیوی مێز
«جەنەڕاڵ»ی سەر دانەوی و،
زۆر قووڵ، وردورد
ئەڕوانێتە نەخشەی مەڵبەند.
لەسەر کورسی ئەم دیوی مێز
«موشیری حەمەی سلێمان»
بەگزادەیەکی هەمەوەند
چاوانی زیت
زۆر قنج و قیت
دانیشتووە و
بەپێشەوە
لە مابێندا
لیڤیەکی کورد، زمانزان
ڕاوەستاوە و
بووە بە پردی نێوانیان
* * *
فرایزەر پیاوێکە درێژ
ڕەقەڵەیە وەکوو تانجی.
قاچەکانی وەکوو قاچی
شینەشاهۆ.
قژی، خوری.
ڕەنگی پێستیش سوور و سپی
* * *
پێش مووسڵ

فرایزەر ڕمێکی باریکی
نووکتیژ بوو
لە مەمکی ڕەشتاڵەی بێشیری
هیندستان چەقی بوو
پێش چەند ساڵ
فرایزەر لە بەنگاڵ
گورگێکی ڕەقەڵەی سوورفل بوو
ئەچووە سەر سەربانی
ماڵانی بێ دیوار ئەی لووران
ئەچووە سەر ڕێوبانی
ئاوایی و
منداڵی «دێ»ی ئەفڕان.
پێش چەند ساڵ فرایزەر
لاوێکی ئەفسەری بچووک بوو
ئەو وەختە گەورە بوو
ساڵبەساڵ
کە بەسەر پلیکەی سەرانی
بڕڕاوی زنجیرا سەر ئەکەوت
تا بووە
«جەنەراڵ»
پێش ئێرە کوللە بوو
چاوانی گەنم و جۆی
زۆر خاکی دەرهێنا.
پێش ئێرە سیسارکە کەچەڵەی
ئاسمانی بێ هەور و باران بوو
باڵندەی سەربەستی
ڕاو ئەنا.
5
دوای ئەوەی تایەری لاواز و
حەسەنی گردەڵە
ئێزنیان خواست لە شێخ و لە دەوار هاتنە دەر.
ئەو حەلە
تازە خۆر
بەکاوخۆ بە شانی گۆیژەدا سەر ئەکەوت
تازە خۆر پەنجەرەی زێڕینی نێونیگای
هەڵ ئەبڕی.
تازە مەل لە ئاسۆی ڕۆژێکی تازەدا
هەڵ ئەفڕی
پێدەشتیش شۆخێ بوو

پێست زیوین ڕاکشاو
پاو پوزی خستبووە ناو جۆگەی بەر هەتاو.
ئیدی هەر بێوەستان بەپەلە
سوار بوون و هەر یەکەی بۆ قۆڵێ
ئاوزەنگی تێ تەقێن
ئەسپەکان باڵیان گرت
دوو کۆمەڵ..
تایەریان جڵەوی بەرەو ژوور وەرگێڕا
حەسەنیش بەرە و خوار وەرچەرخا
ئەڕۆن و بانگی شێخ
وەک تۆوی دەغڵودان
لە دڵی دێ بە دێ
مەڵبەندا ئەچێنن
ئەڕۆن و بانگی شێخ
وەک شەتڵی گوڵەباخ
لە سنگی شەقاری مەڵبەندا
ئەڕوێنن.
* * *
ئەو دەمە
وەک چاڵی خەڵووزان
وەک کووچە و ناو چوخمی شەوگاران.
تاریک و نووتەک بوو بیروهۆش
زۆر کەم بوون
چراوگی دەس وشەی
ڕێگەوبان.
بیری کۆن وەک قفڵی ژەنگگرتوو
لەسەر دڵ درابوو
خەیاڵی پرۆپووچ وەک ڕەشمار
بە قەف قەف
لە ملی کوردستان ئاڵا بوو.
هەژاران ڕیشۆڵەی بێ دان و
تەزیوی بەسەرما و
ناو داوی ڕاوکەر بوون
جوتیاران کەروێشکی ترساوی
ناو کێڵگەی
لە لانەبەدەر بوون
ئەو دەمە
لانەی شێخ
لای چەپی لای ڕاستی

چوار دەوری
بە ورچی دەفڕەن و
مەیموونی سەماکەر گیرابوون.
هەرا بوو
ئیدی هەر ورچ بوو
ئەهات و فووی ئەکرد
لە مۆمی تاک تاکی مەڵبەندی داگیرساو
ئیدی هەر مەیموون بوو ئەهات و
مێزەری قازێتی ئەبەست و
ئەبوو بە:
سەر پشکی حەقخوراو!
* * *
باڵای شێخ لەو چوخمە
تاریک و نووتەکەی ئەوسادا
درەختی پەلوپۆگرگرتووی
ڕێوبانی خاکی بوو
ئەڕۆیشت و ئەسووتا
دەنگی شێخ، چریکەی
لە مێژووی خامۆشی ئەوسادا
نزاری لە خەوی کەنار چەم، ڕاچڵەکان
دەستی برد کاکۆڵی چیای گرت، ڕایتەکان.
دەستی برد لاشانی هەردی گرت.، ڕایوەشان
دەنگی شێخ، چریکەی:
چووە بن پەناگوێی فورات و
ڕاپەڕان.
6
«موشیر» بەر لە یەک دوو ساڵێ
لە پاییزێکی درەنگدا بە سەردانێ
وەک چەقەڵێکی زراوچووی گوێچکە تەپیو
بۆ پاکانە چوو بۆ لای شێخ
دیوەخانی شێخ ئەو ساتە
پوورەهەنگ بوو، جمەی ئەهات
لەدوای ئەوەی چەقەڵ دەستی
شێخی ماچ کرد
شێخ ڕووی تێ کرد
- موشیر! من، تۆ و کوللە و زەروو
تۆ و گورگی بۆر، تۆ و داڵاش و کونەپەپوو
وەکوو یەک تەماشا ئەکەم!
بە دەست تۆوە نان و ئاوی برسی و تینووی

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

ئەو ناوچەیە هەمووی ئەگرین!
کاروانی ئەو ڕێگەوبانە
بە دەست تۆوە
وەکوو درەختی ڕنراویان
لێ هاتووە
بە دەست تۆوە هەر ناموسە و
ئەزریکێنێ و زەوتی ئەکەی
ئەی مڵەی پیس!
تۆ چی ناکەی؟!
* * *
ئیتر لەو ڕۆژەوە کە شێخ
لەبەر چاوی سەرەک هۆز و
سەر خێڵەکان
موشیر ئاغای ئاوا شکان
لەو ڕۆژەوە
ئەویش ڕقێکی لێ هەڵ گرت
گەورە بەقەد:
شاخی دەربەندی بازیان.
* * *
دەمەو عەسرە
هێشتا هەوای چەمچەماڵ
ئەڵێی هەناسەی ئاگرە.
ئاسمان ڕەنگی:
خۆڵەمێشییەکی تێرە.
تا چاو بڕکا گردۆڵکەی زۆر
ڕەنگسوور و بۆر
وەکوو قارچکی هەڵتۆقیو
نزیک نزیک، بڵاو بڵاو
لە پێدەشتا، دێنە بەرچاو.
لە قشڵەدا
لەژێر سێبەری دارمێو و
دارتووی هەڵچووی گوێ حەوزەکەی
ناو حەوشەدا
جەنەراڵ و چەند ئەفسەرێ
دەستیان خستۆتە پشت قنگیان
وەک کۆمەڵێ تاوسی گیف
تێل ڕەنگاوڕەنگ
پیاسە ئەکەن، دێن و ئەچن
ناوبەناو ئەیکەن بە غەڵبە و

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

ناوبەناویش کڕ و بێدەنگ
بە هەشت نۆ هەنگاو لەدواوە
کوڵە نانی
لەژێر کەوای قۆڵ فشۆڵدا
پشتێنی پانی بەستووە
موشیرە و دوایان کەوتووە
موشیر چاوی وەکوو ڕێوی
زەرد و زیتە.
کابرایەکە چەناگەی کوڵ
گوێچکەی ڕەپە، قنج و قیتە.
پەڕەی لووتی تۆزێ خوار و
تەوێڵ قۆقز
دەنگێکی گڕ تۆزێ نووساو.
جەنەڕاڵ دیارە خەیاڵی
بۆ ئەودیو دەربەند ڕۆیشتووە
نەخشەی ناوچەی
لوول لە دەستا هەڵگرتووە
لەناکاودا
گورگە چاوشین ئیستێک ئەکا
بە پەنجە بانگی موشیری
گوێ قوت ئەکا
بە تەکانێ ئەگاتە لای
فرایزەر هێواش لەسەرخۆ
هەر لەسەر لێواری سەکۆ
نەخشەی مەڵبەند ئەکاتەوە
موشیر خۆی دائەنەوێنێ
سەیرێ ئەکا
لێی تێ ئەگا و لێی تێ ناگا
فرایزەر پەنجە ئەخاتە
سەر ڕێی شوێنێ
ناوی بە گوێی سووکی مشکا
ئەچرپێنێ
موشیر سەری ئەلەقێنێ
جەنەڕاڵیش پێ ئەکەنێ.
ئاوڕێکی سەرکەوتوانە
لە ئەفسەری دەور و پشتی ئەداتەوە.
دوای چنینی تۆڕی تەگبیر
دەست ئەبات و
دەمانچە پەڕەبێلەکەی

لە قەدی خۆی ئەکاتەوە
پێشکەشی ئەکا بە موشیر
ئینجا ئەڵێ:
- هەتا ئێستەش
«شێخ مەحموود» وەکوو دڕندەی
کێوی وایە
توڕە و سرکە
ئەمانەوێ ماڵی بکەین ماڵیی نابێ
ئێمە تێ ناگەین چی ئەوێ؟!
بووین بە پرد و
لە زەریاوە شارستانیمان گەیاندە
دەیان وڵات
هەرگیز، هەرگیز ڕێگە نادەین
ئەو ئاژاوە بەرپا بکات!!
7
لەشکری هەژدەی فرایزەر
وەک مێرووولەی ڕەش و سووری
دەشتی تینوو
بەدوای یەکدا ڕێچکەبەستوو.
تەقەتەق
ئەسپی عەرەبانە کێشکەر،
پرمەی وڵاخی بارەبەر،
فڕەفڕی وەرسکەری،
پاسی تەختەی
تۆپ لە دواوە پێوە بەستراو
شەستتیری لەسەر دامەزراو
تاک تاک هۆڕنی قەمەرە
سندووقی تەختەی فیشەکی
سەرمۆرکراو
زۆرهەڵچنراو
چەک و جبەخانەی فرە
پیادەی قرە،
هەناسەسوار، بۆڵەبۆڵکەر
دووسێ فرۆکەی باڵدرێژ
پەیتاپەیتا
بەسەر هێزدا هاتوچۆکەر.
هاواری ئەفسەری سوارەی
ئەمر دەرکەر.
گڕەی تەنووری حوزەیران

لەشسووتێنەر.
هەورازەڕێی پڕووکێنەر:
لەشکری هەژدەی فرایزەر
قۆناغقۆناغ
ڕێگە ئەبڕێ و دێتە پێشێ.
ئەم نەهەنگە تۆزاوییە
کلکدرێژە
دەمی گەورەی داپچڕیوە
وا هاتووە
شاخ قووت بدا و
دەربەند بگرێ!
* * *
پێش گەردوگۆڵی بەیان بوو
پێش کازیوە
تاریکی زیاتر لە ڕوونی
ڕەش لە سپی.
لە ئەستێرەی
قوبەی چاو خەواڵوو زیاتر.
لەسەر زەوی
نەچاوی باڵندەی نامۆ
نە هی لووتکە
نە هی چرۆ
هێشتاکە هەڵنەهاتبوون
هێشتا بژوێن و دارستان
هەر لە خەوی سەوزیانا بوون
هەڵنەسابوون.
هێشتا زەوی
لێوقلێشاو
خەوی بە ئاوەوە ئەدی
هەڵنەسابوو.
لەو کاتەدا
بە شاخی ئەودیو دەربەندا
بەسەر ملەی ڕەوەزێکدا
کە هەر بزنەکێوی و بەران
هەر باڵندە گۆشتخۆرەکان
پێی ئەزانن و نازانن.
ڕێیەک: کە چیای داک خۆی
لێی ون ئەبێ و
شەماڵ ناچێتەوە سەری

ڕێیەک: لووتکە سەرو و بنی
لە یەکتر جویێ ناکاتەوە
هەور نایەتەوە بیری.
ڕێیەک: چاوان بزر ئەکا.
وەک قومقومۆکە ڕەنگی خۆی
تێکەڵ بە ڕەنگی وەرز ئەکا
ڕێیەک: بەفر بە خەیاڵیا
نەهاتووە
هەتاو کەم ڕێی تێ کەوتووە
وا ئێستاکە بەو ڕێیەدا
موشیر وەک پشیلە کێوی
دانڕیچ
لەشجیر
چنگ گیر ئەکا و
هەڵ ئەگەرێ و هەڵ ئەگەرێ
لە دواشەوە
ڕێچکە کوڵڵەی
«سیک و گورگە»
جێ پێی پشیلە هەڵ ئەگرن
وردەوردە سەر ئەکەون
وەختێ موشیر
گەیشتە سەر
دوند و قوتکە
ئەوسا وەکوو قەلەڕەشکە
باڵەکانی خۆی کردەوە
پڕ بە سنگی
هەوای ڕقێکی هەڵمژی.
کە داگەڕاو چووە خوارێ
تازە هەتاو
پەنجەی گزنگی خۆی ئەدا
لە قژی بەفری سپی و خاو
8
هۆ بە هۆیە، قرمەقرمە
گرمەگرمە، قریوەیە.
لەشکری شێخ
وا لەناو داوی ئاسنی فرایزەرا
لەشکری شێخ
وا لەنێوان دوو دارستانی ئاگرا
پیاوەکانی ئەم لەشکرە گیرخواردووە

ئەسپەکانی ئەم لەشکرە ڕام نەبووە
وەکوو دەیان ماسی گچکە و گەورەگەورە
کەوتوونە ناو تۆڕی فێڵی
ئاڵقە وردی موشیرەوە
تۆڕ بەسەر شاخدا کشاوە
تۆڕ بەزەویدا خشاوە
پان و پۆڕ مل درێژە
تۆڕ سەرێکی لەو دیو دەربەند
ئەوی تری لە تاسڵووجە
تەپە تەپە، ناڵە ناڵە
پرمە پرمە، شریخەیە.
ئەم لەشکرە پڵنگێکە و لەتاوانا
چۆتە سەر کلک
بە دەوری خۆیدا خول ئەخوا
ئەزریکێنێ و زریکەکەی
دار و بەردی ئەم دەربەندە ئەلەرزێنێ
ئەزریکێنێ و شاڵاو ئەباو هەر دوو چاوی
گڕپرژێنی
ڕقی سوور دائەگیرسێنێ.
لەتۆڕایە و ئەودیوی تۆڕ ئەتۆقێنێ!
* * *
وەکوو نیوەڕۆی حوزەیران
شەڕیش گەرمە.
مەتەرێزی ئەملاوئەولای
شانی چیا
قرمەژنیان گوێی دەربەندی
کەڕ کردووە.
شەستتیرەکان لە بێژنگی
دەشت و دەرا
کوژراوەکان ئەبێژنەوە.
جانبێزار و پێنجتیرەکان
بە گوللەی تاک
هەر کە دەرکەوت
کاسەی سەریان هەڵگرتووە.
یەک لەسەر یەک
گوللەتۆپی لەو دیو دەربەندەوە هاتووی
لەناکاو گرمەکردوودا
گێژەڵووکەی دووکەڵ و گڕ
بە چوار دەورا دروست ئەکا:

دەستی ئەسپێ
قاچی ناو دەمەر قۆپانێ
ملێ، سەری
وەک خڕکەبەرد، یان بنچکێ
پەیتاپەیتا
لەگەڵ خۆیدا
ئەبا و ئەبا.
* * *
تاوی غارە. تەپوتۆزە
حیلەی ئەسپ سوارگلانە.
تەپڵی بازە و لێدراوە
شێخ هەستاوە
ئەوەتا لەسەر خوانی زین
چرایەکی بەر ڕەشەبای داگیرساوە.
چەپۆکانی ئەسپەڕەشی
تەوێڵ مارۆی کەفەڵ پانی
لەسەر کلکە و
سنگی بە کڵپەوە ناوە.
ئەوەتا لەسەر خوانی زین
هۆرەیەتی
هۆرە ئەبێ بە سۆزی خاک
بەکڕووزەی سلەیمانی
بە هەناسەی شیعری «ناری»
هۆرە ئەبێ بە زامەکانی «شێخ سەعی» و
ئەسپەڕەشەیش هەر تاو ئەدا.
یاڵی درێژ و خاو ئەفرێ
کە دێتەوە ئەم جارەیان شەپۆل ئەدا
ئەفڕێتەوە و ئەم جارەیان
لکی فەقیانە ماچ ئەکا
تەپڵی بازە و لێدراوە
شێر کەوتۆتە ناو تۆڕەوە و حەپەساوە
بەڵام هێشتا ئەنەڕێنێ
بەڵام هێشتا
گورگی چاوشینی ئەودیو تۆڕ
ئەتۆقێنێ!.
* * *
«سیک و گورگە»ی باریکباریک
ڕەنگە تیژ وەکوو دەلووبیبەر
دەموچاویان تاریکتاریک

وەک شەوەزەنگ
وەکوو لەقلەق
قاچ ڕووت، قاچ ڕووت.
بەرپشتێنیان پڕ لە قەمە
پڕ قەدارە
وەکوو ژیژک.
بەڕیز هەر دێن، بەڕیز هەر دێن
ئەکەون و بەلادا دێن
ڕیز چۆڵ ئەبێ
دیسانەوە ڕیزێکی تر
وەکوو ڕمی ڕەش و درێژ
ئەیکەنەوە:
بە هەڵبەزین و دابەزین،
بە لوورەلورێ وەک وەڕین
شمشێری تیژ یەک قولانج پان
بەدەستەوە قورس و گران
هەڵکێشراوە
لەبەر هەتاوا بریسکەی وشککەری ئاوی چاوە.
* * *
نیوەڕۆیەکی درەنگی حوزەیرانە
وەک کزەبا
تەقە کزە.
ناو بەناوە
یانزە تیر و حسکە و ماوزەڕ
لە سەنگەرا
توێشووی گریان پێ نەماوە.
ئەوا ئیتر:
تێک ڕژانە، هەڵپژانە، هەڵدێرانە
سوار ئەگلێ، سوار، ئەپەڕێ
تەپوتۆزی خاکی توورە
ئاسمانی بێڕەنگ دائەگرێ
حیلەحیل و ناڵەناڵ و گرمەگرم و
وشەی کوردی و وشەی هیندی
تێکەڵ بەژاوەژاوێکی.
گەورە ئەبێ
نێزە سەر ئەکا بەسکا
خەنجەر بۆ ناو دڵ ڕائەکا
فیچقەی خوێنی فوارە بەستوو
لە دەموچاو، لەقەدارە

لە زین و یاڵ
لە ئاوزینگی لە مەتارە
هەڵ ئەپرژێ
دار سوور بووە
بەرد سوور بووە
لاڵ و پاڵە
ئەو لەسەر پشت
ئەم لەسەر دەم
قاچی بێ سەر
سەری بێ قاچە و کەوتووە.
* * *
هەر لەلاشانی دەربەندا
سوارەی ئەسپی ڕەش تاو ئەدا
هەڵمەتە یان ڕەشەبایە؟
یاخود شێرێکی باڵدارە؟
بروسکەیە یاخود غارە؟
ئەوە لکی فەقیانەیە
یاخود بەفری هەڵفڕیوی
سەر چیایە؟!
ئەوە پرمەی ئەسپەڕەشە
یا هەناسەی گەرمی سینەی
گردەکانی سەر ڕێگایە؟
ئەوە هۆرەیە و قەتارە؟
یاخود چریکەی هۆمایە؟
هەر لەلاشانی دەربەندا
لە هەڵمەتا
«کاجنیس»ێکی نەوەی مەغۆل
خۆ مت کردوو
لەپاڵ قەدی دارتوویەکدا
ئەسپەڕەشی
لەگەڵ جاسوسی تفەنگدا
تەواو جووت کرد
کە پەنجەی نا
بەپەلە پیتەدا ئیتر
ئەسپ گلا!
گلا!
گلا!
گلا!
* * *

ئەسپەڕەش لەدوای حیلەیە
یاڵ بڕو کەفەڵ خۆڵاوی
هەڵسایەوە
وەک بزانێ
ئاوڕێکی
لە سواری گلاو دایەوە
نزیک گابەردێکی بن بۆش
شێر لەسەر تەنیشت کەوتبوو.
لە دوو لاوە باز زامدارە
لە دوو لاوە دوو کانیی خوێن
هەڵ ئەقوڵێن.
لە دوو لاوە دوو خونچەی سوور
وا ئەپشکوێن
لە دوو لاوە دوو زاری سوور
لەگەڵ ئەسپەڕەشدا ئەدوێن
نزیک گابەردێکی بن بۆش
سوارێک و ئەسپەکەی تەنیا
سوار زامدارە و
جڵەوی ئەسپیش بەرەڵلا
نزیک گابەردێکی بن بۆش
بە جڵەوی شۆڕی ئەسپا
سوارەی زامدار خۆی هەڵواسی
لەسەر سک و بەخشەخش
ئەسپ ئەیبا.
تا بەردەمی گابەرد ئەیبا
* * *
ئێستە ئەسپەڕەش بەتەنیا،
هەر خۆیەتی
کوڕژن ئەکا و سوار دیار نییە.
چاوانی وەکوو دوو گوڵە
ژاڵەی تەڕی بەر بارانە
کوڕژن ئەکا و شێخ دیار نییە
گوێچکەکانی
ئێستە وەکوو
دووگەڵا چناری سیسی،
هەڵوەریوی پایزانە.
ئێستە یاڵ و ئێستە کلکی
بوونە توترک و درکەزی
حوزەیرانی ئەم دەشتانە.

کوڕژن ئەکا و شێخ دیار نییە.
ئێستە ئەسپەڕەش بەتەنیا،
هەر خۆیەتی
نامۆی لەوەڕگەی خۆیەتی
وێڵی وڵاتی خۆیەتی
کوڕژن ئەکا و شێخ دیار نییە.
* * *
ئەوا حەمەی یاوەری شێخ
شان خوێناوی
وەکوو بەرانێکی پێکراو
هەناسە سوار
وەک هەناسەی
سنگی پۆڕێکی بریندار.
چاوی ترساو
وەک دوو هەڵماتی قاوەیی
شەوق پێنەماو
بەهەر چوار لادا ئەگێڕێ.
بن بەرد بن بەرد بەپێ دزکێ
له ئەسپەڕەش دێتە پێشێ
وا ئەزانێ شێخ نەماوە
ئاخێکی قوڵ پڕ بە سینەی،
خۆی و سینەی
ئەسپی بێ سوار هەڵ ئەکێشێ.
له ئەسپەڕەش دێتە پێشێ.
جڵەوەکەی ڕائەکێشێ.
تا ئەیباتە پەنا بەردێ
هەر چۆنێک بێ
سواری ئەبێ و
بۆی دەرئەچێ!
9
ئێستە دەربەند، دەشتی دەربەند
ژنێکی قژدووکەڵاوی
سکسووتاوی ڕاکشاوە
چەتری ڕەشی گەواڵەهەوری نەباری
لەسەر سەری خۆی هەڵداوە
ئێستە مەیدان، مەیدانی شەڕ
بۆکرووزی جەرگی کوردستانی لێ دێ
ئێستە ئاسمانەکەی مەڵبەند،
هەر مانگی خوێنی تیا هەڵدێ

تەماشا کە:
کوڕی جوانەمەرگی شاخ و
ئەم پێدەشتانە ببینە.
لەم عەردەدا پەنجا دار سنەوبەر نووستوون
لەم دەشتەدا پەنجا ئەستێرە پاڵ کەوتوون.
پەنجا گۆرانی وەریون
پەنجا گوڵەگەنم مردوون
پەنجا جۆگەی سوور مەییون
لەناویاندا
تایەری فەرخە و سەی حەسەن
بەرانبەر یەک
وەک ڕەزی سووتاوی دووشاخ
درێژ بوون و
هەر تەماشای یەکتر ئەکەن.
10
لە تانکێکدا
فرایزەری چاو بەدووربین پێ ئەکەنێ و
دەستی ڕاست ئەدا بە پشتی
موشیرئاغای هەمەوەندا.
تانک هات و هات
کە گەیشتە گەرووی دەربەند
دووربینی لە چاو کردەوە
بە سنگیا شۆڕی کردەوە لە تانکەوە
سەرێکی کێشایە دەرێ
وا ئێستاکە گورگی چاوشین
چاوبەشاخی
دەست هەڵبڕیوی یەخسیر و
تەختی تەوێڵی شکاوی،
پێدەشتەکاندا ئەگێڕێ.
ئینجا ڕووی کردە موشیر و
وتی:
- شێخم ئەوێ!
تانک هات و هات
وەختێ لە دەربەند ئاوا بوو
بەم دیودا هات
جەنەڕاڵی پیرەداڵاش
بەسەرهاتێکی دێرینەی
لەناو هەوری خەیاڵەوە،
بەبیردا هات:

«هێشتا مەسیح
وەک گوڵی سپیدار هەرمێ
نەپشکووتوو بوو، چاوانی.
لەو دەمەدا خاکی یۆنان
دایکێ بوو سەری لە هەوراو
چرای دەستی
هۆش هەڵکردووی
بەسەر دنیادا ئەیڕوانی
کوڕی وەکوو «لەئونیداس»ی بە شیری
مەمکی پڕی گۆش کردبوو.
کوڕەکانی تەرلانی دەوری سەری بوون
ئەویش هێلانەی ناو دڵان
کوڕەکانی دیوارەشاخی دەوری بوون
ئەویش خەرمان
ئەو ڕۆژانە
خونکار نەبوو دەستی بگاتە دامێنی
کراسە سەوزەکەی یۆنان
یان کێ هەبوو کە بوێرێ
تەنها گوڵێ بکاتەوە
لە قژی خاوی ناو باخان.
هێشتا مەسیح
وەک گەواڵەهەوری سپی
نەچوو بووە ناو ئاسمانەوە
ئەو بەفرێکی نەباریو بوو.
کە لەشکری
لمۆز ڕەشی پارسی ئێران
وەک بەرازێکی یەکانە
بە ئاراراتا وەرچەرخاوە
ڕووی شفرەی خۆی،
کردە یۆنان
لە مەڵبەندی «تەسالیا» ی،
کاکۆڵ سپی گۆنائاڵدا
بەراز گەیشتە بەر دەرگای
داخراوی دەربەندەکەی «تەرمۆپیل»
«لەئونیداس» پشتی پانی
نا بەدەرگای دەربەندەوە
«لەئونیاس» ئەچووە چاوی بەرازەوە
هەڕەشەی مەرگی لێ ئەکرد
شاخی بەسەردا ئەڕووخان.

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

هەر ئەوەندە و ئیتر بەراز
وەک کەوتبێتە زەلکاوی
خەمخۆرکێکی قوتدەرەوە
چەق و هەر سەری با ئەدا
بەڵام «ئەفیاڵت»
بەڵام «ئەفیاڵت»ی سپارتی
کوڕی ڕەشی «تەسالیا»ی
چیافرۆش
بارانفرۆش
هەتاوفرۆش
ڕێوی مەڵبەند بەڵەدی ڕێ
نەوڕی لە گوێچکەی بەراز و
دەری هێنا
کەوتە پێش و بە ڕێیەکدا
کە خوای «ئۆڵمپ»یش نەیزانێ
کردنی بەودیو دەربەندا.
جەنەراڵی پیرە قاژوو
لەو بیری خەیاڵە قووڵەی تێی کەوتبوو
کە هاتە دەر
یەکسەر سەیرێکی «فیاڵت»ی
کوڕی ڕەشی کوردانی کرد
ئەوسا ئیتر
بزەیەکی زەرد وەک چزووی
زەردەزیرە
بزەیەکی ناخ هەڵکەنە،
ڕەش وەکوو مێش
وەکوو گەنە
لە لێوی نیشت.
ئینجا دووربینی سەرسنگی هەڵگرتەوە
نای بە چاویەوە و وتیەوە:
- شێخم ئەوێ.
* * *
ئەوا ئێستە
سەرقاپی تانک هەڵبڕاوە
دەمی تەندووری ئاسنین بەرەڵڵایە
سووکسووک ئەڕوا
لەم ساتەدا
چەند باڵایەکی کەم نەبێ
هەموو شتێ بۆ فرایزەر لەسەر چۆکە

لەم ساتەدا
چەند لاقێکی زۆر کەم نەبێ
هەموو شتێ لەبەر دەمی فرایزەردا
قاچ لەرزۆکە!
تانک هەر ئەڕوا
سووک سووک ئەڕوا
ئەوا ئێستا
تانک ڕاوەستا
سەریان لە تەندوور دەرهێنا
هاتنە خوارێ
لەبەر دەستە ڕاستەوە
بۆ چرووکی دەشت و لەش و
قژ و یاڵ و خوێن تێکەڵە.
لەپێشەوە
موشیر ئەڕوات و بۆن ئەکا
خاوەن تەڵە
کوڕی ڕەشی ئەم دەربەندە
بەبۆن جێ پێی شێخ هەڵ ئەگرێ
لووت لەسەر زەوی هەڵنابڕێ
هەتا ئەگاتە بن گابەرد
لەپڕێکدا دا ئەچڵەکێ
چەند هەنگاوێ
دێتە دواوە و ئەقیژێنێ و
دەست بۆ فرایزەر هەڵ ئەبڕێ
ئینجا ئەڵێ
- شێخت ئەوێ؟!!
- 11 -
بۆ سبەینێ، بۆ بەیانی
هەر کە یەکەم چەپکە گزنگ
لەکەلەوە
هەڵفڕی و خۆی هەڵدایە ناو،
سیروانەوە.
«بەمۆ» خۆی بینی لە ئاوا.
لەو کاتەدا
بە کەناری داوێن تەڕا
وەک پەڵەهەورێکی سپی
شوانێک و ڕانە مەڕەکەی
بەرەو بژوێن دائەگەڕێن
لە دوو ئاوان

شوانەی عاشق لەسەر بەردێ
ڕوو لەهەتاو
تێی چریکان
لە بەیتێکی تێچریکاو
تا ئەوساتە
بەرگوێی سیروان
بەرگوێی بەمۆ نەکەوتبوو
هەر کە بیستیان
ڕەوەز شێت بوو
کەژان خۆیان ڕائەوەشان
بەیت بوو.. بەیتی بازیان
بۆ شێخی بەردەقارەمان
* * *
بۆ سبەینێ، بۆ بەیانی
هەر کە یەکەم شەقژنی مەل
گەڵایان خەبەر کردەوە
نزم.. نزم هەڵفڕین و
باڵیان وەردا «زرێبار»
لە کێڵگەکەی ئەو بەرەوە
خاڵەی جووتیار
خۆ هەڵکردووی دەسقوڕاوی
سەری بۆ «شاهۆ» هەڵبڕی
لە هۆرەیەک تێی چریکان
تا ئەو ساتە
نە زرێبار و نە شاهۆ
بەر گوێی سووکیان نەکەوتبوو
هەر کە بیستیان
شەپۆل لای دایە بەستێن و
دەمی خوڕەی خۆی توند گرت و
هاژەی بڕی
شاهۆش درەختی باوەشی،
ڕائەژەنی
هۆرە بوو هۆرەی سۆزتکێن
بۆ بازیان
بۆ شێخی بەردەقارەمان
* * *
بۆ سبەینێ، بۆ بەیانی
هەر کە یەکەم پەڵەهەوری
وێڵ و نامۆ

گۆزەی خاڵی خستە سەر شان
چوو بۆ باران
وەختێ گەیشتە سەر سەری
گۆمەکەی «وان».
بۆ بەلەمێک تاق و تەنیا
چەتری سێبەری خۆی هەڵدا.
ماسیگری گوپقووپاوی
شەرواڵدڕاو
وەختێ تۆڕەکەی کردەوە و
بە هەردوو دەست
توند حەوای دا
بۆ ناو ئاو و
بۆ ئەو بەختەی کە ئەو ئەیویست
ئیدی لەپڕ
لە لاوکێ تێی چریکان
تا ئەو ساتە
نەهەوری سەر،
نەماسی بن،
بەر گوێی هیچیان نەکەوتبوو
هەر کەبیستیان
لەتاوانا هەوری نامۆ
گۆزەی پڕی لەدەست بەربوو
فرمێسکی هاوینەی داڕشت
پۆلە ماسی جووت‌جووت هاتن
ناو تۆڕی لەدەنگ نزیکیان،
کرد بە مۆڵگە بۆ گوێگرتن
لاوک بۆ لاوکی جۆشدان
بۆ بازیان
بۆ شێخی بەردەقارەمان.
12
لە دوای پتریش لە شەست ساڵ
لە شارێکی باڵاسووری
بەفر لە تەوێڵ نیشتووا
لە شارێکی دووسەد ساڵەی نەنووستووا
لە گەڕەکێکی دەست و قاچ قڵیشاوا
لە خانوویەکی سەرپەڕی کورتەباڵای
بێ هەناوا
لەناو ژوورێکی یەک چاوا
لە شەوێکی قژسپیدا

شاعیرێکی ئەم سەردەمە
بە چوار مشقی دانیشتووە و بالیفەکەی
لەسەر ڕانی خۆی داناوە
لەگەڵ وشەدا ڕێ ئەگرێ
لەگەڵ وشەدا ڕێ ئەبڕێ
بۆ بازیان
بۆ شێخی بەردەقارەمان
داستانێکی نوێ ئەنووسێ [1] [2]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژەپێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!
داستانی بەردە قارەمان نووسینی مامۆستا شێرکۆ بێکەس و خوێندنەوەی فەرهاد سەنگاوی. بەشی یەکەم
داستانی بەردە قارەمان نووسینی مامۆستا شێرکۆ بێکەس و خوێندنەوەی فەرهاد سەنگاوی. بەشی دووەم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی هەڵبەست: نیشتمانی | جۆری هەڵبەست: نوێ | کێشی هەڵبەست: سەربەست |

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | دیوانی: ڕووبار، بەرهەمی: شێرکۆ بێکەس
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سەرچاوەی هۆنراوە بە شێوازی تێکست: ماڵپەری ڤەژینبوکس

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2026
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: وێنە و پێناس

بابەت: 30

دووربینەکەی شێخ مەحمودی نەمر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2015092322093586111

دووربینەکەی شێخ مەحمودی نەمر. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

سکۆپی وێنە: ڕەنگاوڕەنگ | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
Şêx Mehmûdê hefîd	ژیاننامە	Kurmancî	

داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-09-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: هۆنراوە
بابەت: 31
دڵ لە بەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230120150247459644
دڵ لە بەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا
نووربەخشی ناسرەوێ مەیلی شەڕ و غەوغا ئەکا
ئینتقامی قەومی لێقەوماو بە حەق داوا ئەکا
ڕۆژ و شەو فیکرم لە دونیادا عەلەم بەرپا ئەکا
تیغی شیرم ئارەزووی سەیدی شکاری شا ئەکا
سەیری دوژمن کەن بە فیکری خامەوە بۆتە تەرەف
بۆ شکاری شێری شەرزە پیری ڕێوی هاتە سەف
نیشتمانی پاکی بێکەس دیوە بۆیە کەوتە گەف
وام لە مەیدانی شەجاعەتدا موبارێز کوا ئەسەف
سەفدەری ڕۆژی وەغایی تابینە داوا ئەکا
دەست بە دەست یەکتر بدەن ئەی لاوەکانی مەرد و قۆز
تاکوو کەی دوژمن لەناومانا ئەبێتە گورگی هۆز
بێن ببینە پشتیوانی یەکتر و بیکەینە تۆز
دەست بە داوێنی خوداوە بگرین و بگرین بە سۆز
تاکوو دوژمنمان لە جنّاتُ الإرَم بەرپا ئەکا
نامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی
نایکەمە سەر خۆم بەدەستی موددەعی تاجی شەهی
قەد بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەهی
نامەوێ تەختی کەی و بەختی جەم و شاهەنشەهی
تیشنەیی خوێنی عەدووم و بۆ حوقووقی وا ئەکا
تا بە ئازادی ئەگەم کوێری ئەکەم چاوی ڕەقیب
تا لە زوڵمی ئەجنەبی ڕزگار ئەبێ کوردی نەجیب
(أطلِب النَجاح و التوفیق مِن رَبّ المجیب)
ئایەتی (نَصر مِن الله) یە هەتا (فَتحٌ قَریب)
دەنگی تەگبیری سبەینانم بە (إلا الله) ئەکا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی هەڵبەست: عیرفانی | جۆری هەڵبەست: کلاسیک | کێشی هەڵبەست: سەربەست |
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاڵەکۆک
کاتی تۆمارکردن: 20-01-2023
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 32
دیوانی ئاوارە؛ شێعرەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی بەرزنجی
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220903200022431872



ناونیشانی پەڕتووک: دیوانی ئاوارە؛ شێعرەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی بەرزنجی
لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی - عومەر مەلا کەریم بەرزنجی [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: هەڵبەست | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: نەخێر | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

دیوانی مامۆستا شێخ جەعفەر شێخ حسێن بەرزنجی	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
شبخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگاریۆ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی
لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ئەمیر ئەحمەد
کاتی تۆمارکردن: 03-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 33
دیوی شاعیرانەی شێخ مەحموودی نەمر
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221124112424447458

دیوی شاعیرانەی شێخ مەحموودی نەمر
نووسینی: فەرهەنگ قەرەنی
شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ مەحموودی بچکۆڵەی کوڕی کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخی مارفی نۆدێی بەرزنجی یە، لە ساڵی 1886 لە شاری سلێمانی لە دایک بووە.
لە شەوی 9لەسەر10/ 10/1956 لە نەخۆشخانەی (حیدریە) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بەخاک سپێردراوە.
دیوانی نوربەخشی
(شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی)
ئەگەرچی ژمارەی شیعرەکانی کەمەن بەڵام پانتاییەکی فراوانییان هەیە لە ئەدەبیات وشیعری کوردی.
نابێت بە تەنیا جەنابی شێخی مەرحوم وەک ڕابەر و کەسایەتییەکی سیاسی بناسین بەڵکوو ئەویش ئەدیبێکی سەردەمی خۆی بووە.
یەکەم شیعری بڵاوکراوەی شێخ مەحموود دەگەڕێتەوە بۆ ژمارە(2)ی گۆڤاری هەتاو لە مانگی مایسی ساڵی 1954 ی میلادی کە لەلایەن (گیوی موکریانی) یەوە بڵاوکراوەتەوە
دووەم جاریش(مەحەمەد گۆملەی نانەوا) دوو کۆپلەی لە 1957/10/10ژمارە(1364)ی ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکردۆتەوە.
دواتریش لەم ڕۆژنامە و لەوگۆڤارو تاکوتەرایانە پارچە شیعرەکانی بڵاو دەکرانەوە.
پەڕتووکی دیوانی نوربەخشی نووسیوە لە ساڵی 2006 لە شاری سلێمانی لە لایەن عومەر مەعروف بەرزنجی کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە و چاپکراوە.
نزیکی جەنابی شێخ لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی
وەک ڕابەرێکی تەریقەتی قادری پەیوەندی بە ئەدەبیات و شیعر و کۆڕی شاعیرانەوە هەبووە.

هەروەها هاوڕێیەتی شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی بووە وەک (حەمدی و ناری و شێخ نووری شێخ سالْح و بێخود وشێخ ئەحمەدی غەنی و شوکری فەزلْی وحسێن نازم و ڕەفیق حیلمی و تۆفیق وەهبی و شێخ سەلام و ئەحمەد خواجاو ئیماعیل حەقی شاوەیس و کەمالی)

ڕۆلْی شیعر لە نامە و دەستنووسەکانی شێخ مەحموود

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شاعیرە ئەوەبووە، کاتێک نامەی سیاسی و کۆمەلاْیەتی بۆ کەسایەتییەکان بناردایە، کۆتایی نامەکەی بە شیعر دەڕازاندەوە بۆنموونە نامەیەک بۆ ئیسماعیل حەقی شاوەیس دەنووسێت و لە کۆتایی دەستنووسەکەیدا دەلْێت:

"بەیادگارئەنێرم بۆ شاوەیسی ڕەفیقم
لە دیدارما ببیێ بۆ میللەت شەفیقم"

ڕووخسارو ناوەرۆکی شیعرەکانی شێخ مەحموود

لە ڕووی ڕووخسارەوە لەسەرکێشی عەرووز داناوە، لە قافیەشدا پەیڕەوی یەکێتی قافییەی کردووە.

هاوکات شیعری پێنجین و چوارینە و تاک شیعری هەیە.

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بە گشتی بەزمانێکی سیاسیی وپیاوانەی ڕەکیکەوە شیعری نووسیوە و دووره لەهەست وسۆزو ناسکی و باسی دلْداری وئەڤینداری لە دیوانەکەیدا حزووری نییە.

بەلاْم وەک عیشقی حەقیقی لە دیوانەکەیدا جۆرە پەیوەندییەک بەدی دەکرێت لەگەلْ خودادا وەک دەلْێت:

" غوربارو تۆزی میحنەتی دنیای هەلاکەتم
کەوتووەتە سەر دوو دیدە و شەئنی نەدامەتم
پەنجەی ئەجەل بە یەخەمەوە بەند بووە ئەلْێ
هەستە دوعا بخوازە بلْێ ڕوو لە قیامەتم"

شیعری هەجوو یان شەڕەشیعر

هەندێک جار شێخ مەحموود شەڕە شیعری کوردووە، بۆ نموونە کاتێک لەگەلْ ئینگلیزەکان شەڕ دەکات و فڕۆکە بۆردومانی دەکەن. عادیلەخانمی هاوژینی وەسمان پاشا کە نەیاری شێخ و دۆستی بەریتانییەکانە بەشیعرێک گالْتە بە شێخ مەحموود دەکات و دەلْێت:

"بە چاوی ئەحمەد بە قەبری پاشا
من ئەم بۆردوومانە زۆر لەلا باشا
تەیارە هات بە گیزە گیز
دەرپێی خام پڕ بوو لە میز"

شێخ مەحموودیش لەوەلاْمی خانمی وەسمان پاشادا دەلْێت:

"بە چاوی لەتیف، بە کوڕەکەی خانم
من ئەو بۆردومانە بە گونمە زانم "

کاتێک شێخ مەحموود نیازی خواستنی کچێکی هەبووە بەناوی (مینا)، کە هەندێک دەلْێن: لە مەریوان و هەندێکیش دەلْێن لە گوندی دۆلەسوور بووە، بەلاْم کچە زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بووە، دیارە نەیویستووە لەگەلْ شێخ زەماوەند بکات و کەسێکی تر، کە دەگوترێت (لە هۆزی بلْباس) بووە بەتەمای خواستنی ئەو کچە بووە. بۆیە ناری شاعیر (مەلا کاکەحەمەی بێلوو) بە شیعرێک شێخ لەو بڕیارە پاشگەز دەکاتەوە. ئەمە چەند دێڕێکی شیعرەکەیە

"زەرفی مینا شاهی من مەزرووفی ئەلْماسی دەوێ
وەک کونی ماکینە دەرزی تیژ و ڕەققاصی دەوێ
قەتعی ڕێگەی دۆلەسوور و کانی گەرمی بەر مووان

هیممەتی چاپووک سواری قەومی بڵباسی دەوێ"
بەو شێوەیە نارپی شاعیر بڕیار بە شێخ مەحموود دەگۆڕێت و دەستبەرداری ئەوکچەی دەکات، یان ڕەنگە ڕاستتر بڵێین ئەوکچە ڕزگار دەکات.
جارێکی تر شێخ مەحموود بەیتە شیعرێک دەنێرێت بۆ شێخ محێدینی شێخ ساڵحی هەولێر و داوای تووتنی لێدەکات و دەڵێت:
"نە موحتاجی دەستوتفەنگتم نە شان و عەبا
موحتاجی چنگێ تووتنی خۆشناوم یان بێشەما"
کاریگەری شیعر بەسەر بڕیار وهەڵوێستە سیاسییەکانی
لە مانگی شوباتی 1922 شێخ مەحموود ئەحمەدموختاربەگی جاف دەستگیر دەکات و لە ئەشکەوتی (جەسەنە) لە سووورداش ماوەی چەند ڕۆژێک زیندانیی دەکات.
سەرئەنجام ئەحمەد موختاربەگ بە شیعرێک پاکانەی خۆی بۆ شێخ مەحموود دەدەبڕێت و هەروەها گوێڕایەڵیی و موخڵیسیی خۆشی دووپات دەکاتەوە، کە شیعرەکە دەگاتە دەستی شێخ مەحموود ئیتر فەرمانی لێخۆشبوون و ئازادیی بۆ ئەحمەد موختارجاف دەردەکات.
ئەحمەد موختارجاف دەڵێت:
"سەبا عەرزی خلوصیی و بەندەگیم، هەم دوعا خوانی
ببە بۆ خزمەت شاهی موحیتی گشت سلێمانی
بڵێ قوربانی تۆبم ئەی صلاح الدینی ئەیبوی
بە زۆری پەنجە وەک حەیدەر، بە سیما یوسفی سانی"
کاتێک پیرەمێرد لەدوای 25 ساڵ لە تورکیا دێتەوە بۆ کوردستان و سۆز و خۆشەویستی نیشتمان کەمەنکێشی دەکاتەوە بۆ سلێمانی، لەو سەردەمەشدا حوکمی پاشایی شێخ مەحموود دەبینێت و هەندێ شتی ناڕێک و گەندەڵیی و نەگونجاو پەستی دەکات و بە شیعرێک سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو:
"لەگوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتن، دایک جگەرسووتاو
ئەڕژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێناوییا خوێناو
ئەلاوێنێتەوە و ئەگری، سەری شنیە لەماتەمدا
شەو و ڕۆژ کۆتەڵی منداڵەکانە وا لەبەردەمدا
ئەڵێ: لەو گەردشەی کوردا، کوڕی چاکم هەبوو کوژران
ئەوەش مابوو هەموو مردن لەبرسا بێ کفن نێژران"
پیرەمێرد
هەندێ کەسی ناحەز ئەم شیعرە دەگەیەننە دەستی شێخ مەحموود و بەمانای خرپ لێکی ئەدەنەوە و زیادەی پێوە دەنێن، هەر ئەو ناحەزانە دێنەوە بۆ لای پیرەمێرد و وای تێئەگەیەنن کە گوایە شێخ مەحموود لە حاجی تۆفیق بەگ تووڕەیە و زۆر پەست بووە و هەڕەشەی کردووە.
ئیتر پیرەمێردیش بۆ ئەوەی دڵی شێخ مەحموود ئاشت بکاتەوە و نەهێڵێت شێخ زویر ببێت، شیعرێکی جوان و پڕمانای بۆ دەنووسێت، هەرچەندە دەڵێن ناوەرۆکی شیعرەکە فارسییە، بەڵام لای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە بە شیعرێک دڵسۆزیی خۆی بۆ پاشای کوردستان دەدەبڕێت و دەڵێت:
"ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی
سووراحی سەر فرووداێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێکا بۆی
کە ئاو داری لەسەر سەر ڕاگرتووە ئەیزانی چی تیایە
لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقومکا گەورەیی وایە"
کاتێک شێخ مەحموود ئەم شیعرەی پیرەمێردی بەدەست دەگات، پێئەکەنێت و ئەڵێت: دەفەرموو من

دەرەقەتی بەڵای وا چۆن دێم!
شێخ مەحموود ونزیکی لەخەڵک و شاعیران و ڕۆشنبیران ونامەگۆڕینەوە لەگەڵ دۆست و خەڵکە ئاساییەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەن هەرگیز شێخ مەحموود وەک کەسایەتییەکی سیاسی وشک و دوورە پەرێز لە خەڵک نەژیاوە و جیاوزی ئەو لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی ئەمڕۆ ئاسمان و ڕێسمانە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ئەدەبی / ڕەخنەی ئەدەبی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 16-12-2020
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
سووورداش	شوێنەکان	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
فەرهەنگ قەرەنی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردراوم - 16-12-2020
کاتی تۆمارکردن: 24-11-2022
ناوی تۆمارکار: هومام تاهیر

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 34
دیوەخانی شێخ مەحمودی حەفید لە داریکەلی
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20151122202307864822

دیوەخانی شێخ مەحمودی حەفید لە داریکەلی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
سکۆپی وێنە: ڕەنگاوڕەنگ | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
باڵیۆزی بەریتانیا و شێخ مەحمودی حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دلٍ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داریکەلی	شوێنەکان	کوردیی ناوەڕاست	
داوازیەکٍ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	

دوێ گرفتێ کە یێ بە ماێ تێکشیەی پەوەنیێ میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
دیوەخان	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوماقوڵان و کەسایەتی هۆزە کوردەکان لە کفری، ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێدو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایێ ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2015

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 35
دەقی نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) عصبە الامم پاریس 21 مارس 1931

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211201184707397259

دەقی نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) عصبە الامم
پاریس 21 مارس 1931
بەڕێز جەنابی سەرۆک
شانازی ئەوەم هەیە ترس و شکاتی نەتەوەیەکتان پێ ڕاگەیەنم کە خودی خۆتان خستوتانەتە ژێر ئینتداب و پاراستنی خۆتانەوە و دەشگوترێ ئەوەی ئینتداب دەکات، پارێزەریشە. ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم بە یەکێک لەوان دەژمێرێم و ئیستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشوری وڵاتی گەورەی کوردان کە بە عیراقەوە لکینراوە، نیشتە جێ یە.
من بەئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشم کە خاکی کوردستانی لکێنراو بە عیراقەوە، بەهیچ شیوەیەک وەک (بین النهرین) نەکەوتۆتە ژێر دەستی هیچ یەک لە هیزەکانی دەوڵەتە یەکگرتوەکان یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە 1918دا چەکیان هەڵگرت و هێزەکانی تورکیان ناچارکرد خاکەکەیان چۆڵ بکەن, سەربەخۆییان ڕاگەیاندن و دەوڵەتیکیان دروستکرد کە بەڕێوبەرایەتی وڵاتی بەناوی (دەوڵەتی کوردستانی باشور) گرتە دەست. لەو سەردەمەدا عێراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو(متحد) و هاوپەیمانی (متفقین) لە ناویدا جەنگیان دەکرد. پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە عێراقەوە لکێنراو، ئەوروپاش کە لافی ئەوەی لێ دەدا کە بۆ بەرگریکردن لە ماف و دادپەروەری چەکی هەڵگرتووە، لە بەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێ دەنگ بوو. ستەمێک کە چارەنووس و داهاتووی نەتەوەیەک کە ئەگەر چی نەک بە ڕەسمی بەڵام بەکردەوە بووبوە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، خۆی بەستەوە بە چارەنوسی نەتەوەیەکی دیەوە، کە نەژاد و داب و نەریت و مێژوو زمان و سیمایان لەیەک جیاوازە. گەر چی هێشتا جێی سوپاس بوو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەڵێنە کەم بووەوە کە (کۆمەڵی گەلان) سەبارەت بە بەخشینی خودموختاریەکی تەواو بە کوردستانی باشوری دابوو.

بەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندان ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێدەپەڕێ کەچی نەک هەر بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە بەڵکو بەپێچەوانەوە ژیانی خۆمان و ژن و مناڵ و باوکانمان لە ژێر هەڕەشەی ئاگری تۆپ و فرۆکە بۆمبهاوێژەکان و ڕەشاشە دایە، بەو تاوانەی ئامادەنین ببین بە عەرەب و چاو لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەین کە پێمان دراوە.

دەوڵەتی عێراق هیچ دوودڵ نەبووە لەوەی شاری سلێمانی – پایتەختی کوردستانی باشور- بۆمباران بکات و کوردەکانی ئەم شارەی کوشتوە بەتاوانی ئەوەی ئامادە نەبوون بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە ئەو دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەبارەت بە بڕیاریک ئەنجامی بدات کە هەموو مافە ڕەواکانی کوردان پێشێل دەکاو کۆشکی ئومێد و ئارەزویان بۆ ئاینده، دەڕمێنێ.
ئێمە بڕوامان وایە ئەم تۆپ و گوللانەی بەسەر قوربانیانی کوردی دانیشتوی کوردستانی باشوردا دەبارێ، لە بنەڕەتدا هێرشێکیشە دەکرێتە سەر حەیاو ئابڕووی (کۆمەڵی گەلان). چونکە کوردەکان لەژێر ئینتدابی ئەو (کۆمەڵە) یەدان، واتە لەژێر پاریزگاری ئەودان.

ئەگەر هێزەکانی دوڵەتی عەرەبی عێراقی پشتیان بە فڕۆکە و سوپاکانی دەوڵەتی ئینگلیز نەدەبەست کە (کۆمەڵی گەلان) ئینتدابی ئەم سەرزەمینەی بە ئەوان سپارد و تابەناوی (کۆمەڵەی گەلانەوە) بەڕیوەی بەرن، ئەوا مێژوو دوبارە دەبۆوە و هیرشکردن بۆ بەغدا و داگیرکردنی بۆ کوردەکان وەک کاری ڕۆژانە ئاسان دەبوو. ئیمە ئامادەین و هەمیشەش ئامادە دەبین لەبەرامبەر عەرەبەکاندا، بەرگری لە ولاتەکەمان بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێت توشی ڕوبەروبونەوەیەکی چەکداری بین لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو (کۆمەڵە) بەڕیزەوە هەنگاو دەنێ، ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن ڕوبکەینە (کۆمەڵەی گەلان) و داوای جێبەجێکردنی ماف و دادپەروەری بین.
بێگومان بەداواکاری ئەوەی وڵاتی ئێمە بە عیراقەوە بلکێنرێ و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنمان بۆ قبوڵکردنی ئەم لکاندنە بەزۆری چەک، بەهیچ شێوەیەک ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە (کۆمەڵی گەلان) دەیەوێت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکرێت.تا ئەوکاتەی چارەنوسی ولاتی کورد بەدەستی ڕۆڵەکانی خۆی نەسپێرێ و تا ئەودەمەی دەوڵەتیکی کوردی بەڕیوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ئومیدێک بە ئاشتی و ئاسایش لەم ناوچەیەدا نیە. کورد کە خاوەن مێژویەکی هەزار ساڵەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا زانیویانە و توانیویانە بەرگری لە ژیان و ولات و مێژوو دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستە بڕیاریان داوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کۆیلەیەتی عەرەبەکانی عیراق، کەچ نەکەن. ئێمەی کورد دەمانەوێت لەگەڵ هەموو گەل و نەتەوەکاندا دۆست بین و بەرامبەر بەهیچ گەلێکیش ڕقمان لە دڵدا نیە. بەڵام لە کاتیکدا کە سەربەخۆیی تەنانەت بەهەندی گەلی سەرەتایی ئەفریقا وەک لیبریا دەدرێت و لەگەلی وەک ئێمە زەوت دەکرێت کە توانیوێتی بەشەرەف وئازایەتی و قارەمانیتی و غەریزەی پاڵەوانی و هۆش وزیرەکی خۆی پایەیەکی مەزن لە مێژووی گەلاندا بەدەست بهێنێ، ئیدی ئەمە ستەمێکە کە ناتوانین لێی بێدەنگ بین. بەتایبەتی کە پێش ماوەیەک دەوڵەتی عێراق کە توشی نەخۆشی دەمارگیری توند ڕەوی نەژادی بووە، هەوڵ ئەدا بە پشتیوانی دەوڵەتی ئینگلیز وبەهۆی خوێناویترین هەنگاوی جەنگیەوە، بەرگریکردنمان تێک بشکێنێ.

خوێن وئاگر هەرگیز نەیتوانیوە و ناتوانن ڕاستیە مێژوییەکان بگۆڕن و سەدان هەزار کوردی وەک سەلاحەدین و کەریم خانی زەند بکەن بەعەرەب. نەتەوەی من و خودی خۆشم بەهیچ شێوەیەک دەمارگیری ئاینزایی (مزهبی) مان نیە و تینوی خوێنڕێژی نین و ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتووە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ناچاریان کردوین و

بەسەریاندا سەپاندوین.

ئێمە خواستی دەسەڵاتگرتن بەسەر هیچ نەتەوەو هیچ وڵاتیکماندا نیەو نامانەوێ ئاغاو سەرداری هیچ کەسێک بین. بەڵام ئەوەش قبوڵناکەین کە خەڵکانی دی بەسەرماندا زاڵ بن یان جگە لە خۆمان سەردار وئاغایەکمان هەبێت. ئەمەش خۆی ئامانج و ئایدالیکە کە چەندان هەزار کەس لەکاتی ئەم جەنگی دوایدا، لە پێناوی دا گیانی خۆیان فیداکرد.ئەمە جگە لەوەی ئەمە مافێکە کە خودی (کۆمەڵی گەلان) هەر لەم ڕۆژانەی دوایدا، بۆی سەلماندوین ڕیگەم بدەن بە دڵنیاییەوە پێتان ڕابگەیەنم ئەم دۆخی شۆڕشگێڕیەی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدنیەتی دەسەڵاتدارانی عێراق، کۆتای پێ نایەت ئەوکاتەنەبێت کە هەموو مافەڕەواکانی کورد بەڕەسمی بناسرێ و لەبەرچاو بگیرێ.
ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داننانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا... واتە (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشور) داو بڕین و لەناوچونی هەموو پەیوەندیەک بەدەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە. جگە لەمەش پەیمانی تازەی نیوان ئینگلیز و عێراق کە کۆتایی بە ئینتدابی ئینگلیزی بەسەر عێراقدا دێنێ، ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئەو ڕێگە چارەیەی پێشنیارمان کردووە بە تەواوی عقلانیە و هیچ ڕێگەیەکی دەربازبونی لێ نیە.
کۆمەڵی گەلان دەبێ گەر بەسەرنجدان لە ڕوداوەکانیش بووە، بگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکەی خۆی کە 1925 داویتی.
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا
شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی
دانیشتوانی کوردستانی باشور

سەرچاوە
کتێبی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان بەرگی دووەم لەنووسینی محەممەد ڕەسوڵ هاوار[1].
سەرچاوە : کتێبی سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (1928-1931)نوسینی نەوشیروان مستەفا[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 30یەکان (30-39) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | دەستنووس | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژووییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | کتێبی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان بەرگی دووەم لەنووسینی محەممەد ڕەسوڵ هاوار
[2] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | کتێبی سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (1928-1931)نوسینی نەوشیروان مستەفا

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-01
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 36
ساڵی 1938 بوو لەگەڵ شێخ نووری بابەعەلی و یەکێکی تریش بوو چووین بۆ بەغدا، شێخ مەحموودی مەلیک لە بەغدا بوو لە گەڕەکی «سلێخ» دائەنی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250628185303643277

ساڵی 1938 بوو لەگەڵ شێخ نووری بابەعەلی و یەکێکی تریش بوو چووین بۆ بەغدا، شێخ مەحموودی مەلیک لە بەغدا بوو لە گەڕەکی «سلێخ» دائەنیشت، چووین بۆ زیارەتی. دیوەخانەکەی چەند کەسێکی تری لێ بوو، ئەوان هەستان ئێمە ماینەوە. لە فەلەستینەوە هێشوویەکی دەنک درێژیان بە دیاری بۆ شێخ هێنابوو پێیان ئەوت «مۆز». شێخ سەر و دەنکی دایێ بیخۆین. بە دەستیەوە داماین نەمانزانی چۆنی بخۆین و چۆن ئەخورێ. شێخ هەستی پێکرد، خۆیشی دەنکێکی هێنا لەبەر چاومانەوە پاکی کرد و خواردی، وتی ئاوا ئەخورێ. ئێمەش دەستمان کرد بە پێکەنین، وتمان یا شێخ بەخوا سولەیمانی تا ئێستا شتی وای نەدیوە.

خوا و ڕاسان لەوکاتەدا فەرەجی ڕەشان بە بەرچنەیەکی گەورەی ڕێواسەوە کردی بە ژوورا، بەڵام ئێمە مۆزەکەمان خواردبوو، شێخ چاک و چۆنی لەگەڵا کرد و فەرمووی فەرەج ئەوە چیت هێناوە؟ وتی قوربان نەختێ ڕێواسە. شێخ وتی بیهێنن. لەوکاتەدا کە بەرچنەکەیان هێنا دوو سێ عەرەب و هەندێ ئەفەندی و هەندێ عەگاڵ بەسەر لە شێخەکانی عەرەب لە پاش سەلام دانیشتن. شێخ لە ڕێواسەکەی بەدەستەوە بوو هەر یەک سەر و ڕێواسی دا بە هەمووومان، کابرا عەرەبەکان تۆزێ سەیریان کرد و هەر بەو جۆرە بە توێکڵەوە بەریبوونە خواردنی، ئەمجا ئێمە پاکمان کرد و خواردمان. عەرەبەکان زۆر تەریق بوونەوە هەر ئەیانوت «شنو هرا». بەڵام قسەی خۆمان بێ ئێمە ئاقڵتر بووین. دەنگە مۆزێکیشی دا بە فەرەج، فەرەجیش بە دەستیەوە داما، بەڵام ئێمە تازە فێر بووبووین پێمان وت.[1]
تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: بەغدا | وڵات: ئێراق |
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 2؛ نوسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 663
کاتی تۆمارکردن: 2025-06-28
ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 37
سێ قوربانییەکە: شێخ سەعید بەرزنجی - شێخ عەبدولسەلام بارزانی - شێخ زاری ئەلزەوبەعی
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20111029080854626333



عەبدولمونعیم غولامی
وەرگێڕانی: ئیحسان ئیروانی
دەزگای ئاراس - 2004

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: پۆلێننەکراو | جۆری دۆکومێنت: وەرگێردراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2004
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1909-10-00	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
2004-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پێش سەد ساڵ لە بارزان بەها بۆ مرۆڤ گەڕایەوە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس	دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ عەبدولسەلام بارزانی	شەهیدان	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەگەڵ پیتر ئالۆف جیگری کونسوڵگەری ڕووسیا لە شاری ئورومییە - ساڵی 1914	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
لە (107)ەمین ساڵیادی لەسێدارەدانیدا شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەکەمین ڕابەر بووە داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەرتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەرتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2011-10-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 38
سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و شێخ مەحمودی حەفید لە بیستەکانی سەدەی بیستەم
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250505143334635257

شوێن: کوردستان
ساڵی گیرانی وێنەکە: بیستەکانی سەدەی بیستەم
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: لە ڕاستەوە: سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و شێخ مەحمودی حەفید.
ناوی وێنەگر: نەناسراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
دەیە: 20ەکان (20-29) | سکۆپی وێنە: ڕەش و سپی | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پاگاو شێخ مەحموودی دڵی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغدادێ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە یێ بە ماێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحموودی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی پێسە پارێزگاریٚ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی تاقە ئومێدو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحموودی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سەرچڵ یونس - Sarchl Youns 2025-04-03

کاتی تۆمارکردن: 2025-05-05

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 39
سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفید لە سولەیمانی، شێخ لە حاجی مستەفا پاشای یامڵکی توورە ئەبێ و ئەمر ئەکا بیگرن
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260108092009670910

سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفید لە سولەیمانی، شێخ لە حاجی مستەفا پاشای یامڵکی توورە ئەبێ و ئەمر ئەکا بیگرن. حاجی مستەفا پاشا کە ئەزانێ ئیش زۆر خەتەرە و ئەگەر لەو وەختەدا بیبەنە لای شێخ مەحموود ئەیکوژێ، دێتە سەر ئەوە خۆی بشارێتەوە، هیچ پەنایەک نادۆزێتەوە ئەوە نەبێ کە پەلاماری قورئانێک بدات و بچێت بۆ گردی سەیوان.
بە پەلەپرۆزێ قورئانێک هەڵئەگرێ و ئەچێ بۆ گردی سەیوان، لەو کاتەدا پیاوەکانی شێخ مەحموود ئەیبینن و هەڕا ئەکەن بە شوێنیا، ئەویش گورج لەسەر قەبرێک دائەنیشێ و دەست ئەکا بە قورئان خوێندن. پیاوەکان دێن ئەیگرن و ئەیبەن بۆ لای شێخ مەحموود، شێخ دەست ئەکا بە قسە کردن و پێی ئەڵێ تۆ ئیشی نابەجێ ئەکەی و قۆمیتەت لە دژی من کردووە. ئەویش ئەڵێ یا شێخ! بە قەبری دایکم من ئاگام لە هیچ نییە و بە تەواوی تەرکی هەموو شتێکم کردووە. ئەوە لەو پیاوانە بپرسە بزانە منیان لە کوێ هێنا؟ من لەسەر قەبری دایکم بووم و قورئانم بۆ ئەخوێند، حەق زۆر بە سەرمەوەیە.
شێخ ئەم قسەیەی بە لاوە سەیر ئەبێ، چونکە ئەزانێ درۆ ئەکا، دایکی چی و قورئانی چی! لەگەڵ ئەمانەشا ئەڵێ بڕۆ با خاتری قەبرە درۆزنەکەی دایکت بێ. لە ڕاستیشدا قەبری دایک نەبوو، هەروا چووبوو لەسەر قەبرێک دانیشتبوو و بۆ ئەو ڕۆژە کردبووی بە دایکی خۆی. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ئایا ئەم بەسەرهاتە لە ڕاستیدا ڕوویداوە؟ : بەڵێ | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
شێخ مەحموودی بەرزنجی پیسە پارێزگاری کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 2؛ نووسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 1069

کاتی تۆمارکردن: 08-01-2026
ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: هۆنراوە
بابەت: 40
شکار
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260830095450701522
شکار
شێخ مەحمودی حەفید
لە پەرتووکی: نوربەخشی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی

کاتی شکارە دڵ بە موحیببەت کە برسییە
من بازم و شکاری وەتەن بێ ریا ئەکەم
پارێز ئەکەم بە هیممەتی حەیدەر حقووقی کورد
یا رۆحی خۆم و ئالی پەیەمبەر فیدا ئەکەم
گەر مانعی حەقی میللەتی کورد بین عەرەب
بێ شک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم
حاجی تەواف ئەکەم گەر تالعیش مەددە بدا
ئەم قەلبی قەڵبمە بە سەفا و مەروە ساف ئەکەم
نەقشی و سوورەوەردی و چەشتی و قادری
ئەمریان بە فەرزی عەین ئەزانم وەک یەک ئەدا ئەکەم
مەلا عەزیزی موفتی و بابا عەلی بم لە وەرعدا
بۆ ئەو غەزالە دڵفرێنە لەسەر سەر هەرا ئەکەم
فەرقی بەینی قادری و نەقشی هێندەیە
سۆفی لە ورگی ئەدا منیش زەرگی پیا ئەکەم [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی هەڵبەست: نیشتمانی | جۆری هەڵبەست: کلاسیک | کێشی هەڵبەست: سەربەست |
رۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-1919
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1919-01-01	رێکەوت و رووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڤەژینبۆکس - 2026-08-30

کاتی تۆمارکردن: 30-08-2026
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 41
شۆڕشەکانی شێخ مەحمود
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20211212191000398412
شۆڕشەکانی شێخ مەحمود

داگیرکردنی تەواوی ویلایەتی مووسڵ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی 1918ی.ز دا بەپێچەوانەی بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆی ساڵی 1916ی.ز نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا بوو، چونکە بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ویلایەتی مووسڵ ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسی بوو، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە داگیرکردنی شاری مووسڵ لە لایەن بەریتانیاوە بە بێ شەڕ و دوای ئاگربەستی مۆدرۆس بوو بەهۆی درووستبوونی کێشەیەک لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی داگیرکەر کە بە (کێشەی مووسڵ) ناسراوە.

بەریتانیا تەواو پێچەوانەی ویست و ئارەزووی خەڵکی کورد لە ساڵی 1925ی.ز ویلایەتی مووسڵی بە دەوڵەتی تازە دامەزێندراوی عێراقی داگیرکەرەوە لکاند.

ئینگلیزەکان پێش ئەوەی بێنە سلێمانی شێخ مەحموود خۆی نامەی بۆناردن و ئامادەیی کوردی بۆ پشتیوانی ئینگلیز دەربڕی بە مەرجێک مافەکانی گەلی کورد لەبەر چاو بگرن.

دوای ئەمە (مێجەر نوئێل) بە نوێنەرایەتی ئینگلیز هاتە سلێمانی و لە 17ی تشرینی دووەمی 1918ی.ز دا شێخ مەحموودی وەک حوکمداری سلێمانی ڕاگەیاند، بەبێ ئەوەی واتای سنووری حوکمداری شێخ مەحموود دیاری بکرێت، کە دوواتر ئەمانە بوون بەخاڵێکی گرنگ لە ناکۆکییەکانی نێوانیاندا.

سەرەتا شێخ مەحموودی حەفید لە 21ی نیسانی ساڵی 1919ی.ز دوای ئەوەی ئینگلیزە داگیرکەرەکان ویستیان حکوومەتەکەی بڕووخێنن، ئەویش لە ناوچەی سلێمانی توانی هەرچی فەرمانبەر و سەربازی ئینگلیزی هەیە دەریان بکات، بۆیە ئینگلیزەکانیش هێرشێکی گەورەیان کردە سەر شێخ مەحموود و پایتەختەکەی، ئەوە بوو چەند شەڕێکی گەورە لەنێوانیاندا ڕووی دا، تا لە حوزەیرانی ساڵی 1919ی.ز لە شەڕی دەربەندی بازیان، کە تێیدا جەنگاوەرەکانی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود ئازایەتییەکی گەورەیان نواند لە بەرانبەر هێزی داگیرکەری ئینگلیزدا.

بەڵام ناهاوسەنگی تەرازووی هێزی سوپای نێوان هەر دوولا، کەمی خاروبار و تەقەمەنی جەنگی و خیانەتی هەندێک لە سەرۆک هۆزەکانی کورد و دواتریش برینداربوونی شێخ مەحموود لەپاڵ (بەردە قارەمان)دا، سەرجەم ئەم خاڵانە بوون بەهۆی تێکشکاندنی سوپاکەی شێخ مەحموود و دواتریش لە کاتی بەدیل گیرانی خودی شێخ، ئینگلیزەکان بڕیاری سێدارەیان بۆ دەرکرد، بەڵام دواتر بڕیارەکە گۆڕدرا و بەدەست بەسەری ڕەوانەی هیندستان کرا و تا ساڵی 1922ی.ز لەوێ مایەوە.

لە ماوەی هێشتنەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان بارودۆخی عێراق بەگشتی و کوردستان لەهەڵچووندا بوو.

لەو ماوەیەدا لە (25)ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1920ی.ز حکوومەتی کاتی عێراقی داگیرکەر دامەزرێندرا.

لە ئازاری ساڵی 1921ی.ز یشدا بەسەرپەرشتی (ونستۆن چەرچڵ)ی وەزیری داگیرگەکانی بەریتانیا لەسەر چارەنووسی عێراق و باشووری کوردستان کۆنگرەی قاهیرە بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا جگە لە بڕیاری دانانی (فەیسەڵ کوڕی حسێن) پادشای عێراق، چارەنووسی (ویلایەتی مووسڵ)یش وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق سەیر نەکرا بوو.

ئەوکاتەی شێخ لە هیندستان دەست بەسەر بوو، سلێمانی تا ساڵی 1922ی.ز ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و ئەفسەرەکانیدا بەڕێوە دەچوو، لەو ماوەیەدا ساڵی (1919تاکوو1922ی.ز) لە ئەنجامی گوشاری خەڵکی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی، هەڕەشەی مەترسی تورکە داگیرکەرەکانیش لەچەند ناوچەیەکی کوردستان، ئینگلیز بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە، ئازادکردنی شێخ مەحموودی بەباشترین چارەسەر دەزانی.

دوای ئەوەی شێخ مەحموود لەناو پێشوازییەکی گەورەدا لە 30ی ئەیلوولی 1922ی.ز گەیشتەوە سلێمانی، لە 10ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بەفەرمانێکی حوکمداری کابینەی حکوومەتەکەی لە سلێمانی ڕاگەیاند و خۆیشی وەک (مەلیک)ی کوردستان ناسێندرا.

ئەندامانی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود بریتی بوون لە:

1- سەرۆک وەزیران و سوپا سالار: شێخ قادری حەفید
2- وەزیری ناوخۆ: شێخ محەممەد غەریب
3- وەزیری دارایی: کەریمی عەلەکە
4- وەزیری پەروەردە (مەعاریف): مستەفا پاشای یامولکی
5- وزیری ئەشغال: محەممەد ئاغا عەبدولڕەحمان ئاغا
6- لێپرسراوی گشتی گومرک: ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ
7- لێپرسراوی گشتی ئاسایش: سەید ئەحمەدی بەررنجی
8- مۆفەتیشی گشت: میر لیوا سدیق پاشای قادری
9- وزیری بەرگری: ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان

ئینجا موتەسەڕیف و پارێزگار و بەڕێوەبەری ناحیە و پۆستە گرنگەکانی تری دەستنیشان کرد و ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو دام و دەزگا و بیناکانی حکوومەت هەڵکرا، بێگۆمان ئەم کارانە بەدڵی ئینگلیزە داگیرکەرەکان و تەنانەت حکوومەتی تازەی عێراقی داگیرکەر نەبوو.

شێخ مەحموود نەیدەویست و بەوەش ڕازی نەدەبووکە تەنیا داروودەستەی ئینگلیز ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوان بێت، بەڵکوو دەیویست سنووری دەسەڵات و سنوورێکی جۆگرافی دیاریکراوی هەبێت و کەس دەست نەخاتە نێوکاروبارییەوە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە، ئەوکاتە تورکە داگیرکەرەکان هێزێکیان بە سەرۆکایەتی عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر پاشا) ڕەوانەی ڕەواندز کردبوو، ئەمانە هەوڵیان دەدا لە شێخ مەحموود نزیک ببنەوە، شێخ مەحموودیش ئەوکاتە چ بەهۆی نائۆمێد بوونی لە ئینگلیز و چ لەژێر کارتێکردنی تورکە داگیرکەرەکان، وردەوردە لە تورکەکان نزیکتر دەکەوتەوە.

سەرجەم ئەمانە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ دووبارە گرژبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان شێخ مەحموود و ئینگلیز و دواتریش دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوانیان.

ئینگلیزەکان بۆ لەناوبرنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود لە 22ی شوباتی ساڵی 1922ی.ز بە فڕۆکە بەخەستی بۆردوومانی شاری سلێمانیان کرد و خەڵکێکی مەدەنی زۆریان کوشت.

شێخ مەحموودیش لە سەرەتای ئازاری هەمان ساڵدا، ڕوویکردە ئەشکەوتی جاسەنە لە سوورداش.

بەڵام دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لە حوزەیرانی ساڵی 1923ی.ز (سلێمانی)یان چۆڵکرد، لە تەمووزی هەمان ساڵدا جارێکی تر شێخ گەڕایەوە سلێمانی.

شەڕ و ناکۆکی نێوان شێخ و ئینگلیز کۆتایی پێنەهات، لە دوایدا بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلانیش ویلایەتی مووسڵ بە عێراق دەستکردی داگیرکەرەوە لکێنرا.

ئەم بڕیاری لکاندنە پێچەوانەی خواستی ڕووناکبیران و زۆرینەی خەڵکی ویلایەتەکە و جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بوو.

تا ئەو کاتەی بەپێی ڕێککەوتنی ئینگلیز و شێخ، شێخ مەحموود لە گوندی پیران و لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان مایەوە، بە مەرجێک دەست لە کاروباری سیاسی وەرنەداتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان | تورکیا | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
سووررداش	شوێنەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژوویی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کورد زانست
کاتی تۆمارکردن: 12-12-2021
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: پەرتووکخانە

بابەت: 42

شۆڕشەکانی کورد و کوردو کۆماری عێراق

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20190330222447284007



شۆڕشەکانی کورد و کوردو کۆماری عێراق

دانانی: عەلائەدین سەجادی

بڵاوکار: پەخش و بڵاوکردنەوەی کوردستان - سنە

چاپی یەکەم 1438 - 2017

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سەقز | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2017

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

QR	زمان	پۆل	ناوی بابەت
	کوردیی ناوەڕاست	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	2017-01-01

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 30-03-2019

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 43
شێخ سەعید بەرزنجی و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵی 1912
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220207171949404194

شوێن: مەهاباد
ساڵی گیرانی وێنەکە: 1912
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: (شێخ سەعید بەرزنجی و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان).
ناوی وێنەگر: (نەناسراو). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
دەیە: 10یەکان (10-19) | سکۆپی وێنە: ڕەش و سپی | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: مەهاباد | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-1912
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1912-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کەیفی ئەسعەد
کاتی تۆمارکردن: 07-02-2022
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: ژیاننامە
بابەت: 44
شێخ غەریبی باساک
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220204191504403897

ناو: غەریب
نازناو: باساک
ساڵی لەدایکبوون: 1903
ڕۆژی کۆچی دوایی: 06-05-1980
شوێنی لەدایکبوون: سلێمانی
شوێنی کۆچی دوایی: سلێمانی
ژیاننامە
شێخ غەریبی باساک لە دایکبووی ساڵی 1903 لە شاری سلێمانی، کەسایەتییەکی ناسراوی شار بووە و یەکێک لە یاران و هاوڕێیانی شیخ مەحمودی حەفید بووە، هەروەها نیشتمانپەروەرێک بووە کە لە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بە ناکام گەیشتنی کۆماری کوردستان خۆی گەیاندووەتە شاری مەهاباد بۆ ڕزگارکردنی هەندێک لە

خێزانەکان، وە لە ڕۆژی 06-05-1980 کۆچی دوایی کردووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

بیروباوەڕی سیاسی: نەتەوەیی | جۆری کەس: ناسراو | کەسایەتی | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان (لەدایکبوون): سلێمانی | شار و شارۆچکەکان (کۆچی دوایی): سلێمانی | شوێنی نیشتەنی: کوردستان | لەژیاندا ماوە؟: نەخێر | نەتەوە: کورد | وڵات (لەدایکبوون): باشووری کوردستان | وڵات (کۆچی دوایی): باشووری کوردستان | ڕەگەزی کەس: نێر |

ڕۆژی لەدایکبوون: ~~00-00~~-1903

ڕۆژی کۆچی دوایی: 06-05-1980

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1903-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەند کەسایەتییەکی سیتەکی شاربازێر	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | یەیجی سلێمانی و وێنە کۆنەکان

کاتی تۆمارکردن: 2022-02-04

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 45
شێخ قادر حەفید برای شێخ محمود لە ساڵانی 1920
2021050400592039382=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شێخ قادر حەفید برای شێخ محمود لە ساڵانی 1920 ەکان ئەم وێنەیەی خۆی بۆ بەرێز شاکر مەجرومی ناردووە.
ئەرشیفی خوالێخۆشبووی کاک شێرکۆ شاکر مەجروم

تایبەتمەندییەکانی بابەت
دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 04-05-2021
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: ژیاننامە
بابەت: 46
شێخ قادری حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101010023455733

ناو: قادر
نازناو: شێخ قادری حەفید
ناوی باوک: شێخ سەعید شێخ محەمەد حاجی کاک ئەحمەد شێخ مارفی نۆدێ
ساڵی لەدایکبوون: 1895
ڕۆژی کۆچی دوایی: 15-03-1967
شوێنی لەدایکبوون: شاری سلێمانی
شوێنی کۆچی دوایی: سلێمانی
ژیاننامە
لە ساڵی 1895 لە دایک بووە و لە ساڵی لە 15-03-1967 کۆچی دوایی کردووە .
ناوی تەواوی، شێخ قادر کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مەعروفی نەودەهی کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەلی (وەندرینیە) ، ڕەچەلەکیان

دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عیسای بەرزنجی کوڕی شێخ بابە عەلی هەمەدانی.حەپسەخانی نەقیب و شێخ قادری هاوژینی
شێخ قادر برای شێخ مەحمودی حەفید بووە، هاوسەری خاتوو حەپسەخانی نەقیب بوو ..
شێخ قادر لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و زانست و زانیاری لەسەر دەستی زاناکانی ئەو شارە خوێندووە، کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، لەگەڵ شێخ مەحمودی برای ڕووی کردە باشووری ئێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئینگلیزی.
لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود، شێخ قادر پلەی سەرۆک وەزیرانی پێدرا (بەمەش بووە یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کوردی) ، جگە لەم پلەیەش شێخ قادر پلەی سوپا سالاری پێدرابوو.
دوای کۆتایی هاتنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، هەڵبژاردن لە شاری سلێمانی ئەنجامدار و لەو هەڵبژاردنە شێخ قادر بووە نوێنەری سلێمانی لە ئەنجوومەنی دامەزراندنی ئێراق (پەرلەمانی ئەو کاتی ئێراق) ، دواتر لە ساڵی 1925 بووە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان، بەڵام ئەندامیەتییەکەی ڕەتکرایەوە بەهۆی ئەوە تەمەنی نەگەیشتبووە ڕادەی یاسایی بۆ ئەم ئەنجوومەنە.
دواتر وازی لە کاری سیاسی هێناوە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و چووتەوە گوندی (تەنگی سەر) لەوێ هەندێک زەوی و زاری هەبووە و خەریکی کاری کشتوکاڵی بووە.
دیوەخانێکی گەورەی هەبوو ولەگەڵ خێزانەکەی حەپسەخانی نەقیب پێشوازییان لەمیوانان دەکرد و هەموو کات دیوەخان ئاوەدان بووە.
دوای خۆی کوڕێکی بەجێهێشتووە کە ناوی بەختیار بووە بەڵام ئەم کوڕەی لە ژنێکی دیکە بووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

بیروباوەڕی سیاسی: نەتەوەیی | جۆری خوێندن: ئایینی (کۆلێژی شەریعە - حوجرە) | جۆری کەس: پەرلەمانتار | چالاکی سیاسی | سیاسەتمەدار | ناسراو | وەزیر | کەسایەتی | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان (لەدایکبوون): سلێمانی | شار و شارۆچکەکان (نیشتەجێبوون): سلێمانی | شار و شارۆچکەکان (کۆچی دوایی): سلێمانی | شوێنی نیشتەنی: کوردستان | لەژیاندا ماوە؟: نەخێر | نەتەوە: کورد | هۆکاری گیان لەدەستدان: مەرگی سروشتی و نەخۆشی | وڵات (لەدایکبوون): باشووری کوردستان | وڵات (نیشتەجێبوون): باشووری کوردستان | وڵات (کۆچی دوایی): باشووری کوردستان | ڕەگەزی کەس: نێر |

ڕۆژی لەدایکبوون: ~~00-00~~-1895

ڕۆژی کۆچی دوایی: 15-03-1967

فایلی پەیوەندیداریدار:

جەنابی شێخ قادری حەفید

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1895-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1967-03-15	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ قادرێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
شێخ مارفی نۆدێ	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مارفێ نۆدێ	ژیاننامە	کرمانجی	
وینەیەکی کۆن و دەگمەن و مێژوویی کە لە بۆنەی شەکراو خواردنەوەی شاژنی کوردستان حەپسەخانی نەقیب دا گیراوە لە ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی وێنەکۆنەکانی سلێمانی
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: وێنە و پێناس

بابەت: 47

شێخ لەتیفی حەفید زادە و حەمە شەریف بەگی وەیسە هاوکار و باوەڕپێکراوی شێخ مەحمودی حەفید و بەشداربووی شۆڕشی شێخ مەحمود

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20150418122725723201

شێخ لەتیفی حەفید زادە و حەمە شەریف بەگی وەیسە هاوکار و باوەڕپێکراوی شێخ مەحمودی حەفید و بەشداربووی شۆڕشی شێخ مەحمود. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

سکۆپی وێنە: ڕەش و سپی | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

پاگاو شبخ مەحمووڎی دلي میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی
حەمە شەریف بەگی وەیسە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
داوازیەکێ شبخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغذاڎ	کورتەباس	هەورامی
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پەیوەنیی میانو شبخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی
شێخ لەتیفی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوماقوڵان و کەسایەتی هۆزە کوردەکان لە کفری، ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شبخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی
شبخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شبخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی
نامەکێ شبخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان
کاتی تۆمارکردن: 2015-04-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 48
شێخ مارف دۆزەخدرە و شێخ مەحمودی حەفید
[20190105130424184093=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20190105130424184093)

لە ڕاستەوە: 1- شێخ مارف دۆزەخدرە، 2- شێخ عەبدولقادر دۆزەخدرە، 3-شێخ مەحمودی حەفید.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	

شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کەناڵی کۆنەواری کوردەوار لە تیلیگرام
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-05
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 49
شێخ محەمەدی بەرزنجی جارێک لە سولەیمانی لە مزگەوتی گەورە وەعزی ئەدا، شێخ مەحموود و سەی نووری و عالەمێکی زۆری لێ بوو

20250727162754648508=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شێخ محەمەدی بەرزنجی جارێک لە سلێمانی لە مزگەوتی گەورە وەعزی ئەدا، شێخ مەحموود و سەی نووری و عالەمێکی زۆری لێ بوو، وەعزەکە ئەو ڕۆژەی لە بابەت خراپی عەرەقخواردنەوەوە بوو، وتی: ئەو عالەمە چەند بێ عەقڵن؟ بۆ کەیف و خۆشی نیو سەعات ئەچن دە قڕان ئەدۆڕێنن ئەیدەن بە قاپێ عەرەق قوزەڵقورتی ئەکەن. عزەتی فاتە لە کۆڕەکەدا بوو هەر کتوپڕ هەستا و وتی: دە سا شێخ بەو مەرقەدی کاکە حەمەدە ئەگەر وابێ چوار قڕانیان خەلەتاندووی، قاپێ عەرەق زۆر چاک بە ڕوپیە و نیوێکە شێخ مەحموود ئەوان هەموو دەست ئەکەن بە پێکەنین. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
شێخ محەمەدی بەرزنجی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 2؛ نوسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 787

کاتی تۆمارکردن: 2025-07-27
ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 50
شێخ مەحمود و شاندێکی بەریتانی لە بەرزایەکانی نزیک شارۆچکەی خورماڵ ساڵی 1927
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220102143917400104



شوێن: خورماڵ
ڕۆژ یان ساڵی گیرانی وێنەکە: 1925
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: وێنەیەکی دەگمەنی شێخ مەحمود و شاندێکی بەریتانی لە بەرزایەکانی نزیک شارۆچکەی خورماڵ ساڵی 1927
مەبەست لەهاتنی شاندەکە گفتوگۆکردن بووە لەسەر ئاگربەست و ئازادکردنی دیلەکانی ئینگلیز بەتایبەت دوو ئەفسەرە فڕۆکەوانەکە
دوای ڕێکەوتن لەسەر ئاگر بەستەکە شێخ محمود بڕیاری ئازادکردنی دیلەکانیداو پاشان شاندێکی سەرکردایەتی شۆڕش سەردانی شاری بەغدا دەکەن و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بەریتانیا کۆدەبنەوە بە مەبەستی گفتوگۆ لەبارەی ئاییندەی کوردستان و چارەسەری پرسی کورد لەژێر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی عصبە الأمم.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | وڵات: باشووری کوردستان | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژوویە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی مێژوو بۆ کورد

کاتی تۆمارکردن: 2022-01-02

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 51
شێخ مەحمود و هاوەڵانی لە سلێمانی ساڵی 1923
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220402234254409871

شوێن: سلێمانی
ڕۆژ یان ساڵی گیرانی وێنەکە: 1923
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: (شێخ مەحمودی حەفید و هاوەڵانی)
ناوی وێنەگر: (نەناسراو). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژووییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ادهم شیخو

کاتی تۆمارکردن: 2022-04-02
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: ژیاننامە

بابەت: 52

شێخ مەحمودی حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20081110144250237



دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستان و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان، شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخە.
ساڵی 1881 لە سلێمانی لەو بنەماڵە ئایینیە بەناوبانگە لەدایکبووە، دوای هەرەسهێنانی میرنشینی بابان دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کەوتە دەست ئەو بنەماڵەیە.
شێخ مەحمود بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندنو مامۆستایانی وەک عەبدوڵلا ئەفەندی و عەبدوڵلا زێوەر دەرسیان پێوتوە.
هێشتا منداڵ بووە کە لەگەڵ باوکیدا سەردانی ئەستەمبوڵی کردووە و لەوێ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێشوازی لێکردوون.
ساڵی 1908 بەپیلانی تاقمی ئیتیحاد و تەرەقی لە شاری موسڵ شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای شەهیدکران و ئیتر ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی شێخ مەحمود کە لەو کارەساتەدا زۆر بەزەحمەت ڕزگاری ببوو.

شێخ مەحمودی حەفید وەک شەخسییەتێکی موسڵمان، ساڵی 1915 بەشدارییەکی کاریگەرپی کرد لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دژ بە ئینگلیز لە ناوچەکانی (کوت و شوعەیبە)، بەخۆی و چەند سەد سوارێکی کوردەوە بەرگرییەکی قارەمانانەیان نواند.
ساڵی 1918 کاروباری شاری سلێمانی گرتەدەست.
لە 18-06-1919 دا ئینگلیز بە تۆپو فرۆکە و هێزێکی گەورەی بێشوومارەوە بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ فرایزەر لە دەربەندی بازیان پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحمودی دا.
لەو شەڕەدا هێزەکانی شێخ مەحمود قارەمانێتییەکی زۆریان نواند و قوربانییەکی گەورەیان بەخشی، بەڵام ئاکامی شەڕەکە بە سەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیز کۆتاییهات.
شێخ مەحمود بەبرینداری لەپاڵ بەردەقارەماندا دەستگیر کرا، لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا بڕیاری لەسێدارەدانی درا، بەڵام لەژێر گوشاری ڕای گشتی داو لە ترسی بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورەی کورد، ئەو حوکمە گۆڕا بە حوکمی دە ساڵ زیندانی و شێخ مەحمودیان دوور خستەوە بۆ هیندستان.
دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ ماوەی سێ ساڵ بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەی ئاڵۆزتر کرد، بۆیە ساڵی 1922 ڕێیپێدرا بگەڕێتەوە کوردستان و هەر هەمان ساڵ شێخی نەمر لە سلێمانی حکومەتی کوردستانی دامەزراند و هەموو تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ پتەوکردنی ئەو حکومەتە، بەڵام سیاسەتی ئەو سەردەمەی گەورە هێزەکانی دنیا دژی ئامانجەکانی گەلی کورد بوون و ئینگلیز بەتەواوی پشتگیریی لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێراق دەکرد و لەشکرکێشییان دەکردە سەر کوردستان.
شێخ مەحمودی حەفید ماوەی چەند ساڵێک شەڕی پارتیزانی درێژە پێداو دوا جار لە ئاکامی گەلە کۆمەکێی هێزە ناوچەییەکان و هێزە گەورەکانی جیهان، شێخ مەحمود ساڵی 1926 دەستی لە چالاکی سیاسی و سەربازی هەڵگرت و لە گوندی پیران دانیشت.
بەڵام کە ڕاپەڕینەکەی خەڵکی شاری سلێمانی لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی 1930 خڵتانی خوێن کرا، شێخ مەحمود دەستیدایەوە چالاکی دژ بەهێزی ئینگلیزو هێزی حکومەتی ئەو سەردەمەی ئێراق و چەند نەبەردێکی تۆمار کرد، لەوانە شەڕی ئاوباریک و شەڕی کەناروێ و شەڕی سووورداش. بەڵام پارسەنگی هێزە سەربازیی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لە بەرژەوەندی کورد دا نەبوون، بۆیە شێخ مەحمود لە ساڵی 1931دا کەوتە دەست دوژمنانی کورد و بە دەستبەسەری لە بەغدا و ناوچەکانی تری ئێراقدا خرایە ژێر چاودێرییەوە. بەڵام لەبەر ناهاو (کوف)ی لەچەک و تەقەمەنی و هێزی شەرکەر بۆیە شێخی نەمر ناچاربوو لە ڕۆژی 13-05-1931دا خۆی بەدەستەوەبدات. پاشان دورخرایەوە بۆ بەغدا و سەماوە و لە دواییدا بۆ ناسریە، دواتر گەڕێنرایەوە بۆ بەغدا، تاکوو لە ساڵی 1941دا لە کاتی شەڕەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) لە دژی بریتانیا خۆی لە ژیانی دەستبەسەری لە بەغدا ڕزگارکرد و گەڕایەوە کوردستان و چوو لە گوندی داری کەلی دانیشت.
ئەم گەورە پیاوەی کورد جگە لەوەی کە جێپەنجەی بەسەر هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ئێراقەوە هەیە، شەخسییەتێکی کۆمەڵایەتی گەورەش بوو. خوێندەوارێکی بەسەلیقە و شاعیرێکی بەهرەداریش بوو. پێکهاتە و حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تری شێخ مەحمود نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتووە بایەخیداوە بە خەڵکی ڕۆشنبیر و زۆربەی ئەفسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان بە شۆڕش و حکومەتەکەیەوە کردووە.
شێخی نەمر لە خەباتی پارتیزانیشدا ڕۆڵی خوێندەوار و ڕۆشنبیری بەرز نرخاندووە، بۆیە چاپخانەکەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) ی لە ئەشکەوتی جاسەنە-دا جێگیر کرد.
بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە لە ڕووی ئیداریی و سەربازیی و دیپلۆماسییەوە شێخ مەحمودی نەمر هیچی کەمتر نەبووە لەو پاشا و ئەمیرانەی کە لەدەورو پشتی کوردستاندا پشتگیرییان لێکراوە.
مەلیکی کوردستان شێخ مەحمود ڕۆژی 09-10-1956دا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کۆچی دوایی کرد

و تەرمی پیرۆزی بەڕیزێکی زۆرەوە لەناو ئاپۆڕەی خەڵکانی دڵسوزی شێخی نەمر و کورد و کوردستان لە تەنیشت گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بەخاک سپێردرا.
ڕێورەسمی پێشوازیکردن لە تەرمەکەی و بەخاک سپاردنی بوونە پریشکی هەڵگیرسانەوەی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە کوردستاندا.
کۆچی دوایی شێخ مەحمودی حەفید زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی خەڵکی کوردستان گەیاند، بۆیە زوربەی شاعیران و نووسەرانی کورد هۆنراوە و بەرهەمیان بۆ نووسیوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: چالاکی سیاسی | هۆزانەوان - هۆنەر | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان (لەدایکبوون): سلێمانی | شوێنی نیشتەنی: کوردستان | لەژیاندا ماوە؟: نەخێر | میرنشین: بابان | نەتەوە: کورد | وڵات (لەدایکبوون): باشووری کوردستان | ڕەگەزی کەس: نێر |
ڕۆژی لەدایکبوون: ~~00-00~~-1881
ڕۆژی کۆچی دوایی: 09-10-1956
فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1881-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1956-10-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
The Kingdom of Iraq and Sheikh Mahmud Barzanji's Kingdom of Kurdistan	کورتەباس	English	

ئامادەیی شێخ مەحمودی نەمری کوڕان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست
ئایشە خانی شێخ مارفی نەقیب	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
ئایشە خانی هاوسەری شێخ مەحمودی حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
ئەمە نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید یەکەم مەلیکی کوردستان لە 03- 08-1927 بۆ محەمەد بەگی موغاغی	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
ئەو سێ کەسەی کە کاندید بوون بۆ یەکەم موتەسەریفی سلێمانی ساڵی 1924	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
ئەوکاتەی شاعیر مەلیکی کوردستان بوو نەک جەردە!	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست
الشيخ محمود الحفيد البرزنجي و النفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام 1925	پەرتووکخانە	عربي
باڵیۆزی بەریتانیا و شێخ مەحمودی حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
بۆ شێخ تەوقەی لەگەڵ ئینگلیز نەکرد؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بۆردوومانی شاری سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموود لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیا وە ساڵی 1924	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
بیرەوەری قارەمانی کورد شێخ مەحموود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بەریتانیا بەفەرمی داوای لێبوردن لەکورد و بنەماڵەی شێخ مەحمود دەکات	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
بەهێ خان	ژیاننامە	کرمانجی
بەهێ خان	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
پادشاهی کوردستان	کورتەباس	فارسی

پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی
پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنووبی	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
پوولی حکومەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی (مەلیک مەحمودی حەفید)	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
تۆ قەڵەمت بە دەستەوەیە، قەڵەم لە شیر بە بڕشترە!	کلتوور - گاڵتەوگەپ	کوردیی ناوەڕاست
چەند خەسڵەتێکی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
چەند ڕاستی یەک دەربارەی مۆرکردنی ڕێک کەوتننامەی ساڵی 1927 لە نێوان شێخ مەحموود و کاربەدەستاندا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
حاجی کاک ئەحمەدی شێخ	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
حقائق بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنای ئیستقلالی کوردا	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
حەپسەخانی نەقیب کێیە و پەیوەندی بە شێخ مەحمودی حەفیدەوە چییە؟	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست
داخوازییەکانی کورد لە مانگی 6ی 1931	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی
دوێ گرفتێ کە یبێ بە مایێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی
دڵ لە بەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست
دیوانی ئاوارە؛ شێعرەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی بەرزنجی	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
دیوی شاعیرانەی شێخ مەحموودی نەمر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

دیوەخانی شێخ مەحمودی حەفید لە داریکەلی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
دەقی نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) عصبە الامم پاریس 21 مارس 1931	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
سلێمانی.. نۆژەنکردنەوەی بارەگای مەلیک مەحموود لە قۆناغی کۆتاییدایە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
سووورداش	شوێنەکان	کوردیی ناوەڕاست
سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و شێخ مەحمودی حەفید لە بیستەکانی سەدەی بیستەم	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شکار	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست
شۆڕشگێڕێتی سابیربەگ وعەبدوڵلا بەگ وئەحمەد بەکی کوڕانی کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆک هۆزی هەمەوەند	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
شۆڕشی نیشتمانی؛ سەردار و قارەمانانی گەلی کورد 24-07-1958	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
شۆڕشەکانی شێخ مەحمود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
شیخ محمود حفید	کارە هونەرییەکان	فارسی
شێخ غەریبی باساک	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
شێخ قادر حەفید برای شێخ محمود لە ساڵانی 1920	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ قادری حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مارف دۆزەخدرە و شێخ مەحمودی حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمود حەفیدزادە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست

شێخ مەحمود مەلیکی کورد	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمود و شاندێکی بەریتانی لە بەرزایەکانی نزیک شارۆچکەی خورماڵ ساڵی 1927	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمود و هاوەڵانی لە سلێمانی ساڵی 1923	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	هەورامی
شێخ مەحمودی حەفید	کارە هونەرییەکان	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید ئەندێشەیەکی ئازاد، ئەزمونێکی ئازادیخواز	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید باسی چالاکییەکانی خۆی دەکات	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ دوو کوڕەکەی شێخ ڕەئوف و شێخ بابە عەلی لە شاری سلێمانی لە ساڵی 1923دا	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوماقوڵان و کەسایەتی هۆزە کوردەکان لە کفری، ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید و بەرپرسێکی بەریتانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید و تۆفیق وەهبی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید و حاجی ئیبراهیم ئاغای خەفاف لە ساڵی 1955 لە شاری سلێمانی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید و سەردار ڕەشید فەرمانڕەوای بانە	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید و ماجید مستەفا لە شاری کەرکووک لە ساڵی 1927	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
شێخ مەحمودی حەفید و مەلا کاکە حەمە و حەمەکەریم سەلیم خان ساڵی 1951	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست

شێخ مەحمودی حەفید و ڕەفیق حیلمی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید، ساڵی 1942	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی نەمر پاشای نیشتمانێکی دزراو	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمووی زیندوو	کارە هونەرییەکان	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمووی مەلیک لە دەوری سولەیمانی بوو، شەڕی لەگەڵ ئینگلیز و حوکوومەتی عێراقدا ئەکرد	کلتوور - گاڵتەوگەپ	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ نووری نەقیب و شێخ مەحموودی حەفید لەگەڵ کۆمەڵێک لە چەکدار و پاسەوانەکانی لە شاری سلێمانی لە ساڵی 1928	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگاریٚ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
شەهیدێکی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ساڵی 1919	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی ئاوباریک، ئەو شەڕەی لە قووڵایی گەرمیاندا کرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی دەربەندی بازیان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی سورداش	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی شوعیب و بەشداری شێخ مەحمود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
گریان و خۆشی	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	

گریانی شێخ مەحمودی حەفید و خیانەتی هاوەڵانی	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
گفتوگۆیەکی نێوان شێخ مەحمودی حەفید و د. جەمال نەبەز لە ساڵی 1956	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
گورزێک لە یەکەی سوارەی سوپای عێراقیی لە سلێمانی	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
لاپەڕەیەکی پڕشنگداری سەردەمی شێخ مەحمود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-شێخ مەحموودی حەفید قارەمانێکی بەوەفاو جگەرسۆز بوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مودەتێ	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
مونیرە ساڵح عەبدولڕەحمان	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 03	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 04	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 05	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیدا؛ بەرگی 01	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مەلا کرێکار باسی شێخ مەحمودی حەفید دەکات	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	

ناردنی شاندو نامە بۆ وڵاتان لەلایەن شێخ مەحمود لەپێناوی ماف و چارەسەری دۆزی ڕەوای کوردابووە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
نامەکانی شێخ مەحمودی حەفید؛ بەرگی 03	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
نامەکۍ شېخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان - عصبة الامم پاریس 21 مارس 1931	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ دکتۆر قوتبەدین	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ شێخ عەبدولکەریم	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
ناوبژیوانییەکی (شێخ مەحمودی حەفید) لە چەند بەڵگەنامەیەکدا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
ناوبژیوانییەکی "شێخ مەحمودی حەفید" لە چەند بەڵگەنامەیەکدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نوربەخشی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
نوربەخشی؛ دۆکیۆمێنتارییەک دەربارەی پەخشانە ئەدەبی و مەعریفییەکانی شێخ مەحمودی حەفید	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	
نەوەیەکی شێخ مەحمودی حەفید پرسیار لە باڵیۆزی بەریتانیا دەکات بۆچی بەریتانییەکان پاشگەزبوونەوە لە درووستکردنی دەوڵەتی کوردستان؟	ڤیدیۆ	کوردیی ناوەڕاست	

هەواڵی مەلیک مەحموود لە رۆژنامە ڕوسییەکاندا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی شێخ مەحمودی حەفید	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
وێنەی یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی باشوری کوردستان شێخ عەبدولقادر حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
وێنەیەکی دێرینی چەند کەسایەتیەکی ناسراو لە ماڵی شێخ مەحمودی حەفید بە یادی ڕێکەوتنی ساڵی 1964	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
وێنەیەکی شێخ مەحمودی نەمر لە جەژنی مەولودی پێغەمبەر لە مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم لە شاری بەغدا	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
وەستانی شەڕ و ئومێدی گەشەکردنی سلێمانی	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 - توێژینەوەیەکی مێژوویە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کفنی شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کورد و شەڕی شوعەیبە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کۆترەکانی مەلیک مەحمود بۆچی یاخی بوون؟	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | کوردیپێدیا دڵنیا نییە کە دروست سەرچاوەی ئەم بابەتە لە کوێوەیە! یارمەتیمان بدە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکەی

کاتی تۆمارکردن: 2008-11-10

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 53
شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925)
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20111018102920624182

ناونیشانی پەرتووک: شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925)
ناوی نووسەر: ئومێد حەمەئەمین
ساڵی چاپ:2008. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2008

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

QR	زمان	پۆل	ناوی بابەت
	کوردیی ناوەڕاست	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	2008-01-01
	Kurmancî	ژیاننامە	Şêx Mehmûdê hefîd
	هەورامی	کورتەباس	پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵی میللەتو کوردینە
	هەورامی	کورتەباس	داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ
	هەورامی	کورتەباس	دوێ گرفتێ کە بیێ بە مایێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی
	کوردیی ناوەڕاست	ژیاننامە	شێخ مەحمودی حەفید
	کرمانجی	ژیاننامە	شێخ مەحمودێ حەفید
	کوردیی ناوەڕاست	کورتەباس	شێخ مەحموودی حەفید
	هەورامی	کورتەباس	شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی
	هەورامی	کورتەباس	شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی
	عربي	کورتەباس	علاقة الكرد بالقوى الأجنبية.. ضرورة لحماية الوجود
	کوردیی ناوەڕاست	کورتەباس	لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید
	هەورامی	کورتەباس	مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی
	هەورامی	کورتەباس	نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی

وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 - توێژینەوەیەکی مێژووییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2011

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

پۆل: پەرتووکخانە

بابەت: 54

شێخ مەحمودی حەفید ئەندێشەیەکی ئازاد، ئەزمونێکی ئازادیخواز

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220903221731431903



ناونیشانی پەڕتووک: شێخ مەحمودی حەفید ئەندێشەیەکی ئازاد، ئەزمونێکی ئازادیخواز

ناوی نووسەر: شێخ فوئاد بەرزنجی

ساڵی چاپ: 2022

ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بیبلۆگرافیا | بەڵگەنامەیی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |

رۆژی دەرچوون: 2022-~~00-00~~

فایلی پەیوەندیدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئەزموون	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغدا	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ فوئاد بەرزنجی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 - توێژینەوەیەکی مێژووییە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (diakobahman)ەوە لە ڕۆژی 2025-03-10 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: ڤیدیۆ
بابەت: 55
شێخ مەحمودی حەفید باسی چالاکییەکانی خۆی دەکات
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260828215333701370
ڤیدیۆ: شێخ مەحمودی حەفید باسی چالاکییەکانی خۆی دەکات
ڕێکەوتی دەرچوون: 2026-08-03
ئەم ڤیدیۆیە بە زیرەکی دەستکرد درووستکراوە لە لایەن پەیجی (دیدگای داریڤان) لە تیکتۆک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | هونەری | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: 2026-08-03
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2026-08-03	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە بەڵگە فیلمە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فیلمە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ تیکتۆک؛ پەیجی (دیدگای داریڤان) ڕێکەوتی 2026-08-03
کاتی تۆمارکردن: 2026-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 56
شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ دوو کوڕەکەی شێخ ڕەئوف و شێخ بابە عەلی لە شاری سلێمانی لە ساڵی 1923دا
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250611115459639798

شوێن: سلێمانی
ساڵی گیرانی وێنەکە: 1923
پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2024
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە مابێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگاریێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەلامەتەکێ کۆتایێ ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە بەڵگە فیلمە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فیلمە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (کۆک Kok) ڕۆژی 2024-02-28

کاتی تۆمارکردن: 2024-05-03

ناوی تۆمارکار: شادی ئاکۆیی

پۆل: ڤیدیۆ
بابەت: 85
گفتوگۆیەکی نێوان شێخ مەحمودی حەفید و د. جەمال نەبەز لە ساڵی 1956
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240125162853546372
ڤیدیۆ: گفتوگۆیەکی نێوان شێخ مەحمودی حەفید و د. جەمال نەبەز لە ساڵی 1956
ساڵی ئامادەکردنی ڤیدیۆ: 2022
ئامادەکردنی ڤیدیۆ: پەیجی دەزگای میدیایی کۆک لە فەیسبووک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2022
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2022-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شیخ مەحمووڎی دلٟی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکٟی شیخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیی بە ماێ تێکشیەی پیوەنیی میانو شیخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شیخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگاریٚ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شیخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکٟی کۆتایی ئامای شۆڕشو شیخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکٟی شیخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە بەڵگە فیلمە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فیلمە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ یەیجی (شێخ مەحموود حەفید) ڕۆژی 25-01-2024

کاتی تۆمارکردن: 25-01-2024

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 86

گورزێک لە یەکەی سوارەی سوپای عێراقیی لە سلێمانی

20241119105912609146=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1


nom n'a pas encore été dévoilé. Il était venu à Sofia avec un passeport hongrois ; il était connu sous le pseudonyme de Dembo. Il avait réussi à circonvenir de nombreuses personnes non communistes.

BAGDAD. — Les forces du cheik Mahmud, chef kurde, ont attaqué un régiment de cavalerie iraquien, dans la région de Sulaimani, lequel a dû rétrograder, en subissant des pertes sérieuses.

ROME. — Le Pape a reçu 500 pèlerins scandinaves.

LE CAIRE. — Un incendie a détruit une centaine d'habitations indigènes, dans le district de Fayoum. On compte trois morts et quelques blessés.

گورزێک لە یەکەی سوارەی سوپای عێراقیی لە سلێمانی

بەگوێرەی ڕۆژنامەی Les Nouvelles کە بە فەرنسیی لە ڕۆژی 24-05-1925 دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە:
هێزەکانی شێخ مەحموود کە سەرۆکێکی کوردە، هێرشی کردۆتە سەر یەکەیەکی سوارەی لەشکری عێراقیی لە سلێمانی و زیانێکی زۆری پێ گەیاندووە. [1]
تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 1925-05-24

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1925-05-24	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | سلێمانی لەچەند رۆژنامە بەڵگەیەکی فەرەنسی و ئینگلیزییدا، یاسین سەردەشتی، 2022، لاپەڕە 61

کاتی تۆمارکردن: 2024-11-19

ناوی تۆمارکار: شادی ئاکۆیی

پۆل: کورتەباس
بابەت: 87
لاپەڕەیەکی پڕشنگداری سەردەمی شێخ مەحمود
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240826212203593170

لاپەڕەیەکی پڕشنگداری سەردەمی شێخ مەحمود
رەوف عوسمان
٥٣

لاپەڕەیەکی پڕشنگداری سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید
لێکۆڵەر: ڕەئوف عوسمان مەعروف
گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ؛ گۆڤارێکی وەرزی لێکۆڵینەوەیە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەریدەکرد.
ژمارە 123؛ لاپەڕە 53-55. [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی لاپەڕەیەکی پڕشنگداری سەردەمی شێخ مەحمود

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: سکێنکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئێراق |
ڕۆژی دەرچوون: 1989-09-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1989-09-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | iqra.ahlamontada.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-08-26
ناوی تۆمارکار: کاکۆ پیران

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 88

لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود دا، دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ خانەنشین، مناڵی بێ باوک و بێوەژن هەبووە

20211226132738399618=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مبدأ تخصيص صورت تخصيص شرط تخصيص صورت قطع

تاريخ و نومروى امر و معامله :

بەڵگەنامەکە

بەڵگەنامەکە بریتییە لە بەرگێکی ڕەق کە چەند پەڕەیەکی تیادایە بۆ تۆمارکردن، پێی دەوترێت جزدان. لە دوبەرگی جنسییەی کۆن دەچێت کە چەند پەڕەیەکی تیادا بێت. لە سەر لاپەڕەی یەکەم (بە زمانی ئێستا دەیاننوسمەوە) ئەمانە چاپ کراون:

جزدانی بژێوی خانەنشین، هەتیوان و بێوەژنان.

سەربازیی و مەدەنیی

بڕی بژێوو

بە ژمارە بە نوسین

ناو و ناسناو

هەروەها بە زمانی ئەوکاتە چاپ کراوە:

مەبدەئی تەخسیس سورەتی تەخسیس شەرتی تەخسیس سورەتی قەتع

تەئریخ و ژمارەی ئەمرو موعامەلە.

لە سەر لاپەڕەکانی دی خشتەیەک چاپ کراوە لە ژێر ئەم سەردێڕانەدا: ناوی مانگ، پارە بە عانەو ڕوپیە، ڕۆژی پارەدان و شوێنی ئیمزا (1).

بە گوێرەی خشتەی سەر لاپەڕەی ئەوجزدانە ساڵ لە مانگی مارتەوە کە مانگی نەورۆزە، دەست پێ دەکات و لە مانگی شوباتدا کۆتایی دێت.

نوسخەی بەردەست

ئەم جزدانەی ماوەتەوە هی خانەنشینیی ڕەعناخانی کچی زانا شێخ ئەحمەدی فایزە. شێخ محەمەدی هاوسەری ڕەعناخان قازی بووە لە سلێمانی. دواى داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەوە لە مانگی شەشی ساڵی

(1919)دا، شێخ محەمەد ڕو دەکاتە ڕۆژهەڵات و پێش ساڵی 1922 لە گوندی بێتوش کۆچی دوایی دەکات، بێوەژنێک و سێ منداڵی لە دوا جێ دەمێنێت.
بە گوێرەی ئەم جزدانە ڕۆژی 1922/11/21 بە ئیمزای سەرۆکی دارایی، ڕەعنا شێخ ئەحمەد فایز بڕیاری 200 ڕوپیەی مانگانە خانەنشینیی بۆ دراوە کە پەیوەندیی بە موچەی مێردەکەیەوە بووە. فەرمانەکە لە سەر بڕیاری دیوانی وەزیران دراوەو مەلیکیش ئاگادار کراوە. بڕیارەکە لە ڕۆژی (1922/11/19)دا لە لایەن کاتبی مەسرەف، ژمێریاری دارایی و سەرۆکی دارایی کوردستانەوە ئیمزا کراوە. ئەوکات عەبدولکەریم عەلەکە وەزیریی دارایی بووە.
لە مانگی یانزەدا کە بڕیارەکەی تیادا دراوە، ئیمزای 60 ڕوپیە لە سەر کارتەکە کراوە.
مانگی 12 هەتا مانگی دو 200 ڕوپیە هەموو مانگێک دو ئیمزایان لەسەر کراوە. ئیمزایەکیان لەوە دەچێت ئیمزای ژمێریاری دارایی بێت.
لە مانگی سێدا ساڵی تازە دەستی پێ کردووە 1339 کە دەکاتە ساڵی 1923.
لە مانگی سێی (1923)دا 200 ڕوپیە وەر گیراوە. لە تەنیشت پارەکەوە نوسراوە کە بە فەرمان و ڕەزامەندیی سەرۆکی دارایی لە ئەشکەوت وەر گیراوە.
مانگی چوار لە تەنیشت بڕە پارەکەوە نوسراوە لە شاربازێڕ وەر گیراوە.
مانگی پێنج و شەش بە سپێتیی ماونەتەوە.
مانگی حەوت و هەشت لەوە دەچێت بە یەکەوە لە (25)ی مانگی هەشتا دو دوسەتیی درابێت. لە سەر کارتەکە نوسراوە بە سەنەد لە خەزێنە دراوە.
لە مانگی نۆدا لە جزدانەکە نوسراوە بە فەرمانی سەرۆکی دارایی 50 ڕوپیەیان لە خانەنشینییەکە دا شکاندووە.
مانگی نۆ 150 ڕوپیە لە لایەن کاتبی مالییەوە ئیمزا کراوە.
مانگی دەش 150 ڕوپیە بۆ دوا جار دراوە.
ساخکردنەوەی بەڵگەنامەکە
مەلیک مەحمود ڕۆژی 1922/09/22 لە هندستانەوە پاش بەربوونی دەگاتەوە سلێمانی. دوای هەژدە ڕۆژ، کە ماوەیەکی کەمە، بۆ جاری دووەم حکومەتی کوردستانی دامەزراندەوە. ڕۆژی 1922/10/15 فەرمان دەر دەکات کە وەزیران ئاسایی دەبێت هەفتەی دو جار دوشەمەو پێنج شەمە کۆ ببنەوە. هەمووکاتێکیش بۆ کاری پێویست و پەلە دەتوانن حوکمدار ببینن. هەروەها ئامۆژگاریی وەزیران دەکات بۆ دروستکردنی بوجە و میلاکی سوپایی و مولکیی (مەدەنیی). چاودێری گشتیش ئاگادار دەکرێتەوە بۆ پشکنین و ڕێکخستن (2). شایانی باسە ئەنجومەنی وەزیران بڕیار دەدات دە هەزار ڕوپیە مانگانە خەرج بکرێت بۆ بەڕێوەچونی دیوانی حوکمدار. بەڵام حوکمدار ئەو بڕە پارەیە دەگێڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت بۆ ئەوەی بۆ پێویستیی نیشتیمان خەرج بکرێت (3).
بە پێی ئەو سیاسەتەی کە باسم کرد، دوای یەک مانگ و شەش ڕۆژ بڕیاری خانەنشینیی ڕەعنا شێخ ئەحمەد فایز دراوە. پێش ڕەعنا لە ئەو ماوەیەدا داوانامەی 232 کەسی تر بە ڕێ کراوە. بەڵام نازانرێت لە دوای جزدانی ژمارەی (233)ەوە چەند جزدانی دی دەر چووە؟ چونکە جزدانەکەی ڕەعنا شێخ ئەحمەد فایز ژمارە 233 مەرج نییە کە دوا جزدان بووبێت. لەبەر ئەوەی بڕیارەکە ڕۆژی (21)ی مانگی یانزە بۆ ڕەعنا دەر چووە، ئەو مانگە ڕەعنا پارەی نۆ ڕۆژی دراوەتێ کە کردوویەتە 60 ڕوپیە. لە دوای مانگی یانزەوە هەتا مانگی شوبات کە مانگی دووە، لە سلێمانی ئاسایی 200 ڕوپیە دراوە. بەڵام حکومەتەکەی مەلیک مەحمود ئەم جارەش زۆری نە خایاند. وەکو مەلیک مەحمود خۆی دەڵێت: ئینگلیز بۆ مەرامی خۆی منی دەوێت. منیش بۆ مەرامی گەلەکەم دەژیم. ئینگلیزەکان بۆیان دەر کەوت مەلیک بۆ پارەو بەرژەوەندیی شەخسیی پشت ناکاتە خاک و خەڵک، نابێت بە داردەستیان، هەر سورە لەسەر پرسی کوردو لە مانگی یانزەی هەر ئەو ساڵە 1922 بەیانی مەلیکیی کرد بەرانبەر بە مەلیکیی عێراق. بەڵام ئینگلیزەکان دایان نابوو باشوری کوردستان بخرێتە سەر عێراقی عەرەبیی. لەبەر ئەوە ڕۆژی 1923/02/09 فڕۆکەی بەریتانیا سلێمانی بۆمباران کرد. ماڵی کەریم بەگی خانزادەجوان نزیک

سەرای حکومەت، بەر بۆمبا دەکەوێت. دو ژن و سێ منداڵ بە کوژراویی لە ژێر داروپەردودا دەر دەهێنرێنەوە (109/2). لەبەر پاراستنی خەڵکی شار، مەلیک و حکومەت ڕۆژی 1923/03/02 سلێمانی چۆڵ دەکەن و بارەگا دەبەنە ئەشکەوتی جاسەنە. لە ئەشکەوت لە ژێر بۆمبارانی لە پەستای بەریتانییە دڕندەکاندا، سەیرەکە لە ئەوەدایە کە کاروبار بە ڕێکخراویی ڕۆشتووە. لە ئەو ماوە کورتەدا کە مانگێک و بیست ڕۆژ بووە، جگە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی بانگی هەق و کاروباری سەربازیی و سیاسیی، دەبینرێت بە ڕەزامەندیی و فەرمانی مدیری مالیە پارەی مانگی سێی بێوەژن و هەتیوو لە ئەشکەوت دراوە. لە دوای ناپاکیی حەوت ئەفسەری کورد، بە بردنەوەی چەک و تفاقی زۆر بۆ ناو ئینگلیزو هەروەها بۆمبارانی زۆری ئەشکەوتی جاسەنە، لەشکری کورد ڕو دەکەنە شاربازێر. لە شاربازێریش پارەی مانگی چوار لە بابکراوا دراوە. لە ڕۆژی (23)ی مانگی چوارەوە ئیتر لەشکری کورد ڕو دەکەنە دزڵی و ناوچەکانی سنورو خۆیان بۆ شەڕی پارتیزانیی ڕێک دەخەنەوە. شەڕو بۆمبارانی فڕۆکەی ئینگلیز، خەڵک و حکومەتی کورد لە یەک دا دەبڕن. مانگی پێنج و شەش جزدانەکە بە سپێتیی ماوەتەوە. بەڵام ڕۆژی 1923/06/16 مەلیک لە نامەیەکدا بۆ وڵاتپارێز ئەحمەد خواجە دەنوسێت:

نووری چاوم، کوڕم ئەحمەد! زۆر زەحمەتم دایت. پاش ڕۆشتنت مەقبوزەکان (وەسڵ) هات، لێم ببورە! ئیمڕۆ ڕۆژی (16)ی حوزەیران 1923 ئینگلیز سلێمانی تەخلییە (چۆڵ) کرد. تۆش وەرەوە بۆ سلێمانی. چاوەڕێت دەکەم، کوڕی خۆم (142/2).

بەم پێیە مەلیک و حکومەتەکەی لە ناوەڕاستی مانگی شەشدا دەگەڕێنەوە بۆ شار. لەسەر جزدانەکە پارەی مانگی حەوت و هەشت، هەر مانگەو 200 ڕوپیە، نوسراوە کە دراون. لەوە دەچێت پارەی هەر دو مانگەکە لە (25)ی مانگی هەشتدا درابێت. لە تەنیشت ئیمزاکەوە نوسراوە بە سەنەد لە خەزێنە دراوە. لەسەر جزدانەکە نوسراوە کە لە مانگی نۆدا بە فەرمانی سەرۆکی دارایی پەنجا ڕوپیە لە دوسەدەکە کەم کراوەتەوە. بۆیە مانگی نۆو مانگی دە ئیمزای 150 ڕوپیە لەسەر جزدانەکە کراوە. بەڵام ڕۆژی 1924/06/26 پێش هەتاوکەوتن، بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئینگلیز دەست پێ دەکاتەوە. هەتا ڕۆژی (28)ی مانگ بە خەستیی شار کوێرانە بۆمباران دەکرێت. کۆڵانەکان پڕ دەبن لە لاشەی کوژراو (152/2).

ڕۆژی 1924/07/13 مەلیک کە لەو کاتەدا لە سەنگاو بووە، لە نامەیەکی دیدا بۆ ئەحمەد خواجە دەنوسێت:

ئەوا ئەم جارەش کەوتینەوە ژێر بۆمبا. زوڵمی ئینگلیز گەیشتە ئەو پەڕی بێ ویژدانیی. دەچمەوە بۆ شارە وێران و لێقەوماوەکەمان. سبەینێ ئێوارە وەرەوە بمبینە (154/2).

ڕۆژی 1924/07/16 مەلیک سلێمانی چۆڵ دەکات. دوای دو ڕۆژ (18)ی مانگ پاشنیوەڕۆ، ئینگلیز شار داگیر دەکاتەوەو مێژووی جزدان و سیستێمی دڵنیایی کۆمەڵایەتیی کۆتاییان پێ دێت.

لێکدانەوەی بەڵگەنامەکە

بەڵگەنامەکە دەری دەخات کە حکومی مەلیک مەحمود نەک بە قسە بەڵکو بە ڕێکخستن و بە کردەوە ئاوەڕوی لە لاوازترین کەسانی کۆمەڵگا داوەتەوە کە خانەنشینان، بێوەژن و هەتیوون. هەرچەندە ماوەی هەردوو حوکمدارییەکەی یەکی لە شەش مانگ تێ نە پەڕیووە، لەگەڵ ئەوەشدا سیستێم و ئامانجی حوکمەکانی لە هی وڵاتانی پێشکەوتووی ئێستا کەمتر نەبوون. بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەکو سوید بۆ یەکەم جار ساڵی 1913 (واتە نۆ ساڵ پێش تەمەنی جزدانەکە) یاسای خانەنشینیی گشتیی دەر چووە کە پارەیەکی کەم و ژمارەیەکی دیاری کراوی گرتۆتەوە. ئەویش لە سویدێکی ئارام و لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازییدا. لە ساڵی (1918)دا: ئافرەت لە فەرەنسا بووە بە خاوەنخود (مالیکە نەفسی خۆی). لە دانیمارک دەرگای وردە ئیشی یاسایی بۆ ئافرەتانیش واڵا کراوەو ئافرەت بۆی هەبووە لە بەردەمی دادگادا شایەتیی بدات. لە ساڵی (1921) دا: لە دانیمارک ئافرەت مافی ئیشی حکومیی وەر گرتووە. لە سوید ئافرەتی شوکردوو بووە بە خاوەنخود و لە ساڵی (1922)دا ئیشی یاسایی دەکرێتەوە بۆیان. لە سوید یارمەتیی سۆسیال لە ساڵانی سییەکاندا پیادە کراوە.

جگە لە سیستێمی دڵنیایی کۆمەڵایەتیی، لە حوکمی یەکەمی مەلیک مەحموددا یەکسەر سێ قوتابخانە لە لە سلێمانی و یەکێکیش لە چەمچەماڵ کراوەتەوە. بە گشتیی لە هەردوو حوکمەکەدا ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان،

ئومێدی ئیستیقلال و بانگی هەق دەر کراون. بڕیار بە گفتوگۆ دراوەو لە کاتە چارەنوسییەکاندا خەڵکی فراوان بەشدارییان تیادا کردوون. مەلیک لای وابووە کە هەموو کارێک بە بیری سێ کەس تەواو بکرێت، پەشیمانیی لە دوا نابێت (189/2).
بەڵام بەریتانییەکان دڕندانە، وەکو دیبلۆمات و نوسەری سویدیی ئینگمار کارلسۆن دەیخاتە ڕو، بە بێ گوێدانە جوگرافیا، کولتور، نەژادو مێژوو ناوچەکەیان بە گوێرەی نەوت و سیاسەتی بەرژەوەندیی خۆیان لەت و پەت کرد (3). ئینگلیزەکان بە بێ دەست پاراستن لە ژن، منداڵ و ئاژەڵ بە بۆمبای ناپاڵم و کیمیاویی کوشتاری کوردیان کرد. مەلیک مەحمود داوای لێ کردن کە دەوڵەتێکیش بۆ کورد دروست بکەن و وەکو عێراق لە ژێر چاودێریی (ئینتیداب) خۆیاندا بێت. بەڵام بەرژەوەندیی ئینگلیزەکان دەوڵەتی بۆ کورد تیادا نەبوو. وەکو مێژوونوسی ئەمەریکیی دەیڤید فرۆمکین کاتی خۆی دەربارەی کۆنگرەی فێرسای بۆ ئاشتی، وتوویەتی: ئەو ئاشتییەی کە کۆتایی بە هەموو ئاشتییەک هێنا (121/4). ئینگلیزو فەرەنسا بناغەی ناکۆکیی و ئاژاوەیان دا مەزراند لە ئەو وڵاتانەدا کە نا سروشتییانە دروستیان کردن. کورد بو بە گەلێک کە هەتا ئێستا لە ئەو دۆزەخەدا لە خاکی خۆیدا دەچەوسێتەوە، کوشتارو کۆیلە دەکرێت. ئینگلیزەکان بە سوپا، پیلان و جاش بە سەر وڵاتپارێزانی کورددا سەر کەوتن و باشوریان خستە سەر عێراق. زۆر لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی تورکیان کرد، دوایی بون بە ملۆزم بۆ هەوڵەکانی مەلیک مەحمودو داهاتووی کورد. بە پێچەوانەی ئەفسەرە ئینگلیزەکانەوە کە لە پێناوی بەرژەوەندیی داگیرکاریی بەریتانیادا گەشتوبوونە کوردستان، ئەمان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دوای تورک ئنجا بون بە داردەستی ئینگلیز، لە نمونەی ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی لە دامەزرێنەرانی سوپای عێراقیش بوون بۆ گیانی کورد.
کوشتاری کورد لە لایەن ئینگلیزەکانەوە شوێنەواری نەما. بەڵام ئەو گەلە شکاوەی کە لە دوای کوشتارەکانەوە بەجێیان هێشت لە ڕێگای خوێندەوارانی کوردی ناپاکەوە چەواشە کرا. دوای سەد ساڵ لەو مێژووەوە کەسانێک لە نوسەرو خەڵکانی دی هەن کە هێشتا کەرێتیی بەری نە داون. لەسەر کێشی ئەوەی کە حەوا بۆیە لە بە هەشت دەر کرا چونکە لە سێوەکەی خوارد، دەهزرن شێخ مەحمودیش بۆیە ئینگلیز دەوڵەتی کوردیی بۆ دروست نە کرد چونکە ئامادە نە بوو دەست بخاتە دەستی ئینگلیزەوەو نامەی بۆ تورکەکان نوسی. وەکو ئەوەی کە ئەوانەی جاش و داردەستی ئینگلیز بوون هەر یەکە لە ماڵەکەیدا دەوڵەتێکی لە پاداشدا بۆ دروست کردبن و ئینگلیز خۆشی لەگەڵ تورک ڕێک نە کەوتبێت.
لە ڕاستییدا مێشک هێندە خراپ نییە مرۆڤ بتوانێت ئەوەندە پێی گەوج ببێت. نهێنییەکە لە شتێکی دیدایە کە مرۆڤەکە نایەوێت بیزانێت. گەلێکی شکاو ئەو شوێنەی بە خۆی ڕەوا بینی کە داگیرکەرەکەی بۆ دا نا. بەو چاوە نزمەش تەماشای خۆی دەکات کە داگیرکەرەکەی ئەمی پێ دەبینێت. وەکو وتراوە مێژوو لایەنی سەرکەوتوو دەینوسێتەوە. ئەو ئەقڵەی ئەمرۆی باشوری کوردستانیش ئەقڵێکە کە ئینگلیزەکان و داردەستەکانیان بۆ گەلێکی ژێردەستیان دا ڕشت پێی زەلیل و نەگبەت بێت. ئەگینا چ میللەتێکی ئاسایی هەیە کەسانێکی بە ڕوناکبیرو تاجی سەر زانیبێت کە سوپایان بۆ داگیرکەری وڵاتەکەیان دروست کردبێت یان پەیکەری بۆ کەسانێک دروست کردبێت کە داگیرکەری نیشتیمان خەڵاتی کردبێت لەبەر ئەوەی خزمەتی لەشکری داگیرکەرەکەی کردووە لە کوشتاری گەلەکەی خۆیدا ؟ ئەقڵێکی ئاوا گەلێک هەر دەتوانێت پێی ژێردەست و بێ موچە بێت.
ناسر حەفید
2021-03-31
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | وڵات: باشووری کوردستان | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) | ڕۆژی دەرچوون: 2021-03-31

فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئەحمەد خواجە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2021-12-26

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 89
لە زەمانی شێخ مەحموودا لەشکری شێخ مەحموو لە «جاسانە» ئەبن
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250430201252634597

لە زەمانی شێخ مەحموودا لەشکری شێخ مەحموو لە «جاسانە» ئەبن. تەیارە دێتە سەریان شپرزیان ئەکا. ئامۆزایەکی کوێخا حەسەنی کانی گۆمە هەبوو ئەویش لە لەشکرەکەی شێخ مەحموودا بوو. لەشکر شپرزە ئەبێ و هەریەکە ئەیەوێ بۆ خۆی دەرباز بێ، ئەو ئامۆزای حاجی حەسەنەش بە پەلە ماینەکی دێنێ و لەبەر شپرزەیی بەرەواژە سواری ماینەکە ئەبێ! پێی ئەڵێن: کورە خوا بتگرێ ئەوە تۆ چۆن سواری بووی؟ ئەوە بەرەواژەیە. ئەویش ئەڵێ: کورە من بەرەواژە سوار نەبووم ماینە سەگباب خێوەکە خۆی هەڵگێڕاوەتەوە و بە باری چەپدا ڕاوەستاوە![1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | [پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 1؛ نوسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 483](#)
کاتی تۆمارکردن: 2025-04-30
ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 90
لە هەرای شێخ مەحموودا دەستەی شێخ مەحموود بە کێوی جاسەنەوە بوون. تەیارە هاتبوو دابوونیە بەر بۆمب و بۆردمان

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250525064923637807

لە هەرای شێخ مەحموودا دەستەی شێخ مەحموود بە کێوی جاسەنەوە بوون. تەیارە هاتبوو دابوونیە بەر بۆمب و بۆردمان. خەڵکەکەش لە هەموو تیرەیەکی تێدا بوو: لە جاف، لە بەرزنجی، لە بلباس. لە خەڵکی سلێمانی. تەیارەکە شپرزەی کردبوون هەر یەکە لە بنە دەوەنێکا خۆیان شاردبووەوە. دوو کابرای جاف یەکێکیان کەوتبووە سەر شاخەکە یەکێکیان لە خوارەوە بوو. ئەوەی خوارەوە بانگی ئەکرد لەوەی سەرەوە پێی ئەوت: ئا، مارف! کوچکت لێ واریێ تۆ نزیکتری وەلای خواوە بانگی لێکە بەڵکوو لەم ئاگرەی قۆرەتە دەربازمان بکا! ئەوی لای سەروویش ئەیوت: کورە گووت لێ واریێ ئەم تەیارە بێفەڕە لای خواری لێ بریگمەسەوە؛ بووزەم نایگاتێ![1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 1؛ نوسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 534
کاتی تۆمارکردن: 2025-05-25
ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: کورتەباس
بابەت: 91
لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شێخ مەحموود، مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بە خاک سپێردران
[20250722102209647487=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250722102209647487)

ناونیشانی بابەت: لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شێخ مەحموود، مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بە خاک سپێردران
24 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیئیدریس بارزانی لە باشووری کوردستان بە خاک سپێردران. لە هەمان ڕۆژدا و لە ساڵی 1956 تەرمی شێخ مەحموودی حەفید گەڕێندرایەوە سلێمانی ئەمڕۆش سەرکردەیەکی تری مێژوویی بەخاک سپێرا کە جەلال تاڵەبانییە.
ئەمڕۆ 06-10-2017 تەرمی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری پێشتری ئێراق، بە خاک سپێردرا، ئەوەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی گەڕاندنەوەی تەرمی هەر یەک لە مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی بۆ باشووری کوردستان، کە بەر لە 24ساڵ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هێنرایەوە بۆ هەرێمی کوردستان.
ئیبراهیم باجەلان، مێژوونووسی دیاری گەرمەسێر، ڕای گەیاند، مێژووش پەیامی بۆ نەتەوەی کورد هەیە کە هەمیشە هاودەنگ و یەکدەنگ و یەکگرتوو بن، ئەوەتا سەرکردە کاریزماکانی کورد وەک بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و مام جەلال لەیەک ڕێکەوتی مێژوویدا بە خاک دەسپێردرێن.
بەوتەی ئەو مێژوونووسە، گەڕانەوەی ئەو سێ سەرکردەیە لە یەک ڕۆژی دیاریکراو بۆ باشووری کوردستان پەیامێکە بۆ نەوەکانی داهاتوو و پێیان دەڵێت تەنیا خەبات و کوردایەتی ئەوانی کۆ نەکردووەتەوە بەڵکوو مێژووش ئەوانی کۆ کردووەتەوە.
ئەو هەروەها دەڵێت: ئەمڕۆ نەوەکانی بارزانی و پارتی هەمان ڕوانین کە بۆ خەباتی بارزانی هەیانبوو، بۆخەباتی تاڵەبانیشیان هەیە، بۆیە میدیاکانی پارتی بایەخی پێویستی پێدەدەن .
دایکی شەهید حەسەن کە ڕۆڵەیەکی لە شەڕی تیرۆر دا گیانی خۆی بەخت کرد، لە ڕێگەی وشە و سڵاوی بۆ ڕووحی پاکی مەلا مستەفای بارزانی، ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی نارد.
ئەو داوای کرد ئەم بەروارە مێژووییە کورد زیاتر یەک بخات بۆ سەربەخۆیی کە ئاواتی بارزانیی نەمر بوو.

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ و لە 06-10-2017 ڕووفاتی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە دەڤەری بارزان بەخاک سپێردران. لە هەمان ڕۆژ و لە ساڵی 1956 تەرمی شێخ مەحموود گەڕێندرایەوە سلێمانی. مام جەلال تاڵەبانیش هەر ئەمڕۆ لە دەباشان بە خاکی نیشتمان دەسپێردرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان | پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | ژیاننامە | مێژوو | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 06-10-2017

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
06-10-2017	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
چەمپەنەکۆتەکێ و دیڎارەکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	
حۆلە دیپلۆماسیەکێ مەڵلا مستەفای بەرزانی جە ڕاو مەسەلێ کوردینە (1)	کورتەباس	هەورامی	
گێڵایۆ مەڵلا مستەفای بەرزانی و هامڕایەکاش پەی ئێراق	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (1)	کورتەباس	هەورامی	
مشتێ جە خەرمانو ژیوای ئیدریس بەرزانی (2)	کورتەباس	هەورامی	
هەرمانە هەرەئێژێکێ ئیدریس بەرزانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی wishe.net
کاتی تۆمارکردن: 22-07-2025
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

پۆل: کورتەباس
بابەت: 92
لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240327172303562680

لەیادی نەمراندا :

شێخ مەحمودی حەفید

لەتیف بەرزنجی
هەولێر - ئاوایی قەتەوی

شێخ مەحمودی سەردارو پێشەوای گەلی کورد کوڕی (شێخ سەعید) کوڕی (شێخ محەمەد) کوڕی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانی ، دایکی (ئامینە) خانی شێخ بابە رەسول ، (شێخ مەحمود) لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانی ئاسکان سالی (1878ز) هاتۆتە دنیاوە .

هەر لەتەمەنی منالیەوە زۆر وریاو گورجو چالاك‌و نەترس بووە . لە مزگەوت لای مەلا زۆری خوێندووە ، بەتایبەتی لە مزگەوتی گەورە ، کە قوتابخانەیەکی گەورەو بە ناوبانگ لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بەزۆری مەلاو زاناو فەقێیان روویان تێ‌کردووە .

بارەگای پیاو چاك‌و شوێنی هەژارو لێقەوماوان‌و پەنا بەرو بێچاران بووە . لە ناو کوردا جێگەو هەوارێکی پیرۆز بووە .

ئەم بنەماڵەیە لە کوردستانا زۆر خۆشەویستن‌و ڕێزی تایبەتی‌یان هەبووەو بەچاوی گەورەو سەرداری وڵات تەماشا کراون ، چونکە ئەم خانەدانە چ لە رووی کوردایەتی‌و چ لە رووی (عیلم‌و دین) دەورێکی زۆر باش‌و بالایان هەبووە . وە بۆ خزمەتی گەل‌و نیشتیمان‌و رزگاری‌و سەربەخۆیی کورد درێغی‌یان نەکردووەو قوربانی زۆریشیان داوە . ئەم بنەماڵەیە پیاوی زۆر داناو بەکەڵکی وەك حاجی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانی‌و شێخ مەعروف (نودێ) یان لێ هەڵکەوتووە ، کە گەورەترین زاناو عالیمی کوردی ئەو سەردەمە بوون .

هەتاکو ئەم گەلی کوردە مابێ ئەبێ شانازی بەو جۆرە پیاوە زانایانەوە بکات ، شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدو شێخ قادر هەرسێ برا لە خزمەت (شێخ سەعید)ی باوکییاندا دەبن لە (موصل) لە (1908)ز لەو کاتەی کارەساتەکەی (موصل) روو ئەدات ... (شێخ سەعید) لە سەرداوای سولتان عەبدول حەمید چووە بۆ (ئەستەمبول) ماوەیەك لەوێ بە میوانی لە کۆشکی سولتان ماوەتەوەو ئەو جا بەرەو وڵات گەڕاونەتەوەو لە شاری (موصل) میوان ئەبن ، وارێك ئەکەوێت لە بەینی هەندێ بازرگانی سلێمانی‌و چەند دوکانداریکی (موصلاوی) هەراو شەڕێك روو ئەدات‌و زۆر گەورە ئەبێت ، چەند پیاوێکی بێ لایەن‌و ئاشتی خوازی (موصل) ئەچنە خزمەت شێخ سەعیدو داوای لێ ئەکەن کە بکەوێتە بەینی هەردو لایانەوەو ناوبژییان بکات .

(شێخ سەعید) یش (قورئانێك) ئەگرێت بەدەستەوەو رووەو شەڕەکە ئەڕوات‌و زۆر تکایان لێ ئەکات بۆ ئەوەی ئاگری

2

لە یادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید
لێکۆڵەر: لەتیف بەرزنجی
گۆڤاری (کاروان) ؛ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانە بوو، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان دەریدەکرد.
ژمارە 26؛ لاپەڕە 2-8. [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی لە یادی نەمراندا-شێخ مەحمودی حەفید

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | لێکۆڵینەوە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: سکێنکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 01-11-1984

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
01-11-1984	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دلٟی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە ییٚ بە ماێ تێکشیەی پیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگاریٚ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
لەیادی نەمراندا-زێوەر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-شێخ مەحموودی حەفید قارەمانێکی بەوەفاو جگەرسۆز بوو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-عزالدین فیضي	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

لەیادی نەمراندا-عومەر عارف	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-فایەق بێکەس-2	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێ ناو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-مەرگی سەججادی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | iqra.ahlamontada.com
کاتی تۆمارکردن: 27-03-2024
ناوی تۆمارکار: کاکۆ پیران

پۆل: کورتەباس

بابەت: 93

لەیادی نەمراندا-شێخ مەحموودی حەفید قارەمانێکی بەوەفاو جگەرسۆز بوو

20240419195607566391=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەیادی
نەمراندا

شێخ مەحموودی حەفید

قارەمانێکی بە وەفاو
جگەر سۆز بوو

● لەتیف بەرزنجی ●

● تیبینی :
١ـ لەبەر ئەوەی لە ژمارە «٢٦»ی گۆڤاری «کاروان»ی ساڵی «١٩٨٤»دا لە ووتارێکی دیکەدا بە دوورو درێژی دەربارەی شێـخ مەحمـوودی نەمـرو شۆرشەکانی دواین ، بۆیە بە پێـویستمان نەزانی لەم ووتارەماندا دووبارەی بکەینەوە ، چونکە ئەمجارەیان تەنها مەبەستمان یادکردنەوەی شێخی نەمرەو بەس .
٢ـ هەربەم بۆنەیەشەوە بەهەموو لایەکی رادەگەیەنم ، کە باسێکی دوورو درێژم دەربارەی شێخ مەحموودی حەفید ئامـادەکـردووە بەنیـازی ئەوەی لە دەرفەتێکی نزیکدا لە دووتوێی بەرگی کتێبێکدا بلاوی بکەمەوە ، جا بۆ ئەوەی کتێبـەکـە بە شێـوەیـەکی تێروتەسەل بکەوێتە بەردەستی خوێنـەرانـەوە ، وای بەچاك دەزانم هەموو ئەو کەسانەی زانیـاریو بابـەتی مێژووییان دەربارەی شێخی نەمر لا پارێـزراوەو مەبـەستیانە لەم بوارەدا خزمەتێك بە مێژووی گەل و نەتەوەکەیان بکەیەنن ، خوشحاڵ دەبم گەر بەهۆی گۆڤـاری «کـاروان»ەوە بۆمی بنێـرن ، تاوەکو بە هاوکاری هەموو لایەك بتوانین ئەم پرۆژەیە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەین و ، پێشەکیش سوپاسی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانەی ئەو کەسانە دەکەین ، کە بەدەنگمانەوە دێن ..

لەتیف

پێشەوای گەلی کورد ، مەلیك و سەرداری کوردستان ، «شێخ مەحمـوودی حەفیـد» کوڕی شێـخ سەعیـدی کوڕی شێـخ محەمەدی کوڕی کاکە ئەحمەدی شێخی سلێمانییە . دایکیشی «ئامینە خان» ە ، کچی شێخ بابە رەسوڵە . .

شێخی نەمـر لە گەرەکی «کانی ئاسکـان» ی شاری سلێمانی ، شاری هەڵەت و قوربانییەوە هاتۆتە دونیا . هەر لە تەمەنی منداڵی دا زۆر زیرو ئازاو وورد بووە ، وەك زۆربەی زاناو رەوشەنبیرانی کورد لە مزگەوت خوێندوویەتی ، بە تایبەتیش لە

٢ کاروان

لە یادی نەمراندا-شێخ مەحمودی حەفید قارەمانێکی بەوەفا و جگەرسۆز بوو
لێکۆڵەر: لەتیف بەرزنجی
گۆڤاری (کاروان)؛ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانە بوو، ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان دەریدەکرد.
ژمارە 69؛ لاپەڕە 2-5. [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی لە یادی نەمراندا-شێخ مەحموودی حەفید قارەمانێکی بەوەفا و جگەرسۆز بوو

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: ژیاننامە | لێکۆڵینەوە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: سکێنکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: هەولێر | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 1988-11-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1988-11-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحموودی بەرزنجی پیسە پارێزگاری کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
لەیادی نەمراندا-زێوەر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-عزالدین فيضي	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-عومەر عارف	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-فایەق بێکەس-2	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێ ناو	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا-مەرگی سەججادی	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | iqra.ahlamontada.com

کاتی تۆمارکردن: 2024-04-19

ناوی تۆمارکار: کاکۆ پیران

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 94
ماڵی شێخ مەحمودی حەفید
2010102516002110238=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی شێخ مەحمودی حەفید
سلێمانی
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: خانوو | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

Şêx Mehmûdê hefîd	ژیاننامە	Kurmancî	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە ییێ بە ماێ تێکشیەی پەیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پەیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 25-10-2010

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: هۆنراوە
بابەت: 95
مودەتێ
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260829103149701409
مودەتێ
شێخ مەحمودی حەفید
لە پەرتووکی: نوربەخشی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی

موددەتێ عومرم بە تاڵان چوو لە سووچ و قوژبنا
پێمەلەم زۆر کرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا
شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا
جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەر شانی منا
سەیری جێگە زەخمی پەنجەم کەن بەدایم شاهیدە
دوودڵی لێم بۆتە زنجیر حەوسەڵەی داوم نییە
بۆ نەمانی ئەجنەبی ژینم لەبەر چاوم نییە
بۆیە ئیتر ئارەزووی دیداری قاڵاوم نییە
گورگی پیر کەڵبە شکاوم تاقەتی ڕاوم نییە
دڵ بەم ئەحواڵەش لە ڕێگەی میللەتمدا قاسیدە
ئێوە ناودارانی کوردن حەیفە دواکەوتن لەگەڵ
دەست بە دەست یەکتر بدەن بۆ گرتنی لوتکەی ئەمەل
عەزم و وریایی و سەباتە بۆ بەدەستهێنانی هەل
دوژمن و بێگانە حەققی میللەتی پێ نابێ حەل
خوێنی ئەوتانە لەلای خوا عەینی زوهدی زاهیدە [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی هەڵبەست: غەزەل | نیشتمانی | جۆری هەڵبەست: کلاسیک | کێشی هەڵبەست: سەربەست |
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڤەژینبۆکس - 2026-08-29](#)
کاتی تۆمارکردن: 2026-08-29
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: شوێنەوار و کۆنینە
بابەت: 96
مۆری فەرمی شێخ مەحمودی حەفید
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20120814091850674502



مۆری فەرمی شێخ مەحمودە لە دوو سەردەمی جیاوازی فەرمانرەوایدا لێرەدا ئەوەی کە جێگەی سەرنجە شێخ مەحمود پێشگرو پاشگری وشەی (شێخ یان حەفید) کە وەک نیشانەیەک بۆ خۆی یاخود بنەماڵەکەی بەکارنەهێناوە لە زۆربەی نووسراوەکانیدا بەتەنیا مەحمودی نووسیوە ئەگەر بەکاریشی هێنابێت زۆر کەم و دەگمەنە. ئەم کارە زۆر ئاسایی یە نەک بۆ شێخ مەحمود بەڵکوو بۆ هەر هاونیشتمانی یەک تەنانە ت لەم ڕۆژگارەدا نازناو یاخود ناوی خانەوادەکەی یان عەشیرەتەکەی هەڵبگرێت بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە و پرسیارە ئەوەیە نزیکەی 100 ساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی داخراو عەشائیریدا کە نەریت و کلتورە دێرینەکان بە تایبەت ئینتیمای عەشائیری و خێزانی لەو پەری لووتکەدا بووە شێخ مەحمود ئەو هەنگاوەی هاویشتووە تەنیا بە ناوی مەحمود پێناسەی بۆ کەسایەتی خۆی کردووە و ئەو هەنگاوەش پێویستە وەک نیشانەیەک بۆ ژیری و ورد بینی تەنانەت وەک ئازایەتی یەکی کەموێنە لە مێژوویی خەباتی شێخ مەحمود دا تەماشابکرێت.

ئەرشیفی داناز عەبدولڕەحمان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن (دراو، گۆزە، پەیکەر و ...) | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
Şêx Mehmûdê hefîd	ژیاننامە	Kurmancî	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 14-08-2012
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 97
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 03
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220903203308431884

ناونیشانی پەرتووک: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 03
ناوی نووسەر: کەمال نوری مەعروف [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەرۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: نەخێر | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیدا؛ بەرگی 01	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی شێخ مەحمودی حەفید

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 98
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 04

2022090320291543188=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ناونیشانی پەرتووک: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 04
ناوی نووسەر: کەمال نوری مەعروف [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: نەخێر | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

QR	زمان	پۆل	ناوی بابەت
	کوردیی ناوەڕاست	کورتەباس	شێخ مەحموودی حەفید
	کوردیی ناوەڕاست	کورتەباس	لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید
	کوردیی ناوەڕاست	پەرتووکخانە	مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 03
	کوردیی ناوەڕاست	پەرتووکخانە	مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02
	کوردیی ناوەڕاست	پەرتووکخانە	مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیدا؛ بەرگی 01

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی شێخ مەحمودی حەفید
کاتی تۆمارکردن: 03-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 99
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 05

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220903202454431879



ناونیشانی پەرتووک: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 05
ناوی نووسەر: کەمال نوری مەعروف

لەم پەڕتووکەدا بۆ یەکەمین جار چەندین بەڵگەنامەی گرنگی سەردەمی دەسەڵاتی قاجاریەکان خراوەتەڕوو کەچۆن بەفەرمانی ئینگلیزەکان کۆسپی گەورەیان لەبەردەم شۆڕشەکەدا درووست کردوە و دژایەتیەکی توندی شێخ محمود و کوردیان کردووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: نەخێر | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 03	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 04	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیدا؛ بەرگی 01	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی شێخ مەحمودی حەفید

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: پەرتووکخانە

بابەت: 100

مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220903205718431890

ناونیشانی پەرتووک: مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02
ناوی نووسەر: کەمال نوری مەعروف [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: نەخێر | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

QR	زمان	پۆل	ناوی بابەت
	کوردیی ناوەڕاست	کورتەباس	شێخ مەحموودی حەفید
	کوردیی ناوەڕاست	کورتەباس	لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید
	کوردیی ناوەڕاست	پەرتووکخانە	مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیدا؛ بەرگی 01

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی شێخ مەحمودی حەفید

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: کلتوور - گاڵتەوگەپ
بابەت: 101
مەلا کاکە حەمەی بێلوو - کە بە «ناری» بە ناوبانگە - لە مەریوانەوە نامەیەک بۆ شێخ مەحموودی حەفیدزادە ئەنووسێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250227233710625005

مەلا کاکە حەمەی بێلوو - کە بە «ناری» بە ناوبانگە - لە مەریوان ەوە نامەیەک بۆ شێخ مەحموودی حەفید زادە ئەنووسێ، وێنەی نامەکە مێژوو تیا نەبوو، هەر وەکوو خۆی بۆ وێنەی ئەدەبێکی کوردی نووسرایەوە:

ڕۆح و دڵ قوربانی ناڵی کەوشەکەت
سەر بە سەر گەردی حەسار و حەوشەکەت
دائما موحتاج و موشتاقم لە بۆ؛
گەنجی یادی خاتری بێ خەوشەکەت!
ئەگەر لە ڕێگەی مەرحەمەتەوە حاڵی ئەم پیرە غوڵامی خۆتانە مەنزوور بفەرموون بە کوردی و بە کورتی ئەمەیە عەرزم:

بە تێغی میحنەت و دەرد و جەفا جەرگی مەلا لەت بوو
بەڵێ مەعلوومی ئافاقە مەلا نیوەی مەلا لەت بوو!
وە ئەگەر مەیلت بە بەیانی تووڵانی بێ و ئارەزووت لە حیکایەتی «قویلە» و «چوچانی» بێ ئەمەیە عەرزم:

دوور لە تۆ چاوم بێ بینش ماوە، قوەی بیستنم بۆ ناڵە و گرمەی هەوری بەهاری نەماوە، حەواسم سەراسەر فەوتاوە، دڵم بە ئاگری مەحروومی وەک کەبابی سولەیمانی برژاوە، جەرگم لە قازانی سینەمدا بە بڵێسەی دووری وەک «سلق»ی کەرکووک کوڵاوە! هەمیشە چاوە ڕێگەی حافیزم بۆ یاسین، موحتاجی هاتنی مەلام بۆ تەڵقین، مائلی شەش گەز جاو و دوو گەز خاکم بۆ تەکفین! وەلێ ئەگەر بەشارەتی موژدەی سروور و سەلامەتی زاتی موبارەکتم زوو پێ بگا - کە بۆ من موژدە ئاوی حەیاتە - یەقینم وایە چاوم بێ بە دووربین و زەڕەبین، وە لەگەڵ حەزرەتی «خدرا» لە حەیاتا مساوی ئەبین!

عەرزی «مخصوص» کۆچ و کڵفەت و دایکی «سەعید بەگ»ی بادەڵانی پەنایان هێناوە بە غوڵامی خۆتان، لەسەر واقعەی کە نسبەتی قەتڵیان لە «سەعید بەگ» داوە، وە فعلا مەحبووسە و لە حەبسخانەی حکوومەتایە، ناچار منیش ئەوا پەنام بە قاپی موبارەکت هێنا، شایەد فکرێ بە حاڵی ئەو بفەرموون کە شایەد لە زەحمەتی حەبسا نەجاتی بێ، مەعلووم ئەم پیرە غوڵامی قاپی خۆتانە تا قیامەت مەسروور و مەمنوون و متشکرتانە، ئیتر هەر چێ بڵێم زیادەیە. غوڵامی دەرگای خۆتانە. «ناری». [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: مەریوان | وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
شێخ مەحموودی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی: ڕشتەی مرواری 1؛ نوسینی: عەلائەدین سەجادی؛ لاپەڕە: 88

کاتی تۆمارکردن: 27-02-2025

ناوی تۆمارکار: کشمیر کەریم

پۆل: ڤیدیۆ
بابەت: 102
مەلا کرێکار باسی شێخ مەحمودی حەفید دەکات
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260828211635701368
ڤیدیۆ: مەلا کرێکار باسی شێخ مەحمودی حەفید دەکات
ساڵ: 2019
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 10یەکان (10-19) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2019
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە بەڵگە فیلمە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فیلمە ببینیت.
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆرە کۆمەڵایەتییەکان؛ تیکتۆک؛ پەیجی (پەیوەند) ڕێکەوتی 08-07-2025
کاتی تۆمارکردن: 2026-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

KURDIPEDIA کوردیپێدیا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 103
ناردنی شاندو نامە بۆ وڵاتان لەلایەن شێخ مەحمود لەپێناوی ماف و چارەسەری دۆزی ڕەوای کوردابووە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260828204023701362

ناونیشانی بابەت: ناردنی شاندو نامە بۆ وڵاتان لەلایەن شێخ مەحمود لەپێناوی ماف و چارەسەری دۆزی ڕەوای کوردابووە
ئامادەکار: د. هێمن بەرزنجی

گرنگترین کۆمەڵە ئەرشیفییەکان
دەربارەی شێخ سەعید و شێخ مەحمودی حەفید
بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نەتەوەیی بەریتانیا National Archives لە ناوچەی Kewی لەندەن لە دەوڵەمەندترین سەرچاوە مێژووییەکانن کە بە وردی ژیان، دەسەڵات، و جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی شێخ سەعیدی حەفید و شێخ مەحموودی حەفیدی کوڕیان تۆمار کردووە.
ئەم بەڵگەنامە هەژمووونی کۆمەڵایەتی و ئایینی شێخ سەعیدیان تۆمار کردووە تا دەگاتە شەهیدبوونی لە مووسڵ (1908)، هەروەها دەربارەی شێخ مەحموودی حەفیدی کوڕیشی، دانپێدانان و حکومەتداری (1918)، شۆڕشی 1919 و دوورخستنەوە، گەڕانەوە و ڕاگەیاندنی شانشین (1922-1924) بەشێکی گرنگن لە نێو بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ئەمە جگە لە ڕاپۆرتەکانی هێزی ئاسمانی RAF کە نەخشە و ڕاپۆرتی بومبارانکردنی ئاسمانی شاری سلێمانی و ناوچەکانی مەسۆیی و غەوارە لەسەر دەستی هێزی ئاسمانیی بەریتانی لە خۆدەگرن.
گرنگترین کۆمەڵە ئەرشیفییەکانیش ئەمانەن:
یەک: ئێف ئۆ 371، Foreign Office Political Files کە ڕاپۆرتە سیاسییە گشتییەکان و نەخشەی سنوورەکانی کوردستان لە خۆدەگرێت.
دوو: سی ئۆ 730، Colonial Office: Iraq Correspondence، کە پەیوەندییەکانی بەریتانیا و عێراق، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و هەڵمەتە سەربازییەکان لە خۆدەگرێت.
سێ: ئای ئۆ ئار/ ئێڵ/ پی ئێس، India Office Records، کە زانیارییە هەواڵگرییەکان پیش 1921 لەلایەن ئیدارەی بەریتانی لە هیندستان لە خۆدەگرێت.
چوار: یاداشتەکانی جێرترۆد بێڵ، Gertrude Bell Papers، کە شرۆڤەی کەسایەتی شێخ مەحموود، پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان و سیاسەتی بەریتانیا لە خۆدەگرێت.
پێنج: ئەی ئای ئار 23، Air Ministry: Overseas Commands (Iraq)، کە ڕاپۆرتە هەواڵگری و سەربازییەکانی هێزی ئاسمانیی بەریتانی RAF سەبارەت بە ئۆپراسیۆنە ئاسمانییەکان، بۆردومانکردنی سلێمانی و غەوارە، و نەخشەی ئاسمانیی جوڵانەوەکانی شێخ مەحموود (1922-1930) لە خۆدەگرێت.
شەش: دەبلیو ئۆ 106، War Office: Directorate of Military Operations، کە فایلی تایبەتی وەزارەتی جەنگی بەریتانیا لەسەر شەڕی دەربەندی بازیان (1919)، بریندداربوون و دەستگیرکردنی شێخ مەحموود، و شیکاریی هێزی سەربازیی هۆزە کوردەکان لە خۆدەگرێت.
حەوت: ئیف ئۆ 406، Foreign Office: Confidential Print (Eastern Affairs) کە کۆمەڵە ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە و نهێنیی وەزارەتی دەرەوە کە پوختەی هەڵسەنگاندنە دیپلۆماسییەکانە لەسەر پەیماننامەی سێڤر و لۆزان، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، و هەڵوێستی شێخ مەحموود لە خۆدەگرێت.
هەشت: سی ئەی بی 23 و 24، Cabinet Office: Minutes and Memoranda، کە پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکانی کابینە و ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا لەسەر بڕیارە ستراتیژییەکان، وەک هێشتنەوە یان

کێشانەوەی هێزەکان لە سلێمانی و دیاریکردنی چارەنووسی شێخ مەحموود لە خۆدەگرێت.
نۆ: سی ئۆ 537، Colonial Office: Supplementary Correspondence کە بەڵگەنامە زۆر نهێنییەکانی وەزارەتەکانە کە نامەگۆڕینەوەی نهێنیی نێوان نوێنەری باڵای بەریتانیا لە بەغدا و لەندەنی تێدایە سەبارەت بە دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هیندستان لە خۆدەگرێت.
دە: پی ئاڕ ئۆ 30 و 57، Private Collections (Personal Papers) کە یاداشت و ڕاپۆرتە تایبەتییەکانی ئەفسەرانی مەیدانی (وەکو مەیجۆر سۆن و مەیجۆر نۆئێل) کە بەردەستن و وەسفی وردی کەسایەتی، پێگە و هەژموونی کۆمەڵایەتیی شێخ سەعیدی حەفید و ناوچەی سلێمانی دەکەن.
یانزە: ئێف ئۆ 608،Peace Conference Correspondence 1919–1920، بەڵگەنامە و داواکارییەکانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس، نامەگۆڕینەوەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و ئامادەکارییەکانی پەیماننامەی سیڤەر لە خۆدەگرێت.
دوانزە: ئەی ئای ئاڕ 5، Air Historical Branch Records، ڕاپۆرتە دوور و درێژەکانی هێزی ئاسمانی لەسەر ستراتیژی کۆنترۆلکردنی ئاسمانی(Air Contro) لە کوردستان، لەگەڵ تۆماری ڕۆژانەی ئۆپراسیۆنەکانی دژی شێخ مەحموود لە خۆدەگرێت.
سیانزە: دەبل یو ئۆ 32، War Office: Registered Files، کە فایلی تایبەتی وەزارەتی جەنگ سەبارەت بە تاکتیکی شەڕی پارتیزانیی هۆزە کوردەکان، توانای سەربازیی شێخ مەحموود و هەڵسەنگاندنی ئاسایشی سنوورەکانی تێدا کۆکراوەتەوە.
چواردە: ئای ئۆ ئاڕ/ ئاڕ 15، Baghdad High Commission Records & Bushire، کە بەڵگەنامەکانی نوێنەرایەتیی باڵای بەریتانیا لە بەغدا لە خۆدەگرێت، کە زانیاریی وردی تێدایە لەسەر پەیوەندییەکانی بنەماڵەی حەفید لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیا.
پانزە: ئێف ئۆ 800، Private Office Papers کە ئەرشیفی تایبەتی وەزیر و دیپلۆماتکارە دیارەکان (وەک لۆرد کەرزن و سێر پێرسی کۆکس) سەبارەت بە نەخشەی سیاسیی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی ویلایەتی مووسڵ لە خۆدەگرێت.
شانزە: ئێم ئێف کیو/ ئێم پی کەی، Map Collections (National Archives)، کە کۆمەڵە نەخشەیەکی دەگمەنی سەربازی و تۆپۆگرافین کە لە نێوان ساڵانی 1918 بۆ 1930 لەلایەن ڕووپێوەری هێزەکانی بەریتانیاوە لە سلێمانی و ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان کێشراون.
ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامە بەریتانییانە لە ناو فۆڵدەرەکانی ئەم ئەرشیفەدا شێخ مەحموودیان وەک سەرکردەیەکی کاریزمی و سەربەخۆخواز تۆمار کردووە کە ئامادە نەبووە ملکەچی بڕیارەکانی بەغدا و پەیماننامەی لۆزان بێت، بەمەش بڕیار و باس و خواسەکان بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەک بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکانی کابینەی بەریتانیا بوون. بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا باس لە کێشەی زەویوزار و موڵکایەتی، ناردنی ڕاپۆرت بۆ عوسمانییەکان، ململانێ لەگەڵ بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان، ئاژاوەی مووسڵ و تیرۆرکردنی شێخ سەعید و زۆر شتی تر خراوەتە ڕوو.
وەلێ ئەوەی گرنگە چۆن ئەم بەڵگەنامانە بەکاربهێنین ؟ بە بێ هیچ سەرچاوەیەکی ناوخۆ و بەراوردکاری سوودیان لێوەربگرین یان نا ؟ تاکە سەرچاوەی سەرەکی بن یان دووای لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە کەڵکیان لێوەربگیرێت ؟
وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تریش لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:
1- هیچ کات دووژمن (ئینگلیز، تورک، عەرەب، فارس)، بەشان و باڵی ئێمەدا هەڵنادات، هەمیشە دەمانکوتێت، یان لانی کەم هەڵە و خراپییەکانمان زەق دەکاتەوە و بە زیادەوە دەیخاتە ڕوو. بۆیە دەستبردن بۆ ئەرشیفی بەریتانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەندێک ڕێکاریی زانستی ورد و لەبەرچاوگرتنی بار و دۆخی ئە و ڕۆژگارە، هەڵەی گەورەی لێدەکەوێتەوە. ئاخر دووژمن مێژوو بنووسێتەوە خۆی دەکاتە پاڵەوان و گەورە و خاوەن ماف و دابینکەری ئازادی بۆ گەلانی ناوچەکە و هەزاران تۆمەتیش بۆ بەرامبەر (شێخ سەعید و شێخ مەحموود)

درووست دەکات. ئەم قسەیە نەک بۆ مێژووی ڕامیاریی، بۆ مێژووی کۆمەڵایەتیش درووستە، تەنانەت ئە و مێژوو و یاداشت و بیرەوەرییانەش دەگرێتەوە کە لەناو خۆی کوردستاندا نووسراون بە گیانی دوژمنکارانە، چونکە دوژمن هەر دوژمنە لە هەر شوێن و جوگرافیایەکدا بێت.
2 - بە پێی ئە و بەڵگەنامانەی بەریتانیا و عوسمانی و ناوخۆش، هەندێک لقی بەرزنجی دۆستی عوسمانی بوون، هەندێ لقیش دۆستی ئینگلیز بوون، بەڵام دەستبرد بۆ ئەم بابەتە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە و لە کەدارکردنی نەوەکانی ئە و بنەماڵانەیە لە ئەمڕۆدا، بۆیە مێژونووس و لێکۆڵەری زانستی و ورد خۆی لێدەبوێرێت.
3 - زۆر بنەماڵە، هۆز و عەشیرەت، شەڕی ئەوەیان دەکرد کە خۆیان خاوەن دەستەڵاتی ڕەهای سیاسی و یەکەم بن لە ناوچەکەدا، وەک هەمەوەند، بەرزنجی، جاف، هەورامی .... هی تر. ئەمەش مایەی ململانێ بوو، دەبوو بەهێزبیت بۆ ئەوەی ئەگەر سەریش نەکەویت، نەتخەن.
4 - شێخ مەحموود ئەوەی باش بووە، هانای بۆ هەموو لایەک بردووە (ڕووس، تورک، ئینگلیز، ....)، بۆیە کەس ناتوانێت تۆمەتباری بکات بەوەی پیاوی فڵان یان فیسار لایەن بووە. ئامانجی شێخ مەحموود لەم هانابردنانە تەنها درووستکردنی کیان و قەوارەیەکی کوردی بووە لە کوردستان. بۆیە دەبێت هەموو بەڵگەکانی دوژمن پێکەوە لێکبدرێتەوە نەک لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەی یەک لایەندا (تورک، ئینگلیز، عارەب، ڕووس).
5 - لە تورکەوە تا ڕووس و ئینگلیز و عارەب و هەر دەستەڵاتدارێکی تر، گرنگ نەبووە لای شێخ مەحموود، ئەوەی گرنگبووە بەهۆیانەوە شتێ بۆ کورد بکرێت. کەواتە نامە ناردن یان وەفدناردنی شێخ بەمەبەستی ڕامیاری بووە و دەبێت بە و شێوازە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بەپێی سەردەم و ڕووداوەکان.
6- هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان بەپێی زاراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پێوەری ئەمڕۆ هەڵەیەکی گەورەیە و بە خیانەتی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە هەژماردەکرێت. [1]

⚠تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 20-08-2026

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2026-08-20	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: فەیسبووک: پەیجی (شێخ مەحمودی حەفید) ڕێکەوتی 20-08-2026

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2026

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 104
نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان - عصبة الامم پاریس 21 مارس 1931
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230419122840483699
بابەت: بەڵگەنامە
نووسین: نەوشیروان مستەفا ئەمین
نامەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان -عصبة الامم پاریس 21-03-1931

بەڕێز جەنابی سەرۆک
شانازی ئەوەم هەیە ترس و شکاتی نەتەوەیەکتان پێ ڕاگەیەنم کە خودی خۆتان خستوتانەتە ژێر ئینتداب و پاراستنی خۆتانەوە و دەشگوترێ ئەوەی ئینتداب دەکات، پارێزەریشە. ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم بە یەکێک لەوان دەژمێرێم و ئێستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشووری وڵاتی گەورەی کوردان کە بە ئێراقەوە لکینراوە، نیشتەجێیە.
من بەئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشم کە خاکی کوردستانی لکێنراو بە ئێراقەوە، بەهیچ شێوەیەک وەک ((بين النهرين)) نەکەوتۆتە ژێر دەستی هیچ یەک لە هێزەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە 1918دا چەکیان هەڵگرت و هێزەکانی تورکیان ناچارکرد خاکەکەیان چۆڵ بکەن, سەربەخۆییان ڕاگەیاندن و دەوڵەتێکیان درووستکرد کە بەڕێوبەرایەتی وڵاتی بەناوی ((دەوڵەتی کوردستانی باشوور) گرتە دەست. لەو سەردەمەدا ئێراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو (متحد) و هاوپەیمانی (متفقين) لە ناویدا جەنگیان دەکرد. پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە ئێراقەوە لکێنراو، ئەورووپاش کە لافی ئەوەی لێ دەدا کە بۆ بەرگریکردن لە ماف و دادپەروەری چەکی هەڵگرتووە، لەبەرانبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێ دەنگ بوو. ستەمێک کە چارەنووس و داهاتووی نەتەوەیەک کە ئەگەر چی نەک بە ڕەسمی بەڵام بەکردەوە بووبووە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، خۆی بەستەوە بە چارەنووسی نەتەوەیەکی دیکەوە، کە نەژاد و داب و نەریت و مێژوو و زمان و سیمایان لەیەک جیاوازە. گەر چی هێشتا جێی سوپاس بوو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەڵێنە کەم بووەوە کە ((کۆمەڵی گەلان)) سەبارەت بە بەخشینی خودموختاریەکی تەواو بە کوردستانی باشووری دابوو.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندان ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێدەپەڕێ کەچی نەک هەر بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ژیانی خۆمان و ژن و منداڵ و باوکانمان لەژێر هەڕەشەی ئاگری تۆپ و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان و ڕەشاشەکان دایە، بەو تاوانەی ئامادەنین ببین بە عەرەب و چاو لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەین کە پێمان دراوە.
دەوڵەتی ئێراق هیچ دوودڵ نەبووە لەوەی شاری سلێمانی – پایتەختی کوردستانی باشوور- بۆمباران بکات و کوردەکانی ئەم شارەی کوشتوە بەتاوانی ئەوەی ئامادە نەبوون بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە ئەو دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەبارەت بە بڕیاریک ئەنجامی بدات کە هەموو مافە ڕەواکانی کوردان پێشێل دەکات و کۆشکی ئومێد و ئارەزویان بۆ ئایندە ، دەڕمێنێ.
ئێمە بڕوامان وایە ئەم تۆپ وگوللانەی بەسەر قوربانیانی کوردی دانیشتوی کوردستانی باشووردا دەبارێ، لە بنەڕەتدا هێرشێکیشە دەکرێتە سەر حەیاو ئابڕووی (کۆمەڵی گەلان)، چونکە کوردەکان لەژێر ئینتدابی ئەو (کۆمەڵە) یەدان، واتە لەژێر پارێزگاری ئەودان.
ئەگەر هێزەکانی دوڵەتی عەرەبی ئێراقی پشتیان بە فڕۆکە و سوپاکانی دەوڵەتی ئینگلیز نەدەبەست کە ((کۆمەڵی گەلان)) ئینتدابی ئەم سەرزەمینەی بە ئەوان سپاردووە تا بەناوی ((کۆمەڵەی گەلانەوە)) بەڕیوەی ببەن ، ئەوا

مێژوو دووبارە دەبۆوە و هێرشکردن بۆ بەغدا و داگیرکردنی بۆ کوردەکان وەک کاری ڕۆژانە ئاسان دەبوو. ئێمە ئامادەین و هەمیشەش ئامادە دەبین لەبەرانبەر عەرەبەکاندا، بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێت تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری بین لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو (کۆمەڵە) بەڕێزەوە هەنگاو دەنێ، ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن ڕووبکەینە (کۆمەڵەی گەلان) و داوای جێبەجێکردنی ماف و دادپەروەری بین.
بێگومان بەداواکاری ئەوەی وڵاتی ئێمە بە ئێراقەوە بلکێنرێ و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنمان بۆ قبووڵکردنی ئەم لکاندنە بەزۆری چەک، بەهیچ شێوەیەک ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە (کۆمەڵی گەلان) دەیەوێت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکرێت. تا ئەوکاتەی چارەنووسی وڵاتی کورد بەدەستی ڕۆڵەکانی خۆی نەسپێرێت و تا ئەودەمەی دەوڵەتێکی کوردی بەڕیوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ئومیدێک بە ئاشتی و ئاسایش لەم ناوچەیەدا نییە. کورد کە خاوەن مێژویەکی هەزار ساڵەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا زانیویانە و توانیویانە بەرگری لە ژیان و وڵات و مێژوو دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستە بڕیاریان داوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کۆیلەیەتی عەرەبەکانی ئێراق، کەچ نەکەن. ئێمەی کورد دەمانەوێت لەگەڵ هەموو گەل و نەتەوەکاندا دۆست بین و بەرانبەر بەهیچ گەلێکیش ڕقمان لە دڵدا نییە. بەڵام لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی تەنانەت بەهەندێ گەلی سەرەتایی ئەفریقا وەک لیبریا دەدرێت و لەگەڵی وەک ئێمە زەوت دەکرێت کە توانیوێتی بەشەرەف و ئازایەتی و قارەمانیتی و غەریزەی پاڵەوانی و هۆش و زیرەکی خۆی پایەیەکی مەزن لە مێژووی گەلاندا بەدەست بهێنێ، ئیدی ئەمە ستەمێکە کە ناتوانین لێی بێدەنگ بین. بەتایبەتی کە پێش ماوەیەک دەوڵەتی ئێراق کە تووشی نەخۆشی دەمارگیری توندڕەوی نەژادی بووە، هەوڵ دەدا بە پشتیووانی دەوڵەتی ئینگلیز و بەهۆی خوێناویترین هەنگاوی جەنگییەوە ، بەرگریکردنمان تێک بشکێنێ.
خوێن و ئاگر هەرگیز نەیتوانیوە و ناتوانن ڕاستییە مێژوییەکان بگۆڕن و سەدان هەزار کوردی وەک سەڵاحەدینی ئەیوبی وکەریم خانی زەند بکەن بەعەرەب. نەتەوەی من و خودی خۆشم بەهیچ شێوەیەک دەمارگیری ئایینزایی (مزهبی) مان نییە. تینوی خوێنڕێژی نین و ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتووە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناچاریان کردوین و بەسەریاندا سەپاندوین.
ئێمە خواستی دەسەڵاتگرتن بەسەر هیچ نەتەوە و هیچ وڵاتیکماندا نییە. نامانەوێ ئاغاو سەرداری هیچ کەسێک بین. بەڵام ئەوەش قبووڵناکەین کە خەڵکانی دی بەسەرماندا زاڵ بن یان جگە لە خۆمان سەردار وئاغایەکمان هەبێت. ئەمەش خۆی ئامانج و ئایداڵێکە کە چەندان هەزار کەس لەکاتی ئەم جەنگی دوایدا، لەپێناوی دا گیانی خۆیان فیداکرد.ئەمە جگە لەوەی ئەمە مافێکە کە خودی (کۆمەڵی گەلان) هەر لەم ڕۆژانەی دوایدا ، بۆی سەلماندوین.
ڕێگەم بدەن بە دڵنیاییەوە پێتان ڕابگەیەنم ئەم دۆخی شۆڕشگێڕییەی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدنییەتی دەسەڵاتدارانی ئێراق ، کۆتای پێ نایەت ئەوکاتە نەبێت کە هەموو مافەڕەواکانی کورد بەڕەسمی بناسرێ و لەبەرچاو بگیرێت.
ئەوەی ئێمە دەمانەوێتدانانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا، واتە ((دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور)) داو بڕین و لەناوچونی هەموو پەیوەندییەک بەدەوڵەتی عەرەبی ئێراقەوە. جگە لەمەش پەیمانی تازەی نێوان ئینگلیز و ئێراق کە کۆتایی بە ئینتدابی ئینگلیزی بەسەر ئێراقدا دێنێ، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەو ڕێگە چارەیەی پێشنیارمان کردووە بە تەواوی لۆژیکییەو هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونی لێ نییە.
کۆمەڵی گەلان دەبێ گەر بەسەرنجدان لەکرۆکی ڕووداوەکانیش بووە، بگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکەی خۆی کە 1925 داوێتی.
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا
شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی

دانیشتووانی کوردستانی باشوور
سەرچاوە:
پەرتووکی سەردەمی قەڵەم وموراجەعات (1928-1931)
لاپەڕە 180-183
نەوشیروان مستەفا ئەمین
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 30یەکان (30-39) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 21-03-1931

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
21-03-1931	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
عصبة الامم-القسم الثالث والاخير	کورتەباس	عربي	
عصبة الامم-القسم الثاني	کورتەباس	عربي	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکی سەردەمی قەڵەم وموراجەعات (1928-1931)- نەوشیروان مستەفا ئەمین

کاتی تۆمارکردن: 19-04-2023
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 105

نامەی شێخ مەحمود بۆ هاوژینەکەی لە 12-09-1952

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20170124203316138273


بو آموزای محترمە والدەی لطیف

لە دوواسەلامو احوالپرسی. امیدوارم بمژدەی صحتتان شادمان بکەن

بو احوالپرسیت پیاومان ناردە کەرکوک تا گەیشتنی پیاوەکە ئیوە

خوکتان کردبو رەجایە بو رفعی دلتنگی و نگرانیمان کە فعلا لە اضطرابداین

مژدەی افاقە و صحتی خوتان بنیرنەوە بەوسیلەی برقیە یا تلفون تا زووتر

لەم بی آرامیە نجاتمان ببی بلطف خودا - ایمە بەمال و حال و دعاو نیاز

بە خودا دریغ ناکەین - لە خدمت آموزای محترمە حفصە خاندا سەلام احترام و

دعای خیرمان هەیە و چونکو شیخ جعفر معتذر بو وە خبری صحتی ناساری

والدەی لطیفمان ببیت حکمی نەبو وە کو لازمە بنیرینە خدمەتتان -

سعوزمان هەیە - ایتر لەحفظی خودادابن - آموزات حفیدزادە

لیلة ۹/۱۲/۱۹۵۲

By: AhmedHafeez

ئامۆزای بەڕێزم دایکی لەتیف

لە دوای سڵاو هەواڵپرسین ئومێدەوارم بە موژدەی تەندروستیتان شادومانمان بکەن. بۆ هەواڵپرسین پیاومان ناردە کەرکووک، تاگەیشتنی پیاوەکە ئێوە ڕۆشتبوون، تکایە بۆ ڕەواندنەوەی دڵتەنگی و نیگەرانیمان کە لە ڕاستیدا تەواو شڵەژاوین، مژدەی تەندروستی خۆتانمان بۆ بنێرنەوە بەهۆی بروسکە یا تەلەفون تا زووترلەم بێ ئارامییە ڕزگارمان ببێت بەسۆز و بەزەیی خودا.

ئێمە بە ماڵ و حاڵ و نزاو پاڕانەوە لە خودا درێخی ناکەین. لە خزمەتی حەپسەخاندام سڵاو ڕێز و نزای خێری هەیە...چونکە شێخ جەعفەر دواکەتبوو، کە هەواڵی تەندروستی دایکی لەتیفم بیست نەتوانرا وەکو پێویست بینێرینە خزمەتتان.

ڕێزمان هەیە. ئیتر لە پەنای خوادادابن.

ئامۆزات حەفیدزادە

مەحمود

1952-09-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 1952-09-12

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1952-09-12	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن بەڕێز کاک (پۆلا ڕەش)ەوە.

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-24

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 106

نامەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ دکتۆر قوتبەدین

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220820235339429347



فرزندی عزیزم قطب الدین بگ المحترم

لە دوا بیان خوشەویستی هەرچەندە معترفم بە قصوری
خوم مقابل بە بوتای برای صاحب وفام مرحوم عزت افندی
تا ئێستە وفام بجێ نە هێناوە اما خوتان شاهدن کە تلاطم
فلاکت نە یشتی گەری [illegible] — وە نە کاکادی گەری لە
فکر دا نا یەلی اخی عزیزم اخ برای وفاکارم عزت
افندی حتا محمد اغام شاهدە عزت نەمی نی محمد اغا
اوکو عزیز مرحوم بە وفات —. امر ودوله لا انجم
ناردە خزمتتان لو ترادی امیدا کم تماشایان
بفرمون سلام لە محمد اغا اکم وچاوی احمد اغا اکم

محمود

٩٤٩/٤/١٦

نامەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ دکتۆر قوتبەدین، کە ئەوکاتە بەڕێوبەری بەیتەری سلێمانی بووە.
ئەم نامەیە یەکێکە لەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی د. نەوزاد ساڵح ڕەفعەت دا پارێزراوە. [1]
16-04-1949

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 40ەکان (40-49) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | دەستنووس | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 16-04-1949

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1949-04-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحموودی دڵی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغذاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحموودی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی تاقە ئومێدو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحموودی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | Jamawar Ahmad
کاتی تۆمارکردن: 20-08-2022
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: پەرتووکخانە

بابەت: 107

نامەی شێخ مەحموود حەفید بۆ ئاغایانی شەریف و ڕەشید مستەفا سوڵتانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20190110101235189293



نووسینی: ڕەشاد مستەفا سوڵتانی
ئامادەکەردنی: فارووق فەرهاد
سوید 2021. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: سوید |

ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
رشاد مصطفی سلطانی	ژیاننامە	فارسی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحموودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لەیادی نەمراندا: شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
ڕەشاد مستەفا سوڵتانی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ئەم پەڕتووکە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە رۆژی 31-05-2021 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 10-01-2019

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 108

نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ شێخ عەبدولکەریم

2016101722214497091=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



محترم جنابی شیخ عبدالکریم

له دوای عرضی احترام لطف نامی پر کلمات که بیشت حقت زوره
عتابم لی ازمون؛ چونکه له سایه ی عدالت حالیه دره هموم
طالعم دعوه چی کیوانه چاره سازی جهان ازچاره ی خو عاجزند
ابراهر گه ز نشو به گه ردی لازرخساری ... شی که تو نتوانی
غبار گه ردی پای گوردان له رخساری مبارکت لا بهیت
وای بر حالی ستوا تیانی ... دعی کو توم لدست چیلم
دس بیره ره دلت شکستم که دست چوم تا مارهٔ حیات ... قربانتم
یا نائب المهدی — بخوا قربان ... بیت ... چلیتو ... بکم پیاده که ت عرضت اکا

محمود

۹۹۵
۷

دس اخیال نه کوته ثراکو یا نم
نه گه ریا صاحب الشان بجانم
بخوا هر چی زنی ... خوی کوشت

نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ شێخ عەبدولکەریم
02-05-1949

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 40ەکان (40-49) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) |
ڕۆژی دەرچوون: 02-05-1949

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1949-05-02	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵپ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە ییێ بە ماپێ تێکشیەی پەیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2016

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 109

نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20190125135050228063


کاغذی شێخ محمود بۆ نوێنەرانی کوردستانی ایران

(نوسراوە لە آخری سالی ١٩٤١ -دا)

Письмо Шейха Махмуда руководителям курдов Ирана, написана в конце 1941 г.

Я завидую вам и от глубины души рад, что вы оказались счастливцами и побывали в родном Советском Союзе – в г. Баку. Мои братья-курды единоверцы, предупреждаю и умоляю Вас не верьте больше никому кроме Советской власти. Не верьте больше сладким обещаниям и разным провокациям по адресу СССР. Курдский народ всегда является орудием в руках нам хорошо известных.. Крепко держитесь за Сов. власть, ибо она только она является опорой и освободительницей всех угнетенных народов..

نوسراوە لە ئاخیری ساڵی 1941-دا

ئەمن لە قوڵایی دڵمەوە شادم بەوەی کە ئێوە توانیوتانە بچنە یەکێتی سۆڤێتی خۆشەویست (شاری باکۆ) ئەی برادەرانی هاوخوێنی کوردم، تکاتان لێ دەکەم و پێتان دەڵێم جگە لە یەکێتی سۆڤیەت بە هیچ کەسێکی تر باوەڕ مەکەن، بە هیچ چەشنە درۆ و بەڵینێکی پێچەوانەی سۆڤیەت باوەڕ مەکەن، گوێ بۆ قسەی شیرینی دوژمنان شل مەکەن، خائینانی میللەتی کورد هەمیشە لە دەستی ئەوانەدا کە خۆمان ئەیانناسین (واتە ئیمپریالیمزی ئینگلیزی) وەکو ئەنگوستیلەن یا داردەسن. زۆر بە هێزەوە دەستی یەکێتی سۆڤیەت بگرن چونکە هەر ئەوە کە ڕزگارکەر و قەڵای تەواوی میللەتە ژێر دەسە ستەموەرەکانە.

تێبینی: ئەم کاغەزەم لە ئەرشیفی مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەست کەوتووە و وەکو خۆی لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بڵاوی دەکەمەوە، هەر کەس و کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەتوانێ بە ئاماژە کردن بۆ سەرچاوەکەی بڵاوی کاتەوە..بە پێی کۆمێنتێکی مامۆستا حەسەنی قازی قاغەزەکە دەستخەتی ڕەحیمی قازی یە

و زۆر وێدەچێ ئەو دەستخەتە ڕووسییەش هەر ئی ئەو بێ کە دەقەکەی وەرگێڕابێتە سەر زمانی ڕووسی.)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پاگاو شێخ مەحموودی دڵی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغداد	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە مایێ تێکشیەی پەیوەنیی میانو شێخ مەحموودی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی تاقە ئومێدو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحموودی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 25-01-2019
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 110
نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230729175431510317
نزیکەی 80 ساڵ لەمەوبەر، لەکۆتایی ساڵی 1941 دا شێخ مەحمودی حەفید نامەیەک بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەنێرێت بە بۆنەی ئەوەی توانیویانە بگەنە ڕووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات) . بەپێی وتەی مامۆستا حەسەن ڕەحیم قازی، نامەکە لەلایەن ڕەحیمی قازی (ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەد) نووسراوە.
لە نامەکەدا شێخی نەمر داوا لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەکات بە متمانەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پتەوتر بکەن بەو هیوایەی ئەو پەیوەندییە ببێتە مایەی ڕزگاربوونی کورد لەدەست دوژمنەکانی. نامەکە گوزارشت لە ئاستی خەمخۆری شێخی نەمر دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان.
دەقی نامەکە:
کاغەزی شێخ مەحمود بۆ نوێنەرانی کوردستانی ئێران
نووسراوە لە ئاخیری ساڵی 1941-دا
ئەمن لە قوڵایی دڵمەوە شادم بەوەی کە ئێوە توانیوتانە بچنە یەکێتی سۆڤێتی خۆشەویست (شاری باکۆ) .
ئەی برادەرانی هاوخوێنی کوردم، تکاتان لێ دەکەم و پێتان دەڵێم جگە لە یەکێتی سۆڤیەت بە هیچ کەسێکی تر باوەڕ مەکەن، بە هیچ چەشنە درۆ و بەڵێنێکی پێچەوانەی سۆڤیەت باوەڕ مەکەن، گوێ بۆ قسەی شیرینی دوژمنان شل مەکەن، خائینانی میللەتی کورد هەمیشە لە دەستی ئەوانەدا کە خۆمان ئەیانناسین (واتە ئیمپریالیمزمی ئینگلیزی) وەکو ئەنگوستیلەن یا داردەستن. زۆر بە هێزەوە دەستی یەکێتی سۆڤیەت بگرن، چونکە هەر ئەوە کە ڕزگارکەر و قەڵای تەواوی میللەتە ژێر دەستە ستەموەرەکانە.
لە 26ی ئازاری ساڵی 1946 بەهۆی فشاری هێزە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی بە حکومەتی ئێران دا لە ئازەربایجان بکشێتەوە. لە مانگی حوزەیراندا ئێران توانی ئازەربایجان کۆنترۆڵ بکات و کۆماری کوردستان لە سۆڤیەت دابڕێت، ئەمەش بووە هۆکاری پچڕاندنی سەرچاوەی دارایی پاشان دارمانی کۆماری کوردستان. لە 17ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1946 حکومەتی ئێران شاری مهابادی داگیرکرد و دواتریش لە ڕۆژی 31ی ئازاری ساڵی 1947 پێشەوای کوردان قازی محەمەد لەسەر کوردایەتی لە هەمان ئەو مەیدانەی کە کۆماری کوردستان ی لێ ڕاگەیاندبوو شەهید کرا.
لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئاماژە بەوە بکەم لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیەوە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، کورد زۆر ڕێگای تاقیکردووەتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکەی کە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستانە. بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و فشاری دوژمنانی کورد و خیانەتی نێوخۆیی، نەتوانرا ئەو ئامانجە بەدی بهێنرێت. لە ئێستاشدا پرسی سەربەخۆیی لای زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبیرکراوە یان ئەگەر ڕوونتر بڵێین دژایەتی دەکرێت! ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست کردووە و حکومەتی عێراق بەردەوام هەوڵ دەدات ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان.
تێبینی:
- نامەکە لە ئەرشیفی مامۆستا ڕەفیق حیلمی وەرگیراوە و بۆیەکەم جار کاک مەجید ساڵح لە ڕێککەوتی 22/1/2019 بڵاوی کردووەتەوە.[1]

تێبینی:

ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپێدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 90دەکان (90-99) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | دیجیتاڵ | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-08-01

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-08-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شىخ مەحمووڎی دڵې میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکې شىخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوې گرفتې کە ییې بە ماپې تێکشیەی پېوەنیی میانو شىخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شىخ مەحمووڎی بەرزنجی پېسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شىخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومېڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکې کۆتایې ئامای شۆڕشو شىخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکې شىخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان24- 29-07-2023
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2023
ناوی تۆمارکار: کامەران ئاکرەیی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 111

نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر بۆ بەرپرسی دارایی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20120814092532674451



نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر کە بۆ بەرپرسی دارایی شۆڕشەکەی ناردوە کەلە و کاتەدا بارەگای شێخ مەحمود لەسەر سنوری ئێران ئێراق بووە وەک لە نامەکەدا دەر دەکەوێت شێخ مەحمود داوا دەکات کە هەواڵی دوژمن و حەرەکاتیان لە ناوشاری سلێمانی بۆ بنێرێت هەروەها داوا دەکات کە موچەی هێزەکان سەرف بکەن. بەڕێزان خۆتان دەتوانن خوێندنەوە بۆ نامەکە بکەن ئەم نامەیە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 85 ساڵ بەر لە ئێستا بۆ زانیاریتان مامۆستا ئەحمەد خواجە بەرپرسی دارایی شۆڕش بووە و لە هەمان کاتدا بەرپرسبووە لە کاری هەواڵگری.
داناز عەبدولڕەحمان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
ئەحمەد خواجە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
داوازیەکۍ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	

نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 14-08-2012

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 112
نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220120084956402092
نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق
ئامادەکردن و وەرگێڕانی: دکتۆر ڕەنجدەر شێرزاد

لە وەڵامی نامەیەکی هینری دۆبس، کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق کە لە 04-11-1925 بۆ شێخ مەحمودی ناردووەو لە 21-11-1925 بە دەستی گەیشتوە، شێخ مەحمود بەم نامەیەی لای خوارەوە وەڵامی دەداتەوە کە دۆکیۆمێنتێکی بڵاو نەکراوەیە و لە ئەرشیفخانەی نیشتمانی بەریتانیا لە شاری لەندەن پارێزراوە، لێرەدا دەیخەمە ڕوو:
"لە بەرەگرافی یەکەمی نامەکەیدا شێخ مەحمود بە گشتی دەڵیت : ئاشکرایە کە ئامانج لە دواین جەنگی گەورە (جەنگی جیهانی یەکەم) کە بوە مایەی قۆربانیدان و خەسارێکی گەورەی گەلانی ئەوروپا و بە تایبەتی بەریتانیای مەزن، بریتی بوە لە پارێزگاریکردن لە پرنسیپی سەربەخۆی بۆ سەرجەم نەژاد و گەلان و هەروەها ڕزگارکردنی خەڵکانی لاواز لە ڕۆژهەڵات. هەروەها دەڵیت: لە ئەنجامی ئەو هەوڵە بێوچان و زەرەر و قوربانیدانە گەورەی خەڵکانی ئێوەوە کە مایەی پێزانینی زۆری ئێمەیە، بوەتە هۆی ڕزگاری گەلانی ژێردەستە لە ڕۆژهەڵات و درۆستبوونی ناوچەیەک لە خۆشەویستی و لێبوردەی. بەڵام بە داخەوە کورد تا ئێستاش دانیپێدانانرێت و ڕێگەی پێنادرێت (وەکو گەلانی تر) سودمەند بێت لەم بارودۆخە کە ئەمەش بوەتە هۆی نائومێدی. ئەوە کووردە کە قۆربانیەکی زۆری بە خوێن داوە لە پێناوی دستخستنی ئازادی و سەربەخۆی. ئێستاش ڕزگارکردنی ئەم گەلە ستەمدیدە بە تەنها بەندە بە سۆز و بەزیی بەریتانیای مەزن. تەنها دادپەروەری ئێوە دەتوانێت لە مردن و لە ناوچوون بمانپارێزێت. هەوەکو بەرێزتان دەڵێن، لەم جیهانەدا دوژمنی کورد تورک و فارسەکانن.
لە پەرەگرافی دووەمدا دەڵیت: لە سەرەتا و کۆتاییدا، من هەرگیز کارێکم ئەنجام نەداوە پێچەوانەی ئارەزوو بڕیارەکانی حکوومەتی بەریتانیا و هەرگیز ئەنجامیشی نادەم. ئەمە بەڵێنێکی کۆنکریتیە. لەکاتەوە کە حکومەتی بەریتانیا لە کۆتاییدا بڕیاریدا کە دەبێت باشووری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە من بەرامبەر بە وێژدان و حیکمەتی ئێوەی خاوەن شکۆ متمانەم داخوازی خۆم بەرامبەر ئەم پێکەوە لکاندنە بە هەند وەرنەگرتوە. هەرچەندە ئەم بڕیارە لە چەندین ڕێگەوە هۆکارە بۆ نائومیدی کورد و شایەنی ئەوە نین وایان لێبکرێت، لەسەر بنەمای فەرمانی ئێوەی خاوەن شکۆ، من ئامادەم واز لە دوژمنایەتی لەگەڵ ئێراق بێنم و بەڵێن ئەدەم بە تەواوی ئیمکانیەتمەوە پشتیوانی ئیراق بکەم و ئەو پرۆگرامە جێبەجێ بکەم کە بڕیاری لێدەدرێت.
لەم ڕۆژگارەدا ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر سیستمی ماندەیتی(پارێزگاری) بەریتانیان، خۆشحاڵی و ئاسایش و پێشکەوتنێکی زیاتریان هەیە لە چاو وڵاتانی تری هاوشێوەیان وەکو سوریا و ئەوانەیتر کە ئەم خاڵە ڕون ئەکەنەوە.
لە لەپەرەی دووەمدا سوپاسی دەکات و دەڵیت: بڕیاری بانگهێشت کردنم بۆ بەگداد و سەردانیکردنتان پێش سەفەرەکەتان بۆ لەندەن بە مەبەستی گفتووگۆکردن لەسەر ئایندەی باشووری کوردستان و هەروەها گرەنتیکردنی ئەوەی کە بەجێهێشتنەکە نەبێتە مایەی نەگەرانی و دڵەڕاوکێ دەربڕی میهرەبانی زۆری ئێوەی خاوەن شکۆیە. هەرلەبەر ئەوە من بە خۆشحاڵی و شەرەفمەندیەوە ئامادەم بۆ سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵتان، بەڵام وەکە لە گفتوگۆی پێشتر ئاماژەی پێکرا، تا ئیستا بۆچوونێکی ڕوون نیە سەبارەت بە دەوڵەتی ئێستا. ئەگە من بێم بۆ ئێراق پیدەچێ گەڕانەوەی من یان بەردەوامی بارودۆخی دەوڵەتی ئێستا کارێکی مەحاڵ بێت. ئەگەر ئێستا بەرچاو ڕوونی نەبێت ئەوا چی ئومێدێک ئەبێ لە دڵدا بێت بۆ ئایندوە و ئەگەر نائومێدی بە گشتی لە دڵدا

نەسڕێتەوە و بەڵێنێکی وا نەبێت کە ئێوەی خاوەن شکۆ بە تەواوی چارەسەری کێشەی من بکەن. هەربۆیە ئەم خاڵە لەوانەیە هەموو شتێک ڕوونبکاتەوەو مەوقعی من بزانرێت، بۆیە پێشنیار ئەکەم سەرەتا پێویستە چاوم بکەوێت بە لێکۆڵەری کارگێڕی یان هەندێک کەس کە نوێنەرایەتی ئێوەی خاوەن شکۆ بکات بەم شێوەیە ئەو مامەڵەیەی کە دەخرێتەڕوو ئەتوانرێت ڕوون بێت بۆ من. پاش ئەمە من ئەتوانم سەردانی تۆ بکەم نەک جارێک بەڵکوو چەندین جار. ئەگەر لەمەدا تۆ میهرەبانی خۆت دەرنەبڕیت ئەوا من بێ ئومێد ئەبم.
لە کۆتاییدا، سەرئەنجام چاوەڕوانی دواین وەڵامی ئێوەی پایەبەرزم.''[1]
هاوڕێت، مەحمود.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) | وەرگێڕدراو لە زمانی: ئینگلیزی |

فایلی پەیوەندیداریدار:



بابەتە پەیوەستکراوەکان:

QR	زمان	پۆل	ناوی بابەت
	هەورامی	کورتەباس	داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ
	کوردیی ناوەڕاست	بەڵگەنامەکان	نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | گرووپی لێکۆڵەرانی مێژووی کورد لە فەیسبووک
کاتی تۆمارکردن: 2022-01-20

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 113

نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260820100818699941

نامەیەکی شێخ مەحموودی حەفید بۆ بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا

ساڵی 1951 شێخ مەحموودی حەفید لە (داریکەلی)ەوە نامەیەک بۆ پێشکەشکارێکی ڕادیۆی کوردی بەغدا بەناوی د. نوری دەنووسێت و تێیدا داوای لێ دەکات خەم لە زمانی کوردی بخۆن و لەبیری نەکەن!
نامەکە بەئەدەبیاتێکی بەرزی ڕێز و ئیحترام نووسراوە و تێکەڵەیەکە لە گاڵتە و جدیات.
وادیارە ئەو پێشکەشکارەی شێخی حەفید نامەی بۆ نووسیوە ژنێکی تورک یان عەرەبی هێناوە و بۆیە بەگاڵتەوە بە دکتۆر نوری دەڵێ: بیستوومە کە ئافرەت هەڵدەگیرێت، بەڵام نەمبیستووە پیاو ڕەدوو بکەوێت. ئەوەتا تۆ بەهۆی مەحەبەتی قژ بەسەرێکەوە تەرکی دۆست و دیاری خۆتان کردووە.
نامەکە نیشانی دەدا ڕابەرێکی گەورەی وەکوو شێخ کە لە سەردەمی دەسبەسەریی و نەمانی دەسەڵاتە سیاسییەکەیدا، کەچی هێشتا پەرۆش و دڵسۆزە بە زمانی میللەتەکەی و بە زمانێکی زۆر سادە هۆشداری دەدات بە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران کە ئاگاداری زمانی کوردی بن و لە بیری نەکەن.

دەقی نامەکە
محترم و خۆشەویست و عزیزمان جناب دکتۆر نوری
لە دوای بەیانی ئەحوالپرسین و محەبەت، ئومێدەوارم کەماڵی سیحەت عاقیبەت بن. دەمێکە لێتان بێخەبەرین، ئینشائەڵلا باعیسی خێر و هەمیشە ڕوو لە خۆشی بن.
هەرچەندە دووربن بەڵام لای ئێمە و لە دڵی ئێمەدا هەر نزیکن. بۆ خاتری قژ بەسەرێ تەرکی دیار و محەبەتی خوێشانتان کرد، من بیستوومە ژن هەڵ بگیرێ بەڵام نەمبیستووە پیاو ڕەدوو بکەوێ، ئەوە ئێوەم دی.

مع الهدا دوعا ئەکەین بە شادی بژین.
ئەحواڵی خانم ئەگەیەنم، محەبەتی ئەو وای لێکردوون لە ڕادیۆ گوێم لێ بوو کوردیشتان بیر چووبوویەوە. بیرت نەچێ لەو دنیاش هەر کەسە بە زوبانی خۆی مەڕنەمووکە سوئالی لێ ئەکەن. نەکەی کوردی لە بیر بکەی یان محەبەتی خانم لە بیرت بباتەوە

حفیدزادە
21-08-1951
نامەکەم لە پەیجی ڕادیۆی کوردی بەغدا وەرگرتووە
کاوە شێخ عەبدوڵڵا [1]

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە وەکوو خۆی ئەرشیف کراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 50کان (50-59) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دەستنووس | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: خراپ | ڕۆژی دەرچوون: 21-08-1951

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1951-08-21	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (کاوە شێخ عەبدوڵڵا)
ڕێکەوتی 2023-03-15

کاتی تۆمارکردن: 20-08-2026
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 114

نامەیەکی گرنگی مێژوویی شەهیدی سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحمودی حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20250826161911653048



بو حضرتی حکمداری اعظم کردستان جنابی
شیخ محمود اڤرو همی بشانت و توانایێ کردستانێ
لبەر دستێ حکمداریا تە دایە بو تشتێ ام بێ امرێ
تە ناکەین هر تشتەکێ بفرموویی برژوەندی
ملەتێ کرد تیدا بیت ام حاضرە دێ بکین
از ژ دلێ را خوشحالم ژ گرندی بیستوانم من داوادکم کە
بیمە شارێ سلیمانێ هندێ خبرێ کردستانێ
ایران بو جنابێ تە بێژم و حکومکرانا ایشێ
کردستانێ پیویستە براد رێ و دستێ اینگلیزە
بزور ری!

اسمك
مخلص حکومتە
اسماعیل شکاک
۲۸/۷/۱۹۲۲

پەند و وانەی بۆ ئەم ڕۆژگارەمان تێدایە ئەم نامەیە پێمان دەڵێت سەرکردەکانی کورد لە ڕابوردوو هاوکاری یەک بوون نەک کۆسپیان بۆ یەکتر درووستکردبێت سەرکردە سمکۆسمکۆ ئامادەیی خۆی نیشاندەدات خزمەت بەحکوومەتی باشووری کوردستان بکات بە شێخ مەحمود دەڵێت بەبێ فەرمانی تۆ هیچ کارێک ناکەین شایانی خوێندنەوەیە بفەرموون

بۆ سەرنجدان ل ەناوەرۆکی نامەکە:

بۆ حەزرەتی فەرمانڕەوای گەورەی کوردستان جەنابی شێخ مەحمود

ئەمڕۆ هەموو کاروبارو دەستەڵاتی کوردستان لەژێر دەستی فەرمانڕەوایەتاندایە ئێمە بێ ڕەزامەندی و فەرمانی تۆ هیچ کارێک ناکەین هەرکارێکیش فەرمان بفەرموون و بەرژەوەندی میللەتی کوردی تێدابێت ئامادەم جێبەجێ ی

بکەم لە ئێستادا لە دەڤەری خۆشناوەتی لە گوندی بێتواتەم داوا دەکەم بێمە شاری سلێمانی هەندێک هەواڵی کوردستانی ئێران بەجەنابتان بڵێم بڕوام وایە کاروباری کوردستان پێویستی بە هاوکاری و دۆستایەتی ئینگیزە

دڵسۆزی ئێوە

اسماعیل شکاک
سمکۆ
28-01-1923. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: دیجیتاڵ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
پەیوەندی سیاسیی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیادا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
تێلێگرامی وەزیری دەرەوەی حکوومەت بۆ باڵیۆزی فارس لە ئەستەمبوڵ	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
جارێکی تر سمکۆ ناچێتەوە سەر خوانی مردن	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
جووڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی سمکۆی شکاک	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پەیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
سمکۆ و ڕزگار کردنی کریستیانییەکان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

سمكۆی شكاک؛ داخوازیی سەربەخۆیی و ڕەتکردنەوەی کارگێڕیی ناوچەیی بەشی 1	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
سمكۆی مەزن"من کوردم و ژیانم لە پێناوی ڕزگاری و بەختەوەریی گەلەکەم بەخت کردووە و بەختی دەکەم"	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
سمکۆ شکاکی نەخشەکێشو کۆششی نەتەوەیی کوردی جە سەرەتاو سەدەی ویسەمینە	کورتەباس	هەورامی	
سه مرد عجیب؛ لورنس - سیمیتقو - سید فرهاد	پەرتووکخانە	فارسی	
شۆڕش و پێویستیی هەنگاونان بۆ پێشخستنی کولتوور	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحموودی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی تاقە ئومێدو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحموودی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
نامەیەکی ماستەر لەسەر جووڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی سمکۆی شکاک لە زمانی سەرچاوە ئێرانییەکانەوە تاوتوێ کرا	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
هەوڵەکانی سمکۆی شکاک بۆ بەرەوپێش بردنی بواری خوێندن و ڕۆژنامەگەری	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئێران	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | historyofkurd.com 26-03-2017 ماڵپەڕی
کاتی تۆمارکردن: 2025-08-26
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

پۆل: کورتەباس
بابەت: 115
ناوبژیوانییەکی (شێخ مەحمودی حەفید) لە چەند بەڵگەنامەیەکدا
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260902214822701872
ناوبژیوانییەکی (شێخ مەحمودی حەفید) لە چەند بەڵگەنامەیەکدا
نووسەر: کارزان محەمەد

شێخ مەحمودی حەفید وێڕای ئەزموونی حکومڕانییەکەی کە گەشترین لایەنی بریتی بوو لە ڕەخساندنی ئازادییەک دوور لە ئینتیداب و دەسەڵاتی داگیرکەران، هەمیشە وەک کەسایەتییەکی مەزن تا لە ژیاندا مابوو، سەرقاڵی ناوبژیوانی و چارەسەری گرفتی هەر هاووڵاتییەکی کورد بووە کە لەبەر هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە زێدی خۆیان پەرتەوازە بووبوون. لە چەند دیکۆمێنتێکی نوێدا، (شێخ مەحمودی حەفید) هەوڵی چارەسەری کێشەی دوو بەگزادەی ناسراوی مەریوان و هەورامان دەدات کە بریتین لە: (جەعفەر بەگ)ی گوندی (دەرگا شێخان)، (محەمەد شەریف بەگ)ی گوندی (وەیسە).
ئەم دوو بەگزادەیە کە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمە، ئاوارەی کوردستانی باشوور دەبن، لە ڕێگەی شێخی نەمرەوە هەوڵ دەدەن بەئاشتەوایی بگەڕێنەوە بۆ نێو کەسوکاری خۆیان.
بەپشتبەستن بە دەقی یەکێک لەو دیکۆمێنتانە کە تایبەتە بە نامەیەکی (شێخ مەحمودی حەفید) بۆ کونسوڵگەری ئێران، داوای بەخشین بۆ ئەم دوو کەسایەتییە دەکات و تیایدا هاتووە:
(حچور حچرت محترم أقای قونصولگری دولتی شاهنشاهی ایران شهزاده عالی مقام زیده لگفه العالی پس از ادای ارادت امیدوارم همیشه در لباس صحت و سعادت بوده باشید محترما از جهه أقایان رشید بیگ و جعفر بیگ ساکن قریه ویسه و درکاه شیخان می باشند و سایری محبان برادر زادهام جلال هر چه به عرچ برساند سخن مخص (احتمالا مخلص) است امیدوارم که به لطف خودتان سرافرازم فرمائید.زیاده عرضی نیست. حفیدزاده").
(شێخ مەحمودی حەفید) لەم نامەیەدا وێڕای سڵاو و ڕێز، ئاماژەی بەوە داوە کە (شێخ جەلال)ی برازای بۆ گەیاندنی پەیامەکەی سەبارەت بە هەردوو بەگزادەی ناوبراو، سەردانی کونسوڵگەری دەکات.کونسوڵگەریش بەشێوەیەکی (نهێنی و بەپەلە) نامەیەکیان ئاراستەی سەفارەتی ئێران لە بەغدا کردووە، تیایدا ئاماژەیان بەو داخوازییەی شێخی نەمر داوە.
لە نامەکەدا ئەوەیان خستۆتەڕوو کە پێیانباشە داخوازییەکەی (شێخ مەحمودی حەفید) بهێنرێتەدی، تیایدا هاتووە: (جەنابی شێخ مەحمود نامەیەکی بەهۆی شێخ جەلالی برازایەوە بۆ ئێمە ناردووە، داوای کردووە سەبارەت بە دوو هاووڵاتی کوردی ئێرانی کە لە ساڵی (1323-1944) لە ئێران هەڵاتوون و ئێستا لە دەوروبەری هەڵەبجەن، بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ ئێران، دەیانەوێ سەر لەنوێ لە لایەن دەوڵەتی شاهەنشاهییەوە لێ بوردنیان بۆ دەربکرێت.
دەوڵەتی شاهەنشاش گرەنتیان بداتێ تا بەرەو زێدی خۆیان بگەڕێنەوە. هەردوو ناوبراو یەکێکیان جەعفەر بەگی نیشتەجێی گوندی دەرگا شێخانە و ئەویتریان شەریف بەگی نیشتەجێی گوندی وەیسەی ئێرانن).
(ئەبولفەزڵ شاهرۆخی)ی کونسوڵی ئێران نووسیویەتی: (وێڕای سڵاو، شێخ مەحمود بەهۆی برازاکەیەوە پەیامی بۆ ناردووین کە خودی خۆی بەڵێن دەدات و گرەنتیمان دەداتێ کە ئەم دوو کەسە نەک تەنها تا دواساتی تەمەنیان لە ئێران گوێڕایەڵ دەبن بەڵکوو هەمیشە درێژە بەخزمەتی نیشتمانیانە دەدەن).
کونسوڵ لە درێژەی نامەکەیدا دەنووسێ: (شێخ مەحمود لە ڕێگەی شێخ جەلالەوە داوای لێبوردەیی بۆ عەبدوڵلا دزڵی کوڕی مەحمود خانی دزڵیش لە دەوڵەتی شاهەنشاهی کردووە، بۆ ئەوەی ناوبراو بگەڕێتەوە

زێدی خۆی و بچێتەوە نێو عەشیرەتەکەی).
سەبارەت بەو داواکارییە، کونسوڵگەری بۆچوونی وایە: (ئەگەر هەنگاوەکانی سەفارەتی شاهەنشاهی ئەنجامی هەبێ و داخوازییەکەی شێخ مەحمود لە لایەن دەوڵەتی شاهەنشاهی پەسەند بکرێت، لە ڕاستیدا بە ئەنجامدانی ئەم داخوازییەی ناوبراو، ئەوا نزیکایەتی و خۆشەویستی شێخ مەحمودمان بەدەستهێناوە و لە ئایندەدا دەشێ ئەم بابەتە بۆ دەوڵەتی شاهەنشاهی ببێتەمایەی سودێکی گشتی) (1).
دوای ناردنی نامە لە لایەن سەفارەتی ئێران لە بەغداد بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، جێگری وەزیری دەرەوە لە نامەیەکدا بە ژمارە (984) لە مێژووی (24-02-1325)(14-05-1946) بۆ سەرۆک وەزیران (واتا ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە) (2)، داوای بڕیارێکی لەوبارەیەوە لێکردووە. لە نامەیەکدا (محەمەدعەلی هۆمایۆن جاە)ی جێگری وەزیری دەرەوە لە وەڵامدا نووسیویەتی:- (لە لایەن کونسوڵگەری سلێمانییەوە، ڕاپۆرتێک گەیەنراوەتە سەفارەتی شاهەنشاهی بەغدا سەبارەت بە داخوازییەکی شێخ مەحمودی حەفید بەهۆی شێخ جەلالی برازای، داوای لە کونسوڵگەری کردووە کە دەوڵەتی شاهەنشاهی گرەنتی بداتە دوو کوردی هەڵاتوو لە ئێراق بەناوەکانی جەعفەر بەگ نیشتەجێی گوندی دەرگا شێخان و محەمەد شەریف بەگ نیشتەجێی گوندی وەیسە تا بگەڕێنەوە بۆ ئێران).
جێگری وەزیری دەرەوە لە درێژەی نامەکەیدا وێرای نیشاندانی بێ ئاگایی خۆی لەبارەی هۆکارەکانی هەڵاتنی ئەم دوو کەسە بۆ خاکی ئێراق، نووسیویەتی: (ئەگەرچی وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئاگادار نییە لە هۆکاری هەڵاتنی هەردوو ناوبراو بۆ خاکی ئێراق و پێشینەیان نییە، بەڵام پێمان وایە بەهۆی نفوزی شێخ مەحمود لەناو کوردان و ئەو ڕێزەی کۆمەڵگەی کوردی لە ناوبراو و بنەماڵەکەی دەگرن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە شێخ مەحمود لەگەڵ کار و ڕەفتاری تێکدەرانەدا نییە و تا ئێستاش شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ناوبراو نەبیستراوە کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی بێت، هەر بۆیە داواکارین داخوازییەکەی ناوبراو بۆ گرەنتیدان بە جەعفەر بەگ و محەمەد شەریف بەگ پەسەند بکرێت، لە ڕێگەی کونسوڵگەری سلێمانییەوە وەڵامی ئەرێنی بە شێخ مەحمود بدرێتەوە).
ناوبراو لە کۆتایی نامەکەیدا نووسیویەتی کە هەڵگری پەیام و ناوبژیوانەکە (شێخ جەلال)ی برازای (شێخ مەحمود)ە، کەسایەتییەکی سیاسی خاوەن پێگەیە، چەندین خولیش نوێنەری شاری سلێمانی بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق.
لە پەراوێزی نامەکەی وەزارەتی دەرەوەدا، سەرۆک وەزیر فەرمانی داوە تا پرسیار لە وەزارەتەکان جەنگ و ناوخۆ بکرێت کە چ پێشینەیەکیان دەربارەی ئەو دوو کەسە هەڵاتووە بەرەو ئێراق هەیە، بۆچوونی خۆیان دەربارەی ڕەزامەندی یاخود ڕەتکردنەوەی ئەو داخوازییەی شێخ مەحمود و وەزارەتی دەرەوە بخەنەڕوو.
بەدواداچوونەکان ئەوە دەخەنەروو کە وەزارەتەکانی ناوخۆ و جەنگ ڕەزامەندیان لەسەر ئەم داخوازییەی شێخ مەحمود دەربڕیوە.
فەرەیدوونی سەرپەرشتیاری وەزارەتی ناوخۆ لەوبارەیەوە بۆ (قەوام)ی سەرۆک وەزیری نووسیوە: (جەنابی سەرۆک وەزیر سەبارەت بەو دوو کوردەی بەرەو ئێراق هەڵاتوون، پرسیار دەربارەی کرۆکی بابەتەکە لە فەرمانداری سنە کراوە، بەپێی وەڵامەکەیان گەڕاونەتەوە بەرەو شوێنی خۆیان لە خاکی ئێران و سەرقاڵی کاروباری خۆیانن).
هەروەها سەرلەشکر (هیدایەت) لە لایەن وەزارەتی جەنگەوە لە وەڵامی فەرمانەکەی (ئەحمەد قەوام)ی سەرۆک وەزیردا بەم چەشنە ڕاپۆرتیان داوە: (جەنابی سەرۆک وەزیری بەڕێز، سەبارەت بە ڕاسپاردەکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەربارەی بەخشینی گرەنتی بەو دوو کەسە هەڵاتووە لە ناوچەی کوردستاندا بە خزمەتتان ڕادەگەیەنین: هەردوو ناوبراو لە ساڵی (1944) لە ئۆپەراسیۆنی دژ بە حەمەڕەشیدخانی بانە، بەرەو ئێراق هەڵاتوون و ناوەکانیشیان لە لیستی ئەو هەڵاتووانەدایە کە لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە داواکراو بوون. بۆ گێڕانەوەشیان ڕێوشوێنی پێویست گیردراوەتەبەر).

بەهۆی ئەم بابەتەوە هەردوو ناوبراو پەیوەندییان بە فەرماندەی باڵای کوردستانەوە کردووە، بەڕادەستکردنی ژمارەیەک لە چەکەکانیشیان گرەنتیان پێ دراوە، ئێستاش لە زێدی خۆیان نیشتەجێن، هەر بۆیەشە ئاگاداری وەزارەتی کاروباری دەرەوە کراوەتەوە. [1]

سەرچاوە:
احسان هوشمند، وقتی شیخ وساطت می کند، ماهنامە فرهنگی، اجتماعی، اقتصادی و سیاسی چرو (گسترە توزیع غرب کشور)، دورە جدید، سال سوم، شمارە 23، صفحات 10-14، مرداد ماە 1393.
(1) ئەم دیکۆمێنتە لە (مرکز اسناد ملی ایران) بە ژمارە (1070/102006) تۆمار کراوە، نامەی کونسوڵگەریش بە ژمارە (19) لە مێژووی (12-02-1225) دەرکراوە.
(2) ئەحمەد قەوام (1873-1955ز) ناسراو بەقەوامولسەڵتەنە، ماوەی پێنج جار سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە.
تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژەپێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-08-23
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-08-23	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی چاوی کورد - 2023-08-31
کاتی تۆمارکردن: 2026-09-02
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: بەڵگەنامەکان
بابەت: 116
ناوبژیوانییەکی "شێخ مەحمودی حەفید" لە چەند بەڵگەنامەیەکدا
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230819164441515885

ناوبژیوانییەکی "شێخ مەحمودی حەفید" لە چەند بەڵگەنامەیەکدا
لەلایەن د. کارزان محەمەد

"شێخ مەحمودی حەفید" وێرای ئەزموونی حکومڕانییەکەی کە گەشترین لایەنی بریتی بوو لە ڕەخساندنی ئازادییەک دوور لە ئینتیداب و دەسەڵاتی داگیرکەران، هەمیشە وەک کەسایەتییەکی مەزن تا لە ژیاندا مابوو، سەرقاڵی ناوبژیوانی و چارەسەری گرفتی هەر هاووڵاتییەکی کورد بووە کە لەبەر هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە زێدی خۆیان پەرتەوازە ببوون. لە چەند دیکۆمێنتێکی نوێدا، "شێخ مەحمودی حەفید" هەوڵی چارەسەری کێشەی دوو بەگزادەی ناسراوی مەریوان و هەورامان دەدات کە بریتین لە: "جەعفەر بەگ"ی گوندی "دەرگا شێخان"، "محەمەد شەریف بەگ"ی گوندی "وەیسە".
ئەم دوو بەگزادەیە کە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمە، ئاوارەی کوردستانی باشوور دەبن، لە ڕێگەی شێخی نەمرەوە هەوڵ دەدەن بەئاشتەوایی بگەڕێنەوە بۆ نێو کەسوکاری خۆیان.
بەپشتبەستن بە دەقی یەکێک لەو دیکۆمێنتانە کە تایبەتە بە نامەیەکی "شێخ مەحمودی حەفید" بۆ کونسوڵگەری ئێران، داوای بەخشین بۆ ئەم دوو کەسایەتییە دەکات و تیایدا هاتووە:-
حضور حضرت محترم أقای قونصولگری دولتی شاهنشاهی ایران شهزاده عالی مقام زیده لطفه العالی
پس از ادای ارادت امیدوارم همیشه در لباس صحت و سعادت بوده باشید محترما از جهه أقایان رشید بیگ و جعفر بیگ ساکن قریه ویسه و درکاه شیخان می باشند و سایری محبان برادر زادهام جلال هر چه به عرض برساند سخن مخص (احتمالا مخلص) است امیدوارم که به لطف خودتان سرافرازم فرمائید. زیاده عرضی نیست. حفیدزاده".

"شێخ مەحمودی حەفید" لەم نامەیەدا وێرای سڵاو و ڕێز، ئاماژەی بەوە داوە کە "شێخ جەلال"ی برازای بۆ

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

گەیاندنی پەیامەکەی سەبارەت بە هەردوو بەگزادەی ناوبراو، سەردانی کونسوڵگەری دەکات.کونسوڵگەریش بەشێوەیەکی (نهێنی و بەپەلە) نامەیەکیان ئاراستەی سەفارەتی ئێران لە بەغداد کردووە، تیایدا ئاماژەیان بەو داخوازییەی شێخی نەمر داوە. لە نامەکەدا ئەوەیان خستۆتەڕوو کە پێیانباشە داخوازییەکەی "شێخ مەحمودی حەفید" بهێنرێتەدی، تیایدا هاتووە:- جەنابی شێخ مەحمود نامەیەکی بەهۆی شێخ جەلالی برازایەوە بۆ ئێمە ناردووە، داوای کردووە سەبارەت بە دوو هاووڵاتی کوردی ئێرانی کە لە ساڵی (1323-1944) لە ئێران هەڵاتوون و ئێستا لە دەوروبەری هەڵەبجەن، بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ ئێران، دەیانەوێ سەرلەنوێ لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهییەوە لێ بوردنیان بۆ دەربکرێت.
دەوڵەتی شاهەنشاش گرەنتیان بداتێ تا بەرەو زێدی خۆیان بگەڕێنەوە. هەردوو ناوبراو یەکێکیان جەعفەر بەگی نیشتەجێی گوندی دەرگا شێخانە و ئەویتریان شەریف بەگی نیشتەجێی گوندی وەیسەی ئێرانن".

"ئەبولفەزڵ شاهرۆخی"ی کونسوڵی ئێران نوسیویەتی: وێرای سڵاو، شێخ مەحمود بەهۆی برازاکەیەوە پەیامی بۆ ناردووین کە خودی خۆی بەڵێن دەدات و گرەنتیمان دەداتێ کە ئەم دوو کەسە نەک تەنها تا دواساتی تەمەنیان لە ئێران گوێڕایەڵ دەبن بەڵکو هەمیشە درێژە بەخزمەتی نیشتیمانیانە دەدەن".
کونسوڵ لە درێژەی نامەکەیدا دەنوسێ:- شێخ مەحمود لە ڕێگەی شێخ جەلالەوە داوای لێبوردەیی بۆ عەبدوڵڵا دزڵی کوڕی مەحمود خانی دزڵیش لە دەوڵەتی شاهەنشاهی کردووە، بۆ ئەوەی ناوبراو بگەڕێتەوە زێدی خۆی و بچێتەوە نێو عەشیرەتەکەی".
سەبارەت بەو داواکارییە، کونسوڵگەری بۆچوونی وایە:- ئەگەر هەنگاوەکانی سەفارەتی شاهەنشاهی ئەنجامی هەبێ و داخوازییەکەی شێخ مەحمود لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهی پەسەند بکرێت، لە ڕاستیدا بە ئەنجامدانی ئەم داخوازییەی ناوبراو، ئەوا نزیکایەتی و خۆشەویستی شێخ مەحمودمان بەدەستهێناوە و لە ئایندەدا دەشێ ئەم بابەتە بۆ دەوڵەتی شاهەنشاهی ببێتەمایەی سودێکی گشتی" (1) .

دوای ناردنی نامە لەلایەن سەفارەتی ئێران لە بەغداد بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، جێگری وەزیری دەرەوە لە نامەیەکدا بە ژمارە (984) لە مێژووی (24-2-1325/14ی ئایاری 1946) بۆ سەرۆک وەزیران (واتا ئەحمەد قەواموسەڵتەنە) (2)
داوای بڕیارێکی لەوبارەیەوە لێکردووە. لە نامەیەکدا "محەمەدعەلی هۆمایۆن جاە"ی جێگری وەزیری دەرەوە لە وەڵامدا نوسیویەتی:- "لەلایەن کونسوڵگەری سلێمانییەوە، ڕاپۆرتێک گەیەنراوەتە سەفارەتی شاهەنشاهی بەغداد سەبارەت بە داخوازییەکی شێخ مەحمودی حەفید بەهۆی شێخ جەلالی برازای، داوای لە کونسوڵگەری کردووە کە دەوڵەتی شاهەنشاهی گرەنتی بداتە دوو کوردی هەڵاتوو لە ئێراق بەناوەکانی جەعفەر بەگ نیشتەجێی گوندی دەرگا شێخان و محەمەد شەریف بەگ نیشتەجێی گوندی وەیسە تا بگەڕێنەوە بۆ ئێران.
جێگری وەزیری دەرەوە لە درێژەی نامەکەیدا وێرای نیشاندانی بێ ئاگایی خۆی لەبارەی هۆکارەکانی هەڵاتنی ئەم دوو کەسە بۆ خاکی ئێراق، نوسیویەتی:" ئەگەرچی وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئاگادار نییە لە هۆکاری هەڵاتنی هەردوو ناوبراو بۆ خاکی ئێراق و پێشینەیان نییە، بەڵام پێمانوایە بەهۆی نفوزی "شێخ مەحمود" لەناو کوردان و ئەو ڕێزەی کۆمەڵگای کوردی لە ناوبراو و بنەماڵەکەی دەگرن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە "شێخ مەحمود" لەگەڵ کار و ڕەفتاری تێکدەرانەدا نییە و تائێستاش شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ناوبراو نەبیستراوە کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی بێت، هەربۆیە داواکارین داخوازییەکەی ناوبراو بۆ گرەنتیدان بە جەعفەر بەگ و محەمەد شەریف بەگ پەسەند بکرێت، لە ڕێگەی کونسوڵگەری سلێمانییەوە وەڵامی ئەرێنی بە شێخ مەحمود بدرێتەوە".
ناوبراو لە کۆتایی نامەکەیدا نوسیویەتی کە هەڵگری پەیام و ناوبژیوانەکە "شێخ جەلال"ی برازای شێخ

مەحمودە، کەسایەتییەکی سیاسی خاوەن پێگەیە، چەندین خولیش نوێنەری شاری سلێمانی بووە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق.
لە پەراوێزی نامەکەی وەزارەتی دەرەوەدا، سەرۆک وەزیر فەرمانی داوە تا پرسیار لە وەزارەتەکان جەنگ و ناوخۆ بکرێت کە چ پێشینەیەکیان دەربارەی ئەو دوو کەسە هەڵاتووە بەرەو ئێراق هەیە، بۆچوونی خۆیان دەربارەی ڕەزامەندی یاخود ڕەتکردنەوەی ئەو داخوازییەی شێخ مەحمود و وەزارەتی دەرەوە بخەنەڕوو.
بەدواداچوونەکان ئەوە دەخەنەروو کە وەزارەتەکانی ناوخۆ و جەنگ ڕەزامەندیان لەسەر ئەم داخوازییەی شێخ مەحمود دەربڕیوە.
(فەرەیدوونی) ی سەرپەرشتیاری وەزارەتی ناوخۆ لەوبارەیەوە بۆ (قەوام) ی سەرۆک وەزیری نوسیوە:- "جەنابی سەرۆک وەزیر سەبارەت بەو دوو کوردەی بەرەو ئێراق هەڵاتوون، پرسیار دەربارەی کرۆکی بابەتەکە لە فەرمانداری سننە کراوە، بەپێی وەڵامەکەیان گەڕاونەتەوە بەرەو شوێنی خۆیان لە خاکی ئێران و سەرقاڵی کاروباری خۆیانن".

هەروەها سەرلەشکر (هیدایەت) لەلایەن وەزارەتی جەنگەوە لە وەڵامی فەرمانەکەی "ئەحمەد قەوام"ی سەرۆک وەزیردا بەم چەشنە ڕاپۆرتیان داوە:" جەنابی سەرۆک وەزیری بەڕێز، سەبارەت بە ڕاسپاردەکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەربارەی بەخشینی گرەنتی بەو دوو کەسە هەڵاتووە لە ناوچەی کوردستاندا بە خزمەتتان ڕادەگەیەنین: هەردوو ناوبراو لە ساڵی (1944) لە ئۆپەراسیۆنی دژ بە حەمەڕەشیدخانی بانە، بەرەو ئێراق هەڵاتوون و ناوەکانیشیان لە لیستی ئەو هەڵاتووانەدایە کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە داواکراو بوون. بۆ گێڕانەوەشیان ڕێوشوێنی پێویست گیردراوەتەبەر.
بەهۆی ئەم بابەتەوە هەردوو ناوبراو پەیوەندییان بە فەرماندەی باڵای کوردستانەوە کردووە، بەڕادەستکردنی ژمارەیەک لە چەکەکانیشیان گرەنتیان پێدراوە، ئێستاش لە زێدی خۆیان نیشتەجێن، هەربۆیەشە ئاگاداری وەزارەتی کاروباری دەرەوە کراوەتەوە.

سەرچاوە:
احسان هوشمند، وقتی شیخ وساطت می کند، ماهنامه فرهنگی، اجتماعی، اقتصادی و سیاسی چرو (گستره توزیع غرب کشور) ، دوره جدید، سال سوم، شماره 23، صفحات 10-14، مرداد ماه 1393.
(1) – ئەم دیکۆمێنتە لە (مرکز اسناد ملی ایران) بە ژمارە (1070/102006) تۆمار کراوە، نامەی کونسوڵگەریش بە ژمارە (19) لە مێژووی (1225/2/12) دەرکراوە.
(2) – ئەحمەد قەوام (1873-1955ز) ناسراو بەقەوامولسەڵتەنە، ماوەی پێنج جار سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە. [1]

تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | دەیە: 40ەکان (40-49) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | ئێران | وەرگێڕدراو لە زمانی: فارسی |
ڕۆژی دەرچوون: 2023-08-13

فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-08-13	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی (chawykurd) - 13-08-2023
کاتی تۆمارکردن: 19-08-2023
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 117
نوربەخشی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20140331004007989999



عومەر مەعروف بەرزنجی
چاپی یەکەم 2006 سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: هەڵبەست | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2006-~~00-00~~

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2006-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
شکار	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی سورداش	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
عومەر مەعروف بەرزنجی	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
گریان و خۆشی	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
مودەتێ	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2014-03-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: ڤیدیۆ
بابەت: 118
نوربەخشی؛ دۆکیۆمێنتارییەک دەربارەی پەخشانە ئەدەبی و مەعریفییەکانی شێخ مەحمودی حەفید
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240125170310546376
ڤیدیۆ: نوربەخشی؛ دۆکیۆمێنتارییەک دەربارەی پەخشانە ئەدەبی و مەعریفییەکانی شێخ مەحمودی حەفید
ساڵی ئامادەکردنی ڤیدیۆ: 2024
ئامادەکردنی ڤیدیۆ: کەناڵی کوردسات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | ژیاننامە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 2024-~~00-00~~
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەلامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

تێبینی: ئەم تۆمارە بەڵگە فیلمە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فیلمە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تی ڤی & ڕادیۆ | کوردیی ناوەڕاست | کەناڵی کوردسات

کاتی تۆمارکردن: 25-01-2024

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: ڤیدیۆ
بابەت: 119
نەوەیەکی شێخ مەحمودی حەفید پرسیار لە باڵیۆزی بەریتانیا دەکات بۆچی بەریتانییەکان پاشگەزبوونەوە لە درووستکردنی دەوڵەتی کوردستان؟

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260828220324701372

ڤیدیۆ: نەوەیەکی شێخ مەحمودی حەفید پرسیار لە باڵیۆزی بەریتانیا دەکات بۆچی بەریتانییەکان پاشگەزبوونەوە لە درووستکردنی دەوڵەتی کوردستان؟
ڕێکەوتی دەرچوون: 2024-08-16
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | دۆزی کورد | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 21 (2000-2099) | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: نووسینی خراوەتەسەر |
ڕۆژی دەرچوون: 2024-08-16

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2024-08-16	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە بەڵگە فیلمە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فیلمە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ تیکتۆک؛ پەیجی (نیشتمانی جوان) ڕێکەوتی 2024-08-16

کاتی تۆمارکردن: 2026-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 120

هەواڵی مەلیک مەحموود لە ڕۆژنامە ڕوسییەکاندا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20260828205044701365


ЗАРЯ ВОСТОКА

Французский кабинет.

Борьба за Моссул.

کوردی/English

هەواڵی مەلیک مەحموود لە ڕۆژنامە ڕوسییەکاندا

ڕۆژنامەی ڕوسی (زاریا ڤەستۆکا) ژمارە 593 لە 4ی حوزەیرانی 1924 دەنوسێت:

شێخ مەحمودی حەفید لە کۆتایی ساڵی 1922دا لەلایەن بەریتانییەکانەوە وەک مەلیکی کوردستان ناسێنراوە، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا تێکچوو. شێخ مەحمود لە ناوچەی سلێمانی جێگیر بووە و لە ئێستادا (1924) پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان هەیەو دژی بەریتانیا وەستاوەتەوە.

ڕۆژنامەی (زاریا ڤەستۆکا) بە واتای (بەرەبەیانی ڕۆژهەڵات) دێت، بە یەکێک لە ڕۆژنامە گرنگەکانی یەکێتی سۆڤیەت دادەنرێت و لە ساڵانی 1922 – 1991 دەرچووە.

ئەم ڕۆژنامانە تەنها وەک دۆکیۆمێنتێک دەخرێنە ڕوو، ناکرێت وەک حەقیقەتێکی مێژوویی بە بێ زانینی سیاسەت و بەرژەوەندی ڕۆژنامەکان شیکاریان بۆ بکرێت.

ئەم ڕۆژنامەیە و دەیان ڕۆژنامەی تر لە مۆزەخانەی مەلیک مەحموود بەردەست دەبێت. مۆزەخانەی مەلیک مەحموود، بەشێکە لە ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO ئێستا لە قۆناغی تەواوکردندایە. مۆزەخانەکە، دەیان کەرەستەی مێژوویی و دەستنووسی سەردەمی حوکمدارێی مەلیک مەحموود دەپارێزێت و مێژووی پەیوەندیی کورد و بەریتانیا، لە ڕێگەی سەدان بەڵگەنامە بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی ،عەرەبی، تورکی و ڕوسی دەگێڕێتەوە.

News of King Mahmud in Russian Newspapers (Part 2)
:The Russian newspaper Zarya Vostoka (Issue No. 593, June 4, 1924) wrote
Sheikh Mahmud Al-Hafid was recognized by the British as the King of Kurdistan in late 1922, but his relations with Britain later deteriorated. Based in the Sulaimani region, Sheikh Mahmud is currently (in 1924) in contact with the Turks and stands .opposed to the British

Zarya Vostoka, which translates to Dawn of the East, was considered one of the key .newspapers of the Soviet Union, published between 1922 and 1991

These historical newspaper excerpts are presented as archival documents and should be analyzed in light of the editorial policies and political interests of their .publishers rather than taken as absolute historical fact
This publication, alongside dozens of other historical newspapers, will be available at the King Mahmud Museum. As part of the Civil Development Organization (CDO), the museum is currently in its final stages of completion. It preserves dozens of historical artifacts and manuscripts from the era of King Mahmud's rule, documenting the history of Kurdish-British relations through hundreds of documents .in Kurdish, English, Arabic, Turkish, and Russian
[1]
⚠تێبینی: ئەم بابەتە بە ڕێنووسی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو نووسراوە، کوردیپێدیا هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | ئینگلیزی | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | وڵات: باشووری کوردستان | وەرگێڕدراو لە زمانی: ڕووسی | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (civil Development organization) ڕێکەوتی 2026-08-21
کاتی تۆمارکردن: 2026-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: پەرتووکخانە
بابەت: 121
هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی شێخ مەحمودی حەفید
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220903201452431877



ناونیشانی پەڕتووک: هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی شێخ مەحمودی حەفید
ناوی ئامادەکار: شاڵاو جەعفەر
ساڵی چاپ: 2021

ئەم پەڕتووکە دیدارێکی مێژووییە کە ماوەی 2 ساڵی خایاندووە لەگەڵ بەڕێز شێخ مەحمودی شێخ کاوەی حەفید. بابەتەکانی ئەم پەڕتووکە وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەیە کە لەسەر شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشەکانی لەناو خەڵکیدا بڵاو بووەتەوە بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی زانستی ئاماژەی پێ کردبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | وتار و دیمانە | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: چاپکراو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: نەخێر | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2021

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2021-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵی میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە ییێ بە مایێ تێکشیەی پیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
مەڵامەتەکێ کۆتایی ئامای شۆڕشو شێخ مەحمووڎی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی شێخ مەحمودی حەفید

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-03

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 122
وێنەی یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی باشوری کوردستان شێخ عەبدولقادر حەفید
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20210822184205395022

وێنەی یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی باشووری کوردستان شێخ عەبدولقادر حەفید
ئەم وێنەیە لە زیندانی بەریتانییەکان گیراوە لە شاری بەغدا لەپاش ڕووخاندنی حکوومەتی کوردستان.
پاش شکستی گەورەی کورد لە شەڕی بەرەنگاری لە حکوومەتی کوردستان لە دەربەندی بازیان ساڵی 1919 برینداربوونی شێخ مەحمود بەسەختی لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا و شەهید بوونی 500 تێکۆشەری کورد و سەدان بریندار و دیل ئینگلیزەکان دەستیان گرت بەسەر پایتەختی حکوومەتەکەدا و شاری سلێمانیان داگیرکرد شارەکە چۆڵکرابوو دانیشتووانەکەی دەربەدەر و ئاوارەبوبون بەشێکی زۆر لەهاووڵاتیان و فەرماندەو کاربەدەستانی حکوومەتەکە ڕوویان لە وڵاتی ئێران کرد بەڵام ئێرانیەکان لەسەر فەرمانی ئینگلیزەکان ئەوکەسانەی کە داواکراو بوون دەستگیردەکەن و ڕادەستی ئینگلیزەکانیان دەکەنەوە لەوانە شێخ عبدالقادر حەفید و سەرکردە مەحمود خانی دزڵی و سەرکردە مەحمود خانی کانی سانان و چەندین تێکۆشەری تر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 20ەکان (20-29) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | وڵات: باشووری کوردستان | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2021

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 123
وێنەیەکی دێرینی چەند کەسایەتیەکی ناسراو لە ماڵی شێخ مەحمودی حەفید بە یادی ڕێکەوتنی ساڵی 1964

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017222046440500

شوێن: ماڵی شێخ مەحمودی حەفید
ساڵی گیرانی وێنەکە: 1964
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: لە ڕاستەوە: حەمە زەینەب، جۆرج باوکی مارگرێت، کچە پێشمەرگەی مارگرێت، عیسا سوار، مالیک کاک مستەفا، دکتۆر سدیق بەرزنجی)
ناوی وێنەگر: نەناسراو
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
دەیە: 60ەکان (60-69) | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	

دوێ گرفتێ کە پێ بە ماڵێ تێکشیەی پەوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس هەورامی
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پەسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس هەورامی
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس هەورامی
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس هەورامی

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - شەنە ئەحمەد
کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: وێنە و پێناس
بابەت: 124
وێنەیەکی شێخ مەحمودی نەمر لە جەژنی مەولودی پێغەمبەر لە مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم لە شاری بەغدا
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230528121005494283



شوێن: بەغدا
ڕۆژ یان ساڵی گیرانی وێنەکە: 1935ی زایینی
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: لەچەپەوە: شێخ مەحمودی حەفید (مەلیک مەحمود)، محەمەد ئەمین زەکی بەگ مێژوونووسی کورد ئەوکات وەزیری گەیاندن بووە، شێخ ئیبراهیم راوی ئەلڕەفاعی، سەید عەبدوڵئیلا لە خانەوادەی شای ئێراق، یاسین هاشمی سەرۆک وەزیرانی ئە وکاتی ئێراق، ڕەئوف بوحرانی وەزیری دارایی.
وێنەگرەکە: نەزانراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
دەیە: 30یەکان (30-39) | سکۆپی وێنە: ڕەش و سپی | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: بەغدا | وڵات: ئێراق |
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
داوازیەکۍ شیخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
سێ گەنجی کەرکووک لە شاری بەغدا ساڵی 1977	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | موحیب مەهابادی
کاتی تۆمارکردن: 28-05-2023
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

پۆل: بەڵگەنامەکان

بابەت: 125

وەستانی شەڕ و ئومێدی گەشەکردنی سلێمانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20241119121950609157

EN IRAK

La fin de la révolte kurde

Suivant un télégramme de Bagdad aux journaux anglais, le chef rebelle kurde Shaikh Mahmoud qui a mené une campagne contre le gouvernement de l'Irak pendant ces trois dernières années, a signé un accord avec ce gouvernement, dans lequel il s'engage à s'abstenir à l'avenir d'agir contre lui.

Un communiqué officiel à ce sujet déclare qu'il y a tout lieu maintenant d'espérer que la province, jusqu'ici éprouvée, de Sulaimanié, va entrer dans une ère de prospérité et de progrès.

NOUVELLES DE L'ÉTRANGER

وەستانی شەڕ و ئومێدی گەشەکردنی سلێمانی

ڕۆژنامەی (Le Temps) کە لە ڕۆژی 28-01-1927 لە پاریس بە زمانی فەرەنسیی بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی:
لە عێراق کۆتایی یاخیبوونە کوردییەکە هاتووە: بەگوێرەی تەلەگرافێک کە لە بەغداوە بۆ ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان نێردراوە، شێخ مەحموودی سەرکردەی یاخیبونە کوردییەکە کە ماوەی سێ ساڵە هەڵمەتێکی دژی حکومەت ڕێبەریی کردووە، ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حکومەت واژۆ کردووەو تێیدا پابەند بووە کە لەئایندەدا خۆی لە کارکردن لەدژی حکومەت بەدووربگرێت.
بەیاننامەیەکی فەرمیی لەبارەی ئەم بابەتەوە دەڵێت کە ئێستاکە هەموو هۆکارێک هەیە بۆ هیوابوون بەوەی کە پارێزگاکەی سلێمانی کە لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا خۆڕاگربووە، بچێتە قۆناغێکی گەشەکردن و بوژانەوە. [1]

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە کێشەی ڕێنووس و ڕێزمانیی هەیە، کوردیپیدیا بەمەبەست هیچ دەستکارییەکی نەکردووە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | دەیە: 20ەکان (20-29) | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | شێوازی دۆکومێنت: چاپکراو | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 1927-01-28

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1927-01-28	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | سلێمانی لەچەند ڕۆژنامە بەڵگەیەکی فەرەنسی و ئینگلیزییدا، یاسین سەردەشتی، 2022، لاپەڕە 64

کاتی تۆمارکردن: 2024-11-19

ناوی تۆمارکار: شادی ئاکۆیی

پۆل: وێنە و پێناس

بابەت: 126

ڕۆژی بەخاکسپاردنی تەرمی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20120812214244721311



ڕۆژی بەخاکسپاردنی تەرمی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید
سلێمانی 10-10-1956

تایبەتمەندییەکانی بابەت

دەیە: 50کان (50-59) | سکۆپی وێنە: ڕەش و سپی | سەدە: سەدەی 20 (1900-1999) | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان | کوالیتیی وێنە / دوکومێنت / فیلم: باش |

فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

1956-10-10	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
Şêx Mehmûdê hefîd	ژیاننامە	Kurmancî	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دلێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە ییێ بە مایێ تێکشیەی پێوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پیشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2012-08-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: کورتەباس
بابەت: 127
کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژووییە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240124131805546251

کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژووییە
نووسینی: هیوا حەمید شەریف
لە گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان.
بەرگی 2
ژمارە 2 (2019) [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لەسەر بارودۆخی سیاسی باکوور و باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1918-1921 -توێژینەوەیەکی مێژووییە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: لێکۆڵینەوە | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زانکۆ: زانکۆی کۆیە | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: کۆیە | فۆڵدەرەکان: مێژووی هاوچەرخ | وڵات: باشووری کوردستان | باکووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: ~~00-00~~-2019
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2019-07-29	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پیشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | hewalname.com
کاتی تۆمارکردن: 2024-01-24
ناوی تۆمارکار: کاکۆ پیران

پۆل: شەهیدان

بابەت: 128

کاوە شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20150408162718850093

ناوی تەواوی شێخ کاوەی کوڕی شێخ لەتیف ی کوڕی شێخ مەحمود ی کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلی کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ ە،
ساڵی 1951 لە گوندی داریکەلی لە دایک بووە بە حوکمی ئەوەی بنەماڵەکەیان وەک مەرجەعێکی ئایینی و کوردایەتی لێیانڕوانراوە لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا بۆیە ئەمیش وەک ڕێبازی باو و باپیرانی خۆی نەیتوانیوە لە ئاستی ستەم و زۆرداری هیچ حکومدارێک بێ دەنگ بێت بۆیە لە کۆتایی ساڵی 1979چەکی خەبات لە شان دەکات دژی ڕژێمی ئەو کاتەی بەعس لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاویرانیدا شاخ و کێوی کوردستان نەما خەبات و سەنگەری تێدا هەڵنە کەنن، بەڵام مەخابن ئەم نەوەیەی شێخی بەردەقارەمان لە ساڵی 1982 لە چیایی قەندیل دەبێت بەژێر هەرەسی بە فرەوە لەگەڵ چەند هاوخەباتێکیدا و گیان دەسپێرێت، و تەرمەکەیی لە شارەدێی بەرزنجە گۆڕستانی شێخ عیسا و شێخ موسا بە خاک دەسپێرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان (لەدایکبوون): سلێمانی | نەتەوە: کورد | هۆکاری گیان لەدەستدان: ڕەقبوونەوە | وڵات (لەدایکبوون): باشووری کوردستان | ڕەگەزی کەس: نێر |

ڕۆژی لەدایکبوون: 1951-00-00

ڕۆژی کۆچی دوایی: 1982-00-00

فایلی پەیوەندیداریدار:

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1951-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1982-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
Şêx Mehmûdê hefîd	ژیاننامە	Kurmancî	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە یێ بە ماێ تێکشیەی پێوەنێی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
شێخ کاوە شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ هاوژینی چنوور خان	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	

شەهید کاوە شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفید لە سیتەک لە ساڵی 1962دا	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
مەلا مستەفا بارزانی، کاوەی شێخ لەتیف و خوشکەکەی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
نامەکۍ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی

تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | Aras Jaff : ئاراس جاف

کاتی تۆمارکردن: 2015-04-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: کورتەباس
بابەت: 129
کفنی شێخ مەحمودی حەفید
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029225140442638

ئەوەی دەیبینن بە دەستی منەوەیە کفنی شێخ مەحمودی حەفیدە، کە شوێنی دوو فیشەکی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێراقی پێوەیە.
کاتێک شێخ مەحموودی حەفید لە09-10-1956 لە نەخۆشخانەی حەیدەریی لە شاری بەغدا، بە دەسیسەی ڕژێمی پاشایی ئێراق و ڕەنگە بە ئامۆژگاریی ئینگلیزەکان بووبێت، بە دەرزی ژەهر کۆچی دوایی کردووە، بۆ ڕۆژی دواتر کە تەرمی شێخی گەورە هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی، لەو کاتەدا شێخ لەتیفی کوڕی زیندانیی کرابوو، خەڵک داوایان کرد شێخ لەتیف تەرمی باوکی بۆ دواجار ببینێت و دوا ماڵاوایی لێبکات، کەچی ڕێگەیان نەدا.
خەڵکی شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان کرد و هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی پاشایی ئێراق تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، دوو فیشەک بەر تەرمی شێخ مەحموود کەوت و خوێنێکی زۆر لە تەرمەکەی هاتە دەرەوە، ئیتر تەرمەکەیان بردە مزگەوتی گەورە و لەوێ تەرمی شێخیان شۆردەوە و دووبارە کفنیان کردەوە و ئاوەکەشیان نەرشتە ئاوەڕکە، بەڵکە چاڵیان هەڵکەند و کردیان ئەو چاڵە و پاشان لە تەنیشتی حاجی حاک ئەحمەدی شێخی باپیرە گەورەیە وە ئەسپەردەی خاکی دایک کرا.
حاجی عوسمانی حەمەی نادر، کە شێخ مەحموودی زۆر خوشوسیتووە زۆر بۆی گریابوو، خۆی دووبارە لەگەڵ محێدینی سالەسوور، تەرمەکەیان شۆرد و کفنیان کردەوە، پاشان حاجی عوسمان بە نهێنی ئەو کفنە خوێناوییە دەباتەوە بۆ ماڵەوە و بە خێزانی دەڵێت: ئەمە یادگاریی شێخ مەحموودە بۆ ئێمە بیشۆرە و بیپارێزە، ئیتر ئەو بەشەی کە شوێنی هەردوو فیشەکەکەی پێوەیە تا ئەمڕۆ پاراستوویانە.
ئێستا 66 ساڵە ئەو کفنە لای ئەوان بە باشیی پارێزراوە و پاش کۆچی دوایی حاجی عوسمانیش، بنەماڵەکەی پاراستوویانە و دەڵێن: لای خۆمان دەیپارێزین.
پاش هەوڵێکی زۆر ئەوەم دۆزییەوە و ئەمڕۆ بۆ ئەنجامدانی بەرنامەیەکی دۆکیومێنتاریی لەسەر شێخ مەحموودی حەفید، سەردانی ماڵی کاک فوئادی کوڕی حاجی عوسمانمان کرد و باس و خواسی ئەو کفنەمان کرد. [1]

سەلاح سالار
2022-10-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مافی مرۆڤ | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |

ڕۆژی دەرچوون: 2022-10-28

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1956-10-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
پاگاو شێخ مەحموودی دلێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغداد	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە مایێ تێکشیەی پیوەنیی میانو شێخ مەحموودی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی پیسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحموودی بەرزنجی تاقە ئومێدو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
نامەکێ شێخ مەحموودی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Rachlaken News) ڕۆژی 2022-10-28

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-29

ناوی تۆمارکار: شەنە بەکر

پۆل: کورتەباس
بابەت: 130
کورد و شەڕی شوعەیبە
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210232315450297



ناونیشانی بابەت: کورد و شەڕی شوعەیبە [1]
کلیک بکە بۆ خوێندنەوەی کورد و شەڕی شوعەیبە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پۆلێنی ناوەڕۆک: دۆزی کورد | مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | وڵات: باشووری کوردستان |
تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک فایلی پەیوەندیداری وەک وێنە و ڤیدیۆی لەگەڵدایە و لێرەدا پێشان نەدراون، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئەو فایلانە ببینیت.
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بەرهەمە بەتایبەتی بۆ کوردیپێدیا نەنێردراوە! پێشتر خاوەنەکەی یان لایەنی سێیەم لە ئنتەرنێت بڵاوی کردووەتەوە و هاوکارانی کوردیپێدیاش ئەرشیفیان کردووە.
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-10
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکووکی

پۆل: پەرتووکخانە

بابەت: 131

کوردستانی عێراق؛ سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (1928 - 1931)

20111215221230633326=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کوردستانی عێراق؛ سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (1928 - 1931)
نەوشیروان مستەفا
دەزگای سەردەم [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم	دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە	کوردیی ناوەڕاست
نەوشیروان مستەفا	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیێدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 15-12-2011

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

پۆل: کورتەباس
بابەت: 132
کۆمەڵە و پارتەکانی سلێمانی 1907 تا 1977
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230222204152469626

کۆمەڵە و پارتەکانی سلێمانی 1907 تا 1977
شاهۆ عوسمان سەید قادر

بەگرتنبەری ڕێبازی سەردەمیانە و پشتکردنە دیاردەیی چەکداری و شۆڕشی خوێناوی کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو مۆدێلێکی تازەبوو لەم شارەدا گیراوەتەبەر.
هەڵبەتە ئەم شێوازی کارکردنە لەسەرەتای درووست بوونیدا هاندانی ئینگلیزەکانی تیادا بووە بۆ ئەوەی خەڵکی سلێمانی سەرقاڵی مۆدێلێکی تازەی سیاسەت بکات کە خۆیان بتوانن لەنزیکەوە چاودێری بکەن، خۆیان و وڵاتەکەش لەشەڕ و ئاژاوەی گەورە بپارێزن، چونکە تێچووی هەر ڕۆژێکی شەڕکردن لەگەڵ خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەم شارە زۆر زەرەری لێداون و زۆرکەوتووە لەسەر میزانیەی ڕۆژێکی دوای جەنگی جیهانی یەکەم.
ئەمە جگە لەزڕاندن و لەکەدارکردنی ناوبانگی سیاسەتی ئینگلیز لەناو کۆمەڵەی گەلان، باشترین ڕێکار بڵاوکردنەوەی بیری دامەزراندن و خەباتی مەدەنی بووە لە ڕێگەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان.
ئەمە سەرەڕای ئەوەی جۆرێک لەپەرتەوازەی لە بیروڕای خەڵکی درووستکردووە و بەشێک لەخەڵکی ئەم شارە لەگەڵ دژایەتی ئینگلیزەکان بوون و هەندێکیش ئینگلیزەکانیان بەفریاد ڕەس و بەشداری لە ئێراقی عەرەبی بەچارەنووسساز داناوە.
بوونی بیروڕای جیاواز بەرهەمی کاری جیاوازی لێبۆتەوە و ئەمەش وایکردووە لە کوردستاندا نەتوانرێت ستراتیجێکی نیشتمانی و نەتەوەی دابنرێت، لەگەڵ ئەوەی هەرکەسە خۆی و گرووپ و دەستەکەی بەدڵسۆزی خاک و وڵات زانیووە، بەڵام نەبوونی ستراتیج ئەوەیە لەپێشدا شۆڕش و دژایەتی کردنی ئینگلیز و ئێراق و پاشان وازهێنان و پشتگیری نەکردنی شۆڕش بەشێوەیەکی گشتی لەدوای ئەوە دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و داکۆکی بەشێوازی مەدەنی دەبینین، بەڵام لە دوای نیو سەدە لەخەباتی مەدەنی دیسانەوە ڕێکخراوی چەکداری درووست بۆتەوە، پەنایان بردۆتەوە بۆ شۆڕش و خەباتی چەکداری دژی دەسەڵات لە بەغدا.

درووستبوونی دیاردەی چەکداری و شۆڕش دوای شۆڕشی شێخ مەحمود لای من شکستێکی تێگەشتن و سیاسەت و بەشداری ئیدارەی کورد بووە لەبەغدا ئەمان ئەوەندەی شێخ مەحمودیان پێنەکراوە، چونکە شەڕی نێوانیان لە شۆڕشی ئەیلولی سالانی شەست گەشتە ئەوەی لولەی تفەنگ بکەنە یەکتر و بەئاشکرا یەکتری ناشرینکەن و دیاردەی چەکداری زیاتر بلاوکرایەوە لەناو خەڵکدا لەڕووکاری بەرهەمەوە نەیانتوانی بەقەد ئەوەی شێخ مەحمود ڕێکەوتن و تێگەیشتن بکەن لەگەڵ زلهێزێکی وەکوو بەریتانیا و حکومەتی ئێراق، بەلام هەرئەوانەی دوای شێخ مەحمود بەشداربوون لە ناشرینکردن و بێ بەهاکردنی ئەو دەسکەوتانەی شیخ مەحمود بەدەستی هێنا لە چەندین ڕێکەوتننامە لەگەڵ حکومەتی مەلیکی و ئینگلیزکان، کاتێک خەڵکی لەناو کوردا بوونە کەوا سوورەی بەر لەشکری حکومەت. پاشان ئەو کاسانە نەیانتوانی گەشە بەو مافانە بدەن و داکۆکی لێبکەن و زیادی بکەن، حکومەتیی ئێراق لەباری بردن...
بۆ ئەو مەبەستەی هەمانە دەبینین کە مێژووی دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵە لە سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالەکانی بیستی ئەم سەدەیە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵە و پارتانە بوو کە لە تورکیای عوسمانی هاتبوونە ئاراوە، لەئەنجامی هەڵکردنی شەماڵی دیموکراسی کە لە ئەوروپاوە بەرەو شاری (ئەستەمبوڵ) هەڵی کردبوو.
ئەو کەسانەی لە تورکیاوە گەڕابوونەوە بۆ سلێمانی ناودەبران بە (منەوەر) ئەم کەسانە زۆربەیان بیروڕای نوێیان لا گەلالە ببوو ئەیانوویست لە شارەکەدا بلاویکەنەوە و ئیش‌وکاری پێبکەن و شتێکی نوی بهێننە ئاراوە، لەو کەسانە (مستەفا پاشای یامولکی، پیرەمێرد، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حلمی، حسێن نازم...) .

(شێخ لەتیفی شێخ مەحمود) لە یاداشتەکەیدا باس لەوە دەکات کە دوو پارت لە سلێمانی هەبوون لەو ڕۆژگارەدا، ئەوانیش بریتی بوون لە (پارتی نیشتمانی کوردی) کە مەبەست لەدەستەی منەوەرەکانە، گوایە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیان کردووە کە پەیوەندیان لەگەڵ ئینگلیز باش بێ، ئەمانەش پێکهاتوون لەکۆمەڵێک خەڵکی جیاواز لەپیشە و ئیش وکاردا وەکوو بازرگان و ژمارەیەک لەئەفسەر و منەوەری سەردەمی تورک و ئینگلیز کەپێشتر لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری عوسمانلی فەرمانبەر بوون و ئیش وکاریانکردبوو.
دەستەی دووەم بریتیبوون لە (پارتی ئیسلامی کوردی) کە مەبەستی تورک خواکانە و دژ بە ئینگلیزبوون و ئەیانویست لەگەڵ تورکدا ڕێکەون، بە مەرجێک دان بەسەربەخۆیی کوردا بنێت، ئەندامانی ئەم پارتە لە پیاوانی ئایین ی وعەشایەر و (شێخ مەحمود) و ژمارەیەک لەکۆنە ئەفسەری کوردی نێو سوپای تورک پێکهاتبوون.
ململانێی نێوان ئەم دوو دەستەیە لە سلێمانی دا زۆر قوڵبۆتەوە تەنیا لە بواری سیاسەتدا نەبووە بەڵکوو لایەنی تری گرتۆتەوە. پێویستە ئەوەش بیڵێین جگە لەوەی کەسانی هەڵپەرست و بەکرێگیراو وکاسەلێس لەدەوروبەری ئەوانەی خاوەن فکرە بوون کۆبوونەتەوە، تاکو بگەنە مەرامی تایبەتی خۆیان کە بە پێچەوانەی ئەو کەسانە بوون کەخوازیاری ئەوەبوون کوردستان ڕزگارکەن و ببنە خاوەنی حکومەت و دەسەلاتی خۆماڵی.
واتە سەد ساڵ لەمەوبەر بەشێک لەخەڵکی ئەم شارە بەشێوەیەک وایان بەباش زانیووە خۆیان لەگەڵ ئینگلیزکان بگونجێنن، یاخود هەندێکی تر بە پێچەوانەوە وایان بەباش زانیووە لەگەڵ تورکەکان ڕێکەون و هاوکاری وەرگرن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی.

لەم بوارەدا هەندێ هەوڵدراوە بۆ درووستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراو بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و شارەکە، لەوانە مەبەستیان داوای مافی ڕەوا بووە، بەلام ئینگلیزەکان و حکومەتی ئێراقی ڕێگایان پێ نەداون.
وەک (جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان) کەهەر زوو لەلایەن سیخوڕەکانی ئینگلیزەوە ئاشکرا دەکرێ و لەباردەبرێ ئەم هەوڵەش لە (7 کانوونی دووەمی ساڵی 1926) دابووە.
سەرەڕای ئەو هەموو فشارە زۆرەی حکومەت خستوێتیە سەر شاری سلێمانی لە سالانی سیەکانی سەدەی ڕابردوو، بەلام هێشتا سلێمانی ناوەندێکی ڕکابەری جموجوڵی سیاسی بووە.

تەنانەت لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی واتە لە 1914 بۆ 1946 نزیکەی (10) کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی لەباشووری کوردستان هەبوون، کەناوەندی درووستبوونی زۆربەیان لە شاری سلێمانی بووە، تەنانەت زۆربەیان سنووری چالاکیان شاری سلێمانی بووە، تەنیا کۆمەڵەی (هیوا، دارکەر) نەبێت لەسەرەتای دامەزراندنیان لە کەرکووک هاتونەتە ئاراوە و پاشان سلێمانی گۆرەپانی چالاکیان بووە.
لەم بوارەدا مامۆستا (ئەحمەد خواجە) ڕێکخراوە نهێنییەکان بە پێنج دەستە دائەنێ کە بەپرۆگرامەوە کەوتونەتەکار بۆ بەرهەڵستی ئینگلیزەکان و (جەمال عیرفان) سەرۆکایەتی کردوون کە ئەمانەش بریتی بوون لە ڕێکخراوەکانی (بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکارانی کورد، وەتەن پەروەران) واتە کاری ڕێکخراوەیی و ژیانی سیاسی و پارتایەتی لە سلێمانی و باشووری کوردستان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و پاشان قۆناغێکی تازە و بیروڕای ئازادی و چەپگەرای لەدوای جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵداوە.
هەوڵدەدەین ئەو کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراوانە بەپێی مێژووی درووست بوونیان یان کردنەوەی لقیان دەستنیشان بکەین و ئامانجمان دەرخستنی بیروڕا و مەبەستی دامەزراندنیان بخەینەڕوو وەک لە بەڵگەکاندا چۆن هاتووە ئاوا وەکوو خۆی بینووسینەوە بەکوورتکراوەیی، لەم بابەتەدا مەبەستم جووڵانەوەی مەدەنی و فکریە زیاتر نەک ناوبردن و پێداهەڵدان یاخود بەپێچەوانەوە.

1- کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی- لقی سلێمانی:
کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی شۆڕشی مەشروتەیان بەرپاکردوو ئەم کۆمەڵەیە لقیان لە هەموو شارەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەبووە و بەشێوەی ئۆپۆزسیۆن بوون. لقێکیان لە سلێمانی کردۆتەوە بەفەرمانێکی هەرێمی موسڵی کۆمەڵەی ئیتحاد وتەرەقی لە 20-12-1908 دەستەی دووەمی دەست بەکاربوون لە سلێمانی، بەڵام مۆرەکەی سلێمانی ڕۆژی 11-07-1908 لەسەرە، ئەم کۆمەڵەیە لە دەوڵەتدا توانیان کۆتایی بەدەسەڵاتی خەلافەت و دەوڵەتی عوسمانی بێنن و لە ساڵی 1909سوڵتان (عەبدولحەمید) یان لەسەر کورسی دەسەڵات لابردوو ناچاریانکرد دەست لە کار بکێشێتەوە. لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە (ئیسماعیل ماقی بابان) بووە لە ساڵی 1908 پۆستی وەزیری مەعەریفی لە دەوڵەتی عوسمانلی وەرگرتووە، لایەنگری ئەو سیاسەتە بووە کە دەبێت دەوڵەتی عوسمانی لەچوارچیوەی دەوڵەتی دەستووری بمێنێتەوە ڕیگە نەدرێت بزووتنەوە ناسیونالستەکان سەربەرزکەنەوە بەئاشکرا لە (ڕۆژی کورد) بیروڕای خۆی لەوبارەیەوە نووسیووە.
لە سەرەتادا داوایان لە شیخ سەعیدی حەفید کردووە بچێتە ڕیزی ئەم کۆمەڵەیە و بێتە سەرۆکی لقی سلێمانی، بەڵام قبووڵی نەکردووە و ڕەزامەند نەبووە لەبەرئەوەی خۆی بەوەلا و دۆستی سوڵتان زانیبوە، چونکە مۆری ڕێگەپێدانی سوڵتانی لابووە وەک ئەو پەیوەندییەی هەیانبوو پێشتر لای نەنگ بووە، لەئێستادا پشتی تێبکات کە گڵۆڵەی سوڵتان کەوتۆتە لێژی و دژی بێ و بچێتە ناو کۆمەڵەیەکەوە کە دژی سوڵتانن... بۆیە ئەوانەی دژی شیخ سەعید بوون بەفرسەتیان زانی چونە کۆمەڵەکەوە و لەوێوە بەرەنگاری بوونەوە.
دەم ڕاستی ئەم کۆمەڵەیە ئاغا فەتحوڵلای چەلەبی بووە، ئەندانەمەکانیان بەزۆری بازرگانان و فەرمانبەران بوون. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لەسەرئاستی ناوخۆی سلێمانی ئەو کەسانەبوون کە یەکەمین هەوڵیان بۆ ئەوە بووە بەزۆری و بەتایبەتی کاریان لەسەر دژایەتی شێخ سەعیدی حەفید و بنەماڵەکەیان کردووە.

2- کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (جمعیە أستقلال کردستان)
مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا دەڵێ ئەم کۆمەڵەیە لەکاتی دوورخستنەوەی (شێخ مەحمود) دا پێکهاتووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییەی لە سلێمانی لەئەنجامی ئاوارەبوونی شێخدا پەیدابووە. شیخ لەتیفی حەفید هەڵبژێراوە بەسەرۆکی کۆمەڵە.

3- جەمعیەتی کردستان:
وەک سەرچاوە ئاماژەدەکەین بەڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) ژمارە (1) ڕۆژی02-08-1922 هەروەها ژمارە (118) ی ڕۆژنامەی "پێشکوتن" له27-07-2022 دا هاتووە:
دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە (مستەفا پاشای یامولکی) بووە، ئەو ڕاستیەی نەشاردۆتەوە کە (جەمعیەتی کوردستان) بەیارمەتیی و ڕێگەپێدانی بەریتانیا لە سلێمانی پێکهێنراوە، یەکەم کۆمەڵە بووە لە کوردستانی باشوور دامەزراوە ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکیشیان وەرگرتووە بەناوی (بانگی کوردستان) لە ڕۆژی 21-07-1922 لە مزگەوتی (سەید حەسەنی موفتی) کۆبوونەوەکراوە و لە هەڵبژاردنێکی نهێنی دا 13 کەس بەنهێنی دەرچوون.

4- جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن:
وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە لە (ژیانەوە) ی ژمارە (17-16) لە ڕۆژی 19-02-1925 بە هاندانی بەریتانیا کۆمەڵەیەکی سیاسی ئاشکرا لە سلێمانی درووست بووە، بە مەبەستی بەرگریکردن و ڕێگرتن لەداخوازیەکانی تورکیا لەولایەتی موسڵ، لەهەڵبژاردنێکی ئاشکرا (ئەحمەد بەگی توفیق بەگ) بە سەرۆکایەتی هەڵبژێراوە و بەئەندامێتی 17 کەسایەتی شاری سلێمانی، لە پرۆگرامەکەیاندا بەئاشکرا داوای پارێزگاری سنووری نیشتمانی ئێراقیان کردووە، کە ویلایەتی موسڵ تەواوکەریەتی، بانگەواز و بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە و داواکاری چونە پاڵ ئێراقیان کردووە.
داواکاریان لە خەڵکی شار و ناوچەکە کردووە گوێڕایەڵیان بکەن، هەرکەسێکیش ئەم بیروڕایەی نەبووایە بەسەرپێچی کار و خائن و دوژمنی نیشتمان لە قەڵەمیان داوە، ئەم کۆمەڵەیە دوای تەواوبوونی کێشەی موسڵ هەڵوەشاوەتەوە و نەماوە. لەخۆیدا دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بە ڕێنمایی و هاندانی ئینگلیزەکان بووە.
ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، ئەوەی لەگەڵ گرووپێکی دیاریکراو نەبووایە بە پێچەوانەوە بیروڕای هەبوایە بەدوژمنی گەل ناویان بردووە کە بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو بۆچونە هەر بەردەوامە لەناوکایەی حیزبی و سیاسیەکەدا.

5- جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان:
دوای هەڵوەشاندنەوەی جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن لە ساڵی 1926 ئەم کۆمەڵەیە وەک کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی لەپرۆگرامەکەیاندا باسی (حقوق مەشروعە) یانکردووە، ئامانجیان بەدیهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد بووە و سەرەڕای بڵاوکردنەوەی زانست و ڕووناکبیری. دەوڵەتی بەریتانیایان بەڕابەری خۆیان زانیووە، بەڵام هەر زوو ئاشکرابوون و نووسخەی پرۆگرامەکەیان دراوە بە موتەسەریف.

6- کۆمەڵەی زانستی کوردان:
ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە خوێندەوارکردنی خەڵکی کاسب و بەتەمەنەکان، توانیویانە خزمەتێکی زۆربکەن لە پەروەردە و فێرکردنی خەڵکی ئەم شارە بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەزی، وەکوو ئەوەی پیاوان و ژنان، کوڕان و کچانیان فێری خوێندەواری کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خولی فێربوونی پیشەیی وەکوو دارتاشی و بەرگدووریان کردۆتەوە و زۆربەی کاتی فێربوونیان لەگەڵ دەرفەتی خەڵکی گونجاندووە وەکوو ئەوەی ئیواران تاکو شەوان خولی فێربوونیان بۆخەڵکی کاسب و ئەهلی بازاڕ کردۆتەوە.
وەک بەڵگەی دامەزراندنی لە ڕۆژنامەی (ژیان) ی ژمارە (11) ڕۆژی یەکی نیسانی ساڵی 1926 مژدەی پێکهێنانی (جمعیەتی زانستی کوردی) تیادایە بەمجۆرە ئاماژەی بۆ دەکات:
(پرۆگرامی جەمعیە:
1- ناوی جەمعیەت (جمعیەتی زانستی کوردانە و مرکزی لیوای سلێمانییە)
2- مقصد جەمعیەت: تعمیم و علم و معرفتە لە کوردستان بەبێ ی ئەم وسائتە:

بەنشری غزتەو ڕسالی موقتە
بەترجمە و تالیف و کتیب نووسینەوە و سائرە.
مکتب کردنەوە و اجرای تدریسات بە ڕۆژ و شەو
بە صورەتی محازەرە اهالی تنویرکردن
بو اکمال تحصیل بۆ ممالک مترقیە قوتابی ناردن
جمعیەت احوالی تاریخیە، جغرافیە، انتوغرافیەی کوردان بەصورەت مخصوصە تدقیق و محصولی مساعی نشر دەکا.
جمعیەت بۆ تامینی محبت و موانست لە مابەینی اهالی و حکومەتدا و بو تقویە ڕوح اتاعت بە صورت مخصوصە و بە واستە و واعزان مخصوص پندونصیحەت اجرا دەکات.
جمعیەت بە هیچ صورەتێک لەگەڵ سیاسەتدا خەریک نابی.
تبلیخ حزرتی متصرف بۆ جنابی ڕمزی افندی حاجی فەتاح، ڕفیق افندی محامی، فائق بگ معروف بگ.
اوا صورت تحریرات وزارت جلیلە داخلیە ژمارە (2571) ڕۆژی 24 شباتی 1926 لگل صورەتێکی ئەو پرۆغرامە کەوا تصدیق اعادە کراوەتەوە بە پێچراوەی نیچراوەی نێرا.بە پێی مغادی مساعدە فەرموراوە بۆ تاسیسی جمعیەتی زانستی بنائ علیە موافق أ و أمر و پرۆغرامە أتوانن مباشرت بفرمو ن ایتر احترام. متصرفی لوای سلێمانی
صورەتێکی بو: وزارت، معالی وەزیری داخلیە، سعادتما ب جنابی مفتشی أداری، جناب معاون مدیر پولیس.
هیئەتی أدارەی ام جمعیەتە لە شەوی 13 نیسان 926 لە دائرەی بلدیە اجتماعی کرد ئەمانە هەڵبژێران:
ڕئیس: أحمد بگی متصرف.
نائب: حاکم متفرد جمال بگ بابان.
اعزا: شێخ مصتفی قازی، حمەی اورحمان اغا، عزت بگ، وسمان پاشا، غفور اغا، ڕمزی افندی، محاسب فائق بگ مارف بگ، معتمد ڕفیق افندی محامی.)

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەهەوڵی کۆمەڵەی زانستی کوردان و هەوڵی چەند کەسێک بکەین وەک ئەوەی لە هەفتەنامەی (ژیان) ی ژمارە 15 ڕۆژی 6 مایسی 1926 ئاماژەیکردووە بە:
(أگاداری جمعیتی زانستی لەروژی جمعەوە کە أکاتە 7 مایس926 بە کمال شرف دەرگای درسخانەی بۆ خویندەوارانی کوردان أکاتەوە. اوکسانەی ارزو ومیلی تحصیلیان هیە لەو تأریخەوە هەمو ڕۆژیک لە سعات 9 ڕۆژئاوایی یەوە هتا سعات 12 بو قید و قبول مراجعت بە مرکز جمعیت کە "خانوی حمەامین بگە بکات... بەشەو تدریسات و درس ادری... اوکەسانەی ارزوی تدریس و فیربوونیان هیە ابی عمریان لە هەژدە سال کمتر نەبی صاحب حسن اخلاق بی ...) .
ئیش و کار و خزمەتگوزاری تری (جمعیتی زانستی) لە بواری ڕۆشنبیریی و پێویستی خەڵکی بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی هەوڵی داوە لەو بوارەدا وانەی عەرەبی بڵێنەوە. وەک ئەوەی هاتووە لە ژمارە 24ی هەفتەنامەی (ژیان) لە نووسراوێکی بە ناونیشانی: (اعلان لەجمعیتی زانستی دا درسخانەیک اکریتەوە بۆ فێرکردنی زمانی عربی هرکس تالبە فیری ام زمانە بیت مراجعت بە مرکز جمعیت بکات. معتمد جمعیت.)
لە ساڵی1930دا (جەمعیەتی زانستی کوردان) لە قوتابخانەی (زانستی ئێواران) هەوڵیانداوە ژنان و کچان فێری خوێندەواری و ئیشی دەست بکەن، هەر لەناو ئەم بینایەدا، بەڵام شێوازی دووەم کە خەمخۆرانی شار وەک داهێنانێک کردویان کردنەوەی (مەکتەبی زانستی شەوان) بووە، خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی تیایدا فێری خوێندن و نووسین بوون، بەتایبەتی ئەو کەسانەی بەڕۆژ خەریکی ئیش و کار و کاسپی بوون، یاخود تەمەنیان ڕێگەی نەداوە لەخوێندنگەکانی میری بە ڕۆژ بخوێنن.
لە ساڵی1936 تاوەکو 1938 مامۆستا سالح قەفتان سەرۆکی کۆمەڵەکە و بەڕێوەبەری قوتابخانەی زانستی

بووە، بەڵام حکومەت کێشە و گیر و گرفتی بۆ کۆمەڵەی زانستی درووستکردوە و لەکۆتایی ساڵی 1938 لەسەر دەستی موتەسەرفی سلێمانی (مەجید یەعقوبی) کە کەسێکی بەڕەگەز تورکمان بوو ئەم مەکتەبە (قوتابخانە) یەشی لەگەڵ کۆمەڵەکەدا داخستووە.

7- کۆمەڵەی زەردەشتی:
لەسەر دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکەین:
یەکەم: مستەفا سائیب دەڵێ ئەندازیار بووم لە بەغدا گەڕامەوە سلێمانی ساڵی 1926 لەگەڵ چەند لاوێکی نیشتمانپەروەر کۆمەڵەیەکی نهێنیمان دامەزراند (کۆمەڵەی زەردەشتی) خۆم بوم بە موعتەمید.
دووەم: شێخ سەلام-ی شاعیر دەڵێ ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1928 دامەزراوە و من بوومە موعتەمید.
دوای ئەوەی (شێخ مەحمود) بەدانانی ئەم کۆمەڵەیەی زانی داوای لێکردن ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەکە، ئەوانیش کردیان بە سەرۆکی فەخری کۆمەڵەکە، مەڵبەندی سەرەکیان لە بەغدا بووە.
لقی لە سلێمانی و هەولێر هەبووە، ئامانجی سەرەکیان خود موختارێتی ئیدارە بووە، وایان بەباش زانیوە جموجوڵ و چالاکی ڕێکخراوەکەیان بگوازنەوە بۆ شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەنیازیش بوون ڕۆژنامەی زمان حاڵی کۆمەڵەکەیان لە شاری سنە چاپ بکەن بەناوی (سخن) پەیوەندییەکی فراوانیان هەبووە لەگەڵ کوردەکانی بەشی ئێران و سووریا و لوبنان، ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1929 ئاشکرا کراوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە. قەدەغەیانکردووە و کەوتونەتە دوورخستنەوەی ئەندامەکانیان.

8- لقی خۆیبوون لە سلێمانی:
ساڵی 1927 لەهاوینە هەواری (بحمدون) لە لوبنان سەرانی چەند ڕێکخراوێک و چەند کەسایەتییەکی کورد و ئەرمەن کۆنگرەیەکیان بەست و ماوەی 45 ڕۆژی خایاند، لە ئەنجامدا ڕێکخراوی خۆیبوون درووست بوو، کە ڕێکخراوێکی سیاسی گەورە بوو هەوڵی دا لەسەر بنەمایەکی نەتەوایەتی خەبات بکات. دوو کەس لە دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە خەڵکی شاری سلێمانی بوون (کەریم شەلوم و کامیل حەسەن) کە یەکێکیان ئەفسەرێکی سوپای ئێراقی بووە لە بەغداوە بەڕێکەوتووە بەرەو ئەوێ، خۆیبوون لە زۆر شوێن لقی هەبووە. خۆیبوون لە شاری سلێمانی لقێکی هەبووە کەناوە نهێنییەکەی (شوعبەی فیدائی ژمارە یەک) بووە، ئەندامانی لق زیاتر لە هەژدە کەس بوون و نهێنی خۆیان هەبووە بۆ ئەوەی ئەندامەکان یەکتری بناسن.

9- کۆمەڵەی فیدای وەتەن (فدائی وطن) :
ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1935 بەسەرۆکایەتی (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) لە سلێمانی درووست بووە، تاکو ساڵی 1936 بەردەوام بووە.

10- کۆمەڵەی برایەتی (برایی)
لە ڕۆژی 10ی ئازاری ساڵی 1937 لە ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود دامەزراوە، لەوکاتەدا (شێخ مەحمود) لەبەغدا دەستبەسەر بووە، بەڵام دەستەی دامەزرێنەر بەسەرۆکی فەخری دایاناوە. دروشمی ئەم کۆمەڵەیە لەناو بەیداخەکەدا بریتی بووە لە (دوو خەنجەری دەسک ماهی ڕاست و چەپ، گوڵە گەنمێک لە سەرەوە و گەڵا توتنیک لەخوارەوەی خەنجەرەکان) بووە، لەسەر بەیداخەکە (ئاڵا) کە نووسراوە کۆمەڵەی برایەتیی کوردستان.
هەڵبژاردنی ناوی برایەتی لەو ڕۆژگارەدا بۆ یەکخستنی چین و توێژەکانی ناو سلێمانی و کوردستان بوو. هەرچەندە چالاکییەکانی لە سنووری شاری سلێمانی دەرنەچووبێت. لەگەڵ ئەوەی دەڵێن حوزنی موکریانی پەیوەندی بەچەند ئەفسەرێکی هەولێری یەوە کردووە.

ئامانجی سەرەکی کۆمەڵەکە بریتی بووە لە کوردستانێکی سەربەخۆ و بەدیهێنانی مافەکانی کورد. کۆمەڵەیەکی نهێنی بوون، شێوازی ڕێکخستنیان بەشێوەی شانە و پۆل بووە. ئەم کۆمەڵەیە سەرۆکی بەردەوام و جێگیریان نەبووە، لە هەرکۆبوونەوەیەکدا کەسێک بەڕێوەی بردووە و ڕۆڵی سەرۆکی بینیوە. ئەمەش باشترین شێوازی دیموکراسیە. هەوڵیانداوە چەند کەسێکیان بگەنە ئینگلیزەکان و داواکاری کۆمەڵەکەیان بگەیەنن، بەڵام ئەمەش بێ کەڵک بووە، چونکە ئینگلیزەکان پێیان وتون ناتوانن هیچ بۆ کورد بکەن.
لە بواری چالاکیدا جاروبار بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە بەشێوەی دەستنووس دژی حکومەت و هەر دیاردەیەکی ناشرینی ناوشار، وەک بەیاننامە دژی بازرگانەکانی سلێمانی کە لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم هەڵساون بەگران فرۆشتنی ئازوقەو کەلوپەل.
هەروەها داواکاریوون لەخەڵکی کەناوی کوردی بۆ شوێنەکانیان بەکاربێنن و بە زمانی کوردی بنووسن نەک بە زمانی عەرەبی، هەروەها لە بواری کاری ڕووناکبیری و ڕۆشنبیریدا لە کۆتایی ساڵی چلەکاندا پەڕتووکخانەی (ئازادی) یان لەبەردەرکی سەرای سلێمانی دامەزراندووە.
لەم پەڕتووکخانەیەدا سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤار و پەڕتووکی ئەو سەردەمە دەستکەوتووە، ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەران لێرەدا چاویان بەیەک کەوتووە. بەڵام لە ساڵی 1945 خاوەنی پەڕتووکخانە (مەحمود ئەحمەد) گیرا و پەڕتووکخانەکەش داخراوە. هەوڵێکی تری ئەم کۆمەڵەیە هاوکاریکردن و ئازادکردنی (حەمەرەشید خانی بانە و مەحمود خانی دزڵی و چەند کەسێکی تر و مەلا مستەفای بارزانی) بووە کە دەستبەسەر بوون لە سلێمانی.
هەرئەندامێک مانگی (پەنجا) فلس ئابوونەی داوە، هۆکاری لاوازی و پوکانەوەی کۆمەڵەی برایەتی دەگەڕێتەوە بۆ گرتن و دوورخستنەوەی ئەندامەکانیان، هەروەها شکستی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود و دانیشتن و چاودێری کردنی بووە لە داریکەلی. دورکەوتنەوەی شێخ لەتیف و مەلا ئەسعەدی مەحوی بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات. سەرەڕایی کوژانەوەی مۆمی حەوتەمی تەمەنی زۆربەی ئەندامەکانی چونە ڕیزەکانی ڕێکخستنێکی تازە ئەویش ڕیزەکانی (هیوا، کۆمەڵەی ژ.ک) .

11- کۆمەڵەی ئازادی کورد:
کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە لە سلێمانی دامەزراوە، مامۆستایەکی قوتابخانەی ناوەندی بەناوی (مەحمودی ئازادی) دایمەزراندووە لەکاتی پرۆڤەکردنی شانۆگەریەک بەناوی (مەم و زین) کە پیرەمێرد دانەریبووە، لەسەر بنەمای شاکاری (ئەحمەدی خانی) و توێژ لەگەڵ خویندکارەکانی و چەند کەسێک دەکات و هەر لەویادا بڕیاری پێکەوەنانی کۆمەڵەکە دەکەن، لەنێوان مانگی تشرینی یەکەم و کانونی دووەمی ساڵی 1935 یەکەم کۆبوونەوە لە ماڵی مامۆستا مەحمود سازکراوە، مامۆستا خۆی لەبەر لێهاتووی و زیرەکی لە قسەکردن دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵە.
ئەم ڕێکخراوە خاوەن دیدێکی کوردستانی بووە، ئامانجی ستراتیجی سەربەخۆی کوردستان و یەکخستنی کوردستان بووە، بەڵام وەک تاکتیکی ئەو سەردەمەی بە دیهێنانی مافی کلتوری کوردی و مافی خوێندن بە زمانی کوردی و بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی بووە لە فەرمانگەکانی حکومەت. هەروەها داواکاری ئیدارەیەکی خۆجێیی کوردیان کردووە کەهەر چوار لیوەکە (مووسڵ، کەرکووک، هەولێر، سلێمانی و خانەقین) بگرێتەوە، موتەسەریف و مودیری پۆلیس سەر بەو ئیدارەیەبن و مەڵبەندی ئیدارەکەش لە کوردستان بێت.
سەرەڕای ئەوەی داوای چاکردنی باری بژێوی و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیان کردووە، بەتایبەتی چاکردنی باری ژیانی جوتیاران و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا، هەروەها داواکاری ئەوەی مافی گەلی کوردیش وەک عەرەب بێت لە ئێراقدا بە یەکسانی.
شێوەی چالاکی ئەم کۆمەڵەیە ڕۆشنبیری و هونەری بووە، لە دەسکەوتە مادیەکانییان یارمەتیی مەکتەبی زانستی شەوانیانداوە. هەوڵیانداوە ئاگری نەورۆز بکەنەوە و پیرەمێرد جەژنی نەورۆزی ڕێکدەخست و ئەمان بیکەنە

بۆنەیەکی نەتەوەیی و سیاسی، جگە لەوەی ئاگری نەورۆزیان لەگردی مامەیارە کردۆتەوە، ئەمان لەکۆڵانەکانی ناوشاریش ئاگریان کردۆتەوە وەک بەرهەڵستیەکی موتەسەریف (مەجید یەعقوبی) کە فەرمانی قەدەغەکردنی ئاگر کردنەوەی کرد بوو.
ئەم کۆمەڵەیە بۆنەکانیان دەقۆستەوە و بەشێوەیەکی فراوان بەشدار دەبوون تیایدا، وەک ئەوەی تەرمی (مستەفا پاشای یامولکی) هێنرایەوە بۆ سلێمانی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە کردیانە خۆپیشاندانێکی گەورە.
چالاکیەکی بەرچاوی سیاسی ئەوەبووە بۆ سەر کۆنەکرن و دژیاتی پەیمانی (سەعد ئاباد) بووە، کە ئەم پەیمانە لە ساڵی1937 مۆرکراوە، ئەوکات ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە چەندین بەیانامەیان بەقەد دیوارەکانی سلێمانییەوە هەڵواسی، نەک کوچە و کۆڵان و بازاڕ تەنانەت بەدیواری سەراوە هەڵیان واسی و لە هەمانکاتا و لەیەک شەودا توانیان لەشارەکانی تری وەک (کەرکووک، هەولێر، هەڵەبجە) بڵاویبکەنەوە بە هەمان شێوە. ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی فراوانی ڕێکخستن و چالاکی ئەم کۆمەڵەیە بووە، بەڵام لە ساڵی 1938وە ئەم کۆمەڵەیە ناوی نەما و چالاکییەکانی کزبوون و ئەندامەکانی چونە ناو ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی کەدواتر درووستکراوە.

12- کۆمەڵەی دارکەر لقی سلێمانی:
لەبەر ئەوەی لەساڵانی سییەکان جگە لە شاری کەرکووک لە سلێمانی و ئەم ناوچەیە قۆناخی خوێندنی ئامادەیی نەبووە، بۆ تەواوکردنی قۆناغی خوێندن دەبوایە قوتابییانی سلێمانی و کوردستان ڕوویان بکردایەتە کەرکووک یان بەغدا، لەنیوەی یەکەمی ساڵی1937 یەکەم کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکە کراوە لە کەرکووک،
لەکۆبوونەوەیەکدا ناونراوە (کۆمەڵەی دارکەر) ناوەکە لەڕێکخراوی (کاربۆنار) ی ئیتاڵییەوە وەرگیراوە، کە ماناکەی خەڵوز فرۆشی یان ڕەژووکەری گەیاندووە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەم کۆمەڵەیە تەنیا گەنجان و قوتابییانی لە ڕیزەکانی خۆیدا وەرگرتووە.
لەکاتی بوون بە ئەندام دەبوایە سوێند بە (خودا و قورئانی پیرۆز و خەنجەری کوردی و دڵسۆزی بۆ گەلی کورد و ئامادەیی فیداکاری لەپێناو نیشتمانی کوردستانی گەورە) بخۆن.
کاری ڕێکخستنی کۆمەڵە بەشێوەی نهێنی و شانەی پێنج کەسی بووە، توانیویانە لەشارو شارۆچکەکانی تری کوردستان لق بکەنەوە ئەویش لە ڕێگەی ئەو قوتابییانەی ئەندام بوون لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان پاش وەرگرتنی پشوو یان کۆتایی ساڵی خوێندن لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان ئەو بیروڕایانەیان بڵاوکردۆتەوە و ڕێکخستنیان درووست کردووە.
ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ڕزگارکردنی پارچەکانی کوردستان و یەکخستنەوەیان و پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ بووە بۆ کوردستان. پاش نۆ مانگ لە ساڵی 1938 یەکەم کۆنفرانسی خۆیان بەستووە، لەو کاتەدا قوتابییان و خویندکاران تێکڕا گەڕابوونەوە بۆ کەرکووک بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، لەکۆنفرانسەکەدا (دڵدار) ی شاعیر وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە پێشنیاری کرد (دارکەر بگۆڕێت بۆ پارتێکی سیاسی فراوانتر ، چەندین کەسایەتی ئەو سەردەمە ڕابکێشنە ناو کۆمەڵەکە) .
بەم شێوەیە لەئەنجامدا سەرکردایەتیەکەی درایە دەست مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) کە مامۆستا و کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو سەردەمە بوو، بەتایبەتی لەناو قوتابییان و خوێندکاراندا ناسراو بوو، ناوی کۆمەڵەکە لەدارکەرەوە گۆڕاوە بۆ (هیوا) ئەم ناوەش بۆ ڕێزلێنانی کۆمەڵەی (هێڤی) بوو، کە لە ئەستەمبوڵ دامەزرابوو کە تیایدا مامۆستا ڕەفیق حلمی ئەندام بوو لەو کۆمەڵەیە.

13- کۆمەڵەی هیوا لقی سلێمانی:
کۆمەڵە یاخود پارتی هیوا درێژکراوەی کۆمەڵەی (دارکەر) بووە، لەبەر ئەوەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی کەسێکی بە ئەزموون بوو لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسەت و شۆڕش بەشداری تەواوی هەبووە، توانیویەتی پەیوەندی بە کۆمەڵێک کەسایەتی ناوداری کوردستانەوە بکات و پارتەکەی فراوان بکات.

ئەم کۆمەڵەیە هەموو چین و توێژێکی گرتۆتەوە و بە جۆرێکی وا توانیویەتی لە ساڵی 1939-1943 ببێتە بەهێزترین ڕێکخراوی سەر گۆڕەپانی کوردستان، لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لقی کردۆتەوە و ئەندامی هەبووە.
لقی سلێمانی لە ساڵی 1939 لە ماڵی (جەلالی ئەمین بەگ) دامەزراوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لە ساڵی 2001 بۆ چەند جاریک سەردانی بەڕێزیانم کردووە چەندین زانیاری گرنگی مێژووی لە سینەدا بوو، کاتی خۆی لەو ئەفسەرانە بووە بەشداری لەسوپای کۆماری مەهاباد و شۆڕشی بارزان کردووە.
لەگەڵ ئەوەی سلێمانی ناوەندی سەرەکی و شوێنی دامەزراندنی ئەم پارتە نەبووە، بەڵام ناوەندێکی گرنگی جموجوڵی ئەم بزاوتە بووە لقێکی چالاکیان هەبووە.
ئامانجی یەکخستنی پارچەکانی کوردستان و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی بووە. داکۆکی لەبیری نەتەوەیی کردووە، پەیمانی ئەندامبوون بریتی بووە لە (سوێند خواردن بەقورئان و بەخەنجەری کوردی و وەفاداری بۆ نیشتمان و گیانفدایی) . قوتابی قۆناغی ناوەندیش کراوەتە ئەندام و ناوبراون بە (بێچووە شێرانی هیوا) ، بەڵکوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هیوا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەدرووست بوونی کۆمەڵەی (ژ.ک) .
ئەندامانی هیوا بۆ ناسینەوەی یەکتری لەناو خەڵکدا دەستەسڕی سپیان گرتووە بەدەستەوە، هەوڵیانداوە لە بۆنە نیشتمانییەکان و ڕۆژە ناهەموارەکاندا چالاکیان هەبێت، ئەم ڕۆژانەیان بەهەلزانیوە و دەرفەتیان قۆستۆتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و هەڵواسینی بەدیوارەکانی شاردا، ئەمجۆرە کارانە یەکێک بووە لە چالاکییەکانیان، جگە لەمە بڵاوکراوەیەکی دەستنووسیان هەبووە بەناوی (ئازادی) یەوە.
ئەندامانی ئەم حیزبە لەناو خەڵکی دا بەهیوایی ناوبراون. پاشان دوو باڵی سەرەکی لەکۆمەڵەی هیوادا سەریهەڵداوە، یەکەمیان باڵێکی نەتەوەیی میانڕەو کە باوەڕی بە پشتگیری و هاوکاریی بەریتانیا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، باڵی دووەمی چەپڕەوی کۆمەنیستیانە بوو ئەمانە باوەڕیان بە بەریتانیا نەبووە، بەڵکوو دەیان وت پێویستە پشت بە یەکێتی سۆڤیەت ببەسترێت بۆ کۆمەک و هاوکاری.
ئەم پارتە بەهەموو شێوەیەک یارمەتیی بارزانی دا لەهەڵگیرسانی شۆڕشەکەی، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەم پارتە کۆتایهات و لە ساڵی 1944 کۆنفرانسی خۆی بەست و تیایدا هیوا دوو باڵەکەی لێکترازا و جیابوونەوە، باڵە چەپەکەی چونە ناو ڕیزەکانی (یەکێتی تێکۆشین) و هەندێکیان بوونە ئەندامی (حشع) پارتی کۆمۆنیست و هەنێکی تریان پارتی کۆمۆنیستی کوردیان درووستکرد.
ئەندامانی باڵە ڕاستەکەی ماوەیەک بەناوی هیواوە کاریانکرد، بەڵام دواتر بەشێک لەئەندامانی چوونە ڕیزەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) ژمارەیەکی کەمیشیان بەناوی (ڕێی ڕاست) کۆمەڵەیەکیان درووستکرد، بەڵام سەرۆکی کۆمەڵەکە (ڕەفیق حیلمی) دەستی لە کارکێشایەوە واتە لە ساڵی 1945 ئەم پارتە نەماو ئەندامەکانی پەرتەوازە بوون و تووشی لێکترازان و هەڵوەشانەوە و دابەشکاری بوون بەسەر (حشع، پدک، کۆمەڵەی هاوار، ڕێی ڕاست) .

14- لقی (ژ.ک) لە سلێمانی:
لە شاری مەهابادی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە 16ی ئابی 1942 کۆمەڵەی (ژ.ک) دامەزراوە، لە پەیمانی (سێ سنوور) کە لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەسترا بڕیاردرا کە (ژ.ک) بە پێی بارودۆخ لقی لەناوچەکانی سلێمانی، ڕواندز، شەقڵاوە بکاتەوە و پارتی هیواش لق لە (قەسری شیرین، کرماشان) بکاتەوە.
سەبارەت بەدامەزراندنی لقی (ژ.ک) لە باشووری کوردستان (سلێمانی) سەرکردایەتی (ژ.ک) لە ڕۆژهەڵاتەوە نامەیان بۆ چەند کەسایەتییەک ناردووە بە مەبەستی بەشداری و هاتنە ناو کۆمەڵەکەیان، پێدەچێت بۆ ئەو کەسایەتییانەیان ناردبێ تاکو ئەوکاتە لە هیچ پارت و کۆمەڵەیەکی تردا ئەندام نەبووبێتن.
لە ئەیلولی ساڵی 1944 ئەندامانی سلێمانی کۆبوونەوەیەکیان سازکرد و دامەزراندنی لقی باشووری کوردستان (سلێمانی) کۆمەڵەی (ژ.ک) یان ڕاگەیاند و بەشێوەی نهێنی کاری خۆیانکردووە، بڵاوکراوەی (دەنگی ڕاستی) یان

بەشێوەی نهێنی بڵاوکردۆتەوە، لە سلێمانی ئەندامی ژن یان هەبووە، لە زاخۆ وە تا وەکوو بەغدا کۆمیتەی سەر بەولقەیان دامەزاندوە و ئەندامیان وەرگرتووە. واتە سنووری چالاکیان تاکو ئەو ئاستە فراوان بووە.
ئەو کەسانەی بوونەتە ئەندام پێویست بووە حەوت جار سوێند بە قورئان بخوات کە خیانەت لە (ژ.ک) و کوردستان نەکات و واز لە (ژ.ک) نەهێنێت. لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە بیروڕای نەتەوەیی هەبوو بە شێوەیەکی خێرا و بەرچاو گەشەی کردووە.
پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی هیوا زۆربەی ئەندامانی هیوا هاتنە ڕیزی (ژ.ک) وە. لەمهاباتەوە مۆرێکی هەڵکەنراوی فەرمی نێراوە بۆ لقی باشوور بۆ ڕایکردنی ئیش و کارەکانیان. هەروەها پەیوەندی بەردەوام هەبووە لەنێوان سلێمانی و مەهاباد و گۆڤاری (نیشتمان) کە بڵاوکراوەیەکی فەرمی (ژ.ک) بووە و گەشتۆتە دەست ئەندامانی باشوور.
لقی سلێمانی لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ئامادەیی خۆی پشانداوە بە هاوکاری و کۆمەککردن. وەکوو ناردنی خەڵکی چەکدار و مامۆستا و دکتۆر و برین پێچ، بەڵام وەڵام دراونەتەوە کە تەنیا دکتۆر و برین پێچەکانیان پێویستە، بەڵام پاش لەباربردن و نەمانی کۆماری مەهاباد ئەم پارتەش لەباشوور بەرەو کزی چووە، هەر بۆیە لقی سلێمانی لە ساڵی 1947 لە کەرکووک کۆنفرانسی خۆی بەستووە و نوێنەری کۆمیتە و لقەکانی تری تیادا بەشداربووە، بڕیاریانداوە هیچ جۆرە پارتێک درووست نەکەن بۆ پەرش و بڵاونەبوونەوەی ئەندامان و خەڵکی بەشداربووی سیاسی ئەم ڕێکخستنە لە کوردستاندا، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردەدەن ئەندامانیان بچنە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کورد و پارتی کۆمۆنیستی ئێراق. واتە خۆیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام لەم دانیشتنەدا بەشداربووان ڕێک نەکەوتوون بچنە ناو کام لایەنیان، بەڵام پاشتر کۆبوونەوەیەک دەکەن و ئەم کەیسە دەخەنە دەنگدانەوە 6 کەس دەنگ دەدەن بچنە ناو پارتی کۆمنیست، هەروەها 6 کەس دەنگ دەدەن بچنە ناو پارتی دیموکراتی کورد. لە ئەنجامدا بە دەنگی کەسێکی تر کۆتایی بەوە دێ کەتێکڕای ئەندامان بچنە ناو پارتی دیموکراتی کورد، بەڵام بەو شێوەیە نابێ و سەیر لەوەدایە بە پێچەوانەوە دەنگە یەکلاکەرەوەکە بۆچوونە ناو پارتی دیموکراتی کورد خۆی و ئەندامانی کفری کە نزیکی خۆی بوون دەچنە ناو پارتی کۆمۆنیستی ئێراقەوە.

15- کۆمەڵەی زەردەواڵە:
کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە و لە ساڵی 1945 دامەزراوە و ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ویستوویانە وەک زەردەواڵە بەحکومەت و کاربەدەستانەوە بدەن، واتە دژی حکومەت بوون و حکومەتیان لە سلێمانی تەنگەتاو و سەغڵەت کردووە و پێ ئەچێت کاری کوشتنی پیاوی حکومەتیان ئەنجام دابێت. هەر بەو ناوی زەردەواڵەوە بەخشنامەیان هەبووە پانزە ڕۆژ جارێک بڵاویانکردۆتەوە و لە ڕێگەی پۆستەوە گەیاندویانە تە دەرەوەی سلێمانی بەناوی (دەنگی کۆمەڵەی زەردەواڵە) .
ئەو بڵاوکراوەیە جگە لەهەواڵی سلێمانی، شیعری گاڵتە و گەپ و کاریکاتێریشی تیادا بڵاوکردۆتەوە بە مەبەستی خۆیان. چەندین بەیاننامەیان دژی حکومەت بڵاوکردۆتەوە. ئامانجیان هەوڵی بەدەستهێنانی مافی لامەرکەزی بووە بۆ کورد.

16- لقی پارتی شۆڕش:
حیزبێکی چەپڕەوی کوردی بووە، لەلایەن ژمارەیەک لەکەسایەتی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری چەپڕەوەوە پێکهێنراوە، ئامانجیان خود موختاری کارگێڕی بووە لەباشووری کوردستان و ناساندنی دۆزی کورد بە جیهانی دەرەوە. هەروەها درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکانی تر بە تایبەتی (حشع) .
دروشمی دژی ئیستعمار و سەروەری و سەربەخۆی بۆ ئێراقیان هەڵگرتووە، وێڕای بوژاندنەوەی زمان و ئەدەب و کەلەپوری کوردی، پرۆژەی چاکسازی گشتگیریانەیان لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی لە کوردستاندا هەبووە.

پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێراق (شۆڕش) لە شاری هەولێر لە ساڵی 1945 ڕیکخراوی (وحدە النضال) لەگەڵ باڵەکەی فەهد یەکیان نەگرتەوە، بەڵام یەکێتی تێکۆشین لەگەڵ فەهد نەگەشتنە ئەنجام و لقەکەی حزبی شیوعی کوردستانیان هەڵوەشاندەوە، ڕێکخراوێکی نوێیان پیکەوەنا بەناوی (حیزبی شیوعی کوردستانی ئێراق) و ئەم ڕێکخراوە لە سلێمانی ئەندامی چالاک و لقیان هەبووە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کۆمیتە یان ناوچەی حیزبی شیوعی لە سلێمانی زۆرچالاک بووە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی خەڵکی سلێمانی بووە لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی چەند جار تووشی ململانێ و کێبڕکێ و جیابوونەوە بوونەتەوە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی و سەرو خۆیان.

17- حیزبی ڕزگاری کورد:
لە ساڵی 1945 ئەم حیزبە لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی حیزبەکانی تری وەکوو (ژ.ک، هیوا، ڕێی ڕاست، ئازادی) هاتە مەیدانەوە. بەرنامە و ئامانجی مافی ڕەوای گەلی کورد بووە، هەر لەیەکگرتنی کوردستانی گەورە و چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی ئێراق، لابردنی هەموو زوڵم و چەوسانەوەیەک لەسەر کورد. ئەم حیزبە کەسایەتیە نیشتمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی لەدەوری خۆی کۆکردووەتەوە. لقی کردۆتەوە لە ناوچەکانی کوردستان و خەڵکی زۆر پەیوەندیان پێوەکردوون.
لەم شارەدا پەڕتووکخانەیەکیان هەبووە بە ناوی پەڕتووکخانەی (ڕووناکی) کە کاریگەریی هەبووە لەسەر چالاکیە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان و پەخشکردنی زمانحاڵی حیزب.
دواجار هەردوو حیزبی (شۆڕش و ڕزگاری) لە مانگی ئابی 1946 ئەم دوو حیزبە کۆنگرەی خۆیان بەست و تیایدا بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەیانداو ئەندامەکانیان دابەش بوون بەسەر (حشع و پ.د.ک) کە زۆربەی ئەندامانی سلێمانیان چوونە ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد.

18- کۆمەڵەی ڕێی ڕاست:
ئەم کۆمەڵەیە دوای هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا لە سلێمانی دامەزراوە لەلایەن کۆمەڵێک لە لاوان و گەنجان و ڕۆشنبیرانی شار لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و کۆنە ئەندامانی هیوا. لەگەڵ هەندێک لەو قوتابییانەی شار کە لە بەغدا خوێندویانە. کۆمەڵەکە هەڵگری بیروڕای چەپگەری بووە، ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەناوی (تروسکە) ، ئەم کۆمەڵەیە تەمەنی کوورت بووە ڕەنگە تا ساڵی 1945 خایاند بێت.

19- کۆمەڵەی هاوار:
کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە و لەناو شاری سلێمانی درووست بووە، مامۆستا (عەبدولستار تاهیر شەریف) دەڵێت: ساڵی دامەزراندنی لەناوەڕاستی ساڵی 1945 بووە، ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێکی بڵاوکراوەی بەشێوەی دەستنووسی بەناوی (پشکۆ) وە هەبووە. ئەم کۆمەڵەیە بڕیاری هەڵوەشاندەوەی خۆی داوە لە ساڵی 1946 و چوونەتە ناو ڕیزەکانی پارتی ڕزگاری خوازی نیشتمانی (حزبی تحرر) .
لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی پارتی هیوا و پەرتەوازەبوونی ئەندامەکانی چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی تر هاتونەتە ئاراوە.بەوتەی بەڕێز (کەمال مەزهەر) ساڵی 1945 ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتووە و بڵاوکراوەیەکیان هەبووە و ئەندامانی کۆمەڵە دژی بەریتانیەکان بوون، یەکێک لەچالاکییەکانیان شکاندنی سینەمای گەڕۆک بوو لە سلێمانی. کە فیلمی سەرکەوتنی سوپای بەریتانیای پشان داوە و بانگەشەی سەرکەوتنی لەجەنگی جیهانی دووەم کردووە، لەڕووکاری بیروباوەڕەوە کۆمەڵەیەکی چەپڕەو بوون.
هەروەها لەشوێنێکی تر ئاماژەکراوە بەوەی کاریانکردووە بۆ ڕاگرتنی هێرشی سوپا بۆ سەر بارزانیەکان و ڕاگرتنی شەڕو چارەسەکردنی کێشەی بارزانیەکان، هەوڵی پتەوکردنی برایەتی و هاریکاری نێوان کورد و عەرەبیان داوە، لەسەر بنەمای بوژاندنەوەی ژیانی دیموکراسی و پاراستنی ئازادیەکان کاریانکردووە.

20- لقی پارتی ڕزگاری کورد:
ئەم پارتە نوێنەرایەتی بەرەیەکی فراوانی یەکگرتووی نیشتمان پەروەرانی کوردستانی کردووە، لە شوباتی ساڵی 1945 دامەزراوە، ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ڕێی ڕاست ڕۆڵیان لە پێکهێنانی ئەم پارتە هەبووە.
ئەم پارتە بڵاوکراوەیەکی هەبووە کە زمانحاڵی پارتەکە بووە بە ناوی (ڕزگاری) کە بەشێوەی چاپکرا و ڕێکوپێک بڵاوکراوەتەوە، ئامانجی نزیکی بۆ سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنی کوردستانی ئێراق بووە، ئامانجی دوور و ستراتیجیان بۆ یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان و پێکەوەنانی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ بووە. هەوڵی درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیموکراسی و پارتەکانی کوردستاندا داوە.
ئەم پارتە لقی لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، ڕەواندز، ئامێدی، زاخۆ) هەبووە. تاوەکو مانگی ئابی ساڵی 1946 چالاکی هەبووە، بەڵام هەردوو پارتی ڕزگاری و شۆڕش بڕیاریانداوە خۆیان هەڵوەشێننەوە و ئامادەکاری بۆ پارتێکی یەکگرتووی نەتەوەی کوردی بکەن. ئەویش پێکهێنانی (پارتی دیموکراتی کورد) بووە. ئەوەی شایەنی باسە زۆربەی ئەندامانی پارتی شۆڕش دوای هەڵوەشانەوەی پارتەکەیان چوونەتە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و ئەندامانی پارتی ڕزگاری چونە ناو ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کورد) لە ڕۆژی 16ی ئابی 1946 لەبەغدا یەکەم کۆنگرەی خۆیان بەست و پارتی تازەیان ڕاگەیاند. پاش چەندین گۆڕانکاری و ململانێی ناوخۆ ناوی گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

21- پارتی دیموکراتی کورد لقی سلێمانی:
ئەو بارەدۆخەی هاتە ئاراوە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان بووە هۆکاری بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی، لەلایەکی تر بیرۆکەی یەکخستنەوەی پارتەکانی تری باشووری کوردستان و بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی تر لە کوردستانی ئێراق. ڕۆشنبیرانی سلێمانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە دامەزراندنی ئەم پارتە و لەدەسەتەی دامەزراندنی بوون، سلێمانی بووە و وێستگەی یەکەم بۆ دانانی بەردی بناغەی ئەم پارتە.
وەک ئەوەی (هەمزە عەبدوڵلا) لە ساڵی 1946 گەیشتۆتە سلێمانی و وتووێژی کردووە لەگەڵ پارتەکانی شۆڕش و ڕزگاری و حیزبی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (پ.د.ک) لە دامەزراندنیەوە تاکو ساڵی 1958 سێ کۆنگرەی ئەنجامداوە لەم کۆنگرانەدا ڕۆڵی سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی سلێمانی بەئاشکرا دیاربووە.
وەک ئەوەی لەکۆنگرەی یەکەم (شێخ لەتیفی شێخ مەحمود) جێگری یەکەمی (پ.د.ک) بووە. لەڕووی چۆنایەتیەوە ئەو کەسایەتیانەی بەشداربوون لەسەر ئاستی سلێمانی بەتواناتربوون لەسەر ئاستی کوردستان. بە جۆرێک پێشکەتووتر بوون لەکاروباری حیزبی و نووسراو و نووسین، هەتاکو ئێستا لەنێو فەرهەنگی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردیدا بەگرینگ دانراوە.
تەنانەت لیژنەی سلێمانی شوێنی چالاکی ئەم پارتە بووە، سلێمانی ناوەندێکی گرینگی ئەم پارتە بووە لە ماوەیەکدا زمانحاڵی حیزبەکەش (ڕزگاری) لە سلێمانی بووە.
پارتی تووشی ئەزمەی بێ سەرۆکی بووە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کۆنگرەی دووەمیان بەستووە لە ساڵی 1951، بەڵام پارتی لەم کۆنگرەیەدا نەیتوانیووە کێشەکانی چارەسەر بکات، لەئەنجامدا دووکەرت بوون و بەشێکیان بڕیاری پێکهێنانی (بەرەی پێشکەوتوی پارتی دیموکراتی کورد ئێراق) دا. ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (ڕزگاری) بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرکرد.
ئەم بەرەیە سلێمانیان کردە بارەگای سەرەکی خۆیان و زۆربەی ئەندامەکانیشی خەڵکی سلێمانی بوون. ئەم بەرەیە ڕۆڵی هەبوو لە پێشخستن و برەودان بەکاری سیاسی.
لەبەرانبەر ئەماندا مەکتەبی سیاسی بڵاوکراوەی (ڕێگای نوێ) ی دەرکرد و بەتوندی هێرشی کردۆتە سەریان، پاش چەندین هەوڵ و کۆشش بۆ یەکگرتنەوەیان دراوە لە ساڵی 1956 بەرەی پێشکەوتووی دیموکراتی کورد خۆیان هەڵوەشاندەوە و چوونەوە ناو ڕیزەکانی (پ.د.ک) لەگەڵ یەکگرتنەوادا چەندین کەسایەتی چەپڕەو

هاتنە ناویان.
ئەم ڕووداوانەش وایکرد ناوی (پ.د.ک) بگۆڕرێت بۆ (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) پارتی پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و لیژنەی نوێی درووستکرد جگە لەسکرتێر (ئیبراهیم ئەحمەد) سێ کەسیان لەکۆی 10 کەس خەڵکی سلێمانی بوون.
لە ساڵی1957 ئەندامانی لیژنەی سلێمانی (حشع) هاتنە ناو ڕیزەکانی (.پ.د.ک) وە. بەمەش سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی خەڵکی سلێمانی لە ناو سەرکردایەتی پارتی زیادی کردووە لە کۆی 14 ئەندام 6 ئەندامیان خەڵکی سلێمانی بوون. لە بواری ڕۆشنبیریدا پەرتووکخانەی ڕووناکی کەپێشتر بڵاوکراوەی حیزبی ڕزگاری بوو لەم ساڵانەدا بۆتە بڵاوکراوەی پارتی، ئەم پارتە لەوساڵانەدا هاندەری چەندین خۆپیشاندان و مانگرتن بوون لەم شارەدا.

22- (جماعه الاخوان المسلمین) کۆمەڵەی برایانی موسڵمان لقی سلێمانی:
هەڵبەتە میللەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی موسڵمان بووە و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەشێوەی جۆراوجۆر لەدوای جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵداوە، بەڵام حکومەتی مەلیکی لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە چاوی خستۆتە سەر مینەبەر و حوجرەی مزگەوتەکان کە نابێت وتار و بیری سیاسی ئیسلامی تیادا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لە ساڵی 1946 (کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی) دامەزراوە کە لە پاشاندا بۆتە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لە کوردستان و ئێراق. سەرۆکی کۆمەڵەکە لە 06-01-1947 نامەیەکی ئاڕاستەی مەلا و زانایانی ئایینی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی (مەلا حسێن پیسکەندی) کردووە، کەداوای کردنەوەی لقی کۆمەڵەکەی لێکردووە لە سلێمانی. پاشان لەنامەی دووەمدا سەرۆکی کۆمەڵە (شێخ ئەمجەد زەهاوی) ئاگاداری (مەلا حسێن پیسکەندی) دەکاتەوە کە وەزارەتی ناوخۆ ڕەزامەندی داوە بە نووسراوی ژمارە 11846 لە 26-08-1947 بە کردنەوەی لقی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی لە سلێمانی. هەر بەو بۆنەیەوە داوا دەکات دەستەی کارگێڕی لق هەڵبژێرن و لە ئەنجامەکەی ئاگاداری بکەنەوە.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە هەر زۆر زوو ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە گەشەی کردووە و لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی شار پێکهاتوون. ئەم کۆمەڵەیە بەڕێژەیەکی کەم بیری ئیخوانی هەڵگرتبوو تا وەکوو ئەوکاتەی سەواف و هاوکارانی کەوتونەتە چالاکی لەم کۆمەڵەیەدا و پاشان (کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامی) لە ساڵی 1949 دامەزراوە کە دیوێکی ئیخوان بووە.
سەواف سکرتێری کۆمەڵەکە بووە و مامۆستای زانکۆ بوو لەکۆلیژی شەریعە، لەگەڵ ئەوەی وتارێژێکی لێهاتوو بووە. سەبارەت بەگەشتنی بانگەوازی ئیخوان بوو سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1946 لە ڕێگەی فەرمانبەرێکی ئاماری سلێمانی (نیزامەدین عەبدولحەمید) ئەویش لە ڕێگەی ناساندنی بانگەوازی ئیخوان بۆ کۆمەڵێک لە مەلا و زانایانی ئایینی.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئیخوانەکانی کەرکووک لە ساڵی 1952 هەوڵی ئەوەیانداوە کار و چالاکی زۆر بخەنە سلێمانی و دوو پەرتووکخانەیان کردۆتەوە، بەڵام پاش چەند کاتژمێرێک لەلایەن چەپەکانەوە پەرتووکخانەکان سوتێنراوون. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ یەکتر قبوڵ نەکردن و دژایەتی کردن بەتایبەتی لەلایەن کەسانی هەڵگری بیروباوەڕی چەپڕەوی توندڕەو.
لە ساڵی 1954 بەدواوە کاری ئیخوان بەفەڕمی قەدەغەکراوە و کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامی هەڵوەشاوەتەوە. واتە لە سەرەتای ساڵانی پەنجا کاریگەریان خستۆتە سەرچەندین مامۆستا و قوتابی ئایینی. تاکو ساڵانی شەستەکان کارکردنیان بەشێوەی ڕێکخراوەی نەبووە، بەڵکوو بەشێوەی نهێنی بووە. لە بانگەوازیاندا جەختیان لەسەر بیرو بۆچونەکانی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و حەسەن بەنا کردووە.
لە دوای شۆڕشی ساڵی 1958 قۆناغێکی نوێ لەژیانی سیاسی و ئابووری لە ئێراقدا هاتۆتە ئاراوە و لەو سەروبەندەدا لە سلێمانی کۆمەڵەیەکی ئایینی بەناوی پیاوانی ئایینی ئازاد (جمعیه (رجال) الدین الاحرار فی

السليمانيه) دامەزراوە.
لەم ساڵانەدا ململانێ و دژایەتی نێوان بیروڕای ئیسلامی و (حشع) لە پەرەسەندن و لوتکەدابووە، دژی یەکتری تەنانەت خۆپیشاندان و توندو تیژیان ئەنجامداوە بەرانبەر بە یەکتری.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئیخوانەکان هیچ کات بەدەم کێشە و مافی ڕەوای گەلی کوردەوە نەبوون ئەمەش زیاتر وایکردووە دژایەتی بکرێن، هەر ئەو هۆکارەش بووە لە قۆناغی دواتر بەرەو لاوازی چوون.
لە ڕۆژی 04-04-1971 بەفەرمی کاری ئیخوانەکان لەسەرتاپای ئێراق وەستێنراوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەنهێنی وەک هەوڵی تاکەکەسی کاری بانگخوازیان کردووە، پاشان چەند کەسێک و کۆمەڵێکیان هەوڵیانداوە لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکگرتووی ئیسلامیان درووستکردووە.

23 بزاڤی ئاشتیخوازان:
پاش کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم 1939-1945 کۆنگرەی (براغ) لە ساڵی 1949 بەسترا و ئەم کۆنگرەیە ڕێکخرابوو لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی جیهان، پاشان لە ساڵی 1950 لە (وارشۆ) ی پایتەختی پۆلەندا کۆنگرەی دووەم بەسترا. بڕیاری پێکهێنانی (ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی جیهانی) درا. لەم ساڵە بەدواوە ئەم بزاڤە لە ئێراقدا بڵاوبۆتەوە لەهەمان ساڵدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی (محەمەد مەهدی جواهیری) پێکهێنراوە، بە مەبەستی بزاڤی ئاشتیخوازی ئێراقی.
لە سلێمانی گۆرانی شاعیر و دیلان و... بەشداربوون لەم بزووتنەوەیە، لەسەرەتای پەنجاکاندا کۆمیتەی ئاشتیخوازی سلێمانی دامەزراوە لە چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیر و شاعیر و تەنانەت ژنانیش بوونەتە ئەندام تیایدا وەکوو (زەکیە خۆشناو، خانم زوهدی و مەلیحە زوهدی) سەرەڕای لیژنەی سەرەکی چەندین لیژنەی تایبەت بەگەڕەکەکان و چین و توێژەکان دامەزراوە لە سلێمانی. لەکۆنگرەی تایبەتی ئاشتیخوازانی جیهان بەشداربوون و خاوەنی وتە و قسەی خۆیان بوون. وەک بەشداری بوونی (حمەساڵح دیلان) وەک نوینەری سلێمانی لەکۆنگرەی (ڤیینا) لە ساڵی1953. هەروەها کۆنگرەی ئاشتیخوازانی ئێراق لە ساڵی 1954 بە نوێنەرایەتی (گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد و نەژادی عەزیز ئاغا) بووە.
ئەم بزاڤە لە سلێمانیدا پەرەی سەندووە بۆتە هۆکارێکی نزیکبوونەوەی پارتە سەرەکییەکانی ئەوکاتە (پ.د.ک، حشع) گۆڕەپانی سیاسی سلێمانی. لە سلێمانی چەندین چالاکی و ڤیستڤاڵی جۆراوجۆریان کردووە بە ئامانجی ئاشتیخوازانە. هەروەها کۆکردنەوەی ئیمزا دژی شەڕی کۆریا لە ساڵی 1953، بەڵام حکومەتی ئێراقی بەڕێکخراوێکی ناڕەوای دانان و هەندێک لەئەندامەکانی گرتن و زیندانیکردن وەکوو گۆران و محمەدی مەلا کەریم...

24 کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک)
دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە لەو باوەڕەدابوون ئەو کۆمەڵە و حیزبانەی لە کوردستاندا بوون خاوەنی بناغەی نەتەوەیی ڕەسەن نەبوون، نامیلکەی (کاژیکنامە) یان بڵاوکردۆتەوە، کە پەیڕەوو و پرۆگرامی کاژیکی تیادا بووە. دروشمی (کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل) یان بەرزکردۆتەوە. لە ساڵی 1959 بڕیاری کۆنگرەیان داوە. داواکاری و پیادەکردنی سیستمی خۆجێی و فیدراڵیان بەسڕکردنی نەتەوەی کورد داناوە. کاژیک خاوەنی ڕێکخستن و پەیکەری تایبەتی خۆی بووە وەکوو ئۆرگانی (سەرکردایەتی، لیژنەکان، لقەکان، ناوچەکان، شانەکان) .
ڕێکخستنەکانی کاژیک بەشداری شۆڕشی ئەیلولیان کردووە و لایەنگری پارتی بوون، بە تایبەتی باڵی بارزانی، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی کۆک و ڕێک نەبوون.
پاشان بەشێک لە ئەندام و هاویرانی کاژیک بەشداربوون لەدرووستبوونی (پاسۆک) کە بەشداری چەکداری و ژیانی پێشمەرگایەتی خۆیان بوون لە ساڵانی دوای نسکۆ تاکو ڕاپەڕین، پارتی سەربەخۆیی دیموکراسی کوردستان (پاسۆک) یەکەم کۆنفرانسی حیزب لە سلێمانی کراوە و پاشان یەکەم مەفەرزەی پاسۆک لە شاری سلێمانییەوە

ڕوودەکەنە شاخ و خەباتی چەکداری دەستپێدەکەن بەسەرکردایەتی مامۆستا (جەلالی حاجی حسێن) ناسراو بە (جەلالی حسەکەلۆش، ملازم شوان، فەرهاد خەفاف، مامۆستا سمکۆ، فەرهادی سدیق مەلا سەعید) ئەم مەفرەزەیە لەمانگی 5 ساڵی1977. لە شاخ بنکە و بارەگای تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەسەر بنەما و فەلسەفە و ستراتیجی خۆیان کاریانکردووە بەڕاشکاوانە جەختیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە.
چالاکی شاخیان لەلایەن پێشمەرگەکانیانەوە ئەنجام ئەداو لە ناوشاردا هاویران و ڕێکخستنەکانیان کاریان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی.
خاوەنی گۆڤاری (ئاڵای سووری کوردایەتی) بوون. ئەم گۆڤارە ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک یەکەم ژمارەی لەمانگی شوباتی ساڵی 1981 بڵاوکردۆتەوە بەدروشمی (پێش ئەوەی هەرشتێ بین...دەبێ کوردبین) . لەدوای وەستانی ئەم گۆڤارە ئۆرگانی ناوەندی پاسۆک بڵاوکراوەی (سەربەخۆیی) دەرکردووە بەدروشمی (کوردستان تەنیا موڵکی کوردە) پاشان بوونە خاوەنی گۆڤاری (خوێندکاری کورد) لەدەرەوەی کوردستان.
پێشمەرگەکانیان بەشداری شەڕی دژ بە ڕژێمی بەعسیان کردووە و زۆرجار هاوکاری مەفرەزە و پێشمەرگەی لایەنەکانی تری کوردستانیان کردووە لەشەڕەکانیان دژی سوپای ئێراق و جاش و بەعسییەکان, پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانی دەروە هەبووە بەتایبەتی لەوڵاتە عەرەبەیەکاندا لەگەڵ وڵاتی لیبیا. لەدوایی ڕاپەرین لەمانگی ئەیلولی ساڵی 1991 یەکەمین کۆنگرەی خۆیان بەستووە. پاشان (حسک و پاسۆک) یەکیانگرت و بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانیانکرد بەناوی (یەکگرتن) ، بەڵام ڕێژەی 7% ی دەنگی هەڵبژاردنیان بەدەست نەهێنا و سەرککەوتوو نەبوون، پاشان لەگەڵ (پارتی گەل) کە ئەمانیش ڕێژەی دەنگی پێویستی هەڵبژاردنیان نەهێنا و یەکیان گرت و بۆ ماوەی ساڵێک پێکەوە هەرسێکیان بەردەوامبوون (پاسۆک، حسک، پارتی گەل) واتە (یەکگرتن) کە ناوێکی تازەی ئەو سێ لایەنە بوو.
لەپێش وادەی بەستنی کۆنگرەی 11، پارتی دیموکراتی کوردستان لەمانگی ئابی 1993 ئەو سێ لایەنە (یەکگرتن) و پارتی کۆنگرەی یەکگرتنەوەیان ئەنجامداو بۆ ماوەیەک (پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتن) دەنووسراو پاشان پارتی وشەی یەکگرتنەکەیان لابرد. ئەم کۆنگرەیە ئەو برگەیەی لە پرۆگرامی پارتی لابرد (الحزب ينتفع من النظريه الماركسيه اللينينيه) .
هەندێک کەسایەتی لەیەکگرتنەوە چوونە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاشان حەمەی حاجی مەحمود لە پارتی هاتەدەرێ و حیزبی (حسک) حیزبی سۆشیالستی کوردستانی بنیاتنایەوە.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوە لە مێژووی پارتی دیموکرات کوردستان دووەم جارە زاراوەی سیاسی (یەکگرتن) بلکێندرێت بە پارتیەوە و پاشان لێی بکەنەوە و بەکاری نەهێنن واتە ئەو یەکگرتنەوە و ڕێکەوتن نامانە لە لای ئەم پارتەیە جێگەی پرسیارە؟ لە کاتی بەکارهێنانی هەر زاراوەیەک لەرێکەوتنداو لەپاشاندا نامێنی.
بەم شێوەیە ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لەسەربنەمای نەتەوەیی و هاویرانی کاژیک و پاسۆک کاریان دەکرد نەگەشتنە ئامانج و بنەما فەلەسەفیەکەشیان نەچەسپاند لەخودی خۆیاندا و توانەوە لەبۆتەقەی ئەو حیزبانەی کە لەسەرەتاوە لەگەڵیاندا نەبوون و هاوڕا نەبوون. گەر لەسەرەتاوە مەلایی و جەلالی بوونایە ڕەنگە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی باشتر بووایە. یاخود گەر شەهیدەکانیان زیندوو بوونایە ئەو هەڵوێستانەیان ئەبوو کە ئەمان نواندیان.

25- کۆمەڵەی مارکسی لینینی (ڕەنجدەرانی) کوردستان:
ئەوەی زانراوە لەسەرەتاوە مام جەلال سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی سەرهەڵدانی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەپارتی دیموکراتی کوردستان، لەوسەردەمەدا مام جەلال ئایدۆلۆجیای ماویزم و پرەنسیپەکانی سۆسیالیزمی چین کاری تێکرد بوو.
لە ڕۆژی 10-06-1970 کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بەشێوەی نهێنی دروستبووە و وەکوو بیر و باوەڕ

و ئایدۆلۆژیا ڕێکخستنی خۆیکردووە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لەدەرەوەی پارتی و ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی لە سنووری سلێمانی کە ناوەندی کۆمەڵە بەزۆری خەڵکی سلێمانی بوون، لە ساڵی 1970 وە تاکو 1975 مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە بووە.
بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن مام جەلالەوە دەستی پێکردووە. بە نامە ڕاوێژی لەگەڵ زۆرکەسایەتیدا کردووە، بەنامە و تووێژی لەگەڵ کردوون کەڕێکخراوێکی نیشتمانی فراوانبێت و کۆمەڵە داینەمۆی بێت. لە مارتی 1975 کۆبوونەوەیان کردووە و پێشنیاری دەستپیکردنەوەی شۆڕشیان کردووە. لە دیمەشق لەڕیستۆرانتێک لە گەڕەکی (أبورمانە) یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرینەری یەکیتی کراوە، کە مام جەلال بەیانی دامەزراندنەکەی نووسیووە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە جگە لە کوردستان لە وڵاتانی لوبنان و سووریا و میسر. هەر ئەو بڵاوکراوەیە لە 01-06-1975 لە ئەوروپا بەچەندین زمانی جیاواز بڵاوکراوەتەوە، کە ئەو ڕۆژە کرایە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی.
لەدەستەی دامەزراندنی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دوو کەسیان خەڵکی سلێمانی بوون کە (د.کەمال فوئاد و نەوشیروان مستەفا) کە بنەمای یەکیتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتبوو لە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، هێڵی گشتی ی.ن.ک) کە زۆربەی زۆری ڕێکخستن و ئەندامانی کۆمەڵە ئاگاداری ڕێکخستنەکانی تر نەبوون و پەیوەندی و کاری ڕێکخەرییان لەلایەن مام جەلالەوە کراوە لە هەندەرانەوە.
ئەم گرووپانە سێ ئایدیا و ڕێکخراوی جیاواز بوون. سەرکردەکانیان هەریەکەی لە شوێنێک نیشتەجێبوون لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (کۆمەڵە) ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بووە، هەموو هاووڵاتیەکی کوردستان بۆی هەبووە ببێتە ئەندام پاش بەسەربردنی ماوەی پاڵاوتن.
وەکو ئەوەی لە کۆنگرەی دووەمدا پەیکەری ڕێکخستنی بەم شێوەیە دارێژراوە کە بەکوورتی ئاماژەی بۆ دەکەم: شانە کە لە 3-5 ئەندام پیکدێت، شانەی سەرەکی کەچەند شانەیەک لەخۆدەگرێت، پۆل کە چەند شانەیەکی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، کەرت بەرپرسە لە چەندین پۆل، دەتوانێت ئەندام وەربگرێت، ڕێکخراو کەسەرجەم ڕیکخستنەکانە لەناوچەیەکی دیاریکراو. کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرزترین دەسەلاتە لە کۆمەڵە لە چالاکی سیاسی، ڕیکخراوەیی، پێشمەرگایەتی ناوەندی کۆمەڵە بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بریارەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ڕابەرایەتی دەکات. سکرتێر لێپرسراوی یەکەمی کۆمیتەی سەرکردایەتیە و بەرپرسە لە بەڕێوەبەردنی کۆمەڵە.
لەئەیلولی 1975 هەندێک لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرا بوون و دەستگیرکراون، کە شێوازی ڕێکخستنی هەرێمیان درووستکردووە لەسەر ئاستی پارێزگا. ڕێکخستنەکانیان لەسەر بنەمای شانەی بچوک و بەشێوەی هێشووی واتە چەند شانەیەک پێکەوە، لە کۆمیتە و لیژنەی باڵا و سەرکردایەتی ناوخۆ ڕێکخراو بوون لە ئۆرگانی ناوەندی. ئەندامی کۆمەڵە کۆبوونەوەی ڕێکخستن و ئابوونەی ئەندامانە و ڕاپۆرتیان داوە بەسەر و خۆیان.
یەکیتی لەبەیاننامەی یەکەمیدا داوای (سەلماندنی مافی گەلی کورد لەئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە لەچوارچێوەی کۆمارێکی ئێراقی دیموکراتی سەربەخۆ) .
ڕێکحستنەکانی کۆمەڵە لە ساڵی 1976 دەستەی چەکداری پێکدەهێنن و هەرێمی سلێمانی بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، ڕێکخستنەکان خۆیان دەگەیەننە شاخ بەسەرکردایەتی کاک ئارام (شاسوارجەلال) .
ڕێکخستنەکانی تری ناو یەکێتی بەهەمان شێوە لق و کۆمیتەیان هەبووە، بەڵام زۆر کاریگەریان نەبووە وەکوو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەناو شاری سلێمانیدا.
سەبارەت بە خەباتی چەکداری و چۆنیەتی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە و چالاکی پێشمەرگە کاک ئارام بیروڕاو بۆچونی جیاوازی هەبووە لەگەڵ سەرکردەکانی تری ناو کۆمەڵە و یەکێتی.

هەمیشە ناکۆکی و ململانێ هەبووە لەسەر بیروبۆچوون و کاری چەکداری و درووستکردنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە و دیاریکردنی ئەرکی پێشمەرگە لە قۆناغەکەدا.
هەروەک ئەوەی کاکە عادل موراد (هەڵکەوت) بۆی گێڕاومەتەوە کە لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵ و مەفەرزە سەرەتاییەکانی یەکێتی بوو دەیوت تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاوازی هەبووە لە شێوازی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی نوێ، وای داناوە کە سەرکردایەتی کردن ئەبێت لەناو خەڵک و ڕێکخستن و پیشمەرگە دا بێت. سەرکردایەتی وەکوو کوێخا و براگەورە نەبێت لە دورەوە فەرمانبکات و خۆ پارێز بێت. هەروەها سەرنجی هەبوو لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاری ڕێکخستنەکانی ناوشار.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە کۆمەڵە ڕێکخستن و جەماوەری خۆی جیاواز بوو لەگرووپەکانی تری (سۆشیالست و هێڵی گشتی) ، چونکە کۆمەڵە چەندین ساڵ بوو پەروەردە و ڕێکخستنی خۆی بەشێوەی نهێنی هەبوو. پێکهێنانی کارکردن لەنیمچە بەرەیەکی فراوان هەموویانی کۆکرد بۆوە لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
یەکێتی زمنحاڵی هەبووە کەڕۆژنامەی (الشراره) لە سووریا چاپکراوە بەتیراژی 2000 دانە بە زمانی عەرەبی، ناونیشانەکەی لەوتەیەکی ماوتسی تۆنگ (ومن الشراره یندلع االهیب) وەرگیراوە. بە زمانی کوردی ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) یان بڵاوکردۆتەوە، یەکەمین ژمارەی لە کانوونی دووەمی 1976 لە لوبنان چاپکراوە. هەروەها لقی ئەوروپای یەکێتی ناوبەناو (الاتحاد) لە ڕۆژی 01-06-1976 بڵاوکردۆتەوە، لە پاشدا چەندین بڵاوکراوەی تریان هەبووە.
کادرەکانی کۆمەڵە لەناو شاردا تایپی بڵاوکراوەکانیان کردوەو پاشان ئەم کارەیان گواستۆتەوە بۆ شاخ. یەکەمین بڵاوکراوەیان لە نووسینی کاک ئارام بووە لە شاخ. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە و پەیوەستە بە کرۆکی بابەتەکەی ئێمەوە ئەوەیە کەشاری سلێمانی ناوەندی جموجوڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لەساڵانی حەفتاو هەشتاکان.
لەم شارەدا کۆمەڵە دۆست و لایەنگر و ئەندامی زۆریان هەبووە، پشتیوانی و بەشداری خەباتی چەکداریان کردووە، لاوانی شار بەشداری شانەی چەکداری و پێشمەرگایەتی و خەباتیان کردووە و کاری گیان فیدایی و شەهیدیان داوە.
خەڵکێکی زۆریش لە ئەندامان و دۆستان و نیشتمان پەروەران زیندانی بەعسیان چێشت و زیندانی کران جابەشێوەی کۆمەڵ و تاکەکەسی، یاخود بەشێوەی گیرانی خێزانی وەکوو گیران و دەسبەسەرکردنی کەسوکاری پێشمەرگە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.
ئەمە سەرەڕای ماڵوێرانی و زەرەرو زیانی گیانی و مادی زۆربەی ئەوکەسانەی بەشداربوون لەم شۆڕشە. جائەندام بوبێتن یان دۆست و لایەنگری شۆڕش. یاخود لەبەر هەڵوێستی مەردایەتیان و کوردایەتیان کە ئامادەنەبوون ببنە چاوساغی بەعس و جاشێتی و بەعسێتیان قبووڵ نەبووە. هەندێک لەوانەی بەشداربوون لەخەبات و بەرخۆدانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان و تاکو ڕاپەڕین بەبیروباوەڕو دڵسۆزیەوە کاریان کردووە لە حکومەتی هەرێم لەدیاردە ناشرینەکانی دوای ڕاپەڕین بەشدارنەبوون و بگرە پاشە کشەیان کرد لە مەیدانەکە و دورکەتنەوە.
قوتابییان و خویندکاران ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە گەشەکردنی ئەم ڕێکخستانانە هەر بۆیە لە 26-04-1976 یەکێتی خویندکارانی کوردستان درووستدەکرێت لەلایەن شەهید ئارام و شەهید شامیل.
چەندین قوتابی و خویندکار بەشداری شۆڕشیانکردووە و چەندین قوتابی چونە بەرپەتی سێدارە و زۆریشیان تاڵاوی لێدان و گیران و زیندانیان چێشت. چەندین قوتابی نەیانتوانی پرۆسەی خوێندن تەواوکەن بەهۆکاری بەشداریان لەم ڕێکخستنانە و بەهۆی زیندانی یاخود چونە شاخ، کەئەمانەش هۆکاری ئەوەبوون کە لەخوێندن دورکەوتنەوە.
لە ئەیلولی ساڵی1977 لە گوندی گوڕبازی قەرەداغ ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش) ی دەرکرد کەتیایدا خەباتی

چینایەتی و نیشتمانی لە دیدگای مارکسیەتەوە شرۆڤەی جیهانی تیاداکردووە.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەسالآنی 1983 وە ڕەوت و ڕێکخستنێکی تایبەت و تاکو ئاستێکیش نهێنی کاریاندەکرد لەناو یەکێتی و درووستبوون بەناوی ئالای شۆڕشەوە کە لەوتوێژی ساڵی 1984 وساڵانی دواتر بەئاشکرا دەرکەوتن لە ساڵی1987 ئەمانە پەرتەوازەکران و گیران، یاخود بەزۆرەملێ و ناچاری هاتنەوە و خۆیان دابەدەست ڕژێمەوە.
دەتوانین بڵێم لەناو سەرکردەکانی کۆمەڵە کاک ئارام توانیبووی کاریگەریی پەروەردەیی و فیکری لەسەر هەندێک لە پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و ئەوکەسانەی لەژیانیاندا چاویان پێکەوتووە بە جێبهێڵێت. کە لەئێستادا 42 ساڵ تێپەڕبووە بەسەر شەهید بوونی بەدەستی جاش و خۆفرۆشی ئەو ساو خانەنشینی پلە باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا. لە ڕۆژی 31 کانونی دووەمی ساڵی 1978 لە گوندی تەنگی سەر لەقەرەداغ شەهیدیان کرد.
هەڵبەتە پێش شەهیدبوونی چەند برادەرێکی وەکوو کاک عادل هەلکەوت لە گوندی (گڵەزەردە) سەردانیان کرد بوو تکایان لێکرد بوو کە لەم ناوچەیە نەمێنێتەوە و بگێڕێتەوە سەر سنوور یاخود لەگەڵ ئەمانە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شارباژێڕ، یاخود ئەوان بمێنەوە لەگەڵیدا، بەڵام ڕەتی کردبۆوە وتبووی دەبێت لەناو خەڵکدا بمێنینەوە و لەم سنوورەش کاربکەین وەکوو سەرکردایەتی. ئێوەش بچن بەلای کارەکانی خۆتان.
دەبینین کۆنگرەی فەرمی زۆر دواکەوتووە گەر بلێن زۆربەی ئەوکادرانەی بەشداربوون لە درووستبوونی کۆمەڵە تاکو ئەو ساڵە شەهید و زیندانی بوون بەشداری ئەم کۆنگرانە نەبوون. وەکوو ئەوەی لە مانگی ئایاری ساڵی 1981 یەکەمین کۆنفرانس لەمالیمۆس بەبەشداری 185 ئەندام بووە، کەنوێنەری 8000 ئەندام و لایەنگر بووە، کۆنگرەی دووەمی لە ساڵی 1982 لە ناوزەنگ بە بەشداری 232 ئەندام بەستراوە، کۆنگرەی سێیەمی لە ساڵی 1984 لەمێرگەپان بەبەشداری287 ئەندام بەستراوە. ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە لەو سێ کۆنگرەیەدا نەوشیروان مستەفا وەکوو سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژێراوەتەوە. ئەوەی من بۆ دەرکەتووە لەبەرێزیان خۆی باوەڕی بەکۆمەڵە نەبووە، بەڵکوو بۆ کۆکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئەو لاوە خوێن گەرمانە بووە کە کۆمەڵە بوون، کۆمەڵە چەندین پەخشنامە و بڵاوکراوەیی هەبووە بەشێوەی نهێنی.
سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە کۆنگرەی دووەمی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەدوای ڕاپەڕین بانگەشەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ڕاگەیاند لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بێ گوێدانە خواستی ئەندامان و کادرانی کۆمەڵە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: بەڵگەنامەیی | لێکۆڵینەوە | ڕامیاری، جیۆپۆلیتیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم | جۆری وەشان: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | شار و شارۆچکەکان: سلێمانی | وڵات: باشووری کوردستان |
ڕۆژی دەرچوون: 31-01-2023

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
2023-01-31	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

ئەحمەد خواجە	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
پارتی دیموکراتی کوردستان	پارت و ڕێکخراوەکان	کوردیی ناوەڕاست
عەبدولستار تاهیر شەریف	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست
فەرهاد خەفاف	شەهیدان	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی چاوی کورد - 31-01-2023
کاتی تۆمارکردن: 22-02-2023
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

پۆل: پەرتووکخانە

بابەت: 133

یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20140521220634764021



ناسر حەفید

2006

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پۆلێنی ناوەڕۆک: مێژوو | زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست | فایلی PDF: بەڵێ | وڵات: باشووری کوردستان |

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

Şêx Mehmûdê hefîd	ژیاننامە	Kurmancî	
پاگاو شێخ مەحمووڎی دڵێ میللەتو کوردینە	کورتەباس	هەورامی	
داوازیەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی کیانیاو بەریتانیای جە بەغڎاڎ	کورتەباس	هەورامی	
دوێ گرفتێ کە بیێ بە ماێ تێکشیەی پەیوەنیی میانو شێخ مەحمووڎی و ئینگلیزی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودێ حەفید	ژیاننامە	کرمانجی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی پێسە پارێزگارێ کوردەسانی	کورتەباس	هەورامی	
شێخ مەحمووڎی بەرزنجی تاقە ئومێڎو ئینگلیزەکا پەی سازنای ناوچێوە ئارامی	کورتەباس	هەورامی	
ناسر حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
نامەکێ شێخ مەحمووڎی حەفیدی پەی سێر ئەرنۆڵد وێڵسنی	کورتەباس	هەورامی	
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
کتێبخانەی گشتیی پێنجوێن؛ ناونیشانی پەرتووکەکانی بەشی یاداشت	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
یادنامە	وشە و دەستەواژە	کوردیی ناوەڕاست	

تێبینی: ئەم تۆمارە پەڕتووکە و فایلی PDFی لەگەڵدایە، تکایە سکێنی QR کۆدەکە بکە تاوەکو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا پەڕتووکەکە ببینیت.

QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 21-05-2014
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

کرمانجی

پول: کورتەباس
بابەت: 134
106 سالان بەریا نها و ل ڕوژەکە وەکە ئیرۆدە شێخ مەحموودێ حەفید ئێکەمین حکوومەتا کوردی ڕاگهاند
https://www.kurdipedia.org/?lng=3&q=20241119113339609147
ناڤنیشانێ بابەت: 106سالان بەریا نها و ل ڕوژەکە وەکە ئیرۆدە شێخ مەحموودێ حەفید ئێکەمین حکوومەتا کوردی ڕاگهاند
ئامادەکردنی: زاگرۆس کوردستانی
106سالان بەریا نها و ل ڕوژەکە وەکە ئیرۆدە ل 17ێ نۆڤەمبەرا 1918 شێخ مەحموودی حەفید ئێکەمین حکوومەتا کوردی ڕاگهاند و باژێرێ سلێمانی کرە پایتەختێ حکوومەتا خوە.
دەربارێ حکوومەتا شێخ مەحموود، (ستیڤن لۆنگریک) ل پەرتووکا (عێراق لە 1900 – 1950) دبێژیت:
دەسهەلاتا فەرمانڕەوایيا شێخ مەحموود دەڤەرێن هەڵەبجە و سلێمانی هەیا دگەهتە ڕەواندزێ گرتییە و ماوەیەکیش کۆیە و دەڤەرەکەژی سەر ب شێخی بوون و ب دەهان سەروک خێڵێن کوردی چوونە تەڤ وی و زمانێ کوردی بوویە زمانێ فەرمی یێ میری و فەرمانبەر ژی ژبلی کوردان کەسێن دن نەبوون. [1]

تایبەتمەندیێن بابەتی
کاتەگۆریا ناڤەرۆکێ: دیرۆک | رامیاری | جورێ دۆکومێنتێ: زمانێ ئێکەم | جورێ وەشانێ: دیجیتاڵ | زمان - شێوەزار: ک. باشوور | باژێر و باژارۆک: سلێمانی | فۆلدەر: دیروکا هەڤچەرخ | وڵات: باشوورێ کوردستانێ |
روژا تمام کرنێ: 17-11-2024
بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
106 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شێخ مەحموودی حەفید یەکەمین حکوومەتی کوردی ڕاگەیاند	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
2024-11-17	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	

QR Code:

ژێدەر
[1] ماڵپەڕ | کرمانجی | baskurd.basnews.com- 17-11-2024 ماڵپەڕی
دەمێ تومارکرنێ: 2024-11-19
ناڤێ تومارکەری: کامەران ئاکرەیی

پول: کەسایەتی
بابەت: 135
شێخ مەحمودێ حەفید

https://www.kurdipedia.org/?lng=3&q=20230305215510472185

ناڤ: مەحموود
ناسناڤ: شێخ مەحموودێ حەفید
ناڤێ بابێ: شێخ سەعید
سالا ژ دایکبوونێ: 1881
ڕۆژا مرنێ: 09-10-1956
جهێ ژ دایکبوونێ: سلێمانی
جهێ مرنێ: بەغداد
ژیاننامە

شێخ مەحموود شێخ سەعید شێخ محەممەد (ژدایکبوویێ 1881 – کۆچکرییێ 9ێ تشرینا ئێکەما سالا 1956ێ) ڕێبەرێ چەندین ڕاپەرینێن کوردی بوو ل دژی هێزێن بریتانی ل کوردستانێ. یەک ژ شێخێن ڕێبازا قادری و ژ مالباتا بەرزنجەیان بوو ل باژارێ سلێمانییێ، ل بەشەک زێدەیێ ڕاپەرینێن کوردیدا وەک پاشایێ کوردستانێ دهات ناسکرن.
ل 1ێ کانوونا دوویێ یا سالا 1918ێ ل باژارێ سلێمانییێ ل کۆمبوونەکێدا لگەل کۆلۆنێل ئارنۆلد ویلسن، مەندوویێ سیڤیلێ میسۆپۆتامیایێ ب وەکالەت، سەرکردەیێن کوردان داوا ژ بریتانییان کرن کو پاڵشتیا وان بکن ژ بۆ دامەزراندنا کوردستانەک سەربخوە و یەکگرتی، ب هەڤکاریا دەولەتا بریتانیایێ. ل ناڤبەرا سالێن 1919 و 1922ێ شێخ مەحموودێ حەفید کو سەرکردەیەکێ کاریگەر بوو ل باژارێ سلێمانییێ، حکومەتەک کوردی پێکئینا و دوو شۆڕش ل دژی دەولەتا بریتانیا کرن. لێ تەنێ پشتی دوو سالان دەسەڵاتا بریتانی شیا ڕاپەرینێن حکومەتا شێخ مەحموودی سەرکوت و بێدەنگ بکەت.

ئێکەم شۆڕشا شێخ مەحموودی ل دژی داگیرکارێ بریتانی، ل 22ێ مایسا 1919ێ بوو کو تێدا هەمی کارمەندێن بریتانیایی کو ل سلێمانیێ بوون، هاتنە گرتن و شۆڕش گەلەک زوو ل باژارێن موسڵ و هەولێر ژی بەربەلاڤ بوو. دەسەڵاتا بریتانیایێ ژ بۆ سەرکوتکرنا وی ڕاپەرینێ، دەستکر ب تۆپباران کرن، بۆمبارانا هەوایی، شەڕێ زەمینی و گازا کیمیایی بکار ئینا. پشتی سەرکوتکرنا شۆڕشێ، شێخ مەحموود بۆ وەڵاتێ هندستانێ هاتە دوور ئێخستن. ل حوزەیرانا 1920ێ 62 ژ سەرکردەیێن هۆز و عەشیرێن کوردی ژ دەولەتا بریتانی داخوازا سەربخۆییا کوردستانێ کرن، ل ژێر سایەیا ئینتیدابا بریتانی، لێ هێزێن بریتانی ئەڤ داخوازی ڕەتکرن. ب وی هەجەتێ کو حوکمێ کوردان د ناڤچەیێدا دبیتە ئەگەرێ هندێ کو عەرەبێن هەردوو باژارێن بەغدا و بەسرایێ ژی داخوازا سەربخۆیی بکن و وەسا دێ کۆنترۆڵا ناوچەیێ ژ دەست بچیت.
ل سالا 1922ێ هێزێن بریتانی شێخ مەحموود ڤەگەڕاندنە سەر دەسەڵاتێ، ب وێ هیڤییێ کو کوردان ل دژی تورکان یەکرێز بکەت، چونکی ل وی سەردەمی تورکان داوایا وەرگرتنا موسڵ و کەرکووکێ دکرن. شێخ مەحموودێ حەفید مەملەکەتێ کوردستانێ ڕاگەهاند و خوە وەک مەلیکێ کوردستانێ دا ناساندن، پاشێ ڕەزامەندیا خوە ژێک دەربری ژ بۆ ئۆتۆنۆمییەک سنووردا د چارچۆڤەیا دەولەتا عیراقیدا. داوی ڕاپەڕینا شێخ مەحموودی ل سالا 1930ێ بوو کو ئەو ژی ب هێرشێن هێزێن زەمینی و ئاسمانیێن دەسەڵاتا بریتانی هاتە

سەرکوتکرن. [1]

تایبەتمەندییێن بابەتی

جورێ کەسی: چالاکی سیاسی | هۆزانڤان | زمان - شێوەزار: ک. باشوور | باژار و باژارۆک (ژدایکبوون): سلێمانی | جهێ ئاکنجی: کوردستان | د ژیانێدا مایە؟: نەخێر | میرنشین: بابان | نەتەوە: کورد | وڵات (ژدایکبوون): باشوورێ کوردستانێ | رەگەز: پیاوان |

رۆژا ژدایک بوونێ: ~~00-00~~-1881

رۆژا وەغەرکرنێ: 09-10-1956

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
1881-01-01	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
1956-10-09	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
ئایشە خانی هاوسەری شێخ مەحمودی حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
ئەمە نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید یەکەم مەلیکی کوردستان لە 03- 08-1927 بۆ محەمەد بەگی موغاغی	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
ئەو سێ کەسەی کە کاندید بوون بۆ یەکەم موتەسەریفی سلێمانی ساڵی 1924	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
بۆردوومانی شاری سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموود لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیا وە ساڵی 1924	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
بەریتانیا بەفەرمی داوای لێبوردن لەکورد و بنەماڵەی شێخ مەحمود دەکات	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
پوولی حکومەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی (مەلیک مەحمودی حەفید)	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
چەند خەسڵەتێکی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
حاجی کاک ئەحمەدی شێخ	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	

دڵ لە بەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا	هۆنراوە	کوردیی ناوەڕاست	
دیوانی ئاوارە؛ شێعرەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی بەرزنجی	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
دیوی شاعیرانەی شێخ مەحموودی نەمر	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
دیوەخانی شێخ مەحمودی حەفید لە داریکەلی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
دەقی نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) عصبە الامم پاریس 21 مارس 1931	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست	
سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و شێخ مەحمودی حەفید لە بیستەکانی سەدەی بیستەم	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شۆڕشەکانی شێخ مەحمود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ غەریبی باساک	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ قادر حەفید برای شێخ محمود لە ساڵانی 1920	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ قادری حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مارف دۆزەخدرە و شێخ مەحمودی حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمود و شاندێکی بەریتانی لە بەرزایەکانی نزیک شارۆچکەی خورماڵ ساڵی 1927	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمود و هاوەڵانی لە سلێمانی ساڵی 1923	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید ئەندێشەیەکی ئازاد، ئەزمونێکی ئازادیخواز	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	

شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ دوو کورەکەی شێخ ڕەئوف و شێخ بابە عەلی لە شاری سلێمانی لە ساڵی 1923دا	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید و تۆفیق وەهبی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید و سەردار ڕەشید فەرمانڕەوای بانە	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شێخ مەحمودی حەفید و ڕەفیق حیلمی	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شەهیدێکی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ساڵی 1919	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی دەربەندی بازیان	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
شەڕی شوعیب و بەشداری شێخ مەحمود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
لاپەڕەیەکی پڕشنگداری سەردەمی شێخ مەحمود	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست	
مونیرە ساڵح عەبدولڕەحمان	ژیاننامە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 03	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 04	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا بەرگی 05	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە کەمالییەکانەوە؛ لە بەڵگەنامە نهێنییە تورکییەکاندا بەرگی 02	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیدا؛ بەرگی 01	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	
نامەکانی شێخ مەحمودی حەفید؛ بەرگی 03	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست	

نامەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ دکتۆر قوتبەدین	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ شێخ عەبدولکەریم	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
نامەیەکی شێخ مەحمودی حەفید بۆ کوردەکانی رۆژهەڵات	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر بۆ کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
ناوبڕیوانییەکی "شێخ مەحمودی حەفید" لە چەند بەڵگەنامەیەکدا	بەڵگەنامەکان	کوردیی ناوەڕاست
نوربەخشی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی شێخ مەحمودی حەفید	پەرتووکخانە	کوردیی ناوەڕاست
وێنەی شێخ مەحمود ساڵی 1922	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
وێنەی یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی باشوری کوردستان شێخ عەبدولقادر حەفید	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
وێنەیەکی دێرینی چەند کەسایەتیەکی ناسراو لە ماڵی شێخ مەحمودی حەفید بە یادی ڕێکەوتنی ساڵی 1964	وێنە و پێناس	کوردیی ناوەڕاست
کفنی شێخ مەحمودی حەفید	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست
کورد و شەڕی شوعەیبە	کورتەباس	کوردیی ناوەڕاست

QR Code:

ژێدەر

[1] تۆمارا تایبەت ب کوردیپێدیایێ | کرمانجی | ئامادەکرنا کوردیپێدیایێ - ئەمیر سیراجەدین

دەمێ تومارکرنێ: 2023-03-05

ناڤێ تومارکەری: ئەمیر سیراجەدین

Kurmancî

Pol, Kom: Kurtelêkolîn

Babet: 136

106 sal di ser serhildana Şêx Mehmûdê Berzencî re derbas bûn

https://www.kurdipedia.org/?lng=4&q=20260824174612700654

106 sal di ser serhildana Şêx Mehmûdê Berzencî re derbas bûn

Di 21 Gulana 1919"an de weke vê rojê beriya 106 salan Damezrînerê padîşahiya Kurdistanê Şêx Mehmûdê Berzencî li dijî Mandata Birîtanî li dewleta Iraqê serî hilda. Şêx Seyîd Mehmûd el-Hefîd an Mehmûd Hefîd Zade el-Berzencî (bi Kurdî: Şêx Mehmûd Barzencî) rêberekî siyasî û navdar ê Kurdê Iraqê ye ku li Silêmaniyê di malbateke xwedî bandorek olî, sofîtî û eşîrî de jiyaye. Ew rêberê rêze serhildanên Kurdan li dijî Mandata Brîtanî li Iraqê bû, ew wekî Padîşahê Kurdistanê dihat binavkirin.

Sedema Serhildana Şêx Mehmûdê Berzencî

Piştî şerê cîhanê yê yekem ku Birîtanya û hin hêzên din parçeyên ji Impratoriya Osmanî dagir kirin. Birîtanya Bexdad û El-Besra bi zorê xistin bin serweriya xwe, li dora van herêman şî'a û suneyên ereb hebûn. Di sala 1921"an de Birîtanya Fêselê yekem kire qiralê Iraqê, hilbijartinekî balkêş bû ku Fêselê yekem li herêmê ne navdar bû, eslê malbata serdest ji malbata Haşimiyan e ku rehên wê vedigerin Rojavayê nîvgirava Erebiyê. Dema ku bûyerên para Başûrê Iraqê dihatin keşfandin, Birîtanya siyasetin nû li Bakurê Iraqê pêş dixistin, a ku bi giranî ji aliyê kurdan ve dihat niştecihkirin û bi navê Kurdistana Mezin dihat nasîn.

Gelê Kurd li Iraqê li herêmên çiyayî jiyan dikirin. Birîtanya zehmetî li wir dikişand û nedikarî serweriya xwe lê ferz bike. Her wiha ji ber dilsoziya eşîreyên kurdan. Piştî şerê mezin ê di navbera Hikûmeta Osmanî û Birîtanya de, ji bo xêzkirina sînoran gelek têkoşîn hebûn. Osmanî ji encama peymana Sêverê ne razî bûn, ew jî bû sedem ku rê li ber serketiyên şerê Mezin vekir û piraniya erdên berê yên Osmaniyan li xwe parve bikin. Tirkan hîs dikir ku wîlayeta Mûsilê ya wan e ji ber ku Îngilîzan piştî agirbesta Mudrosê bi neqanûnî ew dagir kiribûn, a ku karên dijminatiyê yên piştî şer bidawî kir. Bi dîtina bîrên Petrolê li Bakurê Iraqê, Birîtanya nedixwet ku dev ji wîlayeta Mûsilê berde. Di berjewendiya Îngilîstan de bû di navbera kurd û împeratoriya Osmanî de şrt û pevçûn derkevin. Ev hemû bûn sedema girîngiya Şêx Mehmûdê Berzencî. Hikûmeta Birîtanî di dema şerê cîhanê yê yekem de soz da kurdan ku ew ê axa xwe bistînin da ku dewletek kurdî ava bikin. Tevî wê Hikûmeta Birîtanî soza heta dawiya şer pêknanî û ev bû sedema nerazîbûna kurdan. Ji aliyê kurdan ve bawerî bi Birîtaniyan tune bû, di sala 1919"an de strêsa kurdan zêde bû ji ber rewşa xwe ya heyî û muameleya hikûmeta Birîtanî bi wan re ne razîbûn. Kurdan piştî salekê serhildan kir, Hikûmeta Birîtanî hewilda ku parêzgeriyekê Kurdî li herêmê

ava bike û rêberekî gelêrî ji bo herêmê tayîn kir. Wilo Şêx Mehmûdê Berzencî bû waliyê Başûrê Kurdistanê.

Hêvî û Şoreş

Mehmûd Berzencî rêberekî netewperwer ê Kurd ê pir azwer bû ku fikra serdestiya kurdan li ser dewleta xwe û serxwebûnê ji Birîtaniyan pêş dixist. Wekî ku Çarlis Trîp dibêje, Îngilîz ew wek waliyê Silêmaniyê li Başûrê Kurdistanê tayîn kirin da ku desthilatdariya nerasterast li vê herêmê bi dest bixin. Birîtanî dixwestin ku ev serweriya nerasterast di bin navê Mehmûd de be, ku wan difikirî ku dê rûyek û rêberek bide wan da ku serweriyê li ser herêmê bikin û aram bikin.

Mehmûd hêvî dikir ku dewleta Kurdistan ava bike û di destpêkê de, Îngilîzan destûr dan Mehmûd ku armancên xwe bişopîne ji ber ku ew herêm û gel di bin kontrola nerasterast a Brîtanyayê de dianî cem hev. Lê belê, heta sala 1920"an, ji ber nerazîbûna Brîtanî, Mehmûd bi girtina rayedarên Brîtanî li deverên Kurdan û destpêkirina serhildanên li dijî Brîtanya, desthilata xwe li dijî Brîtanî bi kar dianî. Wekî ku dîroknasê Kevin Mcurryman dinivîse, "Serhildan heta ku neviyê Mehmûd di şer de li ser rêya Kerkûk û Silêmaniyê birîndar bû berdewam kir. Ew ji aliyê hêzên Brîtanî ve hate girtin, cezayê mirinê lê hate birîn û paşê li keleheke Brîtanî li Hindistanê hate girtin". Mehmûd heta sala 1922"an li Hindistanê ma.

Padîşahiya Kurdistanê ji Îlona 1922"an heta Tîrmeha 1924"an dom kir.

Serhildanên Mehmûd Berzencî rêzeserhildanên çekdarî bûn ku ji hêla Şêxê Kurd ê Kurdistanê Mehmûd Berzencî ve li dijî desthilatdariya Iraqê li Mezopotamyaya nû ya ji hêla Brîtanyayê ve hatibû dagirkirin û dûv re li dijî mandata Brîtanî ya Iraqê ve dihatin birêvebirin. Piştî serhildana xwe ya yekem di Gulana 1919"an de, Şêx Mehmûd hate girtin û di dawiyê de ji bo salekê sirgûnî Hindistanê hate kirin. Piştî vegera xwe, ew dîsa wek walî hat tayînkirin, lê di demek kurt de dîsa serhildan kir û xwe wek hukumdarê Padîşahiya Kurdistanê îlan kir.

Padîşahiya Kurdistanê ji Îlona 1922"an heta Tîrmeha 1924"an dom kir. Ji ber ku hêzên Brîtanî ji aliyê cebilxane û perwerdeyê ve pir kêmtir bûn, têkçûna wan di dawiyê de bû sedema ku herêm di sala 1924"an de bikeve bin desthilatdariya navendî ya Brîtanya-Iraqê. Şêx Mehmûd vekişiya çiyayan û di dawiyê de di sala 1932"an de bi Padîşahiya serbixwe ya Iraqê re peymanek çêkir. Serhildanên Şêx Mehmûd wekî beşa yekem a nakokiya Iraq-Kurd a nûjen têne hesibandin.

Ev encamên serhildana Şêx Mehmûdê Berzencî bûn:

-Tepeserkirina şoreşê.

-Hilweşandina Padîşahiya Kurdistanê di sala 1924"an de.

-Wendabûna Mehmûd El-Hefîd.

-Tevlîbûna Kurdistanê di nav Mandata Brîtanî de. [1]

Taybetmendiyên babetê

Kategorîya Naverokê: Dîrok | Gotar & Hevpeyvîn | Cureya belgeyê: Zimanî yekem | Cureya Weşanê: Born-digital | Ziman - Şêwezar: Kurdî Kurmancî Bakûr - T. Latîn | Welat- Herêm: Kurdistan |

Dîroka weşanê: 21-05-2025

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR
21-05-2025	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
IRAK'TA EMPERYALİZME KARŞI SAVAŞ VE ŞEYH MAHMUT BERZENCİ HAREKETİ	کورتەباس	Türkçe	

QR Code:

Çavkanî - Jêder

[1] Mallper | Kurmancî | Malpera https://ronahi.net/ - 24-08-2026

Demê tumarkirinê: 24-08-2026

Navê afirîner: Evîn Teyfûr

Pol, Kom: Kurtelêkolîn

Babet: 137

Çarenivîsa Şêx Mehmûd piştî şerê Pêncuwên ê sala 1927an

https://www.kurdipedia.org/?lng=4&q=20240318221222560256

Çarenivîsa Şêx Mehmûd piştî şerê Pêncuwên ê sala 1927an
Enwer Kerîm Seîd

Di navbera çerê cîhanê yê yekem û duyem û hilweşîna împratoriya Osmanî de, biryar bû Kurd di bin serokatiya Şêx Mehmûd ê Hefîd de bibine xwedî dewleteke serbixwe. Piraniya eşîretên Kurdistanê jî pê re peyman girêdan û piştgiriya xwe jê re diyarî kirin û bi mal û hêza xwe ve alîkariya wî kirin û di encamê de alaya hikûmeta Kurdistanê li Silêmaniyê hate bilindkirin û ew wek melikê Kurdistanê hate destnîşankirin. Lê belê bi pîlanên hakimên leşkerî yên Îngilîzê û hevalbendên wan yên li dijî dewleta Kurdî û destwerdanên wan di sala 1919an de, şer tûşê Melik Mehmûd kirin û li “Berde Qehriman” bi birîndar hate girtin û di destpêkê de cezayê îdamê bi ser de hate sepandin û paşê jî bi deh sal cezayê girtîgehê hate guhertin. Lê agirê şoreşê gurtir bû û serbestberdana Şêx Mehmûd bû daxwazeke giştî, lewra neçar man ku cezayê wî yê deh sal girtîgehê hilweşînin û di 30/9/1922 de Şêx vedigeriya Kurdistanê û carek din wekî Melik desthilat bi dest ve girt. Dîsa ji aliyê Îngilîzan ve astengî bo hatine pêş û bi dehan pirsgirêk bo çê kirin û bêhûrmetî li desthilatdariya wî û kesayetên derdora wî kirin. Şêx neçar ma ku li hember Îngilîzan derkeve û dîsa şer di navbera hêzên Kurd û du Ertêşên hevpar ên Brîtaniya û Iraqê de ku du hêzên hevpar bûn derket.
Hêzên Îngîlîz û Iraqî bi bertîl, pîlan, çek û zorê gelek rojnamevan, rewşenbîr, serokeşîre û kesên nêzîkî Şêx Mehmûd jê dûr xistin û pê re şer firotin. Spaha Îngilîz û

hikûmeta Iraqê bi bombe û balafir û çekên giran ve hêzên Malik Mehmûd roj li pey rojê têk birin û sînorên desthilata wî teng kirin û neçar man ku ber bi Pêncuwênê û sînorên Merîwan û Banê ve paşekêşeyê bikin. Hêz, navend û hinek berpirsên derdora malbata Şêx li Pêncuwên û sînorê Merîwanê bi cih bûn û di sala 1925an de biryar hate dan ku Şêx û malbata wî derbasî Başmaxê bibin.
Hêzek ji Merîwanê çû piştgiriya hêza Şêx û derbeyeke giran li hêzên Îngiliz û Iraqî yên ku hatibûn Pêncuwênê dagîr bikin, xistin. Di belgeyeke Brîtaniyayê de ku wek rapor hatiye amadekirin, bi vî rengî behsa êrîşa wê hêza li Merîwanê dike: “Di Îlona 1926an de Şêx Mehmûd Hefîd ji Kurdên Îranê hêzek pêk anî bi taybetî ji “Gelbaxî, Rezew, Tîleko” û li herêma Merîwanê kom bûn û bi wê hêzê ve navçeya Pencuwên girtin.
Di sala 1926an de li “Nalparêz û Sê Buwaran” di navbera ertêşa Brîtaniya û hêzên Malik Mehmûd de şerekî giran rû da û top û balafir û bombên dijmin givaşek zêde bo hêzên Kurdî anîn, lê berevaniya lehengane ya hêzên spaha Kurdan pêşiya dijmin girt. Kurdan şerê man û nemanê dikirin û hejmareke mezin ji leşkerên Brîtanî hatine kuştin û birîndarkirin, heta balafirek Brîtanî ku çeperên şer bombebaran kiribû, neçar mabû ku li devera di bin kontrola hêzên Şêx Mehmûd de dakeve, balafirvan ku du kes bûn dikevine destê Kurdan û dibine bo baregeha serkirdayetiya şoreşê ku wê demê li gundê “Silejêr” ê Merîwanê bû.
Îngilîz di belgenameyan de behsa wî şerî û bi dîlgirtina balafirên xwe dikin. Fermandên Îngîlîz û Mîrî daxwaz kirin ku balafirvanên bi dîl hatinî girtin bibînin. Wan kesek bi navê “Dr. Şuwa” bo dîtina balafirvanan diyarî kir û li sala 1926an gihîşte gundê “Wilejêr”. Dr Şuwa balafirvanên bi dîl hatinî girtin dît, ku rewşa wan baş bû û cil û bergên Kurdî li xwe kiribûn. Piştî ku ji tendirustiya wan piştrast bû, çû cem Şêx Mehmûd û hin nêrînên xwe bi hev re guhertin.
Dema ku hêzên Melik Mehmûd li sînorê Merîwanê asê bibûn, di navbera Mehmûd Xanê Kanî Sanan û Mehmûd Xanê Dizlî de pevçûn derketibûn. Wê demê nakokiya di navbera her du serokên eşîran de ku hêzên sereke yên ertêşa Melik Mehmûd bûn, derbeke giran li şoreş û têkoşîna Kurdan xistin. Di rewşeke wiha dijwar de, hikûmetên Îran, Brîtaniya û Iraqê biryar dan ku bi hev re êrîşî ser Pêncuwên û Merîwanê bikin û zextê li hêzên Kurdan bikin.
Mehmûd Xanê Kanî Sanan
Di raporeke li jêr navûnîşana: “Raporek li ser operasyonên têkildarê dagîrkirina Pêncuwênê ji 18ê Nîsanê heta 7ê Gulana 1927an”, ku di arşîva nîştimanî ya Brîtaniyayê de hatiye parastin, behsa wî şerî dike. Li gorî wê raporê ku ji aliyê zanîngeha Soran ve bo ser Kurdî hatiye wergêrankirin û di sala 2019an de hatiye weşandin, di navbera Kurdan û hêzên dagîrker de şerekî giran rû daye û hêzên dagîrker rastî derbeyên giran hatine. Di raporê de hatiye nivîsîn, hêzên Brîtaniya û Iraqî planeke leşkerî ya berfireh ji bo girtina Pêncuwênê amade kirine, ku tê de 2 yekîneyên leşkerî yên bihêz, topxaneyeke mezin, hêzên asmanî û balafirên şer ên

Iraq û Brîtaniyayê beşdar bûne. Di raporê de behsa girîngiya balafirên şer û çekên giran hatiye kirin û hatiye nivîsandin ku eger top, reşaş û bombeyên balafirên şer nebûyana, girtina Pêncuwênê û têkbirina Kurdan zehmet bû.
Piştî girtina Pêncuwênê, Şêx Mehmûd çend salan li gund û çiyayên aliyê Îranê û sînorê Merîwanê dimîne.
Dema ku hêzên piştevaniya Şêx Mehmûd hatine dûrxistin, hêzên leşkerî yên Îranê ragihandin ku ew li ser wê yekê rijd in ku li 14ê Gulana 1931an ji çiyayê “Sûrên” Şêx derxînin ku navçeyeke sînorî ya Merîwanê ye. Di heman demê de li aliyê Iraqê jî hêzên çekdar ên wî welatî û Brîtaniyayê xwe ji bo êrîşeke hevdem amade dikirin da ku eger Şêx derbasî sînor bû êrîşî ser bikin. Ew amadebaşiya dijminan û nakokiyên navbera hêzên Kurdî, Şêxê nemir xiste nav tengasiyan û neçar kirin ku dest bavêje bi danûstandina bi Îngilîzan re.
Di 13ê Gulana 1931ê de û di wê rewş û tengasiyê de û berî ku du hêz ji herdu aliyên sînor ve êrîşî ser wî bikin, Şêx Mehmûd neçar dimîne ku tevgera xwe rawestîne û her wê şevê derbasî axa Iraqê bibe. Piştî hevdîtinên bi “Kapitan Vîvan Holt” re, ku “Sir Francis Humphreys” Nûnerê Bilind ê Îngilîstanê bi navê xwe şandibû, Şêx xwe teslîm kir.

Barzincî, Meirûf, Umer, (2000). Mehmûd Xanê Dizlî, Şoreşgêrê Rojhilatê Kurdistan, çapa duyem, Silêmanî, Nivîsîngeha Azad bo Çapemenî. (Rûpela 117)
Xwace, Ehmed (2016). “Çim Dî”, amadekirina Sadiq Salih, Silêmanî, binkeya Jîn. (Rûpela 308)
3. -----(2019) Wergêran ji Îngilîzî ve: Rewend Sebah Ehmed, “rapora dagîrkirina Pêncuwênê ji 18ê Nîsanê heta 7ê Gulana 1927an” Zanîngeha Soran, Tehran. (Rûpela 127)
Barzincî, Meirûf, Umer, (2000). Mehmûd Xanê Dizlî, Şoreşgêrê Rojhilatê Kurdistan, çapa duyem, Silêmanî, Nivîsîngeha Azad bo Çapemenî. (Rûpela 124)
[1]

Taybetmendiyên babetê

Kategorîya Naverokê: Dîrok | Gotar & Hevpeyvîn | Cureya belgeyê: Zimanî yekem | Cureya Weşanê: Born-digital | Ziman - Şêwezar: Kurdî Kurmancî Bakûr - T. Latîn | Welat- Herêm: Kurdistan |
Dîroka weşanê: 20-02-2024

بابەتە پەیوەستکراوەکان:

ناوی بابەت	پۆل	زمان	QR

20-02-2024	ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)	کوردیی ناوەڕاست	
Di belgeyên Ingilîzan de Şêx Mehmûd Berzencî	کورتەباس	Kurmancî	
Pêwendiya Nariyê helbestvan û Şêx Mehmûdê Melik	کورتەباس	Kurmancî	
Şêx Mehmûd El-Berzencî ligel endamên hikûmeta xwe. Silêmanî di sala 1923 de	وێنە و پێناس	Kurmancî	

QR Code:

Çavkanî - Jêder
[1] Mallper | Kurmancî | https://kurdshop.net/ - 18-03-2024
Demê tumarkirinê: 18-03-2024
Navê afirîner: Aras Hiso

Pol, Kom: Kurtelêkolîn

Babet: 138

Di belgeyên Ingilîzan de Şêx Mehmûd Berzencî

https://www.kurdipedia.org/?lng=4&q=20260901184018701769

Di belgeyên Ingilîzan de Şêx Mehmûd Berzencî

Di dawiya Şerê Cihanê yê Yekê de ha li pey vî latê hanê Şêx Mehmûd Berzencî ji bo damezrandina dewleteke Kurdî li ber Ingilîzan serî hilda. Wî xwe hingê weke melikê Kurdistanê ragihandibû.

Di navbera Kerkûk û Silêmaniyê de li ser rê latekî têra xwe mezin heye. Ji bo gelekan ev latê han zêde ne darî çav e. Niha ev latê hanê yê bi navê Berde Qehreman tê nasîn. Li deverê abîdeyek heye ku rolyefên şervanên Kurd li dijî Ingilîzan nîşan dide ku li ser lateke mezin jî rolyefeke Şêx Mehmûd berzencî hatiye verotin. Maneya Berde Qehreman çi ye, elaqeya wî bi Şêx Mehmûd Berzencî re çi ye? Bi belgeyên di arşîvên Ingilîzan de, Şikow Şerîf bersivê dide van pirsan.

Di dawiya Şerê Cihanê yê Yekê de ha li pey vî latê hanê Şêx Mehmûd Berzencî ji bo damezrandina dewleteke Kurdî li ber Ingilîzan serî hilda. Wî xwe hingê weke melikê Kurdistanê ragihandibû. Em ê niha behsa serpêhatiya wî di belgeyên Ingilîz ên li India Office Records (Qeydiyên Fermî yên Buroya Hindistanê) ên li British Library de bikin. Lewma îroj weke salvegera destpêka serhildana wî tê qebûlkirin. Wî 19’ê Gulana 1919’an hêzên Ingilîz ji Silêmanî kiribûn der û 20’ê Gulanê jî xwe weke melikê Kurdistanê ragihandibû.

Mirov li rastiyê lazim e mikur bê; di dawiya Şerê Cihanê yê 1’ê de ji tirsa rêveberiya Osmanî û Rûsan doza rêveberî û parastina bi destê Ingilîzan kiribû. Lewma di dema şer de hem Osmaniyan û hem jî Rûsan kiribû ku li gelek gundan xela çêbe. Ingilîzan hingê nekarî yekser li wir bibin xwedî erka îdarî, lê sîstema kolonyal a neyekser rûnandin. Wan tercîh kir ku avahiyên feodal ên li Kurdistanê xurt bikin da ku serekên eşîran karibin xelkê têr bikin û gundan ji nû ve ava bikin.

Ingilîz poşman dibin

Ji bo ku îdareya xwe rûnênin, wan ji malmezinên Kurd ên cihî, Şêx Mehmû Berzencî weke waliyê Başûrê Kurdistanê sala 1918’an dest nîşan kir. Ji bo pişta rêveberiya wî jî bigirin û hem jî ji bo pêşiyê li xisleta wî ya serhildêr a jixwe xelkê pê dizanî bigirin jî, wan li Silêmanî û hawîrdora wê li şûna rayedarên Tirk û Ereb Kurd wezîfedar kirin. Ji bo Kurdên deverê ev tahma pêşî ya xwerêveberiyê bû. Lê di dawiya 1918’an de li gorî belgeyên arşîva mêhtingeriyê, Ingilîz ji aqilanebûna vê biryara xwe dikevin şikê. Bi vê biryarê wan destûr dabû Şêx Mehmûd Berzencî hêza xwe ya li Kurdistanê zexm bike.

Di rapora eskerî ya ji sala 1919’an a bi ser navê ‘The Kurds and Kurdistan (Kurd û

Kurdistan)’ de di rûpel 81’ê de em şahidiyê li vê guherîna helwêsta Ingilîzan dikin: Mixabin, ew (Şêx Mehmûd Berzencî) di warê aql û firehiya dîtina xwe de weke zarokekî ye, lê bêguman zarokekî gelekî fênek û îlhama xwe ji daxwazeke ji hedê xwe zêde xurt girtî. Bi ser de jî çîneke şelafan dor lê girtiye ku serê wî bi fikrên pirr mezin û ehmeq tijî dikin, ev dikin ku ew xwe bike hukimdarê Kurdistanê hemûyî, dest werde kar û barên derveyî sînorên dayî wî.

Wî Ingilîz kirin der

Gava ku Ingilîz pê hisiyan ku bi deshilata zêde gurçûpêçkirina Şêx Mehmûd Berzencî ji bo berjewendiyên wan tehlûke ye, ew biryara sînordarkirina desthilata wî didin. Wan nehişt ku bajarên Kifrî û Kerkûk bikevin bin hukmê wî. Ingilîz bi xwe yekser çûn van bajaran û bi eşîran re têkilî danîn. Vê jî kir ku eşîrên di bin hukmê Şêx de jî yekser peywendiyê deynin bi Ingilîzan re. Encama vê ew bû ku desthilata Şêx hema hema tenê bi Silêmaniyê bê sînordarkirin. Li hemberî vê wî ji bo damezrandina Başûrê Kurdistanê di bin hukmê wî de, serî li ber Ingilîzan rakir. 19’ê Gulana 1919’an li Silêmanî ti hêz û nûneriya Ingilîzan nayê hiştin. 20’ê Gulanê Şêx xwe melik radigihîne. Di belgeyên Ingilîz de destpêka serhildanê 22’yê Gulanê ye, lewma hingê efser û rayedarên Ibgilîz li Silêmanî tên girtin û di malên xwe de tên hepskirin.

